
KURDISTAN



هاوڕێ د. قادر وریا

# گەشتێک بە نێو کەلێن و قوژبنەکانی مێژووی ٨٠ ساڵەی حیزبی دیموکرات

## کۆمەڵێک وتارو لێدوانی جۆراوجۆر

### بەشی چوارەم

جۆزەردانی ٢٧٢٦ی کوردی = مای ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

بەشی چوارەم

# پێڕست:

- کورتەیەک لە ژیاننامەی هاوڕێ د. قادر وریا.......... ٥

* گەشتێک بە نێو کەلێن و قوژبنەکانی مێژووی هەشتا ساڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا............ ٨

١- هەتا کەنگێ کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بکەوێتە دەرەوەی مێژووی حیزبی دیموکرات؟.....

٢- گەشتێک بە نێو کەلێن و قوژبنەکانی مێژووی هەشتا ساڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا.....

٣- حدک، زیندووکەرەوەی نەریتێکی شۆڕشگێڕانە.................................................................

٤- هۆی بە ئامانج نەگەیشتنی حیزبی دیموکرات دوای هەشتا ساڵ خەبات و، هۆکاری هەروا بەردەوامبوونی لەسەر ڕێگاکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟.....

٥- بۆچی حیزبی دیموکرات دوای ڕووخانی ڕێژیمی شایەتی، حکوومەتی لە کوردستان ڕانەگەیاند؟.....

٦- د.قاسملوو، ناسیۆنالیزم و بیری چەپ ( وتارێکی د.سمایل بازیار).....

٧- پێویستیی زانیارینامە (ئینسکلۆپیدیا).....

٨- پێشمەرگە و وڵاتپارێزی سەردەمی ئێستا.....

٩- سەد سڵاو بۆ دیموکرات.....

١٠- بۆ چی حیزبی دیموکرات، حیزبی داهاتووشە؟.....

١١- کاک جەلیل وەک پشتیوان و هاندەری خوێندن و خۆپێگەیاندن

١٢- چەپکە شێعرێک بۆ مێژوویەکی پڕ خەبات و شانازی...... ئەحمەد قادری.....

١٣- نامەیەکی شێرکۆی شاعیری نیشتمانم بۆ جڵەوگری ئەسپەکەی شۆرشی پێشەوا پێیە.....

١٤- سیمای دیموکراتێک دەبێ چۆن بێ؟.....

١٥- ئەم قسانە دەبێت بە ئاوی زێڕ بنووسرێن!.....

١٦- پێشمەرگە و خەباتی چەکدارانە لەمێژووی حیزبی دیموکراتدا.....

١٧- ڕەخنە لەخۆ گرتن لە حیزبی دیموکراتدا، جاران بەرچاوتر بوو!.....

١٨- سامانی ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکرات.....

١٩- لە سەر "کانیی جانداران" ڕا تا نێو گۆڕستانی "گەرۆر.....

بەشی چوارەم

٢٠- شەڕی کوردستان و بەرەنگاریی هێزەکانی پێشمەرگە.....
٢١- هەڵبژاردەیەک لە بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی بەبۆنەی ٨٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە
٢٢- شەڕی پێشمەرگە و ڕێژیمی ئێران.....
٢٣- وەبیرهێنانەوەیەک لە سێ ساڵەی یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکراتدا.....
٢٤- حیزبی دیموکرات و هونەر و ئەدەبیاتی بەرگری.....
٢٥- سوارە ئێلخانیزادە و حیزبی دیموکراتی کوردستان.....
٢٦- ئەرشیڤ یان بێ ئەرشیڤی لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا!!.....
٢٧- با خەمێک لەو گەنجینانە بخۆین کە خەریکن تێدا دەچن!.....
٢٨- "دووانە تەبا و ناتەباکانی مێژووی حیزبی دیموکرات".....
٢٩- ڕۆڵ و کاریگەریی د.شەرەفکەندی لە بەڕێوەبردنی ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتدا.....

٣٠- ڕەهەندەکانی سیاسەتی زمانیی حیزبی دیموکراتی کوردستان.................................................. ١١٧

- ڕەنگدانەوەی پرسی زمان لە بەرنامە و پەسندکراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا.....
- زمانی تێکۆشانی ئۆرگانیزمی حیزبی دیموکراتی کوردستان.....
- خزمەتەکانی حیزبی دیموکرات بە زمانی کوردی لە کاتی دەسەڵاتدارێتیدا.....
- زمانی ئەدەبیاتی سیاسی، پەروەردە و ڕاگەیەنەکانی حیزبی دیموکرات.....
- پێگەی زمانی کوردی لە ڕێککەوتننامەکانی حیزبی دیموکراتدا.....
- هەنگاوی هاندەرانەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بواری خزمەتی زماندا.....
- ئەنجام و ڕاسپاردەکان لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی زمانیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا).....

## کۆمەڵێک وتار و لێدوان:

١- "کوردستان"، ڕێچکەیەک لە کۆماری کوردستانەوە تا سەرکەوتنی یەکجاری ............................................ ١٣٣
٢- "کوردستان"ی چاپی باکۆ .................................................................................. ١٣٥
٣- ئازیزانی لە دەستچوویی کاروانی ئەم "کوردستان" ە .................................................... ١٣٨

بەشی چوارەم


٤- "کوردستان" وەک ئاوێنەی خەباتێکی سەخت و دوورو درێژ ........................................ ١٤٧

٥- مانشێت لەم دەورەیەی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا ........................................ ١٥٠

٦- وتەیەکی پێویست بۆ ژمارە ٨٠٠ی ئەم دەورەیەی "کوردستان"........................................ ١٦١

٧- حیزبی دێموکرات هەر حیزبی ڕابردوو نیە، حیزبی داهاتووشە........................................ ١٦٣

٧- سیاسەتی زمانی لە حیزبی دێموکراتدا ........................................ ١٦٩

٨- گەلاوێـژ و مێـژووی نوێمـان ........................................ ١٨٤

١١- قازی محەممەد: کوردەکان سەر بۆ هیچ زۆردارێک نەوی ناکەن........................................ ١٨٧

١٢- ڕێچکەیەک لە پێشەوا قازی محەممەدەوە هەتا ئەمڕۆ........................................ ١٩٢

١٣- سروشتی فرەلایەنەی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تایبەتمەندیی کاروانی شەهیدانی................ ١٩٣

١٣- مێژوویەک لە قوربانیدان لەو دیوی ڕابوونی نەتەوەیی ئێستامان........................................ ١٩٥

١٤- لەمەیدانی خەبات و قوربانیداندا حیزبی دیموکرات بەتەنیا نەبووە!........................................ ١٩٨

١٥- پێشەوا قازی محەممەد، دەستپێکی ڕێگایەکی بێکۆتـایی........................................ ٢٠٠

١٦- ڕۆژی لە دایکبوونی پێشەوا، بۆنەیەکی نەتەوەیی و خەباتگێڕانە........................................ ٢٠٣

١٧- کارەساتی ١٧ی خەرمانان (کاریگەرییەکان، ئەزموونەکان)........................................ ٢٠٥

١٨- بۆ چی کۆماری ئیسلامی حیزبی دیموکراتی دایە بەر پەلاماری مووشەکی؟........................................ ٢١١

١٩- خوێندنەوەیەک بۆ هۆگریی خەڵکی ڕۆژهەڵات بە "پێشمەرگە" و "ئاڵای کوردستان"........................................ ٢١٣

٢٠- پێشمەرگە، ئەو چەمکەی پێویستە سەرلەنوێ پێناسە بکرێتەوە!........................................ ٢١٧

٢١- ڕادیۆی دەنگی کوردستان نرکەی شۆڕشێک، ئاوێنەی مێژوویەک........................................ ٢١٩

٢٢- ڕادیۆی دەنگی کوردستان وەک ئاوێنەی مێژوویەکی پڕشنگدار........................................ ٢٢٣

٢٣- ڕازیبوون بەم دۆخەی ئیستا و هەوڵدان بۆ بە ئەبەدی کردنی!!"........................................ ٢٢٤

٢٤- شەهیدانی ڕاپەڕینی ٤٧ - ٤٦ هەروا ڕێنیشاندەرمانن........................................ ٢٢٧

٢٥- ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبـی دیمـوکراتی کوردستـان ........................................ ٢٢٩

٢٦- حدک، زینـدووکەرەوەی نەریتێکی شۆڕشگێڕانە ........................................ ٢٣٢

٢٧- ٧٥ ساڵەی حیزبی دێمـوکرات و چەنـد پرسێک........................................ ٢٣٥

٢٨- چێژی زمان لە نووسین و وەرگێڕانی عەبدوڵا حەسەنزادە دا ........................................ ٢٤١

٢٩- پێشەکی بۆ نامیلکەی بەشێک وتووێژەکانی مامۆستا عەبدڵلا حەسەن زادە........................................ ٢٤٧

٣٠- پێشەکی بۆ نامیلکەی "قاسملوو ئەستێرەیەکی پڕشنگدار و بێ ئاوا بوون"........................................ ٢٥٠

بەشی چوارەم




## تێکۆشانی سیاسی و ڕۆژنامەنووسی:

- لەدایکبووی ١٩٦٣ی ناوچەی شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. قۆناغەکانی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندیی لە شاری شنۆ خوێندووە.

- لە ١٩٧٩ تێکۆشانی سیاسی و کولتووریی لە ڕیزەکانی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا دەست پێکردوە.

- لە سەرەتای هاوینی ١٣٥٩(١٩٨٠) بووە بە پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. هەتا ساڵی١٩٨٧لە ناوچەکانی شنۆ، نەغەدە، ڕەبەت، هەر وەها لە بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران، وەک کادرێک، ئەرکی حیزبی و بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری لە سەرشان بووە.

- لە ١ - ١ - ١٩٨٨ ژیانی هاوبەشی لەگەڵ کوێستان فتووحی پێک هێناوە، بەرهەمی ژیانی هاوباشیان کچێک بە ناوی "هانا" و کوڕێک بە ناوی "هیوا"یە.

- لە ١٩٨٨ەوە لە بەشەکانی ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتدا ئەرک و بەرپرسایەتیی پێ سپێردراوە. بۆ ماوەی دەیان ساڵ لە بەشی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، تێکۆشان و بەرپرسیایەتیی هەبووە. بە سەدان

ڕاگەیەندراو و بەیاننامە حیزبی دیموکرات و بە هەزاران وتار و بابەتی سیاسیی بۆ ڕۆژنامە، ڕادیۆ، گۆڤارەکان و بە گشتی میدیای ئەو حیزبە نووسیوە.

- لە (١٩٩٥ - ٢٠٠٤) سێ دەورە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە.

- لە ٢٠٠٦ بۆ ٢٠٠٨ ئەندامی دەستەی ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە.

- لە( ٢٠٠٨ بۆ ٢٠١٩) سێ دەورە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە. لە کۆنگرەی حەڤدەی حیزبی دیموکراتی کوردستان(٢٠١٩)، بە ویستی خۆی وازی لە ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هێناوە و چی تر خۆی بۆ ڕێبەریی حیزب بەربژێر نەکردووە.

## کارنامەی زانستی و ڕۆشنبیری:

- بەکالۆریۆسی لە ٢٠٠٢ - ٢٠٠٦ لە زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی کۆیە تەواو کردووە.

- لە ٢٠٠٨ بۆ ٢٠١٠ ماستەری زمانی کوردی لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین وەرگرتووە.

- لە ٢٠٢٠ بۆ ٢٠٢٣ خوێندنی دکتۆرای تەواو کرد و لە ٢٢ - ٢ - ٢٠٢٤ بڕوانامەی دکتۆرای پێدراوە.

- لە ٢٠١٠ هەتا ٢٠١٧ لە بەشی کوردیی زانکۆی ڕاپەڕین، لە٢٠١٧ەوە هەتا کۆتایی ٢٠٢٤ لە بەشی کوردیی زانکۆی کۆیە وەک مامۆستا خزمەتی کردووە.

- نامەی ماستەرەکەی لە بارەی خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

- تێزی دکتۆراکەی لە بارەی سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

### – زیاتر لە ٢٠ پەرتووکی نووسین، وەرگێڕان و توێژینەوەی هەیەکە بریتین لە:

١- پەرتووکی "کوردستان" تایبەتنامەی سەد ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، ١٩٩٨، هەولێر، وەزارەتی ڕۆشنبیری چاپی کردووە.



سەرچاوە
Serchawe

٢- بنچینەکانی وەرگێڕان (پەرتووکی گیرفان)، ١٩٩٩، دەزگای سەردەم، سلێمانی، چاپی کردووە.

٣- پەروەردەکردنی منداڵانی ئازاد و سەربەخۆ (وەرگێڕان)، بەرگی یەکەم، ٢٠٠٢، ناوەندی هیوا، سلێمانی،

٤- مێژووی پەروەردە و فێرکردن (وەرگێڕان)، ٢٠٠٥، مەکتەبی بیر و هوشیاری، سلێمانی چاپی کردووە.

٥- قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە. (نووسین و وەرگێران)، پەرتووکخانەی ئاوێر، هەولێر، ٢٠٠٥ چاپی کردووە.

٦- پەروەردەکردنی منداڵانی ئازاد و سەربەخۆ (وەرگێڕان)، ٢٠٠٦، دەزگای سەردەم، سلێمانی، چاپی کردووە.

٧- چەند دۆکیۆمێنتێکی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ (وەرگێڕان)، ٢٠٠٦، هەولێر دەزگای موکریانی، چاپی کردووە.

٨- حەڤدە کوورتیلە چیرۆک (وەرگێڕان)، ٢٠٠٥ - ٢٠٠٦، بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بووەتەوە.

٩- چیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، (وەرگێڕان)، ٢٠٠٥ - ٢٠٠٦، بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بووەتەوە.

١٠- ڕینوێنی هونەری مودێڕن، (وەرگێڕان)، لە ٢٠٠٤ - ٢٠٠٥ بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بووەتەوە.

١١- ئاسایشی نێودەوڵەتی (وەرگێڕان)، ٢٠٠٧، دەزگای وەرگێران، هەولێر، چاپی کردووە.

١٢- خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (نامەی ماستەر) ٢٠١٠.

١٣- وەرگێڕان، پێناسە، بنەما، جۆر و مێژوو. ٢٠١١،کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

١٤- تیرۆریزمی دەوڵەتی لە دژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان(کۆمەڵە وتار) ٢٠١٩، ئەڵمان.

١٥- دووانە تەبا و ناتەباکانی مێژووی حیزبی دیموکرات. ٢٠١٩، هەولێر.

١٦- مچەی کەچەی (بەسەرهات)، ٢٠٢٠، ڕۆشنگەری، ئەڵمان.

١٧- شیلانی شەرگە (کۆمەڵە شیعر)، ٢٠٢٠، ڕۆشنگەری، ئەڵمان.

١٨- شەڕی ناسنامە و سەنگەری زمان، ٢٠٢٢، هەولێر.

١٩- سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ٢٠٢٥ ناوەندی تیشک.

٢٠- کتێبی "پەڕاوی پەیڤ و پێنووس و پەرتووک"، ٢٠٢٦، بە زوویی بڵاو دەبێتەوە.

٢١- "ئەو خونچانەی پێش پشکووتن هەڵوەرین"، ٢٠٢٦، بە زوویی بڵاو دەبێتەوە.

بەشی چوارەم

## گەشتێک بە نێو کەلێن و قوژبنەکانی مێژووی هەشتا ساڵەی حیزبی دیموکراتدا:

### هەتا کەنگێ کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بکەوێتە دەرەوەی مێژووی حیزبی دیموکرات؟

بەشی یەکەم:

### هەتا کەنگێ کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بکەوێتە دەرەوەی مێژووی حیزبی دیموکرات؟

لەمەودوا تا دەگەینە جێژنی هەشتا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران(٢٥ی گەلاوێژی ١٤٠٤، ١٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٥)، هەر جارەی بابەتێکی پێوەندیدار بە مێژووی هەشت دەیە تێکۆشان و خەباتی ئەم حیزبە دەخەمە بەر سەرنجی خوێنەران. بابەتەکە لەوانەیە بیرۆکەیەک، وروژاندنی پرسیارێک، ڕەخنەیەک یان پێشنیازێکی خۆم لە بارەی ئەو مێژووە بێت؛ لەوانەشە بە سوود وەرگرتن لە پەسندکراوەکان و ئەدەبیاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، گۆشەیەک لە مێژووی حیزب، ڕووداوێکی تایبەت، یان ڕوانگە و بڕیارێکی پێوەندیدار بە ڕووداوێکی تایبەت لەو مێژووەدا بخەمەڕوو. بەهۆی ئەم زنجیرە نووسینانەوە حەز دەکەم لە بەرەبەری هەشتاساڵەی دامەزرانی بەتەمەنترین حیزبی کوردستاندا، هەروا بە سانایی و بێدەنگ بە لای ئەو مێژووەدا تێنەپەڕین و دەرفەت بۆ ڕوانگە و دەنگە جیاوازەکان بخوڵقێنم هەتا بە شێوەیەکی زیندووتر سەرنجی خۆیان لە بارەی ڕەهەندە زۆر و جیاوازەکانی مێژووی حیزبی دیموکرات، باس بکەن.

وەک یەکەمین ئاڵقە لەم زنجیرە باسە، پێم خۆشە ئەم ڕەخنەیە لە نووسەرانی مێژووی حیزبی دیموکرات بگرم کە لە هیچ و خۆڕایی، سێ ساڵ لە مێژووی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان(ژێکاف)یان نەخستووەتە سەر مێژووی ئەم حیزبە .ئەمەش لە کاتێکدایە کە جگە لەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ خۆی لەسەر بناغەی ژێکاف دامەزراوە، زۆربەی دامەزرێنەران و هەڵسووڕێنەران و تێکۆشەرانی کۆمەڵەی ژێکاف، لەم حیزبەدا درێژەیان بە تێکۆشان دا. سەیر ئەوەیە ڕێکخراوی وا هەن لە نەبوو مێژوو بۆ خۆیان دروست دەکەن و تەمەنی دامەزرانی خۆیانی پێ درێژ دەکەنەوە، کەچی حیزبی دیموکرات سێ ساڵ لە تەمەنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانی خستووەتە دەرەوەی مێژووی خۆی! لە ڕاستیدا حیزبی دیموکرات خاوەنی ٨٣ ساڵ مێژووە، کەچی بە پێشوازی جێژنی هەشتا ساڵەیی خۆی دەچێت! هیوادارم ئەم ڕەخنەیە لە نووسینەوەی مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، گرنگیی پێبدرێت و چی دیکە ئەم سێ ساڵە لە مێژوومان، دەرنەهاوێژرێت. ئێوە دەڵێن چی؟

٢١ی جوولای ٢٠٢٥

# گەشتێک بە نێو کەلێن و قوژبنەکانی مێژووی هەشتا ساڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا

## بەشی دووهەم:

### هۆی بە ئامانج نەگەیشتنی حیزبی دیموکرات دوای هەشتا ساڵ خەبات و، هۆکاری هەروا بەردەوامبوونی لەسەر ڕێگاکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**ئەگەر ئێوە لەگەڵ ئەو دوو پرسیارەی لە خوارەوە لە من کراون، ڕووبەڕوو ببنەوە، چۆن وەڵامیان پێ دەدەنەوە؟ تێبینیتان لە سەر وەڵامەکانی من چییە؟**

**پرسیار:** حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕوانگەیەکی ناسیۆنالیستییەوە خەبات لە پێناوی گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی کردوە بە ئامانجی خەباتی ٨٠ ساڵەی خۆی. ئایا درێژ بوونەوەی ئەم خەباتە، نیشانەی نادروستبوونی ئەم ئامانجە نیە؟

**قادر وریا:** درێژبوونەوەی خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە هیچ جۆر بە مانای نادروستبوونی ئامانجی خەباتەکەی نییە. مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەیەک ئەویش نەتەوەیەکی چەندین میلیۆنی کە خۆی و نیشتمانەکەی بە سەر چەند وڵات دا دابەش کراون، مافێکی ڕەوا و ئامانجێکی دروست و پیرۆزە. ئەم ئامانجە و ئەم مافەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ نەتەوەکەی داوای دەکات و خەباتی بۆ دەکات، لەگەڵ پەسندکراوە جیهانییەکان نەک هەر هیچ دژایەتییەکی نییە، بەڵکوو بە مافیکی بێ ئەم لا و ئەو لای هەر نەتەوەیەک، دادەنرێت. نە شتێکی ناڕەوای تێدایە و نە زێدەڕۆیی. کەوایە ئەوە دروست یا نادروستبوونی ئامانجی خەباتەکە نییە کە بووە بە هۆی درێژبوونەوەی، بەڵکوو زاڵبوونی دیکتاتۆری و حکوومەتی سەرکوتکەرو دڕندە لە ئێران لە لایەک و لە لایەکی دیکە هەلومەرجی دژواری خەباتی ئەم حیزبە و نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وای کردوە ئەم خەباتە لە ماوەیەکی کورتدا نەگاتە ئاکام و هەر وا درێژەی هەبێت. ئەگەر سەرنج بدەینە خەباتی نەتەوەو چین و توێژەکانی دیکەی خەڵکی ئێران کە تەنانەت ئامانجی بچووکتریشیان لە ئامانجەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەبووە، دەبینین ئەوانیش زۆریان خایاندوە و کەمتر بە ئاکام گەیشتوون.

بەشی چوارەم

**پرسیار: گرنگترینی ئەو هۆیانەی وایان کردوە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەرەڕای درێژبوونەوەی خەباتەکەی بۆ ماوەی ٨ دەیە، هەر وا درێژە بە ڕێگاکەی بدات، چین؟ دەتوانی بە کورت باسیان بکەی؟**

**قادر وریا:** بە بڕوای من هۆیەکان ئەمانەن:

**یەکەم:** تێگەیشتنی بە قووڵی لە بێبەشیی نەتەوەی کورد لە سەرەتاییترین مافەکانیو دڵنیابوون لەو ڕاستییە کە ئەم نەتەوەیەش وەک نەتەوەکانی دیکە شایانی ئەوەیە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەبێت .

**دووهەم:** پابەندبوون بە ئەرکێکی مێژوویی کە ئەم حیزبە هەر لە سەرەتایی دامەزرانییەوە کەوتووەتە سەرشانی کە ئەویش بریتتە لە رزگار کردنی ئەو نەتەوەیە لە بندەستی و بێبەشی .

**سێهەم:** وەفاداری بەو قوربانییە زۆرەی کە نەسلەکانی پێشوومان لەم حیزبە دا و هەروەها خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی خەباتی ئەم حیزبەو لە پێناوی ئامانجەکانی ئەم حیزبە دا، پێشکەشیان کردوە. دەست هەڵگرتن لە خەباتو بەردەوامنەبووبی ئەم حیزبە لە سەر ڕێگاکەی خۆی، بێ ئەوەی ئامانجەکانی هاتبێتە دی، یانی بە فیڕۆدانی ئەو قوربانیو تێچووە زۆرەی حیزبی دیموکرات و گەلی کورد داویانە .

**چوارەم:** درێژەی ژێردەستی و بێمافیی نەتەوەی کورد لە لایەن ڕێژیمەکانی ئێران لە لایەک و لە لایەکی دیکە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان لە ئامانجەکان و سیاسەتەکانی ئەم حیزبەو خەباتەکەی، وایان کردوە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەر ڕێگاکەی خۆی بەردەوام بێ و هەمیشە زەمینەیەکی لە بار بۆ بەردەوامبوون لە سەر ڕێگاکەی خۆی، بەدی بکات.

٢٣ی جوولای ٢٠٢٥

## بۆچی حیزبی دیموکرات دوای ڕووخانی ڕێژیمی شایەتی، حکوومەتی لە کوردستان ڕانەگەیاند؟

### بەشی چوارەم

یەکێک لەو ڕەخنانەی جاروبار لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران گیراوە و دەگیرێت، ئەوەیە کە دوای ڕووخانی ڕێژیمی شایەتی، هەلێکی لەبار بۆ ئەوەی حیزبی دیموکرات حکوومەتێکی کوردی پێک بێنێ هەبوو، کەچی ئەو کارەی نەکرد.

بێگومان ڕاگەیاندنی هەر حکوومەتێکی کوردی، تەنانەت ئەگەر شانسی مانەوە و بەردەوامییشی بەهێز نەبێت، لەسەر گەشەی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی و بیروباوەڕی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان، کاریگەریی خۆی دەبێت. نموونەکەی پێکهاتنی کۆماری کوردستان بوو کە سەرەڕای تەمەنی کورتی، ئامانجی پێکهێنانی کیانی کوردی لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستاندا هەتا هەتایی کرد. دوو ئەزموونەکەی دیکەی پێکهێنانی حکوومەتی کوردییش (پێکهاتنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و خۆبەڕێوەبەریی ڕۆژاوای کوردستان)، لەگەڵ ئەوەی ئاسۆیەکی ڕوونیان بۆ سەقامگیری و مانەوە لەبەردەمدا نەبوو، بەڵام سەرەڕای هەموو پیلان و دوژمنایەتییەکی نەیارانیان، توانیان بمێننەوە و لەکاتی گۆڕانی ڕێژیمی سیاسی لە عێراق و سوریە، دەسەڵاتی تازە بەسەر ئەمری واقیعدا کەوت و نەیتوانی کۆتایی بەو حکوومەتە کوردییە بێنێت. ئەگەر حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی و، حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی، دوای ڕووخانی ڕێژیمی شایەتی، حکوومەتێکی کوردییان ڕاگەیاندبا و ئەو حکوومەتە تەنانەت ئەگەر تووشی چارەنووسێکی وەک کۆماری کوردستانیش با، دیسان دەیتوانی ڕەوایەتیی پرسی کورد لە ئێران و چاوەڕوانییەکانی بباتە ئاستێکی بەرزتر و لەوانە بوو کاردانەوە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی، مەسیری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بەرەو ئاقارێکی دیکە بردبا.

وەڵامی ئەم ڕەخنە و پرسیارە، حەق وایە ئەو کەسانە بیدەنەوە کە لەو سەردەمدا لە ئاستی هەرەبەرزدا، ڕۆڵی گرنگیان لە ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا هەبووە، هەر چەند هێندێکیان بە داخەوە لەژیاندا نەماون. بەڵام من بۆ خۆم پێموایە بەم چەند هۆکارە، حیزبی دیموکرات ئەو کارەی نەکردووە:

**یەکەم:** جگە لەوەی یەکگرتوویییەکی پێویست بۆ دانی بڕیارێکی ئاوا گەورە لەنێو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەو کاتی

کوردستاندا نەبوو، هەر لەجێدا حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکە، پێکهێنانی حکوومەتی نەتەوەیی و کوردییان بەلاوە گرنگ نەبوو. وێرای ئەمەش هێندێکیان خۆیان بە ڕەقیب و دژبەری حیزبی دیموکرات دەزانی. حیزبی دیموکرات لە شار و ناوچەکانی دەرەوەی پێگەی مێژوویی ئەوسای خۆی، بەربەرەکانی و دژایەتیی دەکرا. لەبارودۆخێکی ئاوادا چۆن دەیتوانی حکوومەتێکی کوردی پێکبێنێ و ڕای بگەیەنێت؟

**دووهەم:** سەرەڕای نائامادەیی لە ڕووی هێزی پێشمەرگە بۆ پاراستنی حکوومەتێکی ئەوتۆ و نەبوونی پشتیوانیی دەرەکی، لەوانەیە هومێدێکیان بە چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد لە ئێران و وتوویژ لەگەڵ دەوڵەت و دەسەڵاتی تازە هەبووبێت و هەنگاوێکی ئەوتۆ(پێکهێنانی حکوومەتێکی کوردی)یان بە ناتەبا لەگەڵ ئەم شێوەچارەسەرکردنە زانیبێت. بە دووریش نازانرێت لەبەر بەدی نەکردنی شانسی مانەوە بۆ حکوومەتێکی ئەوتۆ، بە شێوەیەکی جیددی کاریان لەسەر ئەم بیرۆکەیە نەکردبێت.

پێم خۆشە بۆچوونی ئێوە خوێنەرانی ئەم نووسینە، لەسەر ئەم ڕەخنەیە بزانم، بەڵام تکایە بگەڕێنەوە هەلومەرجی نێوخۆیی ئەو کاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێران و ناوچە و، دوای بەبیرهێنانەوە و هەڵسەنگاندنێکی دروستی هەلومەرجی ئەوکات، وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە.

٢٩ی جوولای ٢٠٢٥



سەرچاوە
Serchawe

بەشی چوارەم

## د.قاسملوو، ناسیۆنالیزم و بیری چەپ ( وتارێکی د.سمایل بازیار )

**(دەرهێنانی حیزبی دیموکرات لە ژێر نفووزی حیزبی توودە)**

**بەشی پێنجەم:**

**باسکردن لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بێ ئاوڕدانەوە لە ڕۆڵی د.قاسملوو لە زیندووکردنەوەی ئەم حیزبەدا و ڕزگارکردنی حیزبی دیموکرات لە ژێر سێبەری فکری و تەشکیلاتیی حیزبی توودە، هەروەها ڕەنگرێژکردنی ڕێبازی نەتەوەیی و ڕوانینی چەپ لە بەرنامەی ئەم حیزبەدا، ناتەواو دەبێت. د.سمایل بازیار، مامۆستای مێژوو و تێکۆشەری لەمێژینەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لەم باسەیدا کە ساڵی ٢٠١٧ پێشکەشی کردووە، زۆر جوان و بەڵگەمەند باسی لەم ڕۆڵەی د.قاسملوو کردووە. لە پێشوازی یادی هەشتا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتدا، بە باشم زانی ئەم وتارەتان بخەمە بەر سەرنج:**

٣٠ی جوولای ٢٠٢٥

---

## قاسملوو، ناسیونالیزم و ئەندێشەی چەپ



بەشی چوارەم

## بەشی یەکەم

**سمایل بازیار**

## قاسملوو لە چەپێکی کوردەوە بۆ کوردێکی چەپ

**٧٠ ساڵ پێش ئێستا لە فرۆکەخانەی مێهراباد لە تاران عەبدولڕەحمانی قاسملوو کە ئەو کات تازەلاوێکی ١٨ ساڵە بوو، سواری فڕۆکە دەبێ و بەرەو پاریس وەڕێ دەکەوێ. ئەمە سەرەتای سەفەرێکە کە ٤١ ساڵی خایاند. ئەو سەفەرە سیاسییە لە ١٣ی ژوئییەی ساڵی ١٩٨٩ بە گیان لەدەستدانی لە ڤیەن لە پایتەختی ئوتریش کۆتایی پێهات.**

ئەو کات کە ئەو سواری فڕۆکە بوو و بەرەو پاریس کەوتەڕێ، بۆ یەکەم جار بوو سەفەری دەرەوەی وڵاتی دەکرد و بۆ یەکەم جاریش بوو پاریسی دەبینی و هەرگیز نە بەفکری ئەودا دەهات و نە بە فکری کەسی دیکەدا کە ٤١ ساڵی دی لەو شارە ئەو بە خاک دەسپێردرێ و ئەوێ دەبێتە مەزارگەی ئەو.

ئەو ٤١ ساڵە سەفەرێکی دوور و درێژە و چەند ڕەهەندێکی گرینگ لە ژیانی سیاسی و خەباتکارانەی دوکتور قاسملوو دەگرێتە خۆ کە ئەمن لێرەدا تەنیا باس لە ڕەهەندێکی ژیانی سیاسی - فیکری دوکتور قاسملوو دەکەم.

**ئەگەر بمانەوێ سیمای سیاسیی دوکتور قاسملوو وێنا بکەین، دوو هێڵی سەرەکی سیمای سیاسی و فکریی ئەو تەرسیم دەکەن.** ئەو دوو هێڵەش نەتەوەیی بوون و عەداڵەتخواز بوونە، واتە چەپ بوونە و دەمەوێ بەو پرسیارە بچمە نێو باسەکە کە ئایا ئەو دوو هێڵە سەرەکییەش لەو ٤١ ساڵەدا وەک خۆیان مانەوە؟ یان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هات و گۆڕان، هەرووەها ئامانج لەو باسە چییە؟ مەبەست ئەوەیە کە بڵێم ئینسان دەتوانی و دەبێ بگۆڕدرێ، ناکرێ هەر وا بە هێندێک شتی چەقبەستوو و دۆگم بنووسێ و ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەیە. ئەوەی دەمەوێ باسی بکەم ئەو دوو گۆڕانکارییە گرینگەن لە ژیانی سیاسی و فکری دووکتور قاسملوودا.

**یەکەم قۆناغی ژیانی سیاسیی دوکتور قاسملوو** ( ١٩٤٧ - ١٩٧٠) بۆ ماوەی ٢٣ ساڵە. ئەو قۆناغە چۆنی پێناسە بکەین دوکتور قاسملو لەودا لە ڕووی فیکری و سیاسییەوە هەم چەپێکی کوردە و هەم چەپێکی ڕادیکاڵە، بەڵام دواتر ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ و لە چەپێکی کوردەوە دەبێتە کوردێکی چەپ و لە چەپێکی ڕادیکاڵەوە دەبێتە چەپێکی میانەڕەو.

بەشی چوارەم

**چالاکیی سیاسیی د.قاسملوو** بە حیزبی تودەی ئێران دەست پێدەکا بە ڕەسمی، هەرچەند پاشخانی چالاکیی لە سازمانی جەوانانی ئەو حیزبەدا هەبوو، بەڵام پێناچێ زۆر جیددی بووبێ. چالاکیی ئەو لە حیزبی تودەدا بە گەیشتنی بە فەرانسە و لەم وڵاتە دەست پێدەکا، دیارە براکەی «ئەحمەد قاسملوو» پێشتر لە فەڕانسە بووە و ئەندامی حیزبی تودە بوو.

دیارە چەپبوونی دوکتور قاسملوو پاشخانێکی دوورتری هەیە و ئەو کات کە لە تارانیش قۆناغی دواناوەندیی دەخوێند، سیمپاتیی بۆ چەپ هەبوو، ئەو هەم بە کردەوە چەوسانەوە و ڕەنج و کوێرەوەری جوتیارانی گوندەکەی خۆی دەبینی کاتێک کە بۆ پشووی هاوین دەچووە گوندی قاسملوو و هەم لە دواناوەندیدا لە تاران بەهۆی مامۆستایەکی قوتابخانەی ئاشنا ببوو بە کتێب و نووسراوەی ڕێبەرانی چەپ وەکوو لێنین.

**د.قاسملوو بۆ چەپ بوو؟** لەو کاتەوە کە مرۆڤ خۆی ناسیوە هەمیشە دەغدەغەی یەکسانی و عەداڵەتی بووە. مرۆڤ هەموو کاتێ عەوداڵی عەداڵەت بووە. هەر ئایدۆلۆژییەک بانگەوازی یەکسانیخوازیی کردبێ و خۆی بەوە باسەوە خەریک کردبێ، لای خەڵک سەرنجڕاکێش بووە و خەڵک وەدووی کەوتوون. چەپیش یەکێک لەو ئایدۆلۆژیانەیە کە نە تەنیا خۆی بە مەسەلەی یەکسانی و عەداڵەتەوە خەریک کردوە، بەڵکوو بانگەشەی عەداڵەت و بانگەشەی یەکسانی و بەرابەری دەکا، هەر بۆیە جەزابییەتی زۆرە بەتایبەت بۆ ڕوناکبیران و بە تایبەتیتر بۆ کورد. چونکی کورد هەمیشە و بە درێژایی سەدان ساڵە زوڵمی لێکراوە و کەوتۆتە بەر تیغی غەدر، بۆیە هەمیشە عەوداڵی ئایدۆلۆژیایەک بووە کە بتوانێ ئەو یەکسانییە و ئەو بەرابەرییەی بۆ دابین بکا و ئەو زوڵمەی لێی دەکرێ، ئەوەی لەسەر بڕەوێنێتەوە.

**ئێستا با بپرسین کە لە بنەڕەتدا فەزای سیاسیی ئەوکات چۆن بوو؟** فەزای ئەو کات و ئەو سەردەمە و گوتاری سیاسیی ئەوکات موتەئەسیرە لە ئەندێشەی چەپ. واتە گوفتومانی چەپ بەسەر کەش و هەوای فیکریی ئەو سەردەمەدا زاڵە و تەنانەت کاریگەریی کردووەتە سەر هێزە ئیسلامییەکانیش، با نموونەیەک بێنینەوە لە ڕێکخراوێکی کوردی، لە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد.

**کۆمەڵەی ژ – کاف** ڕێکخراوێک بوو نەتەوەیی - ئیسلامی. یەک لە چوار کۆڵەکەکان کە ژ - کاف لەسەری ڕاوەستاوە ئیسلامێتییە، بەڵام دەبینین ئەندێشەکانی چەپ لەو ڕێکخراوەیەشدا ڕەنگی داوەتەوە و لە نۆ ژمارەی گۆڤاری نیشتماندا کە هەر نۆ ژمارەی بەرگی یەکەمی بە ئایەتەکی قورئان چاپ بووە، لە سێ ژمارەیدا لەسەر شۆڕشی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩١٧ وتاری تێدایە و، عەکسێکی لێنینی تێدا بڵاو بۆتەوە کە تەواوی لاپەڕەیەکی گۆڤاری نیشتمانی گرتووە و هەروەها شێعرێکی تێدایە کە بە لێنینیدا هەڵکوتووە.

بەشی چوارەم

**با نموونەیەکی دیکە بە ئێران بێنمەوە.** «نهضت خداپرستان سوسیالیست» یەکەم ڕێکخراوی ئیسلامی بوو لە ساڵی ١٩٤٤ لە ئێران پێکهات، ئەو ڕێکخراوەیەی دواتر بوو بە نیهزەتی ئازادی؛ دەبینی ناوەکەی بەخۆوەیەتی و بۆ خۆیان دەڵێن بزووتنەوەیەکی خوداپەرستن بەڵام لە عەینی کاتیشدا سوسیالیستن.

**سازمانی موجاهدینی خەلق** ئەو ڕێکخراوەیەی لە ساڵەکانی ١٣٤٣ - ١٣٤٤دا پێکهات. سازمانی موجاهدین ڕێکخراوێکی ئیسلامییە، بەڵام ئەندێشەکانی مارکسیستی بەتایبەت لە ڕووی ئابوورییەوە لەو سازمانەدا قەبووڵ کراوە.

**یەکێک لە ڕێبەرەکانیان بەناوی مەحموود عەسکەریزادە** کتێبێکی هەبوو بە ناوی «اقتصاد به زبان ساده» ئەوە لە شانەکانی سازمانەکانی چەپ وەک دەرس دەگوترایەوە و دەخوێندرا. یان دوکتور عەلی شەریعەتی، ئیدئۆلۆگی بە ناوبانگی شۆڕشی ئیسلامی، ئەو کەسەی سوخەنڕانییەکانی لە حوسەینییەی ئیرشاد بە ناوبانگن و بوون بە کتێب؛ بەڵام ئەندیشەکانی شەریعەتی هەم کاریگەریی مارکسیزمی بەسەرەوەیە و هەم کاریگەریی ئیگزستانسیالیزمی بەسەرەوەیە؛ یانی شەریعەتی هاتووە ئەندیشەکانی مارکس و ژان پۆل سارتری لەگەڵ دین تێکەڵ کردوە، کەوابوو ئێمە چاو لە ژینگەکە و چاو لە دۆخەکە دەکەین.

فەزاکە ئەوەیە، ئەگەر سەیری گۆڕانکارییەکانی دەیەکانی ٤٠ و ٥٠ و ٦٠ لە پاش دووهەم شەڕی جیهانی دەکەین، ئەو سێ دەیە لوتکەی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلانی ژێردەستەیە. بە دەیان وڵاتی تازە لەو ماوەیەدا هاتنە سەر نەخشەی جوغرافیا و لەو خەباتە ڕزگاریخوازانەیەدا مارکسیستەکان و چەپەکان دەوری سەرەکی دەبینن. دەبینین ژینگەکە و هەلومەرجەکە ئەوەیە و کەوابوو ئاساییە بۆ تازەلاوێکی تەمەن ١٧ - ١٨ ساڵ کە ئەندێشەی چەپ بۆ ئەو جەزابیەتی هەبێ.

**وەبیر قسەیەک لە "ڕۆمێن ڕۆلان" کەوتمەوە کە دەڵێ:** ئەو کەسەی لاو بێ و ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕ نەبێ، دڵی نییە.

**دوکتور قاسملوو** ئەودەم کە ئێران بەجێ دێڵێ و دەچێتە ئورووپا، لە ئورووپایەش هەر بەسەر فەزایەک و بەسەر ژینگەیەکی وادا دەکەوێ. ئەو کاتەی د.قاسملوو دەگاتە پاریسە، ئورووپا ئێستا لە ژێر خۆڵەمێشی شەڕ سەری وەدەر نەناوە و وەخۆ نەهاتۆتەوە. لەوێ لە یەکەم هەڵبژاردنەکانی پاش شەڕدا کە دەکرێ، ژێنەڕاڵ دوگول کە سەمبولی مقاومتی فەڕانسەوییەکانە، - چونکی فەڕانسە تەسلیمی ئاڵمان بوو دوگول خۆی بە دەستەوە نەدا و سەرۆکایەتیی نەهزەتی مقاومەتی میللیی کرد - کەچی ئەو لە یەکەم هەڵبژاردن کە لە دوای شەڕ کرا بە هاوپەیمانیی چەپەکانی دۆڕاند، دوکتور قاسملوو پێی نابووە وەها ژینگەیەک.

**لە بریتانیا چی؟** لە بریتانیاش چێرچیل کە سەرۆکایەتیی ئینگلستانی دەکرد لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا، بەڵام ئەویش لە پاش شەڕ کایەکە دەدۆڕێنێ و هەڵبژاردنەکان بە زیانی وی و لە قازانجی چەپەکان دەشکێتەوە. دوکتور قاسملوو ساڵێک لە فەڕانسە دەمێنێتەوە و دوایە بۆ درێژەپێدانی خوێندن بە ناچاری فەڕانسە جێ دەهێڵێ و دەچێتە چێکۆسلۆواکی. دەچێتە وڵاتێک کە سوسیالیستییە و دەچێتە زانکۆ و لەوێ ئابووریی سوسیالیستی دەخوێنێ و لە ڕاستیدا لەوێ بە چەمک و مەقولەکانی مارکسیستی ئاشنا دەبێ. سرووشتییە کە هەموو ئەوانە کاریگەریی زۆریان لەسەر ئەو هەبوو تا کەسایەتییەکی چەپی لێ دەربچێ.

## ئێستا پرسیاری دووهەم، ئەدی بۆ حیزبی توودەی هەڵبژارد؟

ئەو کات حیزبی توودە تەنیا حیزبی پێشکەوتوو و بە نفووزی چەپی سەراسەری لە ئێران بوو، ئەو کات حیزبی دیکە نەبوو کە ئیدعای چەپ بوون بکا و پێشکەوتنخواز بێ.

**دوکتور قاسملوو هەر بۆخۆی لە «چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا» دەڵێ؛** حیزبی توودە بە نفووزترین حیزبی ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو لەو کاتدا زۆربەی نووسەران، ڕووناکبیران، هونەرمەندان، خوێندەواران یا ئەندامی حیزبی توودە یا لانیکەم سەمپاتی ئەو حیزبە بوون، بە تایبەت سەرکەوتنی یەکیەتیی سۆڤیەت لە شەڕ بە دژی فاشیزمدا ئیعتباری ئەو حیزبانەی زۆر سەیر بردبووە سەرێ.

**ئێرنێست همینگوای، نووسەری بەناوبانگی ئەمریکایی بە دوای سەرکەوتنی سۆڤییەت بەسەر ئاڵمانی هیتلێریدا دەڵێ:** هەر مرۆڤێک ئازادیی خۆش بوێ زۆر پتر لە تەمەنی خۆی قەرزداری یەکیەتیی سۆڤیەت و ئەرتەشی سوورە، چوون فاشیزمی شکەست داوە.

فاشیزم هەیولایەک و ئەژدیهایەک بوو دنیای قووت دەدا. ئەم نەخش و دەورەی یەکیەتیی سۆڤیەت لە تێکشکانی فاشیزمدا ئیعتباری ئەو حیزبە کۆمۆنیستانەی یەکجار زۆر بەتایبەت لە جیهانی سێهەمدا و تەنانەت لە ئورووپایەش بردە سەرێ.

**«هابز باوم» دەڵێ؛** شتێکی زۆر سەیر نییە ئەگەر ئەو حیزبانە لە پاش شەڕ پێشوازییەکی زۆریان لێکرا. چوون ئەو فیداکارییە و ئەو دەور و نەخشەی یەکیەتیی سۆڤیەتی لە تێکشکاندنی فاشیزمدا ئیعتباری کۆمۆنیستەکانی لە جیهانی سێهەم و لە ئورووپاش زۆر بردە سەرێ.

بەشی چوارەم

**ئەم قۆناغە لە ژیانی سیاسیی د. قاسملوو(١٩٤٧ - ١٩٧١)، ئەو لە پێشدا چەپە و دوایە کوردە، واتە پرسی نەتەوەیی بۆ ئەو لە ئەولەوییەتی یەکەمدا نییە و پرسە چینایەتییەکان بۆ ئەو لە پێشەوەن.**

## قاسملوو لە بۆتەی گۆڕانی فیکریدا

بەشی دوویەم

**لە ساڵی ١٩٧٠ دا دوکتور قاسملوو بە ڕەسمی حیزبی توودەی ئێران بەجێ دێڵێ و دەبێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە کۆنفڕانسی سێی حیزب و دواتر لە کۆنگرەی سێهەمدا دەبێ بە سکرتێری ئەو حیزبە.** سرووشتییە ئەتۆ ببی بە سکرتێری حیزبێکی نەتەوەیی یانی لەوە بەدواوە مەسەلەی کورد بۆ تۆ مەسەلەی ئەساسییە و چارەسەری پرسی کورد بۆ تۆ لە سەرەووی هەموو پرسەکانی دیکەی کۆمەڵگەیە. هەر لە ئەساسدا پێویستیی دروستبوونی حیزبی دێموکرات چییە؟ فەلسەفەی وجوودییەکەی چییە؟ هەموو حیزبێک لە ئاکامی کەلێنە کۆمەڵایەتییەکاندا دروست ئابن، جا ئەو کەلێنانە یا چینایەتییە یا مەزهەبییە یان نەتەوەییە.

حیزبی دێموکراتیش زەروورەتی پێکهاتنەکەی لە سەر ئەو ئەساسە درووست بووە کە کەلێنی نەتەوەیی هەبوو لە ئێراندا و چارەسەری مەسەلەی میللی زەروورەتی دروستبوونی حیزبی دێموکراتی پێک هێناوە. ئێستا ئەو پرسیارەش لە جێی خۆی دایە کە ئایا دوکتور قاسملوو ئەو ئاڵوگۆڕە کە دوای ٢٣ساڵ لەودا دروست دەبێ کتوپڕە؟ نا ئەمە شتێکی مێژووکردە و بە زەمان هاتووە و وردە وردە ئەو گۆڕانکارییەی تێدا دروست کردوە. بەڵام پێش ئەوەی بچینە سەر چییەتی ئەو ئاڵۆگۆڕەی لە ئەندێشەی سیاسیی د. قاسملوودا دروست بووە و هۆکارەکانی، با باسێک لەوە بکەین کە ئایا دوکتور قاسملوو کەسێکی نەتەوەیی بووە یا نەتەوەیی نەبووە؟ بەشێک لە وەڵامی ئەو پرسیارە لەو باسەدا دراوەتەوە، بەڵام زۆر کەس دەڵێن چونکی قاسملوو خودموختاری ویستووە کەوابوو نەتەوەیی نەبووە. ئەم باسە هەیە و ئێستا هەندێ ئینترناسیونالیستی دوێنێ و ناسیونالیستی ئەمڕۆ ئەو قسانە دەکەن، دیارە خۆ ئەوە باشە و ئێمەش پێشوازی دەکەین لەو گۆڕانەی لەواندا دروست بووە و لە ئینترناسیونالیستەوە بوون بوونە ناسیونالیست، دیارە لە بنەڕەتدا هەر باسەکە ئەوەیە و پێشوازی لە گۆڕان دەکەین و دەڵێین کە ئینسان دەبێ بگۆڕدرێ و ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ، بەڵام ئەوان دەڵێن لەبەر ئەوەی لە بەرنامە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا و لە یەکەم بەرنامەدا لە ساڵی ١٩٧١ حیزب باسی لە خودموختاری کردووە نەتەوەیی نەبووە، یا لەو وتووێژەی کە چەند ساڵ لەوە پێش لە تەلەڤیزیۆنی بی بی سی بڵاو بۆوە - دیارە ئەو وتووێژە ٢٥ ساڵ لەوە پێش «عینایەت فانی» لەگەڵ دوکتور قاسملوو کردبووی و لەوێدا باس لە ئێرانی بوون دەکا و لەسەر ئەوە زۆر باس کرا کە

ئەوەتا خۆی پێ ئێرانییە. ئەمن دەمەوێ وەڵامی ئەوانە بدەمەوە و لەسەر ئەو باسانە تۆزێک ڕاوەستم.

**یەکەم**: لە ستراتژیی دوکتور قاسملوودا لە ئاسۆی دووری ئەودا، هەمیشە کوردستانی سەربەخۆ بوونی هەبووە. بۆ ئەوە بەڵگە زۆرە کە دەیانهێنمەوە. با بچن بەرهەمەکانی بخوێننەوە و وتووێژەکانی ببینن تا بزانن کە لە ئاسۆی دووری ئەودا هەمیشە کوردستانی سەربەخۆ و کوردستانی یەکپارچە هەیە و هەمیشەش بووە.

**با باس لە چەند نموونەیەک بکەین. لە پێشدا با بە ئیرەجی کەشکوولی دەست پێبکەین؛** ئیرەج کەشکوڵی ئەندامێکی سازمانی ئینقلابی حیزبی توودە بوو کە ساڵەکانی ١٣٤٧ - ١٣٤٨دا لە باشووری کوردستان بوون و دەیانویست لە ڕێگای باشووری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەرنامەکانیان و چالاکیی خۆیان لە ئێراندا پەرە پێبدەن. ئەو دەڵێ: ئەو کات کە دوکتور قاسملوو چاوی بە ئێمە کەوت لە بوونی ئێمە لە کوردستانی عێراقدا ڕازی نەبو. ئەو پێی خۆش نەبوو کە مارکسیستەکانی ئێرانی لە کوردستان لاوانی کورد بۆ لای کۆمۆنیزم ڕاکێشن. کەشکوڵی دەڵێ دوکتور قاسملوو لە بوونی چەپی سەراسەری لە کوردستان ناڕازییە و نەیدەویست لاوی کورد بۆ لای ڕێکخراوێکی چەپی سەراسەری بڕوا.

**بەڵگەی دیکە با بێنینەوە، برنامەی حیزبی دێمکرات کوردستان کە سەرەتا لە کۆنفرانسی سێ و دواتر لە کۆنگرەی سێ دا پەسند کرا، لە فەسڵی یەکەم و لە ئامانجە گشتییەکاندا، لە خاڵی دووهەمدا دڵێ:** ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهێنانی کۆمەڵێکی سۆسیالیستیی دادپەروەرانەیە. لە کوێ ئەو کۆمەڵگەیە پێکدێ، خۆ ناڵێ لە ئێرانێ. نا ڕوونە ئەوە بۆ کوردستانە، ئەوەیە کە دەڵێین لە ئاسۆی دووروی ئەودا، کوردستانی سەربەخۆ هەیە. سەرنج بدەنە ئەوە کە هەر لە خودی برنامەکەدا وا دەڵێ. ئەو پێکهێنانی کۆمەڵێکی سۆسیالیستیی بۆ ئێران ناوێ ئەوەی بۆ کوردستان دەوێ. خۆ ناکرێ لە کوردستان ئابووریی سۆسیالیستی پیادە بکرێ و لە شوێنەکانی دیکەی ئێران ئابووریی بازاڕی ئازاد (سەرمایەداری) بەڕێوەبچێ. دوکتور قاسملوو دواتر لە ساڵی ١٣٦٢دا ڕاشکاوانەتر لە «کورتەباس»دا، باس لەوە دەکا کە ئەو کۆمەڵگەیە و ئەو سۆسیالیزمەی بۆ کوێ دەوێ. لەوێ بە ڕوونی دەڵێ کە ئەو ئامانجەی بۆ کوردستان دەوێ. هەر لەوێ دوکتور قاسملوو پرسیارێک دەکا و بۆخۆیشی وڵام دەداتەوە. دەپرسێ ئەو سووسیالیزمەێ دمانەوێ داییمەزرێنین چ جۆرە سووسیالیزمێکە و ئایا بە تەواوی عەینی ئەوە دەبێ کە لە وڵاتە سۆسیالیستییەکان دامەزراوە؟ دوایە لە وەڵامدا دەڵێ نا، «سۆسیالیزمێک کە لەگەڵ وەزعی وڵاتەکەمان بێتەوە، چوونکی ڕاستە کۆمەڵی کوردەواری پێی ناوەتە قۆناغی سەرمایەداری بەڵام هێشتا خۆی بە تەواوی لە پێوندییەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتی ڕزگار نەکردووە.» دیقەت بکەن دەڵێ کۆمەڵی کوردەواری، واتە وڵاتەکەمان، یانی کۆمەڵی کوردەواری نەک ئێران.

بەشی چوارەم

**لەسەر یک پارچەیی کوردستان و لە سەر ئەویّ هەر چوارپارچەی کوردستان لە داهاتوودا دەبێ یەک بگرێتەوە. دوکتور قاسملوو لە کتێبەکەی خۆیدا دەڵێ:** «کوردیش وەک هەموو نەتەوەیەک مافی دیاریکردنی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە. سرووشتێکی تایبەت کە لە مەسەلەی کورددا هەیە ئەوەیە کە مەسەلەکە بۆ کورد تەنیا جیابوونەوە نییە، بۆ کورد تەنیا ئەوە نییە جیابێتەوە لە ئێران، لە عێراق یا لە تورکیە؛ بەڵکوو پێش هەموو شتێک یکگرتنەوەیە، یانی پێش جیابوونەوە بۆ کورد پرسێکی سەرەکی یەکگرتنەوەی ئەو چوار پارچەیەی کوردستانە.»

د. قاسملوو ئەو کات کە مارکسیستیشە و دەبێ بەپێی بیردۆزەکانی ئەو مەکتەبە پرسی نەتەوەیی ببەسرێتەوە بە سەرکەوتنی چینی کرێکار، بەڵام ئەو سەربەخۆیی کوردستان نابەستێتەوە بەو ڕۆژەی کە چینی کرێکار بێتە سەر دەسەڵات و جا ئەو پرسە بێتە گۆڕێ. ئاخر کۆمۆنیستەکان و چەپی ڕادیکاڵ دەڵێن هەتا چینی کرێکار نەیەتە سەر دەسەڵات، نابی ئەتۆ گرینگی بە پرسی نەتەوەیی، بە پرسی ژنان و پرسی کولتوری و هیچ کام لەو شتانە بدەی؛ کەچی دەڵێ نا ئەوە پێوەندی بەوەوە نییە و تەنانەت ئەگەر نیزامەکە سەرمایەداریش بێ، وڵاتێک دەتوانێ بەخۆی جیا بێتەوە و نابی ڕابوەستێ لەسەر ئەوەی کە کەی و چ کاتێک چینێ کرێکار دێتە سەر دەسەڵات.

**ئەوە کە سەربەخۆیی نەتەوەیەک لە سێبەری ڕێژیمی سەرمایەداریدا جێبەجێ دەبێ یا تەنیا لە ڕێژیمی سووسیالیستیدا، دوکتور قاسملوو دەڵێ:** هیچ کام لەوانە نابێ ببێتە هۆی ئەوەی کە حاشا لەوە بکرێ کە هەموو نەتەوەیەک مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و مافی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی، خۆی هەیە. مافی یەکگرتنەوە تەنانەت لە مافی جودابوونەوە زیاترە، کە وابوو ئێمە ئەو مافەمان هەیە، چوونکە دابەشبوونی کوردستان لە ڕاستیدا دابەشبوونێکی دەستکردە. ئاخۆ ئەمانە ناتوانن بەڵگە بن بۆ نەتەویی بوونی ئەو؟

**لە وتوویژ لەگەڵ «عینایەتی فانی« لە «بی بی سی»دا دەڵێ چی؟** باسی ئەوەی کردوە کە ئێمە ئێرانین. لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ. ئەرێ ئەو باسی ئەوەی کردوە و گوتویەتی «نەتەوەی ئێران»؟ با بڕۆن هەموو وتوویژەکە ببینن و ئەگەر گوتبێتی نەتەوی ئێران قەبوولمانە. کێشەی ئیمە لەگەڵ ناسیونالیستەکانی ئێرانی لەسەر «نەتەوەی ئێران»ە، لەبەر ئەوەیە کە ئێمە باوڕمان بە نەتەوەی ئێران نییە و پێمانوایە نەتەوەی ئێران شتێکی دەستکردە و هەر بوونی نییە. دوکتور قاسملووش قەت باسی نەتەوەی ئێرانی لە هیچ جێیەک و لەو وتوویژەشدا نەکردوە. دوای ئەوە ئێران وەک چی؟ ڕوونە ئێران وک یەکەیەکی جوغرافی هەیە و حاشای لێ ناکرێ، بەڵام ئەگە لە هەموو وتارکان، نووسراوەکان و وتوویژەکانی دوکتور قاسملوودا لە شوێنێک باسی لە نەتەوەی ئێران کردبێ، ئێمە قسەمان نامێنێ، کە دەشزانین قەتی نەکردووە.



سەرچاوە Serchawe

بەشی چوارەم

**با نموونەیەکی دیکە بێنینەوە لە سەر خودموختاری،** ئەوەی کە دەڵێن چونکی خودموختاریی ویستوە نەتەوەیی نەبووە. باشە مەلا مستەفای بارزانی مەگەر یەکێک لە سیمبولەکانی کوردایەتی نییە؟ کێ شکی لەوەیە کە مەلا مستەفای بارزانی نوێنگەی هەرە ڕوونی کوردایەتی نەبووە، بەڵام ئاخۆ مەلا مستەفا لە تەواوی سەردەمی ژیانی سیاسیی خۆیدا شتێک زیاتر لە خودموختاریی ویستوە ،ئەوەی بۆخۆیان پێی دەڵێن حوکمی زاتی؟

**با نموونەیەکی دی لە ئێستادا بێنینەوە،** خۆ ئیدی ئێستا گومان لەوەدا نییە کە ڕێبەرانی باشووری کوردستان نەتەوەیین و ئێستا هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەیە دۆڵەتێکی سەربەخۆی کوردی پێکبێنن و هیواداریین بەم ئاوات و ئارەزوویەش بگەن؛ بەڵام دەبینین کە لە حەفتا ساڵی ڕابردوودا، باشووری کوردستان نیزیک بە چل و حەوت ساڵ خودموختاریی ویستووە، بیست ساڵیش داوای فێدراڵی کردوە، خۆ ئەگەر وابێ دەبێ بگوترێ ئەوان لە ڕابردوودا نەتەوەیی نەبوون و هەر ئەو سێ - چوار ساڵە نەتەوەیی کە داوای سەربەخۆیی دەکەن؟ ئەم ئیستدلال و بەڵگانەی ئەوان دەیهێننەوە بە قەولی مەولەوی «پایەکەیان چووبین»ە و، زۆر زەعیفە.

**ئێستا با باس لەوە بکەین کە ئەم ئاڵوگۆڕە فیکرییە چۆن لە د.قاسملوودا پێک هات،** واتە لە چەپێکی کوردەوە بوو بە کوردێکی چەپ؟ باکگڕاوەندی ئەم گۆڕانکارییانە چین و لە کوێوە کاریگەرییان کردە سەری و لە کامە بەستێندا دروست بوون؟

**دوکتور قاسملوو کتێبەکەی (کوردستان و کورد)** لە ساڵی ١٩٦٢دا تەواو دەکا. ئەو لە ساڵی ١٩٥٨ەوە دەستی بە نووسینی ئەو کتێبە کردوە کە تێزی دوکتوراکەیەتی، بەڵام سەرنج بدەنە عینوانی کتێبەکەی. ئەوکات کە ئەو مارکسیست - لێنینیستە، ئەوکات کە ئەو ئەندامێکی حیزبی تودەیە، «کوردستان و کورد» دەنووسێ. یانی بۆ یەکەم جار کوردێک بە شێوازی ئاکادمیک لە سەر پرسی کورد و لەسەر هەر چوار پارچەی کوردستان دەنووسێ.

خۆ ئەگەر شوێنپێی ئەنگیزەی ئەو کتێبەی هەڵبگری، بە بڕوای من دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شەش - حەوت ساڵ پێش لە دەسپێکی نووسینی ئەو کتێبە، ئەو کاتەی دوای کودیتاکەی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ بەنەهێنی و بۆ ماوەیەکی زۆر لە ماڵی پێشوا قازی محەممەد ماوەتەوە. وەک بۆ خۆی دەڵێ لەو ماوەیەدا دەڵێ ئیستفادەیەکی زۆری لە کتێبخانەکەی پێشوا کردوە و هەر لەوێ هەست بەوەی دەکا کە کەلێنێک هەیە لە کتێبخانەی کوردیدا و دەبێ کتێبێک بەشێوەی ئاکادمیک لە سەر کوردستان و کورد، واتە هەر چوارپارچەی کوردستان بنووسرێ.

خراپ نییە هەر لەو پێوەندییەدا باس لە فاکتێرێکی دیکەش بکەین. ئەو گۆڕانکارییەی دەکرێ لە هەموو ئەوانەی دیکە شوێنکاری زیاتری لەسەر دوکتور قاسملوو دانابێ و وایکردووە لە باری فیکرییە ئەو ئاڵوگۆڕە قووڵەی بەسەردا بێ. ئەویش ئەو ماوەیە و ئەو کاتانەی کە ئەو لە نێو حیزبی توودەدا بەجیدی لەگەڵ شوینیزمی فارس بەرەڕوو دەبێ. ئەو کاتەی د. قاسملوو لە ئورووپایە و لە دەیەی ٦٠ دا بە هەموو وجوودەوە هەست بە شوینیزمی فارس لە نێو حیزبێکی کۆمۆنیست(توده)دا دەکا ئەویش لە رێکخراوێکی چەپدا کە ئوسوولەن نابێ رێکخراوێکی چەپ تێڕوانینی شوینیستیی هەبێ. بەڵام ئەو زۆر بە باشی هەستی پێدەکا و بە بڕوای ئەمن ئەمە فاکتێریکی سەرەکییە بۆ بیچمگرتنی ئەو گۆڕانکارییە لە دوکتور قاسملوودا، لەوەی کە لە چەپێکی کورد ڕا بۆ کوردێکی چەپ بگۆڕدرێ. بۆ ئەوەش بەڵگەمان زۆرن کە ئاماژە بە هیندێکیان دەکەین.

سەرەتا با بزانین دوکتور سارمەدیین سادقوەزیری لەسەر دوکتور قاسملوو دەڵێ چی؟ ئەوکات کە دوکتور قاسملوو کادری حیزبی توودەیە بەڵام پرسی کوردی نەخستۆتە پراوێزەوە و هەموو کاتێ دەغدەغەی ئەو بووە. ئەو دەڵێ قاسملوو بە درێژایی ئەو ساڵانەی ئەندامی حیزبی توودە بوو، هەمیشە هۆگرییەکی زۆری بۆ کورد و خوێندنەوە لەسەر ئەو بابەتە هەبوو. یانی کاتێک کە ئەو کومۆنیستێکە و بۆ کۆمۆنیستەکان پرسی نەتەواییەتی پلە دوو و پلە سێیە، بەڵام ئەو قەت پرسی کوردی نەخستە پەراوێزەوە. با نموونە لەو ململانێیانە بێنینەوە کە دوکتور قاسملوو لە ئورووپای شەرقی لەگەڵ شوینیستە فارسەکانی نێو حیزبی توودە بوویەتی.

دوکتور قاسملوو ئەو کات کە بە خۆی کادری حیزبی تودەیە لە نامەیەکدا کە بۆ کاک کەریمی حیسامی نوسیویەتی و ئەو نامانە ئێستا هەن؛ دەڵێ: «بە نەزەری من بۆ ئەوانە - یانی بۆ رێبەرانی حیزبی توودە - پرسی کورد و هەروەها رۆژنامەی کوردستان وەک شتێکی دەرەجە چوار و دەرەجە پێنجە و لە هەموو لایەکیش بە ناسیۆنالیست و مونحەریفمان دەزانن؛ بە تایبەتی ئەمن.

وەک دەبینین دوکتور قاسملوو لەو نامەیەدا گلەیی دەکا و بۆ کاک کەریمی حیسامیی نووسیوە و دەڵێ: «ئەوانە بە ناسیۆنالیست و مونحەریفمان دەزانن و کورد و رۆژنامەی کوردستان بۆ ئەوانە بایەخی نییە و ئاخریش رۆژنامەی کوردستانی لە دەستیان دەرهێنا. وەک دەزانین دەوری دووهەمی رۆژنامەی کوردستان لە ساڵانی ١٩٦٤ تا ١٩٦٦ لە ئورووپای شەرقی دەرچوو و بیست و پێنج ژمارەی لێ چاپ و بڵاو بۆوە. کێشەکە لێرەدا دابوو کە رێبەرانی حیزبی توودە دەیانگووت دەبێ ناوی رۆژنامەکە بنێن «نامەی مردم» و دەبێ ئۆرگانی حیزبی توودەش بێ و گرینگ نییە ئەگەر بە کوردی وتاری تێدا بنووسن. دوکتور قاسملووش کێشەی ئەوەیان لەگەڵ دەکا کە دەبێ ناوی کوردستان و ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بێ.

کوردستان، هەر ئەو کوردستانەی میراتی سەردەمی کۆمار و هەمان ناو و دوایەش لە بن دەستی دەرهێنان.

**ئێحسان تەبەری لە کتێبی «کژ راهە»دا دەڵێ:** دوکتور قاسملوو بە «لطایف الحیل» ڕۆژنامەی کوردستانی لە دەست ئێمە دەرهێنا. بەڵێ لە دەستی دەرهێنان و بە ناوی کوردستان بڵاوی کردەوە. لە نامەیەکی دیکەدا دوکتور قاسملوو دەنووسێ کە چۆن کێشە و ململانێی هەیە لەگەڵ شوینیستە فارسەکانی نێو حیزبی توودە. ئەو دەڵێ: «چاوم بە ڕام کەوت (ڕەزا ڕادمەنێش، سکرتێری ئەوکاتی حیزبی توودەی ئێران) و پێی گوتم ئێوە هەمووتان ناسیۆنالیستن و دەبێ خۆتان یەکلا بکەنەوە و دەست لە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵگرن.

هەر لە ڕاستیدا هەموو هەوڵی حیزبی توودە ئەوە بوو. حیزبی توودە لە ساڵی ١٣٢٤بەولاوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا، هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە حیزبی دێموکراتیش بە فیڕقە بکا؛ یانی وەکوو فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان ببێتە لقێکی ئەیالەتیی ئەو حیزبە. واتە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەبێ، بەڵام لقی ئەیالەتی و لقی کوردستانیی حیزبی توودە بێ. بەڵام لە ڕاستیدا دوکتور قاسملوو نەیهێشت. با بۆ مێژوو بیڵێم کە دوو کەس نەیانهێشت حیزبی دێموکراتی کوردستان ببێ بە لقی ئەیالەتیی حیزبی توودەی ئێران. یەکەمیان ئەحمەد تەوفیق و پاشان دوکتور قاسملوو، هەڵبەت هەر کامەیان بە مێتۆدی خۆیان.

**ئەحمەد تەوفیق** بە پێداگرییەکی توند لە سەر ناسیۆنالیسم، بەڵام دوکتور قاسملوو بە خوێندنەوەیەکی دیکە لە سۆسیالیسم، بە خۆیندنەوەیەکی جیا لە خوێندنەوەی حیزبی توودە بۆ سۆسیالیسم و بۆ چەپ. ئەوان هەر کام بە مێتۆدی خۆیان نەیانهێشت حیزبی توودە حیزبی دێموکراتی کوردستان قووت بدا.

ئەو دەرگیری و ئەو کۆنتاکتەی دوکتور قاسملوو لە گەڵ ڕێبەرانی حیزبی توودە لە ساڵانی دەیەی ٦٠ دا هەیەتی، دەگاتە ئەو جێیەی کە چیدی ئیعتماد بە دوکتور قاسملوو ناکەن، با بزانین لەو پێوەندییەدا کاک کەریمی حیسامی دەڵێ چی؟

**کەریم حیسامی خۆی یەکێک لە ڕەخنەگرانی دوکتور قاسملوویە، بەڵام ئەوە باشە کە بەڵگەکان لەوی بێنینەوە. کەریم حیسامی دەڵێ:** کاتێک ڕێبەرانی حیزبی توودە ئیجازەیان پێداین سەردانی عێراق بکەین، ئەو کاتەی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ درووست دەبێ؛ حیزبی توودەی ئێران بۆ ئەوەی کایەکە بە سازمانی ئینقلابیی حیزبی توودە نەدۆڕێنێ کە ڕەقیبی بوو، دواجار لەسەر هاندان و پێداگریی کاک کەریمی حیسامی و دوکتور قاسملوو سەردانێکیان دەکەین. ئەوان (کەریم حیسامی و ڕادمەنش) دێن لە بەغدا چاویان بە کاک سولەیمانی مۆعینی و کاک حەمەدەمینی سیراجی

بەشی چوارەم

دەکەوێ. بۆ ئەو سەفەرە ڕادمەنیش بە کەریمی حیسامی گوتوە کە نابێ قاسملوو بزانێ کە ئێمە ئەو سەفەرەی دەکەین بو بەغدا.

کەریم حیسامی دەڵێ لەبەرچی؟ بۆ نابێ دوکتور قاسملوو بزانێ؟ ئەویش دەڵێ: لە سەر قاسملوو ئەزموونمان هەیە، ئەو ئەندامی حیزبی توودە بوو و ئێمە ناردمانەوە کوردستان، کەچی بوو بە هۆی بنەڕەتیی لێکپچڕانی حیزبی توودە و حیزبی دێموکراتی کوردستان. ڕادمەنیش و حیزبی تودە ئیدی چیدی متمانەیان بە د. قاسملوو نامێنێ.

## قاسملوو، ناسیونالیزم و ئەندێشەی چەپ قاسملوو، تیتۆی کورد

بەشی سێهەم

ئێستا باس لە قۆناغی دووهەمی ژیانی سیاسیی د.قاسملوو دەکەین کە دوکتور قاسملوو چۆن لە چەپێکی ڕادیکاڵەوە دەبێتە چەپێکی میانە؟ ئێستا ئیدی لە چەپێکی کوردەوە بۆتە کوردێکی چەپ، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە، [لە چەپێکی ڕادیکاڵەوە بۆ چەپێکی میانە] چۆن دروست دەبێ؟ ئەو گۆڕانکارییە ساڵی١٩٨٣ بە نووسین و بڵاوکردنەوەی ناملیکەی «کورتە باسێک لە سەر سوسیالیسم» خۆی دەرخست. لەوێ ئیدی دوکتور قاسملوو بە تەواوی مەرزبەندیی خۆی لە گەڵ چەپی ڕادیکاڵ ئاشکرا دەکا. لەوە بە دوا ئیدی ئەو کۆمۆنیست نییە و کۆمۆنیست نەماوە، بەڵکوو سۆسیالیستە. دەقیقتر بڵێم ئیدی بەرەو سۆسیالیزمی دێموکراتیک دەڕوا و بە دەرکردنی ئەو ناملیکەیە ماڵئاوایی لە متافیزیکی کۆمۆنیزم دەکا.

مێتافیزیکی کۆمۆنیسم مەسەلەی چینایەتی وەک پرسی بنەڕەتیی هەموو لێکدانەوەیەکی سیاسی بەکار دەهێنێ و کێشەکانی دیکە وەک کێشەی نەتەوەیی، کێشەی ژنان، کێشەی کولتوری؛ ئەوانە بەلایەوە مەوزووع نین. ئەو هەموو تەحلیلێکی سیاسی و هەموو لێکدانەوەیەک لە سەر بنەمای چیینایەتیە و دوکتور ماڵئاوایی لە ئەمە.

دوکتور قاسملوو ساڵی ١٩٧٠ هاتەوە نێو حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و بوو بە ڕێبەری ئەو حیزبە. کە چاو لە بەرنامەکانی ئەو کاتی حیزب دەکەین، دەبنین بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی ٣ دا گوزارشت لە چەپێکی ڕادیکاڵ دەکا و بۆ یەکەم جار سوسیالیسم بەڕەسمی دێتە نێو بەرنامەی حیزبەوە وەک ئامانجی دوارۆژ.

لە ئەساسنامەی حیزبدا نووسراوە: «حیزبی دێموکراتی کوردستان پێڕەوی لە تیئۆریی گەشەسەندنی کۆمەڵ دەکا.»

ئەمە بێ ئەملا و ئەولا ماتریالیزمی تاریخیی مارکسە. بەپێی ئەو ئیدەیە (تاریخگەرایی یا هیزتوریزم) مێژووی مرۆڤایەتی سەرەتایەک، مەبدەئێک و مەقسەدێکی دیاریکراوی هەیە و هەموو ئەو ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییەکان لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا «مانادارن» و هەر قۆناغێک لە مێژوو پێشکەوتووترە لە قۆناغی پێش خۆی و بمانەوێ و نەمانەوێ؛ واتە بەدەر لە ئیرادەی مرۆڤ دەگەینە قۆناغی کۆتایی و هەرە پێشکەوتوو، واتە قۆناغی (کۆمۆنیزم).

ئەگەر چاو لە ئەدەبیاتی بەرنامە و ئەساسنامەی حیزب بکەن لە کۆنگرەی ٣دا، دەبینین کە پڕە لە ئەدەبیاتی مارکسیستیی ڕادیکاڵ، ئیستعماری کۆن، ئیمپریالیزم، بورژووازی، چین، فیئۆداڵ، دەرەبەگ، زەروورەتی تاریخی، پڕە لە ئەو دەستەواژانە. یانی کە وابوو لە سەرەتادا بەرنامەی حیزب لە کۆنگرەی ٣ دا گوزارشت لە چەپێکی ڕادیکاڵ دەکا بەڵام ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییە کەی ڕوو دەدا؟ لە ساڵی ١٩٨٣ دا. بە چی ڕوو دەدا؟ بە نووسینی «کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم. کورتە باس چ بوو؟ کورتەباس پێناسەی سوسیالیزمی دێموکراتیکە. سۆسیالیزمی دێموکراتیکی پێناسەکراو لە کورتە باسدا چییە و چیی دەوێ؟

مرۆڤی موتەمەدین مرۆڤی هەمیشە عەوداڵ و تامەزرۆی ئازادی و عەداڵەتە، بەڵام کامیان دەبێ پێش ئەوی دیکەیان کەوێ؟ ئازادی یان عەداڵەت؟ کێشەکە لێرەدایە کە کامیان لە پێشترن؟ هەر کۆمەڵگەیەک هەر کام لەم دوو چەمکەی وەپاش گوێ دابێ و پەراوێزی خستبێ زەرەری کردوە. سوسیالیزمی مەوجوود، ئازادییەکەی لە بەر چاو نەگرت، دیتمان چیی لێ بەسەرهات. ئێستاش لە ئۆورووپای سەرمایەداریدا عەداڵەتەکە ئەو جۆرەی کە دەبێ ببێ لە بەرچاو ناگیرێ. کە وابوو مەوزووع چیە و کورتەباس دەیهەوێ بڵێ چی؟ هەموو مەبەستەکە ئەوەیە کە کورتەباس دەیهەوێ ئەو دووانە پێکەوە کۆ بکاتەوە. دیارە ئەوە کارێکی دشوارە و هەروا سادە نییە هەوڵە کە بۆ ئەوەیە.

**دوکتور قاسملوو لە «کورتەباس»دا باس لە دێموکراسیی کۆمەڵایەتی، دێموکراسیی سیاسی و دێموکراسیی ئابووری دەکا، هەر سێکیان پێکەوە باس دەکا. «کورتە باس» چیی دیکە دەڵێ؟** کورتەباس هێندێک مەرزبەندی و پەیامێکیشە. پەیامەکە چییە؟ دوکتور قاسملوو دەڵێ دەمانهەوێ سوسیالیزمێک دابمەرزێنین کە لەگەڵ هەلومەرجی وڵاتەکەمان بێتەوە، ئەمە یانی چی؟ یانی چیدیکە چەپی لۆکاڵی و چەپی کورد نەبیتە پاشکۆی چەپی سەراسەری. لە هەموو مێژووی هاوچەرخی ئێراندا هەمیشە چەپی ناوچەیی چەپی کورد ویستوویەتی پاشکۆی چەپی سەراسەری بێ و، چەپی سەراسەریش کاریگەری ناسیونالیزمی ئێرانیی بە سەرەوەیە، وەک ئەو نموونانەی باسمان کرد کە چۆن ڕێبەرانی حیزبی تودە دوکتور قاسملوو و کوردەکان بە ناسیونالیست و بە مونحەرێف دەزانن. هەمیشەش چەپی سەراسەری بە گوێی چەپی مەنتەقەیی هەڵێناوە و بە چەپی کوردی گوتوە کە بۆ لای کوردایەتیی نەچن، کوردایەتیی پرسی دەرەجە سێ و دەرەجە چوارە و بۆ ئێمە مەسەلەی

ئەساسی مەسەلەی چینایەتییە.

هەر ئەم بەقسەکردنانە بوو کە چەپی سەراسەری چیی بە سەر چارەنووسی ڕێکخراوی چەپی ناوچەیی هێنا. دیتمان ڕێکخراوی «سەهەند» چیی بە سەر کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران هێنا. ئەوانی هەر لە کوردایەتیی شوشتەوە و بەتاڵی کردن و ئەو پرسەی بۆ کردن بە دەرەجە سێ و چوار. ئا لێرەدایە کە دوکتور قاسملوو دەیهەوێ ئەمە بسەلمێنێ و سنووری خۆی لەگەڵ ئەو تێفکرین و مێتۆدە جیا کاتەوە، دواتر لە هێژموونیی چەپی جیهانیش یانی ئینترناسیۆنالیزمی پڕۆلیتاریش ڕزگارمان بکا. ئاخر دەبوو هەمیشە لە ژێر ئالای پاراستنی بەرژەوەندیی ئینترناسیۆنالیزمیی پڕۆلیتاریا بەرژەوەندییەکانی یەکیەتیی سۆڤییەت بپارێزرێ. دیارە نەک چەپ هەموو، بەڵکوو ئەو چەپانەی کە سەر بە ئۆردوگای سۆسیالیستیی بوون؛ بەڵام دوکتور قاسملوو بەوەش دەیهەوێ خۆی لە ژێر هێژموونیی ئینتێرناسیونالیزم پرۆلیتاریاش بێنێتە دەرێ. دیارە خۆ دوکتور قاسملوو دژایەتیی یەکیەتیی سۆڤییەتیی نەکردووە و هەر لەو «کورتە باسە»ی‌دا دەڵێ سۆڤییەت دۆستی ئێمەیە، بەڵام ئێمە سەربەخۆین و سەربەخۆبوون لەگەڵ کلکایەتی فەرقی هەیە و ئەوەی حیزبی توودە دەیکرد کلکایەتیی بوو. دوکتور قاسملوو لە کورتە باس‌دا دەڵێ: یەکیەتیی سۆڤییەتی دۆستی ئێستراتژیکیی ئێمەیە، بەڵام ئێمە لە سیاسەت و بەڕێوەبەریی خۆماندا سەربەخۆین. ڕاست وەک ئەوەی تیتۆ کردی. دوکتور قاسملوو ئا لێرەدا تیتۆی کوردانە. «تیتۆ»ش لە یوگوسلاڤیا خۆی لە ژێر هێژموونیی یەکیەتیی سۆڤیەت هێنایە دەرێ. ئەویش دەیگوت دۆستایەتیت دەکەم بەڵام خۆم بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆم دەدەم.

**دوکتور قاسملوو لە «کورتەباس»دا دەڵێ چی و مەرزبەندیەکان چی بوون؟** مەرزبەندییەکان ئەوە بوون کە سنووری نێوان خۆی و حیزبی توودە بکێشێ، مەرزبەندی لەگەڵ ستالینیزم بکا و سنوورێک لە نێوان خۆی و ئەو جۆرە بیرکردنەوە دوگم و ویشکەی دابنێ کە ساڵانێک بوو بەسەر فەزای فیکریی ئەو حیزبانەدا حاکم بوو و مەجالی ڕەخنەگرتنیان نەدەدا. دواتر پێداگری لە سەر پێگە و شوێنی دێموکراسیی و هەموو ئەمانە نیوەرۆکی مەسەلەی سوسیالیزمی دیموکراتیک، پێناسە کراو لە »کورتە باس» دا بوو. لێرە پرسیار ئەمەیە کە سۆسیالیزمی دێموکراتیکی چۆن لە نێو حیزبەکەی خۆیدا جێ خست؟

**لە کۆنگرەی شەش‌دا کاتێک دوکتور قاسملوو ئەو بیرۆکەیە دێنێ بۆ جاری یەکەم وەرناگیرێ و پەسند ناکرێ، ئەوە**

نیشاندانی قووڵایی سەمپاتییە بۆ چەپی ڕادیکاڵ لە نێو حیزبی دێموکراتدا کە ئەوەندە بەهێزە «کورتەباس» دەنگ ناهێنێتەوە. دوایەش کە پەسند کرا دەبینین ڕێکخراوەکانی وەک کۆمەڵە و »راە کارگر» و ڕێکخراوە چەپییەکانی دیکە

هەموو هەڵوێست دەگرن لە بەرامبەر ئەم نامیلکە و گوتارە نوێیەی دوکتور قاسملوودا.

**کۆمەڵ دەڵێ:** «ئەوە کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری بۆ ئێمە بەدیاری دێنی»،

**ڕای کارگەر دەڵێ:** «ئەم سۆسیالیزمە بۆ ڕۆژی قیامەتە». دوکتور قاسملوو لەو بارودۆخەدا بە هێنانەگۆڕێی ئەو بابەتە وەک ئەوەی بوو کە بە پێچەوانەی ئاڕاستەی ڕووبار مەلە بکا، بەڵام ئەو لەو بارودۆخەدا قسەی خۆی کرد و باسەکەی خۆی هێنایە پێشێ و لەسەری پێداگر بوو. چەند ساڵ دواتر و بە ڕووخانی دیواری بێرلین و لە بەریەک هەڵوەشانی سوسیالیزمی مەوجوود دەرکەوت کە بووچوونەکانی دوکتور قاسملوو درووست بوون، بەڵام بە داخەوە چوار مانگ پێش ئەوەی ئەو ڕووداوانە ڕوو بدەن و دوکتور قاسملوو دروستبوون و دەقیقبوونی بووچوونەکانی لە سەر ئەو بابەتانە بە چاوی خۆی ببینێ شەهید بوو.

**ئەم تەحەولە فیکرییەش لە د. قاسملوودا زەمینە و بەکگراوندی هەیە و بەرهەمی وردبوونەوە و بە چاوی کراوە ڕوانین لە ڕووداوەکان بوو؛ وەک:** ژیانی تاراوگەیی لە وڵاتانی سۆسیالیستی و لە نیزیکەوە هەستکردن بە کەموکوڕییەکان، ناڕەساییەکانی سۆسیالیزمی مەوجوود بە تایبەتی لە بواری نەبوونی دێموکراسی و ئازادی و بوونی دەوڵەتانی توتالیتێ لەم وڵاتانە؛ هەروەها ڕووداوەکانی لەهێستان و ڕاپەڕینی مەجارستان لە دەیەی ٥٠ی زایینی بە تایبەت ڕووداوی «بەهاری پراگ» لە ساڵی ١٩٦٨؛ دەرکەوتنی قوتابخانەی «فڕانکفۆرت»، «چەپی نوێ» و «ئۆرۆکۆمۆنیزم» کە هەر کامەیان بە شێوازێک لەگەڵ چەپی کلاسیک و ئۆرتۆدۆکس سنووربەندییان دەکرد. ئەوانە هەموو لە چاوی وردبینی ئەو بەدوور نەمانەوە و شوێنەواری قوڵیان لەسەر دانا.

### قاسملوو، ناسیونالیزم و ئەندێشەی چەپ  دوا مەنزڵگەی فیکریی دوکتور قاسملوو

#### بەشی سێهەم

**دوامەنزڵگەی فکریی دوکتور قاسملوو لە ڕاستیدا وەکوو بەڵگە و وەکوو دیکۆمێنت هیچمان نییە.** زۆر کەس دەڵێن سوسیال دێموکرات بوو، بەڵام بەڵگەمان نییە بۆ ئەوە. هەم ئەوانەی لایەنگر و هەم ئەوانەی دژی «کورتەباس»ن، دەڵێن کورتە باس تەعبیر لە سۆسیال دێموکراسی دەکا. هێندێک کەس کە سیمپاتی سۆسیال دێموکراسین دەڵێن کورتە باس گوزارشت لە سۆسیال دێموکراسی دەکا و ئەوانەش کە چەپی ڕادیکاڵن دەڵێن بەڵێ تەواو سۆسیال دێموکراسییە. بەڵام هیچیان وا نین، چونکی لە کورتەباسدا بۆ خۆی بە ڕوونی مەرزبەندی لەگەڵ سۆسیال دێموکراسی دەکا، بەڵام لە کردەوەدا



سەرچاوە Serchawe

دوکتور قاسملوو لە سالی ١٣٦٥ بەو لاوە بە چوونی بۆ نێو ڕێکخراوی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیت بەرەو سۆسیال دێموکراسی هەنگاو دەنێ. لەوێرا نامیلکەیەک لەگەڵ خۆی دێنێتەوە، کە میشێل ڕۆکار، سەرۆکی ئەو کاتی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست نووسیبووی. ئەو نامیلکەیە لە نیو حیزبدا دەکرێتە کوردی و بڵاو دەکرێتەوە و نیشانەکان هەموو ئاماژە بۆ ئەوەن کە بەرەو چی و بەرەو کوێ دەڕۆین، واتە بەرەو سوسیال دێموکراسی. دوکتور قاسملوو بە کردەوە هەنگاوەکانی بەرەو سۆسیال دێموکراسی بوو، بەڵام مەرگ مەجالی ئەوەی پی نەدا کە بە بەڵگە یا بە نووسراوە ئەو بەشە لە ژیان و تێفکرینەکانی بە دێکۆمێنت بکا.

## دەرەنجام

ئەمن باسم لە گۆڕان و ئاڵوگۆڕ کرد. با قسەیەک لە نیچە بێنینەوە، نیچە دەڵی؛ مار ئەگەر هەموو ساڵێک پێستی فڕێ نەدا دەمرێ، ئەدی ئینسان چۆن نابێ بگۆڕدرێ؟ بەڵام ئەو ئاڵوگۆڕانە لە دوکتور قاسملوودا لە چەپی کوردەوە بۆ کوردیکی چەپ و لە چەپێکی ڕادیکاڵەوە بۆچەپێکی میانە و دێموکرات بەرهەمی شناختی ئەو لە کۆمەڵگاکەی و بارودۆخی جیهان و ناوچە بوو. ئەمە جیاوازیی هەیە لەگەڵ تێکەوتن لە تەنگەژە و وەرتەی ئۆپۆرتۆنیزمی سیاسی. ئەوەمان لێ تێک نەچێ ئەم ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییانە بەرهەمی شناخت بوون و لەگەڵ فورسەتتەڵەبیی سیاسیی فەرقیان زۆرە. دواتر لەو سەفەرە سیاسییەی کە دوکتور دەستی پێکرد لە ساڵی ١٣٢٦ کە ٤١ ساڵی خایاند و لەم قۆناغەدا هیندیک شت قەت لە بیری نەچوون و قەت گۆڕان و ئاڵوگۆڕ نەیگرتنەوە، واتە دوکتور قاسملوو هەر وەک پرەنسیپ هەمیشە پێیان وەفادار مایەوە. یانی لە ویستگە جۆراوجۆرەکانی ژیانی دوکتور قاسملوودا هێندێک پرەنسیب ئاڵوگۆڕیان بە سەردا نەهات. ئەمانە خەتی سوور بوون. یەکەمیان چارەنووسی میللەتەکەی. دەبینین ئەو کات کە توودەییە هەمیشە پرسی کوردی بۆ گرینگە و قەت وەلای نانی. سارمەددین سادق وەزیری لەو بارەوە نایشارێتەوە و دەڵێ ئەو کات کە ئەندامی حیزبی توودەیە بەڵام هەمیشە عەتفی بۆ مەسەلەی کورد هەیە و هەمیشە بەو پرسەوە خەریکە و وەلای نانێ و لەگەڵی دەڕوا.

دوای پرسی کورد پرەنسیپێکی دیکە کە قەت لای ئەو نەگۆڕا، ئەویش دابینکردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتییە. هەمیشە بۆ دوکتور قاسملوو فیکری یەکسانی و بەرابەری و فیکری عداڵەت و دادپەروەری وەکوو ئەستێرەیەکی قووتبی بوو کە هیدایەتی دەکرد و ڕێنوێنیی دەدایە. دوکتور قاسملوو لە دوایین ساتەکانی ژیانیدا ئیدی کۆمۆنیست نەمابوو، بەڵام هەر سۆسیالیست بوو. یان ئەگەر بڵێم دەقیقتر بیڵێم سۆسیال دێموکرات بوو.

پرەنسیپی سێهەم یان خەتی سووری سێهەم لای دوکتور قاسملوو چارەنووسی حیزبەکەی بوو کە هەمیشە بۆی گرینگ

**بوو.** با بە ئاوڕیک لە ویستگەکانی ژیانی دوکتور قاسملوو چەند نموونەیەک بێنینەوە و بزانین حیزبی دێموکراتی چەندە بە لای ئەو گرینگ بووە.

دوکتور قاسملوو ساڵی ١٣٢٦ دەچێ بۆ خوێندن و ساڵی١٣٣١ دەگەڕێتەوە و ئۆڕووپا و خێزانەکەی بە جێ دێڵێ. ئەو لیسانسی وەرگرتووە و دێتەوە کوردستان و دەست بە چالاکییە سیاسییەکانی دەکاتەوە. ماوەیک پێناچێ کوودێتای ٢٨ی گەلاوێژی بەسەردا دێ و ژیانی حیزب دەچێتە خانەی چالاکیی نهێنی و ژێر زەمینییەوە و هەتا ساڵی ١٣٣٦ - ١٣٣٧ دوکتور قاسملوو لە چالاکیی نهێنی بەردەوامە و لە نێوان خانە تیمییەکان لە تاران و شاخەکانی کوردستان لە هاتوچۆ دایە. دوکتور قاسملوو ساڵی ١٣٣٧ کوردستان بە جێ دێڵێ و دەڕاتەوە بۆ ئوڕووپا، بەڵام ساڵێک دواتر دەگەڕێتەوە، کەی؟ کاتێک دەبینێ لە عێراق کوودێتاکەی عەبدۆلکەریم قاسم لە دژی سیستمی پاشایەتی و لە دژی مەلیک فەیسەل سەرکەوتووە. دوکتور قاسملوو ئەمە بە هەل دەزانێ، ڕێژیمی پاشایەتی ڕووخاوە، مەلا مستەفای بارزانی گەڕاوەتەوە، ڕیژمی پاشایەتی نەماوە و لە عیراقێ مەجال هەیە و هەڵ بۆ کورد ڕەخساوە و قاسملوو گەڕاوەتەوە. پاش ماوەیەک دوکتور قاسملوو لە ململانێی حیزبیدا تووشی کێشە دەبێ و دەری دەکەن. هەم لە حیزبی دێموکرات و هەم لە عیراقیشی دەر دەکەن، ئەو کە لە دەرگا دەردەکرێ پاش ماوەیەک دیسان بە پەنجەرەدا دێتەوە ژوورێ. سێ ساڵ دواتر ڕاپەڕینی چەکداریی ٤٦ - ٤٧ سەر هەڵدەدا و سەر لە نوێ دێتەوە مەیدان. دێتەوە و دانیشتنیان لەگەڵ دەکا و تەنانەت لە کۆمیتەی شۆڕشگێڕیدا کاندیدی دەکەن بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی ڕێبەری و بەرپرساتیەتیشی پێ دەدەن و وەک وتەبێژیان لە دەرەوەی وڵات دیاریی دەکەن. هەروەها ئەرکی بارهێنان و پەروەردەکردنی کادرەکان لە کوردستانی پێ دەسپێرن، بەڵام بە داخەوە تەمەنی ڕاپەڕینەکە زۆر کورت بوو و مەجالی ئەوە نەڕەخسا زیاتر لەوەندە دەوری هەبێ.

**دوکتور قاسملوو سێ ساڵ دواتر و لە ساڵی ١٩٧٠دا دیسان دەگەڕێتەوە کوردستان،** ئەو کاتەی کورد لە عێراق لەگەڵ حکوومەتی ناوەند پێک دێ و دیسان هەلێک بۆ کورد دەڕەخسێ و دوکتو قاسملوو گەڕاوەتەوە و دەیەوێ ئەم هەلە بقۆزێتەوە. لەو ساڵەدا دەبێتە ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێککەوتنی عێراق ئێران و پەیماننامەی ١٩٧٥ی ئەلجەزایر چیدی ئەو مەجالە بە ڕێبەریی حیزب نادا لە عێراق و باشووری کوردستان بە ئازادی تێکۆشانیان هەبێ، تەنانەت ناچار دەبن پلینۆمی حیزب لە دەرەوەی وڵات بگرن، بۆیە ئەو دەرفەتە بۆ دوکتور قاسملوو نامێنێ لێرە بمێنی و جارێکی دیکەش دەچێتەوە دەرەوەی وڵات، بەڵام دوو ساڵ دواتر کە خۆپیشاندانەکان لە ئێران دەستیان پێکرد دەسبەجێ دەگەڕێتەوە کوردستان.

دەبینین کە هێشتا حکومەتی پاشایەتی نەڕووخاوە، ڕێبەریی حیزب چەند مانگ پێش ڕووخانی ڕێژیم کۆمیتەی زاگرۆس

پێکدێنن و دوکتور قاسملوو دەگەڕێتەوە نێوخۆی وڵات و لە تاران و مەهاباد بە شێوەی نهێنی دەست بە تێکۆشان دەکاتەوە و بە ناوی کاک شەریف ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات و مودیرییەتی ئاڵوگۆڕەکان دەکا.

**مەبەستم ئەوەیە کە دوکتور قاسملوو هەتا هەلی بۆ هەڵکەوتووە هەموو جارێ گەڕاوەتەوە کوردستان و ئەمە ئێدی ئاخر جار بوو و هەتا ئەو کاتەی کە شەهید بوو.**

**نموونەیەکی دیکە ئاماژەپێکردنی پێویستە.** زۆر جار دوکتور قاسملوو لە پێناو حیزبەکەیدا کەوتۆتە سەر دووڕێیانیش، بەڵام دەبینین کە واز ناهێنێ و هەمیشە حیزبەکەی و چارەنووسی حیزبەکەی بەلاوە گرینگتر بووە.
ساڵی ١٩٥٨ کە کودیتای ١٤ی تەمووز ڕووی داوە و ڕێژیمی پاشایەتی لە عێراق نەما، بە تەمایە لەگەڵ خێزانەکەی نەسرین خانم بگەڕێنەوە. لێرە لەگەڵ خێزانەکەی کێشەیەکی بۆ ساز دەبێ. با لە زمان نەسرین خانم و وەک خۆی باسی بکەین.

**نەسرین خانم دەڵێ:** دوکتور قاسملوو گوتی ئەمن دەڕۆمەوە و ئێوەش دەبی بێنەوە، کچەکانیش دەبێ بێنەوە و هەلێک هەڵکەوتووە وئەمن دەڕۆمەوە و هەتا ڕزگاریی کوردستانیش ناشگەڕێمەوە. ئێوەش دەبێ بێنەوە لەگەڵم. نەسرین خانم دەڵێ کچەکانی من ناتوانن لەو ژینگەیەدا بژین و ئەوێ لەمبارەوە گونجاو نییە و ئەوان بە کولتورێکی دی گەورە بوون. بەڵام دوکتور قاسملوو دەڵێ نا، ئەگەر بێنەوە دەبنە کورد و زمانی کوردی فێر دەبن، فێری زمانی عەرەبیش دەبن و ئەتۆش زمانی چێکییان پێبڵێ. نەسرین خانم دەڵێ کەوتینە سەر دووڕێیانییەکی حەسساس. دوکتور قاسملوو دەڵێ بەڵام ئەوە بزانە کە ئەمن چیدیکە ناگەڕێمەوە بۆ ئێرە و هەتا ڕزگاریی کوردستان لەوێ دەمێنمەوە. نەسرین خانم کەوتبووە سەر دووڕێیانێک کە یان دەبوا لەگەڵ منداڵەکانی بە دوای عەبدوڕەحمان بکەوێ یا لێی جودا بێتەوە. دیارە دواتر منداڵەکان لەوێ بەجێ دێڵن و دوکتور قاسملوو و نەسرین خانم بۆ خۆیان دێنەوە.

**مەبەست لە گێڕانەوەی ئەمە بۆ ئەوە بوو کە بە ڕوونی بڵێین سێ شت لە دنیای فیکری دوکتور قاسملوودا قەت نەگۆڕان و قەت شموولی ئاڵوگۆڕ نەبوون، ئەویش چارەنووسی میللەتەکەی، دابینکردنی عداڵەتی کۆمەڵایەتی و دادپەروەری لەگەڵ چارەنووسی حیزبەکەی.**

(لە ژمارەی: ٧٠٧، ٧٠٨، ٧٠٩، ٧١٠ی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

## پێویستیی زانیارینامە (ئینسکلۆپیدیا)

## بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران(*)

### بەشی شەشەم:

"زانیارینامە" ناوێکی کوردیی تازەباوە بۆ ئینسکلۆپیدیا (دایرەالمعارف). زانیارینامە بریتییە لە فەرهەنگێکی زانیاریی چەندین بەرگی کە زانیارییەکانی زۆربەی بوارەکانی پێوەندیدار بە شوێنێک( بۆ نموونە وڵاتێک، هەرێمێک، شارێک) یان دامەزراوەیەک( وەک بزووتنەوەیەک، حیزبێک، رێکخراوێک)، یان زانستێک، ئایینێک و ...هتد لە خۆی دەگرێت (ئەم پێناسەیەی من بۆ ئینسکلۆپیدیا، پێناسەیەکی پڕ بە پێست و تەواو نییە، تەنیا بۆ ئەوەیە مەبەستەکەی خۆم گەیاندبێت).ئەگەر کەسانێک بیانهەوێ بە دوای زانیاریی جۆراوجۆر لە پێوەندی لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا بگەڕێن،هیچ سەرچاوەیەک نییە وەڵامدەری گشت پێویستییەکانیان بێت. ئەو سەرچاوانەی هەن سنووردارن و تەنیا لە یەکێک لە بوارەکاندا، کەمتاکورتێک زانیارییان تێدایە.

**ئایا حیزبی دیموکرات ئەوەندە بوار و بەستێنەی هەیە کە زانیاریی پێوەندیدار بەوان، سەرچاوەیەکی چەندین بەرگیی وەک ئینسکلۆپیدیای پێویست بێت؟ وەڵامی خۆم بەو پرسیارە بەڵێیە. با هێندێک لەو بەستێن و بوارانە ئاماژە پێ بکەم، جا ئەو کات ئێوە بڕیار بدەن کە ئەم حیزبە، زانیارینامەی پێویستە یان نا؟**

- سەردەم و قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی حیزب (تایبەتمەندییان، ماوەکەیان، گرنگترین ڕووداوەکانیان، ڕێبەران و کەسایەتییە شوێندانەرەکانیان)

- حیزبی دیموکرات لە بواری ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوەدا (ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی لە سەردەمە جیاوازەکاندا چاپ و بڵاوی کردوونەوە، نووسەرانیان، نموونەی وتار و بابەتیان، لۆگۆ و وێنەی بەرگیان، سەرانسەری یان ناوچەیی بوونیان ، ماوەی دەرچوون و بەردەوامییان، ناوی نامیلکە و کتێبی بڵاوکراوە و ساڵ و شوێنی چاپ و...)

- حیزبی دیموکرات و ئەزموونی بەڕێوەبردنی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن( پێشینەی ڕادیۆ لە حیزبدا، رادیۆی دەنگی کوردستانی

ئێران و بەڕێوەبەران، نووسەران، بێژەران، کادری فەنیی، شوێنی تێکۆشان و قۆناغەکان، جۆری دەزگا و کەرەستەکان، زمان و ناوەرۆکی بەرنامەکان)

- بەندییە سیاسییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان(سەردەمی ڕێژیمی شایەتی، سەردەمی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، ئێعدامکراوەکان و لەداردراوان، لەژێر ئەشکەنجەدا کوژراوەکان، شوێنی گڵکۆیان، وێنەیان، نامە و دەسخەت و وەسیەتنامەیان،ڤێیکهاتەیان لە ڕووی تەمەن، پیشە، خوێندەواری و...)

- هێزەکانی پێشمەرگەی حیزب(سەردەمی کۆماری کوردستان، پێشمەرگایەتی لەدەیەکانی پەنجا و شێستی زایینیدا، پێشمەرگایەتی لەدوای شۆڕشی ١٣٥٧، ناوی هێزەکان، ژمارەی پێشمەرگەکانیان، فەرماندەرانی پێشمەرگە، شەڕە بە ناوبانگەکانیان، ژمارەی شەهیدەکانیان، چەک و کەرەستەی شەڕ)

- دیپلۆماسی و پێوەندییەکانی حیزبی دیموکرات لە سەردەم و قۆناغە جیاوازەکاندا( پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی بیانی، بەشەکانی کوردستان، حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە ئێرانییەکان لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، لە کۆماری کوردستانەوە تا ڕووخانی ڕێژیمی شایەتی، لە دوای شۆڕشی گەلانی ئیران، تێکۆشانی کۆمیتەکانی حیزب لە وڵاتانی جۆراوجۆر، دەفتەری پاریس، ئەو ڕێکخراو و کۆمەڵە و کەسایەتییانەی دۆست و پشتیوانی حیزب بوون، ئەو کۆنگەر و کۆنفرانسە جیهانییانەی حیزب تێیاندا بەشدار بووە.)

- تێرۆریزمی دەوڵەتی لە دژی حیزبی دیموکرات( لە سەردەمی ڕێژیمی شایەتی، لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا، لە هەرێمی کوردستان، لە ولاتانی ئورووپایی، جۆری پیلان و کەرەستەی بەکارهێنراو، لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەی دام و دەزگا ئەمنیەتی و یاساییەکان و...)

- بەرنامە و کردەوەی حیزبی دیموکرات لە سەردەمی دەسەلاتدارێتیدا( پەروەردە و فێرکردن، نەخۆشخانە و کاروباری دەرمانی، پاراستنی هێمنی، یاسادانان و پێڕاگەیشتن بە کێشەکانی خەڵک، هەڵبژاردنی شووراکان، دابەشکردنی زەوی و زار، پاراستنی ژینگە، ڕێگا و بان و... )

- حیزبی دیموکرات و ڕێکخراوە سینفی و مەدەنییەکانی( یەکێتی لاوان، یەکێتی ژنان، یەکێتی خوێندکاران، کۆڕی هونەری، ڕیکخراوی منداڵپارێز، کۆنفرانس و کۆنگرەکانیان، چاپەمەنی و بلاوکراوەکانیان، سکرتێر و بەرپرسانیان، ڕۆڵ و

بەشی چوارەم

کاریگەرییان)

- شەهیدان و نەمرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ژمارەیان، پۆلێنکردنیان بە پێی سەردەم و ساڵی شەهیدبوون، لێکدانەوەی پێکهاتەیان لە ڕووی تەمەن، پێگەی کۆمەڵایەتی، جۆری شەهیدبوون، مەزارگەکانی شەهیدانی حیزب لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان و هەندەران)

- کۆنفرانس و کۆنگرەکانی حیزب(ڕێکەوت وماوە و شوێنی پێکهاتنیان، ژمارەی بەشداران، گرنگترین پەسندکراوەکان، سکرتێری گشتی و ڕێبەریی هەڵبژێردراو و...)

- تێکۆشانی فەرهەنگی (ئەدەبی، هونەری و وەرزشی) لە مێژووی حیزبی دیموکراتدا، کەسایەتییە شوێندانەرەکان، فستیڤال و پێشبڕکێییەکان، بەرهەمەکان.

دیارە زۆر بوار و سەرە بابەتی دیکەش دەکرێت لەم بوار و بەستێنانە زیاد بکرێت و هەرچی زانیاریی پێوەندیدار بەوانەوە هەیە، بەپێی پێویستی و ڕێوشوێنی دیاریکراو کۆ بکرێتەوە و لە بەرگی تایبەتدا دابنرێت.

ڕاستە ڕێبەری و دامەزراوەکانی حیزبی دیموکرات لە نێو خەڵک و لەسەر خاکی ڕۆژهەڵات نین، لە باری سەرچاوەیی دارایی و تەرخانکردنی شوێن و جێگا و بنکە بۆ ئەم مەبەستە و چاپی چەندین بەرگ زانیارینامە، دەستی ئاوەڵا نییە، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا،دەکرێت ئەم کارە بە شێوەی ئەلێکترۆنی و تەرخانکردنی سایەتێکی ئەنترنێتی جێبەجێ بکرێت. دەمێنێتەوە دەستنیشانکردن و ڕاسپاردنی کەسانێکی لێهاتوو و گونجاو بۆ ئەم کارە، بانگهێشتکردن و بەرعۆدەکردنی سەرجەم ئۆرگان و بەشەکانی حیزب بۆ هاوکاری لەگەڵ ئەو تیمە و ڕێنوێنی و چاوەدێریکردنیان تا بە ئاکام گەیشتنی پڕۆژەکە.

* گەڵاڵەی سەرەتایی ئەم پڕۆژەیە بۆیە لێرەدا دەخەمە بەر سەرنج و بیروڕای ئێوە هۆگران، دۆستان و دلسۆزانی مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بۆ ئەوەی بە هاوفکریی ئێوە و پێشنیاز و تێبینییەکانتان، دەوڵەمەند بکرێت. هەر لەو کاتەیشدا، بیرۆکەی پێویستیی حیزبی دیموکرات بە زانیارینامە و گرنگیی هەنگاو بۆ هەڵگرتنی، لە حیزبدا بکەوێتە بەر سەرنج، باسی پێویستی لەسەر بکرێت و

٣ی ئاگۆستی ٢٠٢٥

# پێشمەرگە و وڵاتپارێزی سەردەمی ئێستا

## بەشی حەوتەم:

چەمکی نیشتمانپەروەری و کوردستانخۆشەویستی لەمێژە لە ڕووی فۆرم و واتاوە لەوە گەورەتر بووەتەوە کە تەنیا لە چوارچێوەی تێکۆشانی حیزبایەتی، هەڵگرتنی چەکی پێشمەرگایەتی، نووسینی وتار و شرۆڤەی سیاسی و هەڵگرتنی دروشمی قەبە و دەمارگرژانەی نەتەوەییدا جێی بێتەوە. نیشتمانپەروەری لە تێگەیشتنی ئەمڕۆیی تاکە وشیارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەستکردن بە بەرپرسایەتی لە ئاست هەموو سامانە ماددی و مرۆیی و مەعنەوییەکانی ئەو جۆگرافیایەیە کە ناوی کوردستانە، هەر لە پاراستنی ژینگە و سروشت و گیانلەبەرەکانی تا خزمەتکردنی زمان و کولتوور و مێژووی دانیشتووانی ئەم جۆگرافیایە و، بەرگریکردن لە بوونی جۆراوجۆرییە ئایینی،

زاراوەیی، جێندەری و...یەکانیان .
ڕوخسارەکان و ئەکتەرانی ئەم بزووتنەوەی مەدەنی و

ناسنامە پارێزییەی ئێستا، سروەکان، زاراکان، موژگانەکان، باجوەرەکان، سامان یاسینەکان، حەمید و چیاکۆ و خەبات،سێ شەهیدی ئاگرکەوتنەوەکەی ئەم هاوینەی ئاویەر و سەدان ناوی جێی شانازیی دیکە، هەمان ڕۆڵ و کاریگەریی سەرکردە و فەرماندەران و پێشمەرگەکانی بزووتنەوەی کوردایەتیی جارانیان هەیە لە زیندووڕاگرتنی خەبات بۆ مانەوەی نەتەوەکەیاندا، بەڵام بە دنیابینی و هەست و تێگەیشتنێکی ئەمڕۆیانەوە. من ئەم دوو جۆرە کوردایەتی و نیشتمانپەروەری و خەباتە، نەک لەبەرامبەر یەکتردا نابینم بەڵکوو جۆری دووهەم بە درێژەی جۆری یەکەم بەڵام بە وزە و ڕۆح و هەناسە و خوێندنەوەیەکی نوێ دەزانم. بەردەوامی و گەشەکردنیشی دەتوانێ بواری جۆراوجۆر بۆ کایەی سیاسیی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاستی ئێران و نێودەوڵەتیدا بخوڵقێنێ، بەو مەرجەی بەدروستی لە جەوهەری ئەم ڕێنێسانسە ڕۆشنبیری و ڕزگاریخوازییەی نێو هەناوی کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێبگەن و لەجیاتی دەستبەسەرداگرتنی حیزبی و ساتوسەودا پێوەکردنی، پشتیوانی بن و، لێگەڕێن درێژە بە گەشەی سروشتیی خۆی بدات.

*

ساڵی ڕابردوو ڕێک لەم ڕۆژەدا ٤ - ٨ - ٢٠٢٤ و بە بیانووی چوونی یونس فەیزی بۆ کوژاندنەوەی ئاگر لە سەلاس و باوەجانی ئەم پۆستەم لە فەیسبووک دانا. ئەمساڵ وەک ئەمەگناسییەک بەرانبەر سێ ژینگەپارێزە شەهیدەکەی کوژاندنەوەی

بەشی چوارەم

ئاگری ئاویەر، تەنیا ناوی ئەو سێ شەهیدەم لەم نووسینە زیاد کردووە.

یونس فەیزی، لاوێکی شاخەوان و مەلەوانی پیرانشارییە کە هەر لە منداڵییەوە بەهۆی تەقینەوەی مین لە هەر دوو لاقی بێبەش بووە، بەڵام بۆ کوژاندنەوەی ئاگری لێڕەوار و دارستانەکان، ئامادەیە خۆی بگەیەنێتە سەلاس و باوەجانی تا بەشی کتێبێک، وانەی نیشتمانپەروەری و کوردستانخۆشەویستیی لێ فێر بین.

٣ی ئاگۆستی ٢٠٢٥

## سەد سڵاو بۆ دیموکرات(*)"

### بەشی حەوتەم:

**لە پێشوازی ٨٠ سالەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتدا**

بۆ نەجاتی نیشتمانمان تێدەکۆشین بەردەوام
دادەچۆڕێ خوێن لە سەرتاپای لەشی گەلمان بەڵام
قەت نەماوە زەبر و زەنگی دوژمنانمان بێ وەڵام
ئێستا ناوبانگی خەباتمان بۆتە باسی خاسوعام
با بە یادی ئەو خەباتە بۆت بنێرین سەد سڵاو
ئەی دیموکراتی نەبەزمان، حیزبی خەڵکی بەشخوراو
حیزبی قازیی پێشەوای و بۆ گەلی کورد گیانپەنای
بۆ وەدیهێنانی ئامانجی گەلی کورد پێشەوای
هەر لە یەکەم ڕۆژی دامەزرانتەوە هیوای، چرای
ئاشکرا بوو لاگری خەڵکی هەژار و بێنەوای
با بە یادی پێشەوامان بۆت بنێرین سەد سڵاو
ئەی دیموکراتی نەبەزمان، حیزبی خەڵکی بەشخوراو
خەڵکی کورد سەربەرزە ئێستا تۆ بە ڕێبەر دادەنێ
دێ لە شوێنی تۆ و بەرەو ئازادی ئەمڕۆ پێ دەنێ
ئەو کەسەی دوژمنتە دەی با گۆڕی خۆی زوو هەڵکەنێ
با لە سەیری ڕووی ڕەشی ئەو، خەڵکی ئێران پێ بکەنێ
ناوەکەی تۆ زۆر بەڕێزە لای گەلانی بەشخوراو
ئەی هومێدی بێنەوایان، پێشکەشت بێ سەد سڵاو
دڵنیاین خوێنی شەهیدان قەت لە بیر ناچێتەوە
تا تۆ ڕێبەر بی لە کوردستان خەبات ناپسێتەوە
دوژمنت ئەمڕۆ بە تینی ئاگرت دەتوێتەوە
هەر دەبێ سەرشۆر و ڕسوا لە خاکمان بکشێتەوە

**با بە یادی سوورخەڵاتان بۆت بنێرین سەد سڵاو**
**ئەی دیموکراتی نەبەزمان، حیزبی خەڵکی بەشخوراو**

**پاییزی ١٣٦٠(١٩٨١)**

**(*) وەرگیراو لە دیوانی شێعری "شیلانی شەڕگە"، قادر وریا، ١٣٦٠**
**لە نوێترین بڵاوکردنەوەیدا، میسرەعێکم گۆڕیوە.**

## بۆ چی حیزبی دیموکرات، حیزبی داهاتووشە؟

### بەشی هەشتەم:

ڕێکەوتێکی جوانە کە ژمارە ٩٠٠ی ڕۆژنامەی کوردستان لە بەرەبەری ٨٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا بڵاو دەبێتەوە. دەستخۆشی و پیرۆزباییم پێشکەشی ستافی ماندوویی نەناسی ئەم ڕۆژنامە لەمێژینە و خۆشەویستە دەکەم. بەخۆشییەوە منیش بە وتارێک لەم ژمارەیەی "کوردستان"دا بەشدارم.

وتارێک کە ئەم تەوەرانەی گرتووەتە خۆ:

درێژخایەنبوونی خەباتی حیزبی دیموکرات و هۆیەکانی بەردەوامبوونی؛ پێشمەرگە و خەباتی چەکدارانە لە مێژووی حیزبی دیموکراتدا؛ حیزبی دیموکرات، حیزبێکی شۆرشگێڕ یان ڕێفۆرمخواز؛ کوردستانیبوون و ئێرانیبوون لە سیاسەتی حیزبی دیموکراتدا؛ پەیڕەوانی ئایین و ئایینزای جیاوازی کوردستان لە حیزبی دیموکراتدا؛ ئەرکی حیزب و ئەرکی خەڵک لە ڕەوتی خەباتدا و، حیزبێک هی ڕابردوو، حیزبێک بۆ داهاتوو.

خوێنەرانێک کە حەزیان لە خوێندنەوەی کۆی وتارەکە بێت، دەتوانن لە سەر ماڵپەڕی "کوردستان میدیا" و لەم لینکانەی خوارەوەدا، دەقی تەواوی وتارەکە بخوێننەوە. لێرەدا من ئەم تەوەرە لە وتارەکەم دەخەمە بەر سەرنجی دۆستانیم لەفەیسبووک:

### حیزبێک هی ڕابردوو، حیزبێک بۆ داهاتوو

سوارچاک و دیارترین ئەکتەری مێژووی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە یەک سەدەی ڕابردوودا، حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە. لە دامەزرانی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان"ەوە کە ئەم حیزبە درێژەی هەمان ڕێچکەیە، هەتا ئێستا ٨٠ ساڵە ئەم حیزبە لە مەیدانی خەباتدایە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ ماوەی نزیک بە چوار دەیە، تاقە هێزی مەیدانەکە و دواتریش هێزی سەرەکیی گۆڕەپانی خەبات بۆ مافەکانی نەتەوەی کورد لە ئێراندایە. کۆماری کوردستان کە بە

## بەشی چوارەم

گرنگترین و گەورەترین ڕووداوی سیاسیی کورد لەم بەشەی کوردستان و تەنانەت لە ئاستی هەموو کوردستان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا دادەنرێت، مێژوو بە ناوی ئەم حیزبەوە تۆماری کردوە. حیزبی دێموکرات پشکی شێری لەو ٤٥ ساڵ خۆڕاگری و خەبات و بەربەرەکانێیە پڕ لە قوربانیدانەی لە کوردستان بەرامبەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەیە. ئەم حیزبە زۆرترین کاریگەرییشی لەسەر گەشە کردنی ناسیونالیزمی کورد لە ئێران و شۆڕبوونەوەی خەبات و باوەڕی نەتەوەیی بۆ جوگرافیایەکی هەرچی بەرینتر و بۆ نێو چین و توێژی جیاواز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبووە. جگە لەمەش ناسرانی پرسی کوردی ڕۆژهەڵات بە کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتی، قەرزداری تێکۆشانی دیپلۆماسیی حیزبی دێموکرات بەتایبەتی ڕێبەری شەهیدی ئەو حیزبە، دکتۆر قاسملوویە. بەڵام حیزبی دێموکرات، حیزبێک نییە تایبەت بە ڕابردوو، حیزبێکە بۆ داهاتووش، خاوەنی داهاتووشە. چونکە پرسێک و ئامانجێک کە خەباتی بۆ دەکات، هەروا پرس و ئامانجی نەتەوەی کورد لە ئێرانە. ئەم حیزبە بۆ دوای چارەسەری پرسی نەتەوەییش بەرنامەی هەیە. وێرای ئەمانە، مێژوویەکی پڕ لە خەبات و قوربانیدان، ڕێبەرانێکی شەهید کە کۆمەڵگە وەک ڕەمز و هێمای خەبات و پرسی ڕەوای خۆی وەری گرتوون، چەند هەزار شەهیدی سەنگەر و بەرە جۆراوجۆرەکانی خەبات، ئیعتیبارێکی نەتەوەیی، ناوچەیی و جیهانی کە ئەم حیزبە بە دەستی هێناوە، سەرمایەکانی حیزبی دێموکرات بۆ مانەوە و بەردەوامی و گەشە لە داهاتوو دان. دیارە بەو مەرجەی ئەم حیزبە لاوازییەکانی ڕابردووی خۆی چارەسەر بکا و خۆی بۆ خەبات لە قۆناغ و سەردەمێکی نوێدا لە هەموو بارێکەوە ئامادە بکات.

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٥

## کاک جەلیل وەک پشتیوان و هاندەری خوێندن و خۆپێگەیاندن

**بەشی نۆهەم:**

یەکێک لە تایبەتمەندییە جوانەکانی کاک جەلیلی نەمر، گرنگیدانی بە خوێندن و خوێندنەوە، فێربوون و خۆپێگەیاندن لە نێو حیزب و کۆمەڵدا بوو. بە کڕینی دیاری بە تایبەتی کتێب و گۆڤاری منداڵان، ڕێزی لە کچ و کوڕە قوتابییەکانی سەر بە بنەماڵەکانی نێو حیزب دەگرت. ئەو کادر و پێشمەرگانەش کە قۆڵیان لە درێژەی خوێندن هەڵماڵیبوو و ڕوویان کردبۆوە خوێندنگە و زانکۆکان، کاک جەلیل بە شێوەی جۆراوجۆر هانی دەدان. بە بیانووی تەواوکردنی ساڵی خوێندن و وەرگرتنی بڕوانامەی تەواوکردنی خوێندن، بۆ نانخواردن بانگهێشتی دەکردنە ماڵی خۆی و خزمەتی دەکردن.

ئەو ڕۆژەی نۆرەی گفتوگۆی تێزی دکتۆراکەم بوو(٢٢ - ٢ - ٢٠٢٤) و لیژنەی هەڵسەنگاندن بە پلەی نایاب تێزەکەیان لێوەرگرتم، ڕێک لە زانکۆوە لەگەڵ هاوڕێی خۆشەویستم کاک ڕەحیم مەحموودی ڕاستەوخۆ ڕووم کردە مەزارگەی شەهیدانی حیزب تا ئەو هەموو چەپکە گوڵەی هاوڕێیان و دۆستانم دوای تەواوکردنی گفتوگۆی تێزەکەم بە دیاری و بە نیشانەی پیرۆزبایی پێیاندابووم، وەک وەفایەک بۆ شەهیدان و نەمرانی هاوڕێ و هاوخەباتم، لەسەر گڵکۆکەیان دابنێم. شتێکی سروشتی بوو کە لە گڵکۆی کاک جەلیلەوە دەست پێ بکەم کە لە ڕۆژی گفتوگۆی نامەی دکتۆرام دا، خۆزگەم دەخواست لە ژیاندا مابایە و لە هۆڵی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی کۆیە،باوەشی پێداکردبام، بەڵام بەداخەوە زیاتر لە دوو ساڵ بوو، کرۆنای لەعنەتی لە ئێمە و بنەماڵەکەی و حیزبەکەی و نەتەوەکەی ئەستاندبوو...

لە بەرەبەری هەشتاساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، حیزبێک کە کاک جەلیل هەموو تەمەنی خۆی لە قۆناغی مێرمنداڵییەوە بۆ خزمەتی تەرخان کرد، پێم خۆش بوو بەم تایبەتمەندییە یادی کاک جەلیل بکەمەوە، چونکە لەو باوەڕەدام هەتا ئێستاش گەورەترین پێویستیی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵی کوردستان، فێربوون و پێگەیاندنە.

**یادت بەڕێز و ڕەوانت شاد کاک جەلیل گیان! دڵنیام ئەوانەی یادت بە زیندوویی ڕادەگرن و هەرگیز لەبیریان ناچی، هەزارانن.**

**٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٥**


سەرچاوە Serchawe

## چەپکە شێعرێک بۆ مێژوویەکی پڕ خەبات و شانازی

### بەشی دەهەم:

**گەشتێک بە نێو کەلێن و قوژبنەکانی مێژووی هەشتا ساڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا(٦)**

**هەشتا ساڵ فەخر و شانازی (*)**

**ئەحمەد قادری**

هەشتا ساڵ شورش و خەبات
بڕینی ڕێی هات و نەهات
هەشتا ساڵ فەخرو شانازی
خەبات و خوێن و گیانبازی
هەشتا میداڵی سەرکەوتن
هەدانەدان و نەسرەوتن
هەشتا شەمی شەوگار بەزێن
هەشتا ساڵی دوژمن تەزێن
قوربانیدان و کۆڵنەدان
زۆر سەرکەوتن و تێ شکان
بەڵگەو کارنامەی خەباتن
مێژوی حیزبی دێموکراتن
ئەی حیزبی پێشەوا قازی !
کە پێشرەوی بۆ گیانبازی
تۆ ناسنامەی کوردی گوردی
شاهۆی، قەندیلی، هەڵگوردی
گەلاوێژ کە ڕوون و تەرزە

بە ناوی تۆوە سەر بەرزە
تۆ خوێندنگەی لاوی ژیری
زانکۆی پیری بە تەدبیری
سەرت لە تەشقی ئاسمانە
ناوت هاوتای کەشکەشانە
ڕەوەی هەورت لە ژێرپێیە
ناحەزت جەرگی توێ توێیە
تۆ مەشخەڵی داگیرساوی
شوورەی قەڵای نەگیراوی
بانگی هەستان و ڕابوونی
ئاسۆی ڕوونی ڕزگاربوونی
هەر تۆ بووی قیبلەگای کوردان
کردت بە نەورۆز ڕێبەندان
مێژوت لە نوێ بووژاندەوە
ئاڵای کوردت شەکاندەوە
یەکەم کۆماری کوردستان
ڕزگاریدەری بندەستان
هیوای کوردی ڕەنجەڕۆ بوو
بەرهەمی خەباتی تۆ بوو
لە ڕێی تۆ دا مەزن و سەردار
بە سەر بەرزی چوونە سەر دار
لە دوای هەشتا ساڵ کۆڵنەدان
زۆر سەرکەوتن و تێ شکان
ئێستاش ئاڵات شەکاوەیە
چیا و کەژ بە تۆ ڕازاوەیە
هەڵۆی بەرزی لێ نەبڕاوە
ناوت هەروا بەرزە ناوە
سەرمەشقی مێژوی خەباتی
مەشخەڵی ڕێگای نەجاتی
کۆیە، ئازادیی ژمارە دوو.

بەشی چوارەم

٣١ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٩٤ هەتاوی

لە ژمارە ٦٦١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

* نەمر ئەحمەدی قادری ئەم شێعرەی بۆ یادی حەفتا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکرات وتبوو. ئێستا کە بە داخەوە نزیکەی دوو ساڵە ماڵاوایی لە حیزبە خۆشەویستەکەی و هاوسەنگەرانی کردووە و چووەتە ڕیزی نەمرانی دیموکرات، ئەم شێعرەی بڵاو دەکەمەوە. کاک ئەحمەد قادری پێشینەی ٦٠ ساڵ تێکۆشان لە ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیدا هەبوو. بە هۆی ئەم شێعر جوانەیەوە پێم خۆشە وێڕای هۆگرانی ئەو شاعیرە پێشمەرگەیە، لە یادی هەشتاساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتدا یادی بەرز ڕابگرم. لەم شێعرەدا تەنیا وشەی حەفتام کردووە بە هەشتا کە بە خۆشیەوە خاوەنی یەک کێشیشن(هەر دوو وشەکە دوو بڕگەن)، بۆ ئەوەی شێعرەکە گونجاوی ئەم یادە بێت و دۆستان و دڵسۆزانی حیزب لەم یادەشدا سوودی لێوەربگرن.

(قادر وریا، گەلاوێژی ١٤٠٤)

## "نامەیەکی شێرکۆی شاعیری نیشتمانم بۆ جڵەوگری ئەسپەکەی شۆرشی پێشەوا پێیە(*)"

### بەشی یازدەهەم:

(*)دە ساڵ لەمەو بەر هەڵۆ شێرکۆ بێکەس، شاعیر و کوڕی شاعیری گەورەی کورد و دۆستی بە نرخی حیزبی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشگێرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مامۆستا شێرکۆ بێکەس، میوانی جێژنی ٧٠ ساڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو و بە شێعرێکی بەهەست و حەماسی جێژنەکەی ڕازاندەوە.

دەقی شێعرەکە بەم جۆرەیە:

خانمانی هێژا!
برایانی ئازیز!
ئێوارەتان باش و خۆشەویستی باش و ئەم یادە پڕ شکۆیەتان باش!

ئێرە کۆیە و، من لە ڕێگای بایەکی سەرگەردان و ماڵ وێرانەوە هاتووم و
دەستم گرتۆە بە کلاوی کون کونی هەور و
بە پرچە درێژەکانی بارانەوە و
لە جیاتی شاعیرەکەی پارکی ئازادی نیشتمان هاتووم و
سلاوی شێرکۆتان پێ بلێم!
لە پرێسکەی خەمی کون کونمەوە
نامەیەکی شێرکۆی شاعیری نیشتمانم پێیەو
تێیدا وەهای بۆی نووسیون:
ئەی خاکی ڕۆژهەلاتی جندراوم
گوێم لێتە بانگ ئەکەی
گوێم لێیە زریانی ئازاری و هەڵ ئەکەی
ئەی بەفری گڕ گرتووی سەر سنوور
ئەو وەختەی لەوێوە بزمارێ بەسەر سینگتا دائەکوتن
لێرەوە خوێن لەبەر شارەکەی من ئەڕوا

ئەگەر پرچی ڕەزێکت هەڵکێشن
لێرەوە زریکەی شەپۆلی پارکی ئازادیم سەر ئەکا
ئەی ڕۆژهەڵاتی برینم
ئەی برینی خۆرهەڵاتم
ئەی ڕۆژهەڵاتی نێوچاوان بە بەفر داپۆشراو
ئەی مێژووی زک سووتاو
لە نێوان لووتکەوە دەستی یەکبوونت درێژ کە
جڵەوی ئەسپەکەی شۆڕشی پێشەوام لێ بگرە
هاوار ئەکەم، لە پارکی ئازادیەوە هاوار ئەکەم
پڕ بە دم ئەشکەوت و نوا و گەلیت هاوار ئەکەم
کاروانی چرام و بەڕێوەم
هیوام و بە پێوەم ...
وەختێتی وەختێتی ...
ئەی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتم... وەختێتی
ئەم خاکە ئەنجل و زامارە هەر سێ شت خواستێتی
یەکەمیان یەک بوون
دووهەمیان یەک بوون
سێهەمیش یەک بوون
هەرچی گێلاسی شێعرمە
بیگوشمە ناو دەروونتەوە
بەقەدەر خوێنی شەهیدێک گۆنات سوور هەڵناگەڕێنێ
هەرچی ڕووباری شێعرمە
بیخەمە سەر دەشتی لەشتان
بەقەدەر خوێنی شەهیدێک، تینوێتی ڕێگەتان ناشکێنێ
ئەی شەهیدانی ڕۆژهەڵاتی برینم!
هەرچی وشەی جوان و نازداریشم هەیە
هەڵیان چنم، چەند بەرز بن هەر لەخوار ئەژنۆتانەوەن
بۆیە ئەڵێم چاکتر وایە، کە ئێوەیان دی سەر دابخەن
هەر بۆیە ئێستا وەرزی زەنگ لێدانی شێعری مەردە
وەرزی خرۆشانی بوورە گولە و بوورە وشەی شار و هەردە
ئێستا سەردەمی جۆشدانی کورەی خوێن و کوانوی لەشە

وەرزی ڕووبەڕوو بوونەوەی چاوی ئێمەو چاوی گەشی شەهیدانە
ئەی ڕۆژهەڵاتی برینم
ئەی کراس و شەڵوار خوێناوی
لەم زەمانە بێعارەدا
لەم زەمانە بێ بنەدا
لەسەردەمی عەمامە و جبە و کۆماری سێدارەی ئیسلامیدا
لە وڵاتی جبەی ڕەشدا
لە سەردەمی سەر بڕینی نانی گوڵ و کانی و ساوای ڕۆژهەڵاتی سەر قەنارەدا
ئەگەر شێعر نەبێ بە ڕەشەبای تیژ و هەڵنەکا
شێعر نیە
شێعر ئەگەر نەبێ بە ئازایەتی و ورەی قازی
شێعر نیە
شێعر نەبێ بە ئارپیجی و
مەفرەزەی حەرف و وشە و...
نەچێتە سەر مۆڵگەکانی جاش قەڵەم و
سەر پایەگاکانی کۆماری ئیسلامی
شێعر نیە
ئەم وڵاتی خۆڵە مێشە
ئەم نیشتمانی ئازارە
پێشمەرگەی شێعری ئەوێ
دوو ڕێیانە و نابێ بە سێ
وەک و قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی
ئێستا وەختی شەهید بوونی شێعرە
بۆچی باڵای کام شێعر؟
بۆچی نیگای کام شێعر؟
لە باڵای ئەو شەهیدانە بەرزتر و جوانترە
وەکو خائین ئێستا وەختی کوشتنی شەعری خائینە
بە ڕێگاوەم و ئێستا هەرەتی جۆشدانی خاک و خۆڵە
خوێن ڕابەرە
بومەلەرزەی بەرەژانێکی تازەترە
بەڕێگاوەم

شێعر لێرە بۆتە هەوێنی وەسیەتنامەکەی قازی و
ئێستا ناوی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی برینە و
وشە بە وشەم سەنگەرە
ئەی ڕۆژهەڵاتی برینی سوور
گەر شێعر بۆتۆ نەسووتێ
بۆچی شێعرە؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٥، (هەر وەها لە ژمارە ٦٦٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا) بڵاو بۆتەوە

٨ی ئاگۆستی ٢٠٢٥

---

## "سیمای دیموکراتێک دەبێ چۆن بێ؟(*)"

### بەشی دوازدەهەم:

(*)لەم دەقەدا کە بەشێکە لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات بۆ کۆنگرەی چوارەمی خۆی (ڕەشەمەی ١٣٥٨)، و هەڵبژاردەیەکی بە دەنگی د.قاسملوو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو بووەتەوە، چەند خاڵی گرنگ هەن کە بۆ ئێستای تەشکیلاتی حیزبی دیموکرات گرنگیی تایبەت بە خۆیان هەیە.

**بە پێی ئەم پێناسەیەی د.قاسملوو، لە دیموکراتێکی ڕاستەقینەی دەکا:**

کەسێک کە جەستەی لە نێو حیزبی دیموکراتە و بەڵام دڵ و باوەڕی لەگەڵ حیزبێکی دیکەدایە، دیموکرات نییە.

هەروەها کەسێک کە ناسیۆنالیستی بەرچاوتەنگە و خاوەنی هەست و باوەڕی فاشیستییە، جیگای لە حیزبی دیموکراتدا نییە.

کەسانێک کە تەحەممولی ڕەخنەگرتن لە حیزبی دیموکرات و ڕێبەران و بەرپرسانی ئەم حیزبیان نییە و بێ ڕێزی بە ڕەخنەگران دەکەن، هێشتا ماویانە ببن بە دیموکڕاتێکی ڕاستەقینە و، تەواو عەیار نین.

کەسانێکیش کە باوەڕیان بە مافەکانی زەحمەتکێشان و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی نییە، دەکەونە دەرەوەی ئەم پێناسەیە.

تەنیا شتێکی کە لەم پێناسەدا هەیە و بۆ کاتی خۆی دروست بووە، بەڵام چەندین ساڵە سەردەمی بەسەر چووە، "دژایەتیی ئیمپریالیزم بە تایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا" وەک مەرج و تایبەتمەندییەکی ئەندامی حیزبی دیموکراتە. سەیر ئەوەیە لەو ڤیدیۆیانەی قسەکانی د.قاسملوو لە بارەی سیمای دیموکرات، جگە لەو ئیمپریالیزمە شتێکی دیکەش سانسۆر کراوە، ئەویش ئەو خاڵەیە: "دیموکرات دیفاع لە ئیستقلالی ئێران لە بەرامبەر هەر جۆرە دەستدرێژییەک دەکا و پشتیوانی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی ژێردەستەی تەواوی جیهانە." هەروا بزانە ئەم قسانە هەڵە یان جێگای

شوورەیین!! لە حاڵێکدا ئەم قسەیە بۆ ئێستا و داهاتووش، هەتا ئەو کاتەی کوردی ڕۆژهەڵات لە چوارچێوەی ئێراندا بژی، هەر ڕاستن.

**ئەمەش دەقی سیمای دیموکرات بێ سانسۆڕ و قرتاندن. ئەمەشمان لەبیر بێت ئەگەر ئەم حیزبەهەتا ئێستا بەسەربەرزی لە مەیدانی خەباتدا ماوەتەوە و لەباریسیاسییەوە هەروا خاوەن ئیعتیبارە، هی ئەم جۆرە پرەنسیپانەیە:**

**"سیمای سیاسیی دێموکراتێک دەبێ چۆن بێ؟**

- دێموکرات ئیمانی بە ڕەسالەتی مێژوویی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەیە و ئەم حیزبە بە ڕێکخەر و ڕێبەری خەباتی خەڵکی کوردستان دەزانێ.

- دێموکرات بەرنامە و پێڕەوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی قبووڵە و لە تێکۆشانی سیاسیی خۆیدا پێڕەوی لە سیاسەت و ڕێنوێنییەکانی ئەو حیزبە دەکا و بۆ پێشخستنی ئەو سیاسەتە لە هیچ چەشنە فیداکارییەک درێغی ناکا.

- دێموکرات بەهەق شانازی دەکا کە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی پێشەوا قازی محەمەد و سەدان شەهیدی بەنرخی دیکەیە کە لە ڕێگای ئازادیی کوردستان و سەراسەری ئێراندا، گیانیان بەخشیوە.

- دێموکرات لە بەستراوەیی بێزارە، هەربۆیە دیەوێ حیزبەکەی بە بێ هیچ جۆرە بەستراوەییەک لە بڕیاردانی خۆیدا تەواو ئازاد و سەربەخۆ بێ.

- دێموکرات لە خەبات بە دژی ئیمپریالیزم بەتایبەت ئیمپریالیزمی ئەمریکادا شێلگیرە. دیفاع لە ئیستقلالی ئێران لە بەرامبەر هەر جۆرە دەستدرێژییەک دەکا و پشتیوانی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی ژێردەستەی تەواوی جیهانە.

- دێموکرات لایەنگری ئازادی و دێموکراسییە. باوەڕی قووڵی بە دێموکراسی هەیە و لە ڕەفتاری خۆیدا دەرهەق بە هێزە سیاسییەکانی دیکە و دەرهەق بە کۆمەڵانی خەڵک ئیلهام لەم پرەنسیپە وەردەگرێ.

- دێموکرات خەبات بۆ هەڵگرتنی ستەمی میللی دەکا، دابینکردنی ئەم ئامانجەش بۆ گەلی کورد لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بە شێوەی خودموختاریدا دەبینێ.
- دێموکرات ناسیۆنالیستی بەرچاوتەنگ نیە؛ ڕێز بۆ دۆستایەتیی نێوان گەلانی ئێران و مافەکانی هەموو ئەو گەلانە دادەنێ.

- دێموکرات داکۆکیکاری مافەکانی زەحمەتکێشانە و بەدژی هەر جۆرە چەوساندنەوەیەکی ئینسان بەدەستی ئینسانەوە خەبات دەکا.

- دێموکرات مرۆڤدۆستە و بایەخێکی زۆر بۆ دۆستایەتیی نێوان مرۆڤەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی نەژاد و مەزهەبیان دادەنێ و هەر جۆرە ڕەگەزپەرستی و فاشیزم و مەزنیخوازییەک مەحکووم دەکا".

وەرگیراو لە بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات، ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی٤(ڕەشەمەی ١٣٥٨) بەرگی یەک، ٢٠٢١، لاپەڕەکانی ١٢١ و ١٢٢

٩ی ئاگۆستی ٢٠٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## ئەم قسانە دەبێت بە ئاوی زێڕ بنووسرێن!

## هۆکارەکانی خۆشەویستی و بەردەوامیی حیزبی دیموکرات چن؟(*)

### بەشی سێزدەهەم:

* ئەم وتانەی لە خوارەوە دەیانخوێننەوە، لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی پێنجەم (سەرماوەزی ١٣٦٠)، کە لە لایەن ڕیبەری شەهید د.قاسملوو، پێشکەشی کۆنگرە کرا، وەرم گرتوون. ئەم قسانە ئەوەندە جوان و دروستن بۆ ئەوە دەبن بە ئاوی زێڕ بنووسرێن. پێم خۆشە ئێوە خوێنەرانی بەڕێز ڕا و سەرنجی خۆتان لەسەر ئەم وتانە بنووسن.

"لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی زۆرلێکراوی جیهاندا زۆر کەم هەڵکەوتوە حیزبێک بەو ڕادەیە جێگای باوەڕ و خۆشەویستی کۆمەلانی خەڵک بێ و بەجۆرە هێزی بێپایانی گەلی لەپشت بێ. ئەو پشتیوانییەی گەلی کورد لە حیزبی ئێمەی دەکا، پشتیوانییەکی زۆر گەورە و شانسێکی بەنرخە کە بەدەگمەن بۆ حیزبێکی سیاسی ڕێک دەکەوێ. نابێ ڕێگا بدەین ئەو ڕێز و خۆشەویستییەی گەلی کورد بەرامبەر بە حیزبەکەمان کەم بێتەوە. دەبێ بە هەموو تواناوە پشتیوانیی خەڵک لە حیزبەکەمان کە هۆی ئەساسیی سەرکەوتنمانە، بپارێزین.

هیچ گومان لەوەدا نییە ئەگەر لە دواڕۆژیشدا هەروەک جاران و تەنانەت باشتریش لە خزمەتی گەلەکەماندا بین، ئەگەر قازانج و ئامانجی گەلی کورد ڕێنوێن و ڕێنیشاندەرمان بێ، ئەگەر پێوەندیی خۆمان لەگەڵ خەڵکی کوردستان پتەوتر بکەین و بە فیداکاری و لەخۆبووردوویی لەڕێگای چارەسەری گیروگرفتەکانیاندا تێبکۆشین و ئەگەر سیاسەت و دروشمەکانمان هەروەک جاران ئاوێنەی بالانوێنی داخوازە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان بن، کۆمەلانی گەلی کورد هەروەک ڕابردوو و زیاترش پشتی حیزبەکەمان دەگرن.

لەوەشدا گومان نییە کە هەر هێزێکی سیاسی بتوانێ سەرنج و پشتیوانیی زۆربەی ڕۆڵەکانی گەل بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، دەبێتە جێگای ڕێز و خۆشەویستیی هەموو هێزە پێشکەوتووەکان و تەواوی شەخسییەتە نیشتمانپەروەرەکانی ژوورەوە و دەرەوەی وڵات و دۆست و لایەنگری زۆر دەبێ. حیزبێکیش سیاسەتەکانی ڕاست بێ و داخوازەکانی ڕەوا بێ و

کۆمەڵانــی خەڵــک پشــتیوانی بــن و هێــزە دێموکراتــی و پێشــکەوتنخوازەکانی جیهــان و بیــروڕای گشــتیی مرۆڤایەتیــی پێشکەوتووی لە پەشت بێ، سەرکەوتنی مسۆگەر و شکان و بەچۆکداهاتنی بۆ نییە.

بـۆ دابینکردنـی شـەرتەکانی سـەرکەوتن تەنیـا یـەک ڕێگامـان لـە پێشـە، ئەویـش بریتییـە لـەوەی ئەرکەکانمـان بـاش بناسین و بە چەشنێکی شێلگیر و بێوچان لە پێناوی وەدیهێنانیاندا خەبات بکەین".

بەڵگەنامەی کۆنگرەکان، ٢٠٢١، بەرگی ٢، لاپەری ٢٠٥

١١١ی ئاگۆستی ٢٠٢٥

## پێشمەرگە و خەباتی چەکدارانە لەمێژووی حیزبی دیموکراتدا

### بەشی چاردەهەم:

پەنابردن بۆ چەک بۆ پاراستنی خەڵکی کوردستان و هەبوونی هێزی پێشمەرگە بۆ پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی خەباتی ئەو خەڵکە، لە مێژووی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا جێگایەکی دیار و شایانی هەڵوێستە لەسەر کردنی هەیە.

دەکرێت خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی پێشمەرگایەتی لە سێ قۆناغی جیاواز (کۆماری کوردستان، ڕاوەستانی چەکدارانە بەرانبەر هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و پێشمەرگایەتی لە سەردەمی ئێستا)دا بەمجۆرە باس بکەین: پاراستنی نەتەوەی کورد لە هێرشی سوپایی دوژمنانی و داکۆکی لە دەسکەوتەکانی خەباتی خەڵکی کوردستان، یەک لەو خاڵە هاوبەشانەیە کە پێشمەرگە لە هەر کام لەو قۆناغانەدا، هەڵگریان بووە. خاڵێکی هاوبەشی دیکەی پێشمەرگە لە هەمووی ئەو قۆناغانەدا، ئەوە بووە کە هەر تەنیا هێزێکی چەکدار نەبووە بەڵکوو مرۆڤێکی بە بیروباوەڕ بووە کە نەک بۆ پلە و پایە و سامان، بەڵکوو بۆ بردنە پێشی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی، تێکۆشاوە. هەر وەها پێشمەرگە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی بووە کە وایان کردوە لە نێو نەتەوەکەی دا ڕێز و خۆشەویستییەکی تایبەتی هەبێت. قبووڵی ماندوویی بێسنوور، لە خۆبردوویی و خەڵکدۆستی و فیداکاری و ڕێزدانان بۆ خەڵک و بوونی ڕەوشتی بەرز و هەڵسوکەوتی جوان لەو تایبەتمەندییانەن کە لەسەر یەک پێشمەرگەی هەموو قۆناغ و سەردەمەکانی پێ دەناسرێتەوە.

بەڵام ئەگەر بمانەوێ باس لە خاڵە جیاوازەکان بکەین، پێویستە بەر لە هەر خاڵێک ئاماژە بە کاریگەریی قۆناغ و سەردەمەکان لەسەر هێزی پێشمەرگە لە ڕووی پێکهاتە، لە ڕووی بیرکردنەوە و ڕوانین، لە ڕووی ئامادەیی بۆ بەشداری لە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا بکەین. بۆ وێنە هێزی پێشمەرگە لە سەردەمی کۆماردا، هێزێکی تەواو پیاوانە بووە و ژنانی پێشمەرگە لەو ڕۆژگارەدا نابینین. پێکهاتەی هێزی پێشمەرگە بە زۆریی خەڵکی لادێ بوون و کەمتر وەک تاک بەڵکوو زیاتر وەک بەشێک لە عەشیرەتێک و لەژێر ئەمری سەرۆک عەشیرەت و ئاغای گوندەکەی خۆیاندا، بوون بە پێشمەرگە. ژمارەیەکی زۆر کەمیان خوێندەوار بوون و خوێندەوارییەکەشیان لە ئاستێکی نزمدا بووە، بەڵام پێشمەرگەی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، تێکەڵاوێک بووە لە خەڵکی لادێ و شار. ژنان بەرە بەرە دێنە نێو ڕیزی پێشمەرگە. ئاستی خوێندەواری و ژمارەی خوێندەوار لە نێو هێزی پێشمەرگەدا، ئاڵوگۆڕی بەرچاوی تێدا پێک دێت. مەیدانی تێکۆشانی

پێشمەرگەش زۆر بەربڵاو دەبێت و لە سەرووترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا خوارووترین ناوچەکان، واتە هەر چوار پارێزگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە. جۆری کەرەستە و چەکیش کە لەو سەردەمەدا پێشمەرگە شەڕی پێ دەکات، زۆر جیاوازە لە چەک و کەرەستەی سەردەمی کۆماری کوردستان.

جیاوازییەکی دیکە کە لە نێوان نەسلی ئەمڕۆی پێشمەرگە و نەسلەکانی پێشوودا هەیە، ئەوەیە کە نەسلی دەیەی ٦٠ و٧٠ی هەتاوی لە نەسلەکانی ئیستا، پشوودرێژتر و خۆڕاگرتر بوون؛ لەگەڵ ئەوەی پتر لە نەسلەکانی ئێستا لە شەڕ و تێکهەڵچووندا بوون، پتر لەگەڵ مەترسی ڕووبەڕوو بوون و هەلومەرجی پێشمەرگایەتیی ئەوان سەختتر بوو، بەڵام زۆر بە زەحمەت دەستیان لە پێشمەرگایەتی هەڵدەگرت و پتر لە سەنگەر و لە ڕیزی پێشمەرگەدا دەمانەوە.

## دەقی تەواوی ئەم وتارە

# حیزبی دیموکرات هەر حیزبی ڕابردوو نیە، حیزبی داهاتووشە

## درێژخایەنبوونی خەبات و هۆیەکانی بەردەوامبوونی

حیزبی دێموکراتی کوردستان، ٨٠ ساڵە ئاڵاهەڵگری خەبات بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەی کورد لە نێو وڵاتی ئێرانە و بۆ دابینکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەبات دەکات. مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەیەک ئەویش نەتەوەیەکی چەندین میلیۆنی کە خۆی و نیشتمانەکەی بە سەر چەند وڵاتدا دابەش کراون، مافێکی ڕەوا و ئامانجێکی پیرۆزە. ئەم مافەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ نەتەوەکەی داوای دەکات و ئەم ئامانجەی خەباتی بۆ دەکات، بە گوێرەی پەسندکراوە جیهانییەکانیش بە مافێکی بێ ئەم لا و ئەولای هەر نەتەوەیەک، دادەنرێن. نە شتێکی ناڕەوایان تێدایە و نە زێدەڕۆیی. کە وایە ئەوە دروست یا نادروستبوونی ئامانجی خەباتەکە نییە کە بووە بە هۆی درێژبوونەوەی خەبات، بەڵکوو ئەوە زاڵبوونی دیکتاتۆری و حکوومەتی سەرکوتکەر و دڕندە لە ئێران لە لایەک و لە لایەکی دیکە هەلومەرجی دژواری خەباتی ئەم حیزبە و نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە وای کردوە ئەم خەباتە لە ماوەیەکی کورتدا نەگاتە ئاکام و هەر وا درێژەی هەبێ.

ئەگەر سەرنج بدەینە خەباتی نەتەوە و چین و توێژەکانی دیکەی خەڵکی ئێران کە تەنانەت ئامانجی بچووکتریشیان لە ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەبووە، دەبینین ئەوانیش زۆریان خایاندوە و کەمتر بە ئاکام گەیشتوون.

## بەشی چوارەم

**گرنگترینی ئەو هۆیانەی وایان کردوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەڕای درێژبوونەوەی خەباتەکەی بۆ ماوەی ٨٠ ساڵ،**

### هەر وا درێژە بە ڕێگاکەی بدات، ئەمانەن:

**یەکەم**؛ تێگەیشتن لە بێبەشیی نەتەوەی کورد لە سەرەتاییترین مافەکانی و، دڵنیابوون لەو ڕاستییە کە ئەم نەتەوەیەش وەک نەتەوەکانی دیکە شایانی ئەوەیە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەبێت.

**دووهەم**؛ پابەندبوون بە ڕاسپاردە و ئەرکێکی مێژوویی کە ئەم حیزبە هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە کەوتووەتە سەرشانی کە ئەویش بریتیە لە ڕزگار کردنی نەتەوەکەی کورد لەم بەشەی نیشتمانەکەی لە بندەستی و بێبەشی.

**سێهەم**؛ وەفاداری بەو قوربانییە زۆرەی کە نەسلەکانی پێشوومان لەم حیزبەدا و، هەروەها خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی خەباتی ئەم حیزبە و لە پێناوی ئامانجەکانی ئەم حیزبەدا، پێشکەشیان کردوە. دەستهەڵگرتن لە خەبات و بەردەوام نەبوونی ئەم حیزبە لە سەر ڕێگاکەی خۆی، بێ ئەوەی ئامانجەکانی هاتبێتە دی، یانی بە فیڕۆدانی ئەو قوربانی و تێچووە زۆرەی حیزبی دێموکرات و گەلی کورد داویانە.

**چوارەم**؛ درێژەی ژێردەستی و بێمافیی نەتەوەی کورد لە لایەن ڕژێمەکانی ئێران لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان لە ئامانجەکان و سیاسەتەکانی ئەم حیزبە و خەباتەکەی، وایان کردوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر ڕێگاکەی خۆی بەردەوام بێت و هەمیشە زەمینەیەکی لە بار بۆ بەردەوامبوون لە سەر ڕێگاکەی خۆی، بەدی بکات.

### پێشمەرگە و خەباتی چەکدارانە لەمێژووی حیزبی دیموکراتدا

پەنابردن بۆ چەک بۆ پاراستنی خەڵکی کوردستان و هەبوونی هێزی پێشمەرگە بۆ پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی خەباتی ئەو خەڵکە، لە مێژووی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا جێگایەکی دیار و شایانی هەڵوێستە لەسەر کردنی هەیە. دەکرێت خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی پێشمەرگایەتی لە سێ قۆناغی جیاواز (کۆماری کوردستان، ڕاوەستانی چەکدارانە بەرانبەر هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و پێشمەرگایەتی لە سەردەمی ئێستا)دا بەمجۆرە باس بکەین:

بەشی چوارەم

پاراستنی نەتەوەی کورد لە هێرشی سوپایی دوژمنانی و داکۆکی لە دەسکەوتەکانی خەباتی خەڵکی کوردستان، یەک لەو خاڵە هاوبەشانەیە کە پێشمەرگە لە هەر کام لەو قۆناغانەدا، هەڵگریان بووە. خاڵێکی هاوبەشی دیکەی پێشمەرگە لە هەمووی ئەو قۆناغانەدا، ئەوە بووە کە هەر تەنیا هێزێکی چەکدار نەبووە بەڵکوو مرۆڤێکی بە بیروباوەڕ بووە کە نەک بۆ پلە و پایە و سامان، بەڵکوو بۆ بردنە پێشی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی، تێکۆشاوە. هەر وەها پێشمەرگە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی بووە کە وایان کردوە لە نێو نەتەوەکەی دا ڕێز و خۆشەویستییەکی تایبەتی هەبێت. قبووڵی ماندوویی بێسنوور، لە خۆبردوویی و خەڵکدۆستی و فیداکاری و ڕێزدانان بۆ خەڵک و بوونی ڕەوشتی بەرز و هەڵسوکەوتی جوان لەو تایبەتمەندییانەن کە لەسەر یەک پێشمەرگەی هەموو قۆناغ و سەردەمەکانی پێ دەناسرێتەوە.

بەڵام ئەگەر بمانەوێ باس لە خاڵە جیاوازەکان بکەین، پێویستە بەر لە هەر خاڵێک ئاماژە بە کاریگەریی قۆناغ و سەردەمەکان لەسەر هێزی پێشمەرگە لە ڕووی پێکهاتە، لە ڕووی بیرکردنەوە و ڕوانین، لە ڕووی ئامادەیی بۆ بەشداری لە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا بکەین. بۆ وێنە هێزی پێشمەرگە لە سەردەمی کۆماردا، هیزێکی تەواو پیاوانە بووە و ژنانی پێشمەرگە لەو ڕۆژگارەدا نابینین. پێکهاتەی هێزی پێشمەرگە بە زۆریی خەڵکی لادێ بوون و کەمتر وەک تاک بەڵکوو زیاتر وەک بەشێک لە عەشیرەتێک و لەژێر ئەمری سەرۆک عەشیرەت و ئاغای گوندەکەی خۆیاندا، بوون بە پێشمەرگە. ژمارەیەکی زۆر کەمیان خوێندەوار بوون و خوێندەوارییەکەشیان لە ئاستێکی نزمدا بووە، بەڵام پێشمەرگەی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، تێکەڵاوێک بووە لە خەڵکی لادێ و شار. ژنان بەرە بەرە دێنە نێو ڕیزی پێشمەرگە. ئاستی خوێندەواری و ژمارەی خوێندەوار لە نێو هێزی پێشمەرگەدا، ئاڵوگۆڕی بەرچاوی تێدا پێک دێت. مەیدانی تێکۆشانی پێشمەرگەش زۆر بەربڵاو دەبێت و لە سەرووترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا خوارووترین ناوچەکان، واتە هەر چوار پارێزگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە. جۆری کەرەستە و چەکیش کە لەو سەردەمەدا پێشمەرگە شەڕی پێ دەکات، زۆر جیاوازە لە چەک و کەرەستەی سەردەمی کۆماری کوردستان.

جیاوازییەکی دیکە کە لە نێوان نەسلی ئەمڕۆی پێشمەرگە و نەسلەکانی پێشوودا هەیە، ئەوەیە کە نەسلی دەیەی ٦٠ و٧٠ی هەتاوی لە نەسلەکانی ئێستا، پشوودرێژتر و خۆڕاگرتر بوون؛ لەگەڵ ئەوەی پتر لە نەسلەکانی ئێستا لە شەڕ و تێکهەڵچووندا بوون، پتر لەگەڵ مەترسی ڕووبەڕوو بوون و هەلومەرجی پێشمەرگایەتیی ئەوان سەختتر بوو، بەڵام زۆر بە زەحمەت دەستیان لە پێشمەرگایەتی هەڵدەگرت و پتر لە سەنگەر و لە ڕیزی پێشمەرگەدا دەمانەوە.

## حیزبی دێموکرات حیزبێکی شۆڕشگێڕ یا ڕیفۆرمخواز؟

حیزبی دێموکرات مێژوویەکی لێوڕێژ لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی هەیە. بەڵام بە سەرنجدان بە جیاوازیی هەلومەرجی سەردەمەکان و جۆری تێکۆشانی حیزب لە هەر سەردەمێکدا زۆر جار ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی  ئەو حیزب کراوەتەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خۆی بە حیزبێکی شۆڕشگێڕ دەزانێ یان حیزبێکی ڕیفۆرمخواز؟

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەبێت بگوترێت: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەم خاوەنی ئامانجی شۆڕشگێڕانەیە، هەم لە زۆربەی قۆناغ و سەردەمەکانی تەمەنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆیدا، شێوە و شێوازی شۆڕشگێڕانەی بۆ خەبات و تێکۆشان گرتووەتە بەر. ئەو ئامانجانەی ئەم حیزبە خەباتی بۆ کردوون، زۆر لەوە گەورەتر بوون کە لە چوارچێوەی دوو ڕێژیمی شایەتی و کۆماری ئیسلامیدا ئیمکانی وەدیهاتنیان هەبێت. هەر کاتێکیش ئەو ئامانجانە وەدی بێن، گۆڕانی بنەڕەتی لە ژیانی سیاسیی خەڵکی کوردستاندا  پێک دێنن. هەر بۆیە دەتوانین بە ئامانجی شۆڕشگێڕانە ناویان بەرین. شێوازەکانی خەباتی ئەم حیزبەش، شۆڕشگێڕانە بوون. ڕاوەستان بە دژی سیاسەتەکانی دوو ڕێژیمی شایەتی و کۆماری ئیسلامی و هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمە ناوەندییەکان و بە چەک و خەباتی چەکداری، بەرەنگاربوونەوەی هێرش و پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەکانی ئێران، بە شێوازی شۆڕشگێڕانە دێنە ئەژمار کە دیارە هەڵبژاردنی ئەم جۆر و شێوازانەی بەرەنگاری و خەبات، بە سەر ئەم حیزبەدا داسەپاون، ئەگینا هەر کات دەرەتانی سوود وەرگرتن لە شێوازەکانی هێمنانە بووبێت، ئەم حیزبە پێشوازیی لێ کردوە. بەڵام شۆڕشگێڕبوونی حیزبی دێموکرات هیچ کات نەبووە بە هۆی دژایەتیی ئەم حیزبە لەگەڵ پەنابردنی خەڵک بۆ خستنە ڕووی داخوازیی ڕیفۆرمخوازانە و سوود وەرگرتن لە شیوازی هێمنانەی خەبات و تێکۆشان. هەر حەرەکەتێک و بزووتنەوەیەکی ڕیفۆرمخوازانە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەری هەڵ دابێت، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە جیاتی ڕەتکردنەوە و دژایەتیکردنی، هەوڵی داوە هەم ڕەخنەی لێ بگرێت هەم خەڵک بۆ سوودلێوەرگرتن و ڕادیکاڵتر کردنی،  هان بدات.

## کوردستانیبوون و ئێرانیبوون لەسیاسەتی حیزبی دیموکراتدا

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە کۆنەوە، دوو سیاسەتی شانبەشانی یەک بردووەتە  پێش و هەوڵی داوە بە ڕادەی پێویست گرنگی بە هەر دوویان بدا و یەکیان بۆ ئەوی دیکە وەلا نەنێت. لە لایەکەوە خۆی وەک حیزبێکی کوردستانی و، خەباتی نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی وەک بەشێک لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بۆ ڕزگاری لە

بندەستی پێناسە کردوە؛ هەر بۆیەش هیچ کات لە سیاسەتی پشتیوانی لە خەباتی نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکە و پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ هێزە سیاسییەکانیان غافڵ نەبووە. لە لایەکی دیکەوە، چونکە ڕووی داخوازەکانی ئەم حیزبە و خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران بووە و دروشمی ستراتیژیکی ئەم حیزبە پێوەندیی بە وڵاتی ئێرانەوە هەبووە، تێکۆشاوە لەگەڵ هێزە ئازادیخوازەکانی ئێران و لەگەڵ بزووتنەوە سەرانسەرییەکانی ئەو وڵاتە، پێوەندیی دۆستانەی هەبێت و لەگەڵ گەلانی ئێران لە خەبات بە دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆییدا، هاوخەبات بێت.

## پەیڕەوانی ئایین و ئایینزای جیاواز لەکوردستان لەحیزبی دیموکراتدا

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە، حیزبی هەموو نەتەوەی کورد بووە. ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە لە هەر چین و توێژێک یا لە هەر ئایین و ئایینزایەک بووبن، بە هەر دیالێکت و زاراوەیەک قسەیان کردبێت، بەو مەرجەی ئامادە بووبن لە ڕیزەکانی ئەم حیزبەدا بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەیان لە بندەستی و بێمافی خەبات بکەن، حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە خۆشحاڵییەوە باوەشی بۆ کردوونەوە. لە ڕاستیدا هەموو ئایین و ئایینزاکان، لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە ڕێزیان لێنراوە و، بێ‌ڕێزی بە هەر کامیان، پێشی پێ گیراوە. پەیڕەوانی ئایینێک یا ئایینزایەک، لە وانی‌تر هەڵنەاوێردراون، یەکیان لەوانی دیکە پتر بایەخی پێ نەدراوە، یا پەیڕەوی کردن لە ئایینێک و بە پێچەوانەیشەوە نەبوونی باوەڕی ئایینی، نەبووە بە هۆی بەدەستهێنانی ئیمتیاز لەو حیزبەدا.

بە کورتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەو بڕوایەدایە کە جیاوازیی بیروباوەڕی ئایینی، یان جۆراوجۆریی دیالێکت، ڕاستییەک و تایبەتمەندییەکی کۆمەڵگەی کوردە و دەبێت ڕێگە نەدرێت هیچ پێکهاتەیەک لە هەوڵی سڕینەوەی ئەوانی دیکە دابێت. هەموانیش دەبێت بە جیاوازییەکانیانەوە لە سەر ئامانج و داخوازە نەتەوەیی و گشتییەکان، یەکگرتووو و هاوخەبات بن.

## ئەرکی حیزب و ئەرکی خەڵک لە ڕەوتی خەباتدا

ئەرکی حیزبێکی سیاسیی پێشڕەو، ڕێبەری کردنی خەباتی خەڵک لە ڕووی سیاسی و، ڕێکخستنی خەبات و تێکۆشانی ئەوان تا گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەو خەڵکەیە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەوەی لە مێژووی خۆیدا لەگەڵ کەموکوڕی و لاوازیی جۆراوجۆر و ڕەخنەی جیددی بەرەوڕوو بووە، بەڵام لە جێبەجێکردنی ئەرکی خۆی کەمتەر خەم نەبووە. خوێندنەوە و لێکدانەوەی واقیعبینانەی داوای خەڵکی کوردستان و فۆرمۆڵەکردنی ئەو داوایانە لە بەرنامەکەی خۆیدا،

گرتنەبەری سیاسەت و هەڵوێستی دروست لە قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکان، دریغ نەکردن لە قوربانیدان و شێلگیربوون لەسەر خەبات و تێکۆشان بۆ ماوەی ٨٠ ساڵ، کاری سیاسی بە ئاراستەی پێکهێنانی یەکگرتوویی و کۆدەنگی لە نێو کۆمەڵگەی کوردستان بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندی، وەدەستهێنانی متمانە و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان ئەو ڕۆڵ و ئەرکەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان جێبەجێی کردوە.

دیارە ڕۆل و ئەرکێکیش کە دەکەوێتە سەر خەڵک، هەوڵدان و تێکۆشانە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە کە ئەم حیزبە و ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستان لە ڕیزەکانی ئەو حیزبەدا، ٨٠ ساڵە خەباتی بۆ دەکەن. ئەرکی خەڵک قۆستنەوەی ئەو هەل و دەرفەتانەیە کە بۆ خستنەڕووی داخوازەکانی خۆیان بۆیان دێتە پێش. نابێ پێیانوابێت خەباتکردن تەنیا ئەرکی حیزبی دێموکرات و ئەندامەکانیەتی و ئەوانیش دەبێ لە دوورەوە بینەر و تەماشاچیی ڕووداوەکان بن، بە پێچەوانەوە دەبێت ئەوان بۆ خۆیان چەقی خەبات و بەرخۆدان بن. هاوکات پێویستە پشتیوان و چاوەدێریی خەبات و سیاسەتەکانی ئەم حیزبە بن کە بە نوێنەر و ڕێبەری داواکانی خۆیانی دەزانن. بە هەموو تواناوە و لە هەموو ڕوویەکەوە پشتیوانی لە سیاسەتەکانی بکەن، هاوکاری تێکۆشەرانی بن، کاتێکیش پێویست بوو، پێشنیازی پێ بکەن، ڕەخنەی لێ بگرن و وای لێ بکەن ئەو ئامرازە کاریگەرە بێت کە بتوانێ خەباتی ئەوان لە پێناوی دیموکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووس بە ئاکامی دڵخواز بگەیەنێت.

## حیزبێک هی ڕابردوو، حیزبێک بۆ داهاتوو

سوارچاک و دیارترین ئەکتەری مێژووی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە یەک سەدەی ڕابردوودا، حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە. لە دامەزرانی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان"ەوە کە ئەم حیزبە درێژەی هەمان ڕێچکەیە، هەتا ئێستا ٨٠ ساڵە ئەم حیزبە لە مەیدانی خەباتدایە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ ماوەی نزیک بە چوار دەیە، تاقە هێزی مەیدانەکە و دواتریش هێزی سەرەکیی گۆڕەپانی خەبات بۆ مافەکانی نەتەوەی کورد لە ئێراندایە. کۆماری کوردستان کە بە گرنگترین و گەورەترین ڕووداوی سیاسیی کورد لەم بەشەی کوردستان و تەنانەت لە ئاستی هەموو کوردستان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا دادەنرێت، مێژوو بە ناوی ئەم حیزبەوە تۆماری کردوە. حیزبی دێموکرات پشکی شێری لەو ٤٥ ساڵ خۆڕاگری و خەبات و بەربەرەکانێیە پڕ لە قوربانیدانەی لە کوردستان بەرامبەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەیە. ئەم حیزبە زۆرترین کاریگەریشی لەسەر گەشە کردنی ناسیونالیزمی کورد لە ئێران و شۆڕبوونەوەی خەبات و باوەڕی نەتەوەیی بۆ جوگرافیایەکی هەرچی بەرینتر و بۆ نێو چین و توێژی جیاواز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبووە. جگە لەمەش ناسرانی پرسی کوردی ڕۆژهەڵات بە کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتی، قەرزداری تێکۆشانی دیپلۆماسیی حیزبی دێموکرات

بەشی چوارەم

بەتایبەتی ڕێبەری شەهیدی ئەو حیزبە، دکتۆر قاسملوویە. بەڵام حیزبی دێموکرات، حیزبێک نییە تایبەت بە ڕابردوو، حیزبێکە بۆ داهاتووش، خاوەنی داهاتووشە. چونکە پرسێک و ئامانجێک کە خەباتی بۆ دەکات، هەروا پرس و ئامانجی نەتەوەی کورد لە ئێرانە. ئەم حیزبە بۆ دوای چارەسەری پرسی نەتەوەییش بەرنامەی هەیە. وێرای ئەمانە، مێژوویەکی پڕ لە خەبات و قوربانیدان، ڕێبەرانێکی شەهید کە کۆمەڵگە وەک ڕەمز و هێمای خەبات و پرسی ڕەوای خۆی وەری گرتوون، چەند هەزار شەهیدی سەنگەر و بەرە جۆراوجۆرەکانی خەبات، ئیعتیبارێکی نەتەوەیی، ناوچەیی و جیهانی کە ئەم حیزبە بە دەستی هێناوە، سەرمایەکانی حیزبی دێموکرات بۆ مانەوە و بەردەوامی و گەشە لە داهاتوو دان. دیارە بەو مەرجەی ئەم حیزبە لاوازییەکانی ڕابردووی خۆی چارەسەر بکا و خۆی بۆ خەبات لە قۆناغ و سەردەمێکی نوێدا لە هەموو بارێکەوە ئامادە بکات.

(*)ئەم بابەتە چەند ساڵ لەمەوبەر لە بیرەوەریی دامەزرانی حیزبی دیموکراتدا نووسراوە، لەبەر ئەوەی ناوەرۆکی بابەتەکە باس لە کۆی مێژووی حیزب دەکات، لە یادی هەشتاساڵەی دامەزرانی حیزبدا جارێکی دیکە دەیخەمەوە بەر سەرنجی خوێنەران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

# ڕەخنە لەخۆ گرتن لە حیزبی دیموکراتدا، جاران بەرچاوتر بوو!

## بەشی پازدەهەم:

### رەخنە لەخۆگرتن لە پێوەندی لەگەڵ شەڕی نەغەدەدا

..."ئێستاش شوێنەواری شوومی ئەو شەڕە پاک نەبۆتەوە. لەم شەڕەدا کە ئاگرەکە ی بەتوندی لەلایەن کۆمیتەکانی ورمێ و نە غە دەوە خۆش دەکرا،سەدان کەس لە دانیشتووانی کورد و تورکی نەغەدە و شارەکانی دیکەی کوردستان کە لە ومیتینگەدا بەشدار بوون گیانیان لەدەست دا و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون. دەستێوەردانی هێزەکانی ئەرتەش کە گۆیا بەمەبەستی لێک کردنەوەی لایەنەکانی ئەو شەڕە دەسبەکاربوون کێشەکەی ئاڵۆزتر کرد و یەکە نێردراوەکان لەجیاتی ئەوە کە بێلایەنیی خۆیان بپارێزن، بەتەواوی توانای خۆیان بەدژی کوردەکان جووڵانەوە و بەشی کوردنشینی شاری نەغە دە و دێهاتە گوندنشینەکانی دە وروبەری ئە و شارەیان بە تۆپ و تانک و هێلیکۆپتێر وەبەر هێرشدا. ئەمە بووە هۆی وێران بوونی بەشێکی بەرچاوی خانووبە رە و دووکانەکانی شاری نەغەدە و ئاوارەبوونی نزیک بە سێزدە هەزار کەس لە دانیشتووانی کوردی ئەم شارە کە ئێستاش پاش تێپەڕینی دە مانگی ڕەبەق لەو ڕووداوە بەشێک لەوان هێشتا نەگەڕاونەتە وە سەر ماڵ و موڵکی خۆیان.

لە سایەی هەستی بەرپرسیارێتیی حیزبی ئێمە و خۆبواردن لە درێژەدانی شەڕ و خوێنڕێژی و دان بەخۆداگرتنی پێشمەرگەکانی کوردستان، پاش پێنج ڕۆژ لە تێکهەڵچوونەکانی نەغەدە گرژییە کان کۆتایی هاتن. بەڵام شەڕی داسەپاوی نەغەدە پێوەندیی برایانەی کوردەکان و ئازەرییەکانی نەغەدە ی بۆ ماوەیەکی نادیار خەوشدار کرد و ئەو مەسەلەیە شوێنەواری نەرێنیی لە سەر ڕووداوەکانی دواتری ئەو ناوچەیەش بەتایبەتی لە شەڕی سێ مانگە دا دانا. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە زیدی ئینقلاب کاردروستایی پیلانێکی بەربڵاوی لە نەغەدە کردبوو. ڕەخنەیەک کە دەکرێ لە ڕێبەریی حیزبی ئێمە و بەتایبەتی لە بەرپرسانی ڕێکخراوی حیزبی ئێمە لە نەغە دە بگیرێ، ئەوەیە کە بە هە ڵەسەنگاندنی وردی دۆخە کە و لەبەرچاونەگرتنی هەموو ڕەهەندەکانی بەڕێوەبردنی میتینگ دەرەتانی ئەوەیا ن دا دوژمنانی ئینقلاب ئەو پیلانە بە ئاسانی جێبەجێ بکەن".

ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی چواری حیزب (ڕەشەمەی ١٣٥٨)، وەرگێراو لە "بەڵگەنامەی کۆنگرەکان، بەرگی یەک،

## قسەکردن بە ناوی حیزب و بە پێچەوانەی سیاسەتی حیزب!!

جگە لەوەش هێندێک کەموکوڕیی دیکەش لەڕووی کەیفیەتی تەبلیغی سیاسەتەکانی حیزبەوە هەیە. هێندێک لەو وتارانە کە بڵاو دەبنەوە، ئاستێکی نزمیان هەیە و هێندێکی دیکەیان ئەسڵەن پێڕەوی لە سیاسەتی گشتیی حیزب ناکەن و سەرنج نادەنە ڕوانگە و هەڵوێستەکانی حیزب لەپێوەندی لەگەڵ پرسە سیاسییەکان و ڕووداوەکان. بەشێک لە بەرپرسانی کۆمیتە شارستانەکان بەبێ سەرنجدان بە شوێنەواری نەرێنیی ئەو کارە و بەبێ ئەوە کە زانیاریی پێویستیان لەسەر سیاسەت و ڕێباز و هەڵوێستەکانی حیزب هەبێ، چەپ و ڕاست وتووێژ دەکەن، خۆیان دەکەنە وتەبێژی حیزب و هێندێک هەڵوێست بەناوی هەڵوێستی حیزبەوە دەگرن کە لەگەڵ سیاسەتی گشتیی حیزب جیاوازە. تەنانەت هێندێک جار هەڵدەکەوێ کە ڕوانگەی بەرپرسانی حیزبی لەبارەی ڕووداوێکی گرینگ لە شارستانێکەوە بۆ شارستانێکی دیکە تەواو جیاواز یان تەواو بە پێچەوانەی بۆچوونی کۆمیتەی ناوەندی بێ. بەڵام تازە دەرنگ بووە و بۆچوونە جیاوازەکە لە ڕاگەیەنە گشتییەکاندا بڵاو بۆتەوە. بەرپرسانی حیزبی کە لە هەلومەرجی ئاشکرادا تێکۆشانیان هەیە و هەڵوێستەکانیشیان لە تەواوی وڵاتدا سەرنجی پێدەدرێ، پێویستە لە وتووێژ و پێوەندییان لەگەڵ ڕاگەیەنە گشتییەکان وردتر بجوڵێنەوە و لە بنەڕەتڕا بۆ ئەم کارە دەبێ لە ئایندەدا وا بکەین کە هەڵوێستەکان هەماهەنگ و وێکچوو بن و پێڕەوی لە سیاسەتی گشتیی حیزب بکەن.

وەرگیراو لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی چوار، بەڵگەنامەی کۆنگرەکان، بەرگی یەک ٢٠٢١، لاپەڕی ١٢٠

## لە حیزبدا ڕێگا بە میلیتاریزم نادەین

"یەکێک لە زەعفەکانی ئەساسیی حیزب ڕوون نەبوونی پێوەندیی نێوان کاری سیاسی و نیزامییە. سەرەڕای ئەوەی کە بە گشتی هەموو فەرماندەران و پێشمەرگەکان ئەندامی حیزبن و سەرەڕای ئەوەی کە فەرماندەری هێز ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کومیتەی شارستانە، هێندێ جار لە نێو تێکۆشانی سیاسیی حیزب و کارەکانی نیزامیی هێزی پێشمەرگەدا هاودەنگی و هەماهەنگی نییە. لە کاتێکدا حیزبی ئێمە گەورەترین ڕێز بۆ هێزی پێشمەرگە دادەنێ، بە هیچ شێوەیەک ڕێگا نادا کە میلیتاریزم لەنێو حیزبدا زاڵ بێ. هەموو پێشمەرگەکان دەبێ زۆر باش تێبگەن کە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتن و هەرچی دەکەن نابێ لە چوارچێوەی ڕێبازی حیزب دەربچێ. دەبێ تێبگەن کە

بەشی چوارەم

بەڕێوەبــەری جووڵانــەوەی میلیــی - دیموکراتیکــی خەڵکــی کوردســتان کــە ئەوانیــش بەشــێکی جیانەکــراوی ئــەم جوڵانەوەیەن، حیزبی دێموکراتی کوردستانە. لە لایەکی دیکەشەوە ڕێکخراوەکان و بەتایبەتی بەرپرسانی حیزبی دەبێ تێبگەن کە ئەرکی هەر بنەڕەتییان لە هەلومەرجی ئێستادا بەشداربوون لە خەباتی چەکدارانەی گەلەکەمانە. دەبێ تێبگەن کە هەر ئەندامێکی حیزبی پیشمەرگەیە و هەموو کاتێک لە هەموو وەزعێکدا دەبێ لەگەڵ هێزی پیشمەرگە بێ. ڕێکخراوەکان و کادرەکانی حیزبی ئێمە لە حاڵی شەڕدا ئەگەر لە مەیدانی شەڕدا ئامادە نەبن، دەبێ لە پێشمەرگە نیزیک بن و بە هاودەنگی و هەماهەنگی لەگەڵ هێز، یارمەتیی تەداروکاتیی پێشمەرگە بدەن. حیزبی دێموکرات بە ئەندامان و بە کادرەکان و پێشمەرگەکانیەوە تاقە حیزبێکە، دوو یا سێ بەش نییە و، بەشی پیشمەرگە لە بەشی ڕێکخراو جیا نەکرێتەوە".

وەرگیراو لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی ٦: (بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات،٢٠٢١، بەرگی ١، ل ٢٥٨ و ٢٥٩)

١٣ی ئاگۆستی ٢٠٢٥

## سامانی ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکرات(*)

### بەشی شازدەهەم:

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا خاوەن ڕۆڵ و جێگە و پێگەیەکی تایبەتە. ئەم حیزبە هەر وا کە لە ڕووی سیاسییەوە شوێنی دیاری هەبووە لە ژیانی سیاسی و خەباتگێڕانەی نەتەوەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، لە ڕووی ڕۆژنامەنووسییشەوە، ڕۆڵ و کاریگەریی بەرچاوی بووە. دیارە ئەم ڕۆژنامەنووسییە، ڕۆژنامەنووسیی حیزبی بووە بەڵام لە هەر حاڵدا ئەم ڕۆژنامەنووسییە حیزبییەش بەشێکە لە کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی.

### ١- قۆناغی دەسپێک:

ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، چەند قۆناغ دەگرێتە خۆ. یەکەم قۆناغ ئەو کاتەیە کە ئەم حیزبە دادەمەزرێ و دوایەش کۆماری کوردستان پێک دێنێ. ئەمە قۆناغی یەکەمی کاروانی ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکراتە کە وەک قۆناغی دەسپێک ناوی دەبەین. دیارە بەر لە دامەزرانی ئەو حیزبە، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان هەبووە و کۆمەڵەی ناوبراویش، گۆڤاری" نیشتمان"ی بڵاو کردووەتەوە. بەڵام بە دامەزرانی ئەم حیزبە و چەند مانگ دواتریش بە دامەزرانی کۆماری کوردستان، قۆناغێکی زێڕین لە مێژووی ڕۆژنامەنوسیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێ دەکا.

### ٢- قۆناغی هەژاریی خەرمانی ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکرات:

لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانەوە هەتا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ڕێبەندانی ١٣٥٧، خەرمانی ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکرات هەژارییەکی نەخوازراو بە خۆیەوە دەبینێ. هۆکاری ئەم هەژارییە، گیران و شەهیدکرانی سەرانی کۆمار، ڕاکردن و دەربەدەری یا گیران و دەسبەسەریی بەڕێوەبەران و تێکۆشەرانی حیزب و کۆمار، قەدەغە بوونی تێکۆشانی حیزب و بەرەوڕووبوونی ناوەندی ڕێبەریی حیزب لە گەڵ دوورخراوەیی لە وڵات و ناکۆکیی نێوخۆیی بووە.

## قۆناغی سێهەم:

بە ڕووخانی ڕێژیمی شایەتی و دەست پێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دیموکراتی کوردستان، قۆناغێکی نوێ لە کاروانی ڕۆژنامەنووسیی ئەم حیزبەدا دەست پێدەکاتەوە. ئەم قۆناغە هەتا ئەو کاتەی کانالی ئاسمانیی تەلەڤیزیۆنی و ئەنترنێت دێنە نیو ڕاگەیەنی کوردییەوە، واتە هەتا سەرەتا و ناوەندیەکانی دەیەی ٩٠ی زایینی، (دەیەی حەفتای هەتاوی) دەخایەنێ.

## قۆناغی چوارەم:

ئەم قۆناغە لە دەیەی ٩٠ی زایینی(٧٠ی هەتاوی) بە هاتنی کانالی ماهوارەیی تەلەڤیزیۆنی و هاتنی ئەنترنێت بۆ نیو کار و چالاکیی ڕۆژنامەنووسی کوردی دەست پێ دەکا .ئەم گۆڕان و پێشکەوتنەی نێو دنیای ڕۆژنامەنووسی، ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکراتیش- ئەگەر چی بە درەنگەوە -دەگرێتەوە. دەتوانین بڵێین ئەم قۆناغە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە.

* لە کۆمێنتی یەکەمدا لینکی دەقی تەواوی ئەم نووسینە هەیە. تایبەتمەندییەکانی هەر قۆناغێک لە ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکرات و هێندێک زانیاریی تر دەتوانن لەم لینکەدا بخوێننەوە.

١٤ی ئاگۆستی ٢٠٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## لە سەر "کانیی جانداران" ڕا تا نێو گۆڕستانی "گەرۆر (*)

### بەشی: هەڤدەهەم

### یادێک لە شەهیدێکی گەورە لە هەشتا ساڵەی دامەزرانی حیزبەکەیدا

**"شەو هەتا بەیان، تەرمێک لە نێوان من و کاک سۆران، تەرمی ئازیزێک، برا گەورەمان، زانا و قارەمان، زۆر جوان و جەوان، پێکراوی گوڵلە لەڕێی کوردستان، ئامان سەد ئامان"...**

_کەمێک سەرووتر لەو باسکەی شەومان لێ کردۆتەوە ڕۆژ، تیشکی هەتاو لە ڕووکاری ڕۆژهەڵاتی ترۆپکی چیای "گۆڕمووسا"ی داوە. یەکەم نیگای ئەم بەیانییەم لە سەر ترۆپکی چیاوە، بەبێ نێوبڕ بۆ خوارەوە، تا جێخەوی خۆمان دەگوێزمەوە. نیگام لە سەر کەواوپاتۆڵی خوێناوی، ڕوخساری تۆزاوی و شەمزاو و، چاوی هەروا نیوەکراوە بەڵام نەوەک جاران گەش و، بێ بەش لە ورشەی ڕوانینی ئەو هاوڕێیەی ڕووبەڕووی یەک، نزیک کۆمەڵە بەردێک ڕاکشاوین، دەگیرسێتەوە.

لە ماوەی چاوتروکانێکدا ئەوەی لە دوێنێ بەیانیی ٢٦ی گەلاوێژی ١٣٦٣ەوە تا ئێستا بەسەرمان هاتوە، لەپڕ وەبیرم دێنەوە و خورپەم لە دڵی هەڵدەستێ.

دوێنێ کاتێک دڵنیا بووین ئەو و مەحموود فەیزی هەر لەو شوێنەی چەند سەد میترێک لە ئێمە دوور بوو، شەهید بوون و پێشمەرگەکان دوای پاشەکشە بە هێزەکانی ڕێژیم و ڕاونانیان، تەرمی ئەو دوو شەهیدەیان هێنایەوە نێو دێی جانداران، لە لایەک لە پێش چاوی ئەو هەموو قارەمانانەی گاڵتەیان بە مردن دێ، نەمویست جڵەو بۆ هەستی خۆم شل کەم و بە ئەژنۆی خۆم دادەم، لەلایەکی دیکە دەبا بیر لەپاشەکشە و ڕاگوێزتنی تەرمەکان بکەینەوە ، بۆیە نەمتوانی یان نەمویست بۆ شەهید بوونی یەکێک لە خۆشەویستترین هاوڕێیان و بەرپرسانی ئەو پێنج ساڵەم، تێرتێر بگریم. لە تاریکانی دوێنێشەوە تا نیوە شەوی ڕابردوو، تەرمی ئەو و هاوڕێی شەهید مەحموودی فەیزیمان لەسەر کانیی جاندارانەوە تا ئەم بەرزاییە بە نێو دڕکەڵان و بزنەڕێ و هەورازی سەختدا، ڕاگوێزتوە. لەو ساوەش لەبەر ماندوویی و هیلاکی و خەم و مەینەت، سەرمان وەسەر قۆنداغی چەکەکانمان کردوە و نەمانزانیوە چلۆن ڕۆژمان لێبۆتەوە.

لەو لای تەرمی بەرپرسی کومیتەی شارستانی ڕەبەت، "سۆران"(د.سوڵتان مام قادری) کە وەک من لە یەکیەتیی لاوانەوە بووە بە ئۆگری کاک ڕەحمان و هەر بەبۆنەی خۆشەویستیی ئەوەوە، مانگو نیوێکە هەواری تێکۆشانمان بۆ ئەم ناوچەیە هێناوە، لەسەر جێوبانی خۆی، کە زەوی دۆشەک و ئاسمان پێخەویەتی، دانیشتوە. بە چاوی فرمێسکاوییەوە لە یەکتر و لە سیمای ئەو هاوڕێیەمان کە بەبێ گیانی دواشەوی سەر ئەم دنیایەی لە نێوانی هەردووکماندا تێپەڕ کردوە، ڕادەمێنین و بە زمانی بێزمانی ـ بە چاومان ـ یەکتر دەدوێنین.

**

"بە سەر پشتی وڵاغەکەی پێشەنگەوە،
تەرمی شەهید،
دوو دەستی شۆڕ بەرەو زەوی
هۆ پنچکی قژ خۆڵاوی،
ئەمە زامێکی تازەیە، وێی نەکەوی"

هەمووی سێمانگ نابێ لەگەڵ هاوڕێی شاعیرم ژاکاو لە "کانیی مێو" لە خێوەتی کاک هاشمی کەریمیدا، بۆ یەکەم جار شێعری تازەی ماڵاواییی مامۆستا شێرکۆ بێکەسم گوێ لێبووە. ئەوا ئێستا بە چاوی خۆم ئەم دیمەنە ئاساییەی ژیانی پێشمەرگایەتی دەبینم. بەسەر پشتی ئەسپێکی کوێتەوە تەرمی شەهید ڕەحمان لە چیای گۆڕمووساوە بەرەو ئاوایی گەرۆر دەبەین. ڕێگای سەرەولێژمان بە نێو هەوار و مووچە و مەزراو لێرەواردا ڕادەبرێ. سۆران جڵەوکێشی ئەسپەکەیە و من لە دواوەی سواری پێکراو دەڕۆم. تایەک لە کەوشە ئادیداسە خوێناوییەکەی لە پێی دایە، تایەکەی دی لە پێی دەرهاتوە، هەڵم گرتووەتەوە، بە دەستمەوەیە، دڵم نایە فڕێی بدەم. شوان و گاوان، کچ و کوڕو پیرەپیاوی سەر مووچە ومەزرا، کە بە لایاندا ڕادەبوورین و دەمانبینن، ڕادەچڵەکن، دێنە پێشێ و بە پەککوو گوتن و "دەک سندانم گاتێ" لە خەممماندا دەبنە هاوبەش.

لەژێرسێبەری پیرەدارەکانی گۆڕستانەکەی گەرۆردا تا گۆڕەکان هەڵدەکەنرێن، بە وەردانەوەی بیرەوەرییەکانم لەگەڵ کاک ڕەحماندا بە ورد بوونەوە لە تایبەتمەندییەکانی و هۆیەکانی خۆشەویستیی بێسنووری لەنێو خەڵک و هاوڕێیانیدا، خۆم خەریک دەکەم:

خەڵکی خاکی بوو، شانازیی بەوە دەکرد کە کوڕی "سۆفی ڕەسووی گاچۆلەکە"یە و لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشدا لەدایک بووە. لەگەڵ ئەوەی خەڵک دەستیان ڕادەگرت تا ئەو مامۆستایەی جاران و ئەم پێشمەرگەیەی ئێستا بەسەریدا بڕوا، فەخری بەسەردا نەدەفرۆشتن، لە هەر ماڵێک لایدابایە، وەک کوڕی ماڵێ ڕەفتاری دەکرد، داری ورد دەکرد، قەندی بۆ

دەشکاندن، سفرەی لەگەڵ کۆ دەکردنەوە، چای تێدەکرد، بۆخۆی جێوبانی خۆی هەڵدەگرت.

هونەرمەند بوو. کە دەتڕوانیە ئاڵبۆمەکانیو دەتدیت چۆن قۆناغە جۆراوجۆرەکانی زۆر لە بوارەکانی ژیانی کوردەواریی وەک ئاژەڵداری و کشتوکاڵ بە دووربینەکەی، وێنە گرتوون، دەتگوت وێنەگرێکی کەم هاوتایە.

خۆشنووسێک بوو، حەزت دەکرد چی تراکت و ئاگاداری و سەربەرگی بڵاوکراوەکانە، وەک تەختە بەردە پانەکەی دەم ڕێگای چەکۆ . میراوێ کە دروشمی "دێمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان"ی لەسەر نووسیبوو و لە فیلمی "نان وئازادی"دا، چاومان پێی دەکەوێتەوە، بە خەتی ئەو بنەخشێندرێن.

لە بواری تەبلیغات و ڕاگەیاندندا، کەم کادری حیزبیی هاوتەمەنی تۆزیان دەشکاند. بە زمانی سادە و پاراوی و بەو شارەزاییە سەرنج ڕاکێشەی ئەو منداڵەی شاری، لە کۆمەڵناسی و دەروونناسی و پێوەندییەکانی خەڵکی لادێ هەیبوو، مەبەستەکانی خۆی و حیزبەکەی، بە هاسانی لەنێو خەڵکدا دەبردە پێش. لە خۆڕایی نەبوو لە "مانگەکانی دیفاع لە ئازادی و هێرش بۆ سەر دوژمن"دا، دابینکردنی بەشێکی زۆر لە هێزی پێشمەرگەی حیزب و هێزی پشتیوانیان لە ناوچەی پیرانشارو سەردەشت بەو سپاردبوو.

لە هەر کۆبوونەوە و سمینار و کۆنفرانسێکدا، کە لە سەر کاروباری تەشکیلاتی دەدوا، ئەوەندەی ئیدە و پێشنیار و گەلاڵەی نوێ و لێزانانە دینایە گۆڕێ، سەرنجی هەمووانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا. ئەگەرچی وەک پسپۆڕێکی کاری تەشکیلاتی لە ئاستی حیزبدا ناوی دەرکردبوو، لە ئازایەتی و نەترسی و شەڕکەریدا، لە هیچ قارەمانێکی مەڵبەندەکەی خۆی، پیرانشار، نەدەمایەوە.

نووسینەوەی یادداشتەکانی ڕۆژانە، ئەو لە نێو یەکیەتیی لاوان و دۆستانی کادر و پێشمەرگەیدا کردی بە داب. سەداقەت، ڕاشکاوی، سادەیی، هەستکردن بە بەرپرسایەتی، ماندوویی نەناسی، دانەبڕان لە کتێب و خوێندنەوە لە هیچ هەلومەرجێکدا، بڕوابەخۆبوون، ڕووخۆشی و، دەروەستی هیچ شتێک نەبوون جگە لە ڕەزامەندیی خەڵک و حیزبەکەی، لە تایبەتمەندییەکانی بوون.

***

ماوەیەک لە بەخاک سپاردنی تێپەڕیوە. کاک کەریم لێی ڕاسپاردووم کەلوپەلەکانی براجوانەمەرگەکەی بۆ بنێرم. بۆ دواجار چاو بە دەفتەری یادداشتەکانی ڕۆژانەیدا دەخشێنم. لاپەڕەکانی ٢٥ و ٢٦ی گەلاوێژی هەروا سپین، فریانەکەوتوە پڕیان

بکاتەوە و چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ٣٩ ساڵەی دامەزرانی حیزبەکەی لە پشت ماڵی جانداران و هێرشی ڕۆژێک دواتری هێزەکانی کۆماری ئیسلامییان تێدا بنووسێ. ناچارم دەفتەری ژینی کورت و پڕشانازیی کە لە ٢٥ بەهار تێنەپەڕیوە، ببەستم.

**دوو وتە لە گوێمدا دەزرینگێنەوە و لێیان دەوێم دواپەڕی ژیانی ئەو لاوە شۆڕشگێڕەیان پێ بنەخشێنم:**

**یەکەم؛** قسەکەی دایکی شەهید حوسێن شەمامی لە سەر گڵکۆی ئەو و جوانەمەرگەکەی دیکە (شەهید مەحموود فەیزی)، کە بەڕێکەوت ڕۆژی بەخاک سپاردنی ئەو دووانە لە گەرۆر بوو: "لێم گەڕێن، دایکیان لێرە نین، با لەجیاتی ئەوانیش بۆیان بگریم"؛

**دوویەم؛** دوایین پاراگرافی ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزب: "خوێنی هەزاران شەهیدی حیزبەکەمان کە ناوی ڕەحمانی سۆفیزادە کاروانە درێژەکەیان درێژتر دەکا، نابێ بەفیڕۆ بچێ. ڕێژیمی خوێنمژی خومەینی کە خوێنی لاوی شۆڕشگێرو بەنرخی وەک ڕەحمانی سۆفیزادە دەڕێژێ، دەبێ بڕووخێو گەلانی ئێران دەبێ لەو ڕێژیمە پڕنەگبەتیە ڕزگاریان بێ".

* ئەم بابەتەم زیاتر لە بیست ساڵ لەمەوبەر لە بیرەوەریی شەهید بوونی هاوڕێی خۆشەویستم کاک ڕەحمان سۆفیزادە، بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی ڕەبەتدا نووسیوە. دەزانم زۆر لە خوێنەرانی ئەم ساڵانەی دوایی نەیاندیتووە و نەیانخوێندووەتەوە. ئەمڕۆ لە ٤١ ساڵەی شەهیدبوونی کاک ڕەحمان سۆفیزادە و کاک مەحموود فەیزیی هاوڕێی کاتی شەهیدبوونیدا، بڵاوی دەکەمەوە.

١٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## شەڕی کوردستان و بەرەنگاریی هێزەکانی پێشمەرگە

### بەشی هەژدەهەم:

سبەی ٢٨ی گەلاوێژە و پێ دەنێینە ٤٦ ساڵەی فەرمانی جیهادی خومەینی و ڕاگەیەندرانی بەرەسمیی شەڕی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە دژی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هەر وەک لە بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی هەشتا ساڵەی دامەزرانی حیزبەوە هاتووە: " حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە بەرەنگاربوونەوەی شەڕی داسەپاوی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە سەر خەڵکی کوردستاندا بەتەنیا نەبوو، ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەش لە کوردستان بەپێی توانا و هێزی خۆیان بەشداری ئەو شەرە بوون، بەڵام قورسایی شەڕەکە بە پلەی یەکەم لەسەر حیزبی دێموکرات و دەیان هێزی پێشمەرگەی ئەم حیزبە لە سەرانسەری کوردستاندا بوو".

دیارە بە داخەوە لە دوای کۆماری کوردستان، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەنی هیزێکی یەکگرتوو بە ناوی "هێزی پێشمەرگەی کوردستان" نەبووە. چونکە نە ئەو یەکگرتوویی و هاوکارییە لەنێوان حیزب و ڕێکخراوەکانی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی کوردستاندا هەبوو، نە زەمینەی جێبەجێکردنی بیرۆکەی یەکخستنی هێزی پێشمەرگە. هیوادارم هەرنەبێت لەمەودوا ئاواتی یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێتە دی. هەر بۆیە لە یادەکانی تایبەت بە هەشتاساڵەی حیزبی دیموکراتدا، کە دەمەوێ یادێک لە هێزەکانی پێشمەرگە بکەینەوە، دروست وایە وەک" هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات" ناویان بێنم. هیوادارم خوێنەرانی ئەم بابەتە بە زیادکردنی زانیاری و ڕوونکردنەوەکانی خۆیان لە کۆمێنتدا، هاوکارم بن بۆ ئەوەی دواتر بیانکەم بە هەوێنی نووسینێک لە ژێر ناوی "کورتە مێژووی هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات."

لەم پۆستەدا من هەوڵ دەدەم تەنیا ناوی هێزەکان و ناوچەی تێکۆشانیان بنووسم. تکایە ئێوە ناوی فەرماندەرانی هەر هیزێک(بەدوای یەکدا)، ماوەی مانەوە و تێکۆشانی ئەو هێزە، هێندێک لە عەمەلیاتە گەورە و حەماسییەکانیان و هەر شتێکی گرنگ و جێگای سەرنج لە بارەی ئەو هێزانەی پێشمەرگە کە دەیانزانن، بینووسن. مێژووی بەرگریی چەکدارانەی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە بەرانبەر هێزە چەکدارەکانی ڕیژیمی دڕندە و سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، شایانی ئەوەیە بنووسرێتەوە و تۆمار بکرێت.



سەرچاوە
Serchawe

**ناوی هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات و ناوچەی تێکۆشانیان:**

**١- هێزی قارەمان کە دواتر ناوەکەی گۆڕدرا و بوو بە هێزی شەهید سەرگورد عەباسی(تایبەت بوو بە ناوچەکانی لە ورمێوە تا ماکۆ)**

**٢- هێزی شەهید نەحۆ (تایبەت بە ورمێ و مەرگەوەڕ، تەرگەوەڕ وناوچەکانی دیکەی ورمێ)**

**٣- هێزی شەهید سمکۆ (تایبەت بە شار و ناوچەی شنۆ و دۆڵێ و دەشتەبێڵ) کە دواتر ناوەکەی بوو بە هێزی کێلەشین.**

**٤- هێزی شەهید پێشەوا (تایبەت بە مەهاباد و ناوچەکانی سەر بەو شارە)**

**٥- هێزی شەهید ئەفشین(تایبەت بە نەغەدە و ناوچەی سندووس، بەشێک لە لاجان، شاروێرانی سەروو و سەرشاخان) کە دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ هیزی دمدم.**

**٦- هێزی شەهید ئاوارە (تایبەت بە پیرانشار و ناوچەکانی لاجان، بەربنە، پیران و نەڵێن) کە دواتر ناوەکەی گۆرا بۆ هێزی قەندیل.**

**٧- هێزی شەهیدانی موعینی(تایبەت بە سەردەشت و ناوچەکانی سەر بەم شارە) کە دواتر ناوەکەی گۆرا بۆ هیزی گیارەنگ.**

**٨- هێزی شەهید مینەشەم (سەرەتا لکێک بوو لە لکەکانی هێزی شەهید موعینی، دوایە کرا بە هێزێکی سەربەخۆ بۆ شاری ڕەبەت و ناوچەکانی سەر بەو شارە)، دواتر ناوەکەی گۆرا بۆ هێزی زمزیران.**

**٩- هێزی شەهیدانی وێردی (تایبەت بە بانە و ناوچەکانی سەر بەم شارە)، کە دواتر ناوەکەی گۆرا بۆ هێزی ئاربەبا.**

**١٠- هێزی بەیان (سەر بە بۆکان و ناوچەکانی سەر بەو شارە)**

**١١- هێزی شەهیدانی هەوشار(تایبەت بە تیکاب و ناوچەی هەوشار)**

**١٢- هێزی شەهید عەزیز یوسفی( تایبەت بە سەقز و ناوچەکانی دەور و بەری ئەو شارە)**

**١٣- هێزی شەهیدانی دیواندەرە(تایبەت بە دیواندەرە و ناوچەکانی دەوروبەری)**

**١٤- هێزی شەهید شەریفزادە( تایبەت بە شاری سنە و ناوچەکانی دەورو بەری)**

**١٥- هێزی زرێوار (تایبەت بە شاری مەریوان و ناوچەکانی دەوروبەر)**

**١٦- هێزی بێستوون (تایبەت بە کرماشان و کامیاران و ناوچەکانی سەر بەو دوو شارستانە)**

**١٧- هێزی شاهۆ(تایبەت بە پاوە و نەوسوود و نۆدشە و بەشێک لە ناوچەکانی هەورامان)**

**١٨- هێزی دالەهۆ (تایبەت بە شاری دالاهۆ لە پارێزگای کرماشان و ناوچەکانی دەور وبەری وەک سەلاس، جوانڕۆ، سەرپێڵی زەهاو، ڕێژاو، گاوارە و.......)، بەڵام تێکۆشانی ئەو هیزە بەشێک لە پارێزگای ئیلامیشی دەگرتەوە.)**

**١٩- هێزی سامرەند (هێزێک بوو بۆ پارێزگاری لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات، دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ هێزی**

پاریزگاری)

٢٠- هێزی کۆماندۆ (لە ساڵەکانی ١٣٦١، ١٣٦٢ پێک هات، بۆ فریاکەوتنی خێرای هیزەکانی پێشمەرگە کە پێویستیان بە هاوکاری هەبوو، ماوەی تێکۆشان و مانەوەی هەر یەک دوو ساڵ بوو.

٢١- وام لەبیرە بۆ ماوەیەک هێزێکی پێشمەرگەمان بە ناوی هێزی شەهید هەژار بۆ پارێزگاری لە بنکەکانی دەفتەری سیاسی هەبوو. ئەگەر لە هەڵەدام هاورێیان لێم ڕوون بکەنەوە.

**چەند تێبینی:**

١- ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی (ئەگەر بە هەڵە نەچووبم)، لە یەکێک لە پلینۆمەکانی حیزبدا، وێڕای پێکهاتنی ئاڵوگۆڕی بەرچاو لە ڕێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەدا، ناوی زۆربەی هێزەکانی پێشمەرگە گۆرانیان بەسەردا هات، لە هێندێک لە هەرێمەکانیش، چەند هیزی پێشمەرگە تێکەڵی یەک کران و هێزێکی پێشمەرگەیان لێ دروست کرا. بۆ وێنە هێزی زاگرۆس(کە لە تێکەڵکردنی هێزەکانی شەریفزادە، زرێوار و بێستوون) پێک هات. هێزی دووی ڕێبەندان(کە لە تێکەڵکردنی هێزەکانی عەزیز یوسفی و شەهیدانی دیواندەرە و شەهیدانی هەوشار پێک هات). هێزی بێستوون(کە لە تێکەڵکردنی هێزەکانی شاهۆ و دالاهۆ پێک هات)، هێزی قەندیل(کە لە تێکەڵکردنی هێزەکانی ئاوارە و دمدم - هێزی شەهید ئەفشینی پێشوو - پێکهات). هێزی ئاگری (کە لە تێکەڵکردنی هێزەکانی شەهید نەحۆ و سەرگورد عەباسی و شەهید حاتەم پێک هات.)

٢- نامیلکەی "جنگ در کردستان" بە کوردی "شەڕ لە کوردستان" کە لە لایەن کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دیموکرات ئامادە و بڵاو دەکرایەوە، دەیان ژمارەی لێ چاپ و بڵاو بووەتەوە. لەو نامیلکەیەدا ڕاپۆرتی شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی پێشمەرگە مانگ بە مانگ، وەرز بە وەرز و ساڵ بە ساڵ تۆمار کراوە. بە داخەوە لە کاتی ئامادەکردنی ئەم بابەتەدا هیچ ژمارەیەکیم لەبەردەستدا نەبوو، بەڵام کەسانێک کە بیانهەوێت لە سەر شەڕی کوردستان و قارەمانەتی و قوربانیدانی هیزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات توێژینەوە بکەن، سەرچاوەیەکی بە نرخە.

٣- بە مەزەندەی خۆم و بە پێی ناسیاویی ڕابردووم و هێندێک زانیاری، نزیکەی سێ یەکی ئەو هێزانە، کاتی خۆی دەوروبەر یان زیاتر لە پێنج سەد پێشمەرگەیان هەبوو.

١٨ی ئاگۆستی ٢٠٢٥

## هەڵبژاردەیەک لە بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی

### بەبۆنەی ٨٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە

**بەشی نۆدەهەم:**

دیارە لە مێژووی حیزبماندا ئەگەر لاپەڕەی پڕشنگدار و دەسکەوتی جێگای شانازی هەن و یەکجار زۆریشن، بەڵام دیاردە و ڕووداوی زیانبار و نەخوازراویش هەبوون. هەر وەک نموونە لە هێندێک قۆناغ و بڕگەدا حیزبی دێموکرات بە پێچەوانەی ویستی خۆی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوی دیکەی کوردستان، تووشی تێکهەڵچوونی چەکدارانە بووە؛ لەنێوخۆشیدا ئەم حیزبە چەند جار تووشی لێکدابڕان هاتووە کە لە سۆنگەی ئەم جۆرە ڕووداوانە زیانی زۆر هەم بە حیزبی دێموکرات و هەم بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان کەوتوە کە وێڕای بەداخبوون لە بوونی ئەم ڕووداو و دیاردە نەخوازراوانە لە مێژووی حیزبماندا هەوڵ دەدەین دەرسیان لێ فێر بین و پێشی دووپاتبوونەوەیان بگرین.

ڕاستییەکی تاڵە کە دوای هەشتا ساڵ تێکۆشان و قوربانیدان، سەرەڕای ڕەوابوونی ئامانجەکانمان و بەحەقبوونی خەباتەکەمان، هێشتا بە ئامانجی سەرەکیی خۆمان کە ڕزگاریی نەتەوەی کورد لە ئێران لە بندەستی و بێ مافییە، نەگەیشتووین. لە هەموو ئەو مێژووە هەشتا ساڵەیەدا، حیزبی ئێمە هیچ کات لەلایەن ڕێژیمەکانی ئێرانەوە، ڕێگای تێکۆشانی سیاسیی قانوونی پێ نەدراوە؛ ڕێبەری و کادرەکان و ئەندامانی ئەم حیزبە، جگە لە چەند بڕگەیەک، هەموو کات ناچار بوون بە نهێنی لە نێوخۆی شار و گوندەکانی وڵات تێکۆشانیان هەبێت، یان لە شاخ و چیاکان و دوورەوڵاتی و بە شێوەی نائاسایی، لە ژێر ئاگری تۆپخانە و هێرشی هەوایی و پەلاماری نیزامی و پیلانی تێرۆریستیدا، درێژە بە تێکۆشان بدەن. سەرەڕای ئەو هەمووە زەبرەش کە لێی دراوە و ئەو هەمووە قوربانییەی لێی ئەستێندراوە، توانیویەتی لە مەیدانی خەباتدا سەربەرز بمێنێتەوە؛ لە ئامانجە نەتەوەیی و پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی خۆی لای نەداوە، سەربەخۆیی بڕیاردانی خۆی پاراستووە، لە هیچ بارودۆخێکدا دژایەتیی بەرژەوەندەکانی بزووتنەوەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانی نەکردوە و تووشی هەڵە و لادانێکی سیاسیی ئەوتۆ نەبووە کە شەرمەزاری مێژووی خۆی و نەتەوەکەی بێت.

بە شانازییەوە دەڵێین خەڵکی کوردستان لە هەموو هەلومەرجێکدا پشتیوانیی خۆیان لەم حیزبە درێژە پێ داوە و



سەرچاوە
Serchawe

نەیانهێشتووە ڕێگای ڕێبەرانی شەهیدی بێ ڕێبوار و سەنگەری خەباتکارانی لە هیچ قۆناغ و سەردەمێکدا بە چۆلی بمێنێتەوە. ئەمە ڕاستییەکە کە دەیسەلمێنێت ئامانجەکانی ئەم حیزبە و بەرنامە و سیاسەتەکانی، هەڵقوڵاوی ویست و داواکانی خەڵکی کوردستانن. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەمێژساڵە لە ڕێکخراوێکی سیاسیی تایبەت بە چەند توێژ و بەشی خەڵک، یان تایبەت بە بەشێکی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەرچووە و لە ئاستی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا، بووە بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و ئازادیخوازی گشتگیر و سەرانسەری. ئەمەش ڕاستییەکە کە لەم ساڵانەی دواییدا زۆر جار و بە شێوەی جۆراوجۆر ، هەر بۆ نموونە لە ڕەوتی "ڕاپەڕینی ژن، ژیان ئازادی"و لە نەورۆزی میلیۆنیی پڕشکۆی ئەمساڵدا بە ئاشکرا خۆی نیشان داوە. ئەم متمانە گەورەیەی خەڵکی کوردستان بە حیزبی خۆیان، ئەگەر لە لایەکەوە بۆ ڕۆڵەکانی ئەم حیزبە جێگای شانازییە، لەلایەکی دیکەوە ئەرک و بەرپرسایەتیی گرنگیان لە دەسپێکی دەیەیەکی نوێی تێکۆشان، ئەویش لە هەلومەرجی تایبەتی ئەمڕۆی ناوچە و ئێراندا دەخاتە سەر شان. وەک ڕێبەریی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە بەرانبەر ئەم متمانەیەی خەڵکی کوردستاندا سەری ڕێز دادەنەوێنین و ئەرکدار و بەرعۆدەین کە ئەم خۆشەویستی و متمانەیە بپارێزین و بەهێزتری بکەین .

١٨ی ئاگۆستی ٢٠٢٥

# شەڕی پێشمەرگە و ڕێژیمی ئێران

## لە ئاوێنەی ئامارەکاندا(*)

### بەشی بیستەم:

شەڕێک کە بە فەرمانی جیهادی خومەینیی خوێنڕێژ، لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ەوە بە ڕەسمی لە دژی خەڵکی کوردستان دەستی پێکرد،هەتا ئێستاش نەبڕاوەتەوەولە فۆرمی جۆراوجۆردا دژ بە خەڵکی کوردستان و حیزب و ڕێکخراوە خەباتکارەکانی ئەو بەشەی کوردستان درێژەی هەیە. بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات لەگەڵ ئەرتەش و سوپای پاسداران و چەکدارە بەکرێگیراوەکانی دیکەی ئەو ڕێژیمە، تەنانەت دوای ئەوەش کە بە ڕواڵەت دەستیان بەسەر هەموو خاکی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا گرت، لە شێوەی شەڕی پارتیزانیدا، هەتا نێوەڕاستەکانی دەیەی ٧٠ی هەتاوی (دەیەی نەوەدی زایینی) هەر درێژەی هەبوو.

ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئەو شەڕە دڕندانەیەی ڕێژیمی ئێران لەگەڵ خەڵکی کوردستان و زۆر لایەنی خۆڕاگری و بەرەنگاریی حەماسیی هێزەکانی پێشمەرگە، بۆ نەسلی لاوی ئەمڕۆی کوردستان، شاراوە ماونەوە. هەربۆ نموونە تاوانەکانی شەڕ کە ئەرتەش و سپای پاسداران بە هۆی هێزی هەوایی، بە تۆپخانە یان بە ناردنی هێزی چەکدار لە دژی خەڵکی بێدیفاع ئەنجامیان دەدان، کۆشتاری بە کۆمەڵی دانیشتووانی گوندەکان و تالان و سووتاندنی دەیان گوند، ڕۆڵی خەڵک لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو شەڕەدا و جۆری پشتیوانییان لە ڕۆڵە پێشمەرگەکانی خۆیان، بەشداریی هێزی بەرگری، واتە خەڵکی خۆبەخشی گوندەکان کە بە چەکی خۆیان گوند و ناوچەی خۆیان دەپاراست و لە کاتی هێرشی هێزەکانی ڕێژیمدا هاوکاری هێزەکانی پێشمەرگە بوون، لەو شتانەن کە لاوانی ئەمڕۆ زۆر کەمیان لەسەربیستووە و خوێندووەتەوە.

دەسکەوتەکانی پێشمەرگە لەو شەڕانەدا چ بوون؟ دیلەکانی شەڕ چ هەڵسوکەوتێکیان لەگەڵ دەکرا؟ پێشمەرگە تەقەمەنیی پێویست بۆ بەرگریی چۆن دابین دەکرد؟ بریندارەکانی پێشمەرگە و خەڵک لەکوێ دەرمان دەکران؟ و دەیان پرسیاری دیکەی پێوەندیدار بە شەڕی ئەو ڕێژیمە لەگەڵ خەڵکی کوردستان، نەکراون بە هەوێنی نووسین و توێژینەوە و نەوەی ئەمڕۆ شتێکی کەم یان هەر هیچیان لەسەر نازانێت.



سەرچاوە
Serchawe

ئەمڕۆ لە ٤٦ ساڵەی ڕاگەیەندرانی شەڕی کۆماری ئیسلامی لە دژی خەڵکی کوردستان، هەر وەک نموونە هێندێک ئاماری پێوەندیدار بەو شەڕە، هی چەند ساڵی جیاواز بڵاو دەکەمەوە. هیوادارم تـوێژەرانی کوردستان، هەست بە گرنگیی بەرەنگاریی قارەمانانەی هێزەکانی پێشمەرگە و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان لە ساڵانی درێژەکێشانی ئەو شەڕە نابەرانبەرەدا بکەن و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەن. هەروەها هیوادارم حیزبی دیموکرات و ڕێکخراوەکانی دیکەش دەرگای ئەرشیڤەکانیان بخەنە سەرپشت و بەڵگەنامەکانی پێوەندیدار بەو سەردەمە و شەڕی پێشمەرگە و هێزەکانی ڕێژیم، سکان بکەن، بیانکەن بە فایلی PDF و بیانخەنە بەرسەرنجی لێکۆڵەران.

**داواکارم خوێنەران لە دوای خوێندنەوەی ئەم پۆستە وەڵامی ئەم دوو پرسیارە بدەنەوە:**

١- ئەگەر حیزبی دیموکرات و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان، پەنایان بۆ چەک و بەرەنگاریی چەکدارانە نەبردبا، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە چ ئاقارێکدا دەڕۆیشت و چ چارەنووسێکی دەبوو؟

٢- زیانەکانی ئەو شەڕە بۆ خەڵکی کوردستان تا ڕادەیەک لەبەر چاون .ئایا ئەم شەڕە هیچ سوودێکی بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان هەبووە؟

**ئاماری زیان و دەسکەوتەکانی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان و زیانی هێزەکانی ڕێژیم**

**لە١٨ ڕەشەمەی ١٣٦١ی هەتاوی هەتا ١٥ی گەلاوێژی ١٣٦٢:**

ژمارەی کوژراوی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم: ٦٣٣٨ کەس
ژمارەی بریندارەکانی دوژمن:٢١٢٧ کەس
دیلی دوژمن: ٣٢٨ کەس
چەکی قورسی سووتێندراو: ٣٦ قەبزە
ماشێنی سووتێندراو: ٣٦٨ دەزگا
هەلیکۆپتێری پێکراو: ٣ فەروەند
تفەنگی بە دەسکەوتگیراو: ٨٥٦ قەبزە
ئارپی چی و بازووکای بە دەستکەوتگیراو: ١٩ قەبزە



سەرچاوە
Serchawe

گوڵلەی چەکی قورس: ٥٣٦٩

فیشەکی جۆراوجۆر: ١٢٥٨٥٥

پێگەی دەستبەسەرداگیراو: ٤

زیندانیی ئازادکراو لە لایەن حیزبەوە: ٢٠٥ کەس

شەهیدی پێشمەرگە: ٢٤٩ کەس

برینداری پێشمەرگە: ١٦٤ کەس

شەهیدی بێدیفاع: ٣٧٧ کەس

ژمارەی گوللە بارانکراوان لە لایەن ڕێژیمەوە :١٦٥کەس

گوندی سووتێندراو: ١٤ گوند

* سپاسی برای دلسۆز و بە مشوورم کاک حامید دروودی دەکەم کە فایلی PDFی سێ ژمارەی نامیلکەی "جنگ در کردستان"ی بۆ ناردم و بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوودم لێوەرگرتن.

١٩ی ئاگۆستی ٢٠٢٥



سەرچاوە Serchawe

# وەبیرهێنانەوەیەک لە سێ ساڵەی یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکراتدا

## بەشی بیستەویەکەم:

### ئەمڕۆ ٣٠ی گەلاوێژی ١٤٠٤، سێ ساڵ بەسەر یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکراتدا ڕادەبرێت.

کەمتر لە مانگێک دوای یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکرات، ڕۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی و ئێران بە گشتی بە دوای شەهیدکرانی ژینا ئەمینیدا، بوون بە گۆڕەپانی ڕاپەڕینی "ژن، ژیان، ئازادی". کۆمای ئیسلامیی ئێران بە ئاگاداری لە کاریگەریی حیزبی دیموکرات و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەلاتی کوردستان لەسەر ئەم ڕاپەڕینە، بنکە و کەمپەکانی ئەوان لە قووڵایی هەرێمی کوردستانی دایە بەر هێرشی هاژەک و درۆن. لەو کاتەوە هەتا ئێستاش لە گوشارهێنان بۆ سەر دەولەتی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ئامانجی داخستنی بنکە و کەمپەکانیان، چەک کردن و تەنانەت دەرکردنیان لەو وڵاتە، بەردەوامە.

لەگەڵ ئەوەی خەڵکی ڕاپەڕیوی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە سۆنگەی ئەو ڕاپەڕینە سەرانسەرییە، زیاتر لە ١٢٠ کەسیان لێ شەهید کرا، چەند سەد کەسیان بە گوللە بریندار و ئاژن ئاژن کران، بە هەزاران کەسیان کەوتنە بەندیخانە، و تووشی ژیانی نهێنی و دەربەدەری بوون، بەڵام لەدەرفەتەکانی دواتردا و بە تایبەتی لە نەورۆزی خاکیپۆشاندا، سەلماندیانەوە کە ئەوان لە جاران یەکگرتووتر و لەسەر پشتیوانی لە حیزبی دیموکرات و پەیمانی خەبات تا ڕزگاری لە بندەستی، شێلگیرترن. دەتوانین بڵێین کاریگەریی یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکرات لەسەر یەکگرتوویی خەڵک و پەرە ئەستاندنی تین و گوڕیان بۆ ڕاپەڕین و لەمەیداندابوون، لە ڕاپەڕینی ژیناوە هەتا ئیستا لە سەرجەم چالاکییە گشتییەکاندا، هەستپێکراو بووە.

کەواتە ئەو پێشبینییەی لە بەیاننامەی هاوبەشی یەکگرتنەوەدا هاتبوو لەجێی خۆیدابوو: "گومانی تێدا نییە کە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات، دەبێتە دەسپێکی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی ئەم حیزبە لەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و لەدژی هەر عەقڵییەتێکی ناوەندگەرا کە فرەنەتەوەبوونی ئێران و مافە نەتەوەییەکانی پێکهاتە جیاوازەکانی ئێران ڕەت بکاتەوە. هاندەر و ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ ئەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ببێتە هێزێکی

بەشی چوارەم

شوێندانەری ئەوتۆ کە لە هەر ئاڵوگۆڕێکی سەرانسەریدا، حیسێبی تایبەتی بۆ بکرێت.

"هەرلەو بەیاننامەیەدا گوترابوو: "

کەوتنەوە سەریەکی ئەو هەمووە سەرمایە مرۆیی و مەعنەوییە، پشتئەستوور بە جێگە و پێگە و ئێعتبار و خۆشەویستیی کەموێنەی حیزبی دێموکرات لەنێو خەڵکی کوردستان و، دڵگەرم بە دەرسوەرگرتن و وشیاری و ئەزموونی دەوڵەمەند و فرەڕەهەندی ڕێبەری، کادرەکان و سەرجەم تێکۆشەرانی دێموکرات، زۆر دەرفەتی نوێ بۆ حیزبی دێموکرات دەخوڵقێنن".

بەشێکی زۆر لە تێکۆشەران، ئەندامان و دلسۆزانی حیزبی دیموکرات، لەگەڵ ئەوەی لە بارودۆخی ئەم ساڵانەی دوایی ڕێبەری و دامەزراوەکانی حیزب لە هەرێمی کوردستان تێدەگەن و پێکهێنانی کۆنگەرەی یەکگرتنەوە لەم بارودۆخەدا بە سەرکەوتنێک دەزانن، بەڵام لەو بڕوایەدان کە ڕێبەریی حیزب بە باشی لەو هەمووە سەرمایە ماددی و مەعنەوییە کە لە ئەنجامی یەکگرتنەوەدا کەوتوونەوە سەر یەک، سوودی وەرنەگرتووە. ئەو دەرفەتانەی بۆ حیزب و بۆ کاری سیاسیی پێوەندیدار بە ڕۆژهەلاتی کوردستان و ئێران هاتوونەپێش، بە باشی نەیقۆستوونەوە. بە تایبەتی چاوەڕوان دەکرا و دەکرێت کە حیزبی دیموکڕات بە لەبەرچاوگرتنی پێگەی جەماوەریی بێ وێنە و ئەزموون و ئێعتیباری سیاسیی لەمێژینەی، ببێتە چەقی هەوڵەکانی پێوەندیدار بە هاوپەیمانییەکی سیاسی و خەباتگێڕانە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان.

لە سێ ساڵەی یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، جێی خۆیەتی بە ڕێزەوە ئاوڕ لەو ڕووداوە گرنگ و مێژووییە بدەینەوە، هاوکات وێڕای دووپاتکردنەوەی پشتیوانی لە ڕێبەریی هەڵبژێراوی کۆنگرەی یەکگرتنەوە و پێداگرتنەوە لەسەر هاوکاری بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە قورسەکانی، ئەم ڕاستییەشیان بیر بخەینەوە کە تێکڕای قەوارەی حیزب و خەڵکی کوردستان بە گشتی، چاوەڕوانیی جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەیان لێیان هەیە کە لە بەیاننامەی یەکگرتنەوەدا بە دروستی هاتبوون.

٢١ی ئاگۆستی ٢٠٢٥

## حیزبی دیموکرات و هونەر و ئەدەبیاتی بەرگری(*)

### بەشی بیستەودووهەم:

یەکێک لەو ڕەهەندانەی مێژووی حیزبی دیموکرات کە پێموا نییە هیچ کات بە تایبەت و بە دیاریکراوی بووبێتە هەوێنی لێکۆڵینەوەیەکی تێر و تەسەل، یان لە تویی کتێبێک یان بەڵگەفیلمێکی گشتگیردا ئاوڕی لیدرابێتەوە، جێگە و پێگەی هونەرمەندان و ئەدیبان لەو حیزبەدا و کاریگەریی دوو لایەنەی حیزبی دیموکرات و هونەر و ئەدەبیاتی کوردی، بە تایبەتی هونەر و ئەدەبیاتی بەرگری لەسەر یەکترە.

لە سەردەمی ژێکافەوە هەتا ئێستا، هەموو کات ژمارەیەکی زۆر شاعیر، نووسەر، زمانەوان، وەرگێڕ و هونەرمەندی بواری جۆراوجۆر، لە ڕیزەکانی ئەم حیزبەدا خزمەتیان کردووە، ئامانجە نەتەوەییەکانی ئەم حیزبەیان بە ئامانجی خۆیان زانیوە و توانایی ئەدەبی و بەهرەی هونەریی خۆیان خستووەتە خزمەت بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و ئازادیخوازانە کە ئەم حیزبە ڕێبەرایەتیی کردووە. کەم شاعیری بە ناوبانگی ٨ دەیەی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەن کە زۆربەی تەمەنیان، یان لە چەند قۆناغێکدا، سێبەری خۆشەویستیی ئەم حیزبەیان بەسەرەوە نەبووبێت و سایەی ئەوان لەسەر چاپەمەنی و ڕاگەیەنەکان و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە نەبووبێت. ئەم قسەیە لە بارەی بەشێکی بەرچاو لە گۆرانیبێژە ناسراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە نیو سەدەی یەکەمی تەمەنی ئەم حیزبەدا هەرراستە.

داسەپانی شەڕ لە لایەن ڕێژیمی ئاخوندەکانەوە بە سەر خەڵکی کوردستان و حیزبی دیموکراتدا، مەیدانی هاوکاریی نووسەران، هونەرمەندان و بە گشتی بژاردەکانی کوردستانی زۆر تەسک کردەوە، چونکە دەبا وەک تێکۆشەرانی ئەم حیزبە ڕوویان کردبا چیاکان و لە بەرگ و سەنگەری پێشمەرگەدا ژیابان و خزمەتیان کردبا، یان بە نهێنی و لەژێر دەسەلاتی ئەو ڕێژیمە درندەیەدا، هاوکاریی حیزبی دیموکرات و خەباتە شۆڕشگێڕانەکەیان کردبا، کە ئەمەش ڕیسکێکی گەورە بوو و ئەنجامێکی پڕ مەترسیی لێ چاوەڕوان دەکرا. بەو حاڵەش ڕیزی تێکۆشەرانی ئاشکرای حیزب هیچ کات لەو ئەدیب و هونەرمەندانەی بۆ خزمەتکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێرانەی کوردستان بوون بە پێشمەرگە، چۆڵ نەبووە. هاوکات هەموو کات لەنێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا، زۆر بوون ئەو قەڵەم و بەهرە ئەدەبی و هونەرییانەی سەرەرای هەموو مەترسییەکان، لە پشتیوانی و هاوکاریی بە نهێنیی حیزبی دیموکرات و خەباتە ڕەواکەی غافڵ نەبوون.

هەروەک یاد کردنەوەیەک لە گرنگیدانی حیزبی دیموکرات بە تێکۆشانی هونەری و ئەدەبی و، کاریگەرییەکەیان لە سەر

خەباتی نەتەوەکەمان، ئەم هەڵبژاردەیە لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بۆ کۆنگرەی پێنجەم (سەرماوەزی ١٣٦٠. دیسامبری ١٩٨١)تان دەخەمە بەر سەرنج:

"حیزبی ئێمە هەموو کاتێک ڕێزێکی تایبەتی بۆ هونەر و هونەرمەندان و نووسەران و شاعیران داناوە. ئێستا کە ڕێژیمی خومەینی ڕێگای پەرەگرتنی هەموو چەشنە هونەرێکی لە سەرانسەری ئێراندا بەربەست کردوە، بەرەو پێشچوونی هونەر لە کوردستانی ڕزگارکراوەدا ئەهەمییەتێکی تایبەتی هەیە. حیزبی ئێمە بۆ پێکهێنانی کۆڕی تیئاتر و مۆسیقی هەوڵێکی بەنرخی داوە و ئەم کۆڕانە لە زۆر شار و گوندی کوردستان بەرنامەیان گێڕاوە. لە هونەری دروستکردنی پۆستەر و پلاکارد و تەنانەت لە پەیکەرتاشینیشدا دەسکەوتی بەنرخمان هەبووە. هەروەها بە ڕێنوێنیی حیزب و هاوکاریی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان زۆر فیلمی باش و شۆڕشگێڕانە لە گوندەکانی کوردستاندا نیشان دراون. بەشی فیلم هەڵگرتنی حیزب توانیویەتی یەکەم فیلمی خۆی لە وەزعی ژیان و خەباتی گەلی کورد ئامادە بکا کە هیوادارین ئەوە ببێتە سەرەتا بۆ پەرەئەستاندنی هونەری فیلم و سینەمای نەتەوەیی لە کوردستاندا. بەو بۆنەیەوە لە هەموو ئەو هاوڕێیانە کە بۆ پێشخستنی هونەر زەحمەتیان کێشاوە سوپاس دەکەین و هیوادارین لەکاری خۆیاندا سەرکەوتنی زیاتر و دەست بێنن.
بەشانازییەوە دەبێ بڵێین کە حیزبەکەمان لەم سێ ساڵەی دواییدا خزمەتێکی زۆری بە پێشخستنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی کردوە. نەک هەر پشتیوانیی لە شاعیران و نووسەرانی کورد کردوە، بەڵکوو بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و بەیاننامە و چاپەمەنیی حیزبی بە زمانی کوردی لە لایەک ڕووناکبیرانی فێری خوێندنەوە و نووسینی زمانی کوردی کردوە و لە لایەکی دیکەشەوە زمانەکەمانی پتر دەوڵەمەند کردوە و پەرەی پێ داوە." (بەڵگەنامەکانی گۆنگرەکان، بەرگی یەک، ٢٠٢١، لاپەرە ٢٠٤)

* مەبەستی من لە ورووژاندنی ئەم باسە لە چوارچێوەی یادی هەشتا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتدا ئەوەیە لە لایەک سەرنجی توێژەران بۆ لای پرس و بابەتێک ڕابکێشم کە بە داخەوە هەتا ئێستا ئاوڕی پێویستی لێ نەدراوەتەوە و توێژینەوەی لەسەر نەکراوە. لە لایەکی دیکە دەرفەتێک بخوڵقێنم تا خوێنەرانی ئەم بابەتە یادێک بکەنەوە لەو کەسانەی ڕۆڵیان هەبووە لە بەرهەمهێنانی سروود و گۆرانیی شۆڕشگێڕانە، وێنەگرتن و دروستکردنی بەڵگەفیلمی پێوەندیدار بە خەباتی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی کوردستان، نەخشاندنی چاپەمەنیی حیزبی دیموکرات بە خۆشنووسی، کاریکاتۆر، وێنەکێشان و تەڕاحی، پەرەپێدەرانی وەرزش و شانۆگەری و نووسینی شێعر و کورتەچیرۆک و ڕۆمان و فۆڕمەکانی دیکەی ئەدەبیاتی بەرگری.

٢٤ی ئاگۆستی ٢٠٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## سوارە ئێلخانیزادە و حیزبی دیموکراتی کوردستان
## لەبەر ڕووناکیی کتێبی "ئێعجازی ئەنگوستی پاکی محەمەد(*)"

### بەشی بیستەوسێهەم:

چەند مانگێک لەمەوبەر داوام لە کاک تاهیر قاسمی کرد کە نوسخەی pdf ی کتێبی "ئێعجازی ئەنگوستی پاکی محەمەد" - کە بەرهەمی نووسین و لێکۆڵینەوەی خۆیەتی-م بۆ بنێرێت .لەگەڵ ئەوەی ئەم کتێبە هەتا ئێستا دوو جار چاپ و بڵاو بووەتەوە، من هەر تووشی نەهاتبووم و نەمخوێندبۆوە. بۆیە هەر کە "ئێعجازی ئەنگوستی پاکی محەمەد"م بۆ هات، دەستم کرد بە خوێندنەوەی. کتێبەکە هەروەک لە پاشناوەکەشیدا هاتووە "خوێندنەوەی شێعری سوارە لە ژێر تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا"یە کە لە پێشەکییەک، یازدە وتار، لیستی سەرچاوەکان و لیزگەی ناوەکان پێک هاتووە.

وەک نیەتم لێ هێنابوو بە قووڵی خەریکی خوێندنەوەی وتار بە وتاری ئەو کتێبە بووم. لای خۆم فایلێکم کردەوە و لەگەڵ خوێندنەوەی هەر وتارێکدا، دەستکەوت و سەرنجی خۆم لە فایلەکەدا تۆمار دەکرد. گەیشتبوومە کۆتایی وتاری "خەوە بەردینە، حەماسەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان" کە بەهۆی هێندێک کار و ئەرکی ڕاسپێردراو، خوێندنەوەی ئەم کتێبەم ڕاگرت و چوومە سەر جێبەجێکردنی کارەکانی دیکە. ئەم ڕۆژانە کە لە گەرمەی یادکردنەوەی هەشتا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتدا گەڕامەوە سەر خوێندنەوەی کتێبەکە، تا دەستکەوت و سەرنجەکانم بکەم بە هەوێنی بابەتێک لە بۆنەی هەشتا ساڵەی دامەزرانی حیزبدا، فایلی گۆرینم لێ غەیب بوو. هەرچی هارد و هەرچی فولدێری هەمە پشکنیمن، بە چەندین وشەکلیل لەنێو فایلەکانمدا بەدوایدا گەڕام، بە داخەوە دەستکەوتم نەبوو و ڕەنج بە خەسار هاتمەدەر. بەم حالەش پێم ناتەواویەکی گەورە دەبێت ئەگەر لە کەشوهەوای یادی هەشتا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتدا لەژێر ڕووناکیی ئەم کتێبە بە نرخەی کاک تاهیر قاسمی، یادێک لە ڕەنگدانەوەی هەوراز و نشێوەکانی ژیان و تێکۆشانی ئەم حیزبە لە شێعری سوارەدا نەکەینەوە.

ڕاستییەکەی من هیچ کات هەموو شێعر و نووسینی سوارە ئێلخانیزادەم بەسەر یەکەوە نەخوێندبۆوە. دیارە کەمتاکورتێک ئاگاداری ژیانی پڕ چەرمەسەری، چوونە بەندیخانە، کارکردنی لە رادیۆی کوردیی تاران و نووسینی بەرنامەی "تاپۆ و بوومەلێڵ"ی بووم، چەندین وتوویژ و بیرەوەریم کە باسیان لەو شاعیرە نوێخواز و شوێندانەرەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کردبوو، خوێندبوونەوە. جارێکیش زیندەیاد مامۆستا مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی لە بنکەی نوێنەرایەتیی حیزبی دیموکرات لە بەغدا بە ئامادەبوونی شەهید محەممەد حەسەنپوور و کاک سمایل بازیار، زۆر بیرەوەریی لەبارەی سوارەی جوانەمەرگ-ەی ئەو کاتەی پێکەوە لە بەشی کوردیی رادیۆی تاران هاوکار بوون- بۆ گێڕاینەوە. بەڵام هەتا ئەم کۆمەڵە وتارەی کتێبی "ئیعجازی ئەنگوستی پاکی محەممەد"م نە خوێندبۆوە، نەمدەزانی سوارەی ئێلخانیزادە، ئەوەندە لە خولگەی حیزبی دیموکراتدا بووە و ڕووداوەکانی ژیانی ئەم حیزبە بەم قووڵییە کاریگەرییان لەسەرداناوە و لە شێعرەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە.

**تاهیر قاسمی لە پێشەکیی کتێبی ناوبراودا دەنووسێت:** "سوارە بۆ خۆشی تێکۆشەرێکی سیاسی و بە پێی نێوەرۆکی شێعرەکانی، حیزبی بوو. ململانێ بۆ بەرگری و پشتیوانی لە حیزبەکەی و ڕێبازە سیاسییەکەی لە شێعرەکانیدا بە هەراوی ڕەنگی داوەتەوە. لێ ئەو هێڵە سیاسی و حیزبییە کە بە شێوەی سەمبولیک لە زۆربەی شێعرەکانیدا هاتووە، دوای کۆچە یەکجارییەکەی لەنێو ململانێ سیاسی و حیزبییەکاندا بێ خاوەن کەوت".

نووسەر، لە بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکەیدا خوێنەر لە گەڵ بارودۆخی سیاسی - کۆمەڵایەتیی دەیەی چلی هەتاوی کە زۆربەی شێعرەکانی سوارەی تێدا بەرهەم هاتووە، هەروەها هەلومەرجی سیاسیی سەردەم لە ئاستی ئێران و جیهاندا کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر تێکۆشەرانی کورد لە شاخ و لە زانکۆکان هەبووە، ئاشنا دەکات. لەبەشەکانی دواتردا خوێندنەوەی خۆی بۆ هەر کام لە شێعرە بە ناوبانگەکانی سوارە )وەک شار، بانگەوازی پەنجەرە، خێڵی درۆ، شەنگەسوار، کچی بەیان، خەوە بەردینە، سروەی بەیانی، تۆ دەریامی و دوو شێعری تر) کە کاریگەریی راستەوخۆی ڕووداوە سیاسییەکانیان بەسەرەوەیە و کاردانەوەی جۆری تێکۆشان و خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستانن، دەخاتە ڕوو.

تاهیر قاسمی لە ڕەوتی ئامادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە و خوێندنەوەیەی خۆی بۆ شێعرەکانی سوارەدا، هەر بە لێکدانەوە و شەنوکەو کردنی شێعرەکانی سوارە وازی نەهێناوە، بەڵکوو زۆربەی ئەو نووسین و لێکۆڵینەوانەی پێوەندییان بە شێعری سوارەوە هەبووە، هەروەها دەیان کتێب و سەرچاوەی پێوەندیدار بە هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتیی سەردەمی ژیانی ئەو شاعیرەی سەنگ و سووژن کردوون بۆ ئەوەی لە کردنەوە و شکاندنی کۆدەکانی نێو شێعرەکانیدا و لە دۆزینەوەی داو و سەرەداوەکانی پێوەندیی بیر و خەیاڵ و ڕوانینی سوارە بە حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕێبەران و تێکۆشەران و ڕووداوەکانی، سەرکەوتنی زیاتر بە دەست بێنێت. بەش بە حاڵی خۆم لە زۆر لە نموونەکاندا، بە سەرکەوتووم هاتە بەرچاو و سوود و چێژم لە لێکدانەوەکانی وەرگرت. هەر بۆیە بە درەنگەوە و لێرەوە دەستخۆشیی لێدەکەم. هیوادارم هەموو ئەو کەسانەی دەیانەوێت بە چاوێکی کراوەتر بڕواننە باوەڕی کوردایەتی و بیر و بۆچوونی سیاسیی "سوارە ئێلخانیزادە" و

بەشی چوارەم

شارەزای هۆگری و خۆشەویستییەکەی لە ئاست حیزبی دیموکراتی کوردستان بن، کتێبی "ئێعجازی ئەنگوستی پاکی محەمەد" بخوێننەوە.

* دەستەواژەی "ئێعجازی ئەنگوستی پاکی محەمەد"، دێرە شێعرێکی "خەوەبەردینە"، بەناوبانگترین شێعری سوارەی ئێلخانیزادەیە. بە لێکدانەوەی توێژەر، مەبەستی شاعیر لە بەکارهێنانی ئەم تەعبیرە، ڕۆڵی پێشەوا قازی محەمەدە کە بە دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و بە ئەستۆ گرتنی سەرۆکایەتییەکەی، ڕێچکەی مێژووی نەتەوەی کوردی گۆڕی.

٢٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٥

## ئەرشیف یان بێ ئەرشیڤی لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا!!

### بەشی بیستەوچوارەم:

یەکێک لەو بابەتە گرنگانەی لە ئاوڕدانەوە لە مێژووی حیزبی دیموکراتدا شیاوی هەڵوێستە لەسەر کردنن، نەبوون یان لاوازیی ئەرشیڤداری لەم حیزبەدایە. ئەم حیزبە ئەگەرئەرشیڤیشی هەبێت، ئەرشیڤێکی ناوەندیی نییە، ئەگەر ئەرشیڤی ناوەندییشی هەبێت - کە نییەتی-، تایبەت بە چەند قۆناغێک لە تێکۆشانی بەشێک لەو حیزبەن، نەک هی سەردەمێک بۆ وێنە سەردەمی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧.

هۆیەکی سەرەکی بۆ ئەم دۆخە دڵتەزێنەی ئەرشیف لە حیزبی دیموکراتدا، دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمیی ڕێبەران و نەزانینی قەدری ئەم کارە بە نرخە. دیارە ئەمە یەکێک لە هۆیەکانە، هۆی دووهەم ئەو بارودۆخەیە کە ڕێبەریی حیزبی دیموکرات تێیدا بووە. لە دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ەوە، بەشی سەرەکیی و هەرە گەورەی ڕێبەریی ئەم حیزبە لەسەر خاکی کوردستان بووە نەک لە وڵاتانێکی ئازاد و ئەمین. ئەو کاتەی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب و کۆمیتە شارستانەکان لە خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا جێگیر بوون، کەم وا هەبوو سێ ساڵ لەیەک شوێن بمێننەوە و هێرشی تۆپخانە و فڕۆکە و هێرشی هێزی زەوینیی ڕێژیمی ئێرانیان لەسەر نەبێت. هەموو جارێش کە ئەو بنکانە ناچار بە گوێزتنەوە دەبوون، بەهۆی لەژێر ئاگر و ئاسنداببوونی ڕێگا وبانەکان، کەمبوونی کەرەستەی گوێزتنەوە و نزیککەوتنەوەی هێزەکانی دوژمن، دەربازکردنی بەڵگەنامە گرنگەکان یەک لە ئەرکە پێویستەکان بووە. هێندێک جار جگە لە سووتاندنیان هیچ چارەیەکی دیکە نەبووە. بەڵام ئەو کاتەی بنکەکانی حیزب لە هەرێمی کوردستاندا جێگیر بوون، ڕاگرتنی بەڵگەنامە و پاراستنیان هاسانتر بوو. هەم جێگا هەبوو، هەم ئەمنیەتێکی ڕێژەیی، تەنیا شتێکی کە نەبوو عەقڵیەت و سیستەمی گرنگیدان بە ئەرشیف بووە.

با نموونەیەک لەو ڕووداوانەی بۆ خۆم شایەدیان بووم بێنمەوە. کاتێک هەواڵی تێرۆری د.قاسملووبڵاو بۆوە، زۆر حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتیی بیانی، کورد و ئێرانی، پەیام و نامەی سەرەخۆشییان بۆ ڕێبەریی حیزب نارد. شاعیران، نووسەران و کەسایەتیی جۆراوجۆر بە ناردنی شێعر و پەخشان و وتەی ئەدەبی، هاوخەمییان لەگەڵ حیزبی دیموکرات نواند. ئەم جۆرە بابەتانە لە پێشدا دەچوون بۆ ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران، چونکە بەرنامەکانی ڕادیۆ ڕۆژانە بوون، دواتر نوسخەی ئەسلی یان کۆپییەکی پەیام و بابەتە گرنگەکان، بۆ دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان" ڕەوانە دەکران هەتا لە

ڕۆژنامەشدا هەڵبژاردەیەک لەوان بڵاو بکرێنەوە. لە دەستەی نووسەران عادەت وابوو دوای بەستنی هەر ژمارەیەکی ڕۆژنامەی "کوردستان"، دەستنووسی وتار و بابەتەکانی ڕۆژنامەمان دەخستە سەتڵی زبڵ و دوایەش دەمانسووتاندن. لەگەڵ ئەوەی لەنێو ئەو پەیام و وتارانەی بە بۆنەی شەهید بوونی دکتۆر قاسملوو و کاک عەوڵای قادری ئازەرەوە بۆمان دەهاتن، پەیامی کەسایەتیی ناودار تەنانەت بە دەسخەتی خۆیان هەبوو، هیچ کەس لە ڕێبەریی ئەو حیزبە و لە بەرپرسانی دەزگای ڕاگەیاندنی حیزب، بە من یا هاوکارانمی نەکوت، هێندێک لەو دەسخەت و لەو بەڵگەنامانە بپارێزن، چونکە بایەخی سیاسی و مێژووییان هەیە! من کە هەر لە منداڵییەوە و لە ژیانی تاکەکەسیی خۆمدا هەمیشە گرنگیم بە پاراستنی دەسخەت و نامە و وێنە و ئەو جۆرە شتانە داوە، بە تایبەتی دوای دیتنی پەیامی سەرەخۆشیی مام جەلال بە دەستخەتی خۆی، لای خۆم بڕیارمدا هێندێک لەو دەسخەتانە بپارێزم. (نموونەیەکی دیکە لەم کەمتەرخەمیانە لە کۆمێنتی یەکەمدا بخوێننەوە).

لە ڕاستیدا پاراستنی ئەرشیف و گرنگیدان بە هەڵگرتنی بەڵگەنامە لە ئۆرگانەکانی حیزبی دیموکرات لە سەرێ ڕا بۆ خوارێ، زیاترپێوەندیی بە میزاج و تێگەیشتن و ڕادەی هەست بە بەرپرسایەتیکردنی بەرپرسان و کاربەدەستانەوە هەبووە. بۆ نموونە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران یەک لەو ئۆرگانانە بووە کە بەرنامەکانی خۆی (هەم بە کاغەز هەم بە کاسێت) بە باشی پاراستوون. وەک تاکیش لە نێو ڕێبەرانی حیزبدا، نەمران کەریمی حیسامی و جەلیل گادانی لەو کەسانەبوون کە قەدری بەڵگەنامەکانیان زانیوە و پاراستوویانن .لەم ساڵانەی دواییدا، کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کارێکی بەنرخی دەست پێکرد کە تایپکردنەوەی بەڵگەنامەکانی کۆنگرەکان و چاپکردنیان لە دوو بەرگ کتێبدا، هەروەها سکانکردنی بەشێک لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی پێشووی حیزب و ئامادەکردنیان بە شێوەی فایلی pdf ودانانیان لە ماڵپەرە سەرەکییەکانی حیزبدا بووە. دیارە ئەوەندەی بیستوومە ڕێبەریی حیزب بەشێک لە ئەرشیڤی حیزبی لە یەک یان دوو شوێنی گونجاو داناوە کە پێموایە زیاتر بەڵگەنامە نیوخۆییەکانی حیزب(تایبەت بە کۆنگرەکان)یان تێدایە و زۆر بەڵگەنامەی گرنگ، چاپەمەنییەکانی حیزب و شتی گرنگی دیکە، هێشتا لە ئەرشیڤی حیزبدا نین. بە کورتی ساخکردنەوەی ئەرشیڤی حیزبی دیموکرات ئەرکێکی زۆر پێویستە ، کە بەرنامە بۆ دانان و هەنگاوی تایبەت بە خۆی دەبێ بۆ هەڵ بگیرێت.

٢٨ی ئاگۆستی ٢٠٢٥

## با خەمێک لەو گەنجینانە بخۆین کە خەریکن تێدا دەچن!

### بەشی بیستەوپێنجەم:

یەکێک لە کەرەستەکانی نووسینەوەی مێژوو، بیرەوەریی ئەو کەسانەیە کە بۆخۆیان لەنێو ڕووداوەکانی ئەو مێژووەدا بوون. لەنێو تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، نووسینەوەی بیرەوەریی لەم چەند دەیەی دواییدا ڕووی لە زیادبوون کردووە. دیارە ئەگەر لە حەق دەرنەچین و بمانەوێ حەقی خۆی پێ بدەین، پێشەنگ و ڕچەشکێنی ئەم ڕەوتە لە سەدەی ڕابردوودا، نەمر کەریمی حیسامی بوو. کاک کەریم جگە لەوەی ڕووداوەکانی ژیانی خۆی هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی، بەشی زۆریشیان پشت ئەستوور بە یادداشتی ڕۆژانە، بە زمانێکی سادە و ڕەوان گێڕابووەوە، لە توێی بیرەوەرییەکانیدا، دەیان بەڵگەنامەی بە نرخیشی چاپ و بڵاو کردبوونەوە .

بۆ نووسینەوەی بیرەوەری، چەند شتێک پێویستن. وێڕای لەبیرمانەوەی ڕووداوەکان و توانای گێڕانەوە و وەسفکردنی ڕاستگۆیانەیان، خوێندەواری ولانی کەمی توانایی نووسین پێویستە. بە داخەوە بە سەدان تێکۆشەران لە ڕیزەکانی ئەم بزووتنەوەیەدا هەن کە یان هەر خوێندەوارییان نیە یان خوێندەوارییەکی زۆر سەرەتایی و کەمیان هەیە. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە زۆربەی ئەوان لە دەیەکانی ڕابردوودا،ڕۆڵ و کاریگەریی بەرچاویان لە تێکۆشانی حیزبی و خەباتی پێشمەرگانەدا هەبووە، ڕێکخەر و فەرماندەر و بەشدار و شایەدی دەیان چالاکی و حەماسەی قارەمانەتی و بەرەنگاری دژی دوژمنی هێرشکەر بوون. لە بەندیخانەکانی ڕێژیمدا، لە سەنگەری پێشمەرگایەتیدا و لە قۆناغ و مەیدانی جیاوازدا، کۆمەڵێک هاوڕێ و تێکۆشەری خۆڕاگر و خەباتکاریان ناسیوە کە شەهید بوون و ئێستا لە ژیاندا نەماون. ئەم جۆرە کەسانە کە بەداخەوە تەمەنیشیان هەڵکشاوە و لە مردن یان لانیکەم لە ئەگەری لە بیرچوونەوەی وردەکاریی ڕووداوەکان نزیک بوونەتەوە، بەو هۆیەوە کە نەخوێندەوار یان کەم خوێندەوارن، نە بۆخۆیان بیرێکیان لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانیان کردووەتەوە، نە کەسانی دەوروبەروهاوڕێ و هاوسەنگەرانیان، بەرنامەیەکیان بۆ ئەم مەبەستە هەیە. دیارە بە دوای پەیدابوونی کەناڵە تەلەڤیزیۆنییەکانی وەک "تیشک" و "کوردکاناڵ"، هەوڵ دراوە لەگەڵ ژمارەیەک لەوان گفتوگۆ پێک بهێنرێت و گۆشەیەک لە ژیان و بیرەوەرییەکانیان تۆمار بکرێت، بەڵام ئەمە ناتوانێ جێگای نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی ئەوان بگرێتەوە.

بەشی چوارەم

هەر لەم ماوەیەی ڕابردوودا لە فەیسبووک چەند جارکۆمێنتی ئەو جۆرە کەسانەم دیتووە کە بۆخۆیان لەنێو ڕووداوە ئاماژەپێکراوەکاندا بوون و تێبینییان لە سەر گێڕانەوەکان هەبووە. کە داوام لێکردوون ئێوەش بیرەوەریی خۆتان لەم ڕووداوانە بنووسنەوە، ئاماژەیان بە کەم خوێندەواری و نەبوونی توانایی نووسینی کتێب و...هتد کردووە. من کەمتەرخەمی لە ئاستی بیرەوەریی ئەو جۆرە کەسانە بە کەمتەرخەمی لە ئاست مێژووی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی کوردستان و کەمتەرخەمی لە ئاست خودی ئەو جۆرە تێکۆشەرانە دەزانم. بە لەدەستچوونی ئەو هاوڕێیانە و تۆمارنەکرانی بیرەوەرییەکانیان، ئەوڕاستییانە دەبنە قوربانی کە ئەوان ئاگایان لێیە؛ ئەو تێکۆشەرانە و ئەو مرۆڤانە ستەمیان لێدەکرێ کە ئەوان ناسیویانن و شایەدی دڵسۆزی وخۆڕاگری و ئازایەتییان بوون، بەڵام ناتوانن ئەم شایەدیدانەی خۆیان لەبارەیان بنووسنەوە. پێشنیاز و داوای من ئەوەیە:

ئەو بەشە لە تێکۆشەرانی دیموکرات و بزووتنەوەی کوردستان کە کەم خوێندەوارن، با هەوڵ بدەن هەر جارەی یەکێک لە بیرەوەرییەکانی خۆیان لەسەر کاسێت (یان بە یارمەتیی ئەو ئەپ و بەرنامانەی تۆمارکردنی دەنگ کە لەسەر موبایل و لاپتۆب هەن)، بگێڕنەوە و بیپارێزن. دەکرێ پێش تۆمارکردنی دەنگەکە یان ڤیدیۆکە، ڕێکەوتی ڕووداوەکە، ناوی ئەو شوێنانەی چالاکی یان ڕووداوەکەیان لێ بەڕێوەچووە، ناو و ڕۆڵی بەشدارانی ڕووداوەکە، لەسەر کاغەزێک یادداشت بکەن بۆ ئەوەی لە کاتی گێڕانەوەدا، ناو و کات و شوێنەکانیان لەبیربمێنێت. بنەماڵە و کەسوکار و هاوڕێ و هاوسەنگەرانیشیان لەم بارەیەوە دەبێت هەست بە بەرپرسایەتی بکەن؛ چونکە لەوانەیە ژمارەیەک لەو تێکۆشەرە کەم خوێندەوارانە، نەزانن کار بەم ئامێرانە بکەن و بۆ تۆمارکردنی بیرەوەرییەکان پێویستیان بە هاندان و هاوکاری هەبێت. ئەمە ڕێگایەکە بۆ نەفەوتانی بیرەوەرییەکان. لە قۆناغی دواتردا، پێویستە گێڕانەوەکان لەسەر کاغەز پیادە بکرێن و کەسێکی جێی متمانە و گونجاو، لەباری زمانی و ئەدەبی پێیاندا بچێتەوە بۆ ئەوەی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ئامادە بکرێن. تەنانەت ئەگەر خاوەن بیرەوەرییەکان پارە و ئیمکانی چاپی کتێبەکە لە چاپخانەشیان نەبێت، دەکرێت دوای ئامادەکران لەگەڵ وێنە و نامە و بەڵگەنامەی پێوەندیدار بەو کەسە و بەو بیرەوەرییانە وەک فایلی PDF لە ئەنترنێت بڵاو بکرێنەوە. گرنگ ئەوەیە هەموومان لە ئاست ئەو گەنجینە بە نرخانە هەست بە بەرپرسایەتی بکەین و پێش ئەوەی لەدەستمان بچن، خەمێکیان لێ بخۆین.

٣٠ی ئاگۆستی ٢٠٢٥

## دووانە تەبا و ناتەباکانی مێژووی حیزبی دیموکرات"

### بەشی بیستەوشەشەم:

دەمەوێت دەفتەری ئەم زنجیرە نووسینانەی تایبەت بە هەشتا ساڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ببەستم .ئەگەرچی هێشتا دەیان پرس و بابەت هەن کە پێویست دەکات بورووژێندرێن و قسەیان لەسەر بکرێت، بەڵام نامەوێت چی دیکە خوێنەران و دۆستانم لە فەیسبووک بێزار بکەم. بۆیە دەڵێم بێزار، چونکە سروشتی ئەم بابەتانە وایە کە دەبێت کەمێک درێژ بنووسرێن بۆ ئەوەی پەیامەکە بگات، ئەمەش بەدڵی خوێنەرانی پۆستی فەیسبووکی نییە، سپاسی ئەو بەڕێزانەش دەکەم کە سەرەڕای درێژ و زنجیرەیی بوونی باسەکان هەتا کۆتایی لەگەڵم هاتوون.

بۆ کۆتایی ئەم زنجیرە ئاوڕدانەوەیەی تایبەت بە مێژووی هەشتا ساڵەی حیزبی دیموکرات، پێم باشە سەرنجی خوێنەران بۆ لای "دووانە تەبا و ناتەباکان"ی مێژووی حیزبی دیموکرات ڕابکێشم. مەبەستم ئەو چەمک و دیاردە و تایبەتمەندییانەن کە بە ڕواڵەت لەگەڵ یەکتر نەگونجاو و ناتەبان، بەڵام بە درێژایی مێژووی حیزبی دیموکرات لەو حیزبەدا پێکەوەهەبوون و هەتا ئێستاش لەم حیزبەدا هەرماونەوە.

بە نموونە ئەم حیزبە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، باسی لە سەربەخۆیی کوردستان کردووە و هەموو کاتیش سەربەخۆیی بە مافی بێ ئەم لا و ئەو لای نەتەوەی کورد زانیوە، بەڵام خودموختاری و دواتر فیدراڵیزمی وەک ڕێگا چارەی پرسی نەتەوەی کورد لە ئێرانێکی دیموکراتیکدا کردووە بە ئامانجی بنەڕەتیی خۆی. بۆچی؟ یان ئەم حیزبە لەکاتێکدا داواکاری چارەسەری پرسی نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی ئێراندایە، هیچ کات نەیویستووە ببێتە حیزبێکی سەرانسەری(لەئاستی ئێراندا) و هەر کوردستانی و ناوچەیی ماوەتەوە. دووانەیەکی دیکە، نەتەوەیی بوون و چەپبوونی ئەم حیزبەیە. لەگەڵ ئەوەی حیزبی دیموکرات ئاڵاهەڵگری پرسێکی نەتەوەییە، بەڵام لانی کەم لە کۆنگرەی سێهەمی خۆیەوە سۆسیالیزمیشی وەک ئامانجی دوارۆژی خۆی هەڵبژاردووە و بیری چەپ هەتا ئێستاش بە بەرنامە و ئەدەبیاتەکەیەوە دیارە.

لەگەڵ ئەوەی حیزبی دیموکرات ئەستوندەکی بەرەنگاریی چەکداری بەرامبەر دوو ڕێژیمی شایەتی و کۆماری ئیسلامیی ئێران

بەشی چوارەم

بووە، بەڵام هەموو کات چارەسەری ئاشتیخوازانەی لە پەنابردن بۆ شەڕ پێ باشتر بووە؛ ڕێبەرە تیرۆرکراوەکەی لەگەرمەی خەباتی چەکدارییی ئەم حیزبەدا کراوە بە کاندیدای خەلاتی ئاشتیی نۆبێل و خودی حیزبەکەش خۆی بە حیزبێکی ئاشتیخواز دەزانێت.

ئەم حیزبە، کوردستان بە یەک وڵات(ی داگیرکراو) و کورد بە یەک نەتەوە (ی دابەشکراو)دەزانێت و لە خەباتی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان پشتیوانی دەکات، بەڵام خۆی تەنیا بە حیزبی پارچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانێت. ئایا ئەم دووانەش پێکەوە ناتەبا نین؟ نەریتیبوون و نوێخواز بوونیش، دوو دووانەن کە ئەگەرچی بەپێی لۆژیک دەکەونە بەرامبەر یەکتر، بەڵام لەیەک کاتدا دوو باڵی فڕینی ئەم حیزبە پێکدێنن. هەروەها ئەگەرچی خەباتی شۆڕشگێڕانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، قورسایی مێژووی ئەم حیزبە پێکدێنێت، بەڵام پشتیوانی لە مێتۆد و داوای ڕێفۆرمخوازانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قۆناغی جیاوازادا، جێگایەکی دیاریان لە سیاسەتەکانی ئەم حیزبەدا هەبووە.

دەکرێ بڵێین ڕازی مانەوەی ئەم حیزبە و بەرینبوونەوەی قۆناغ بە قۆناغ زیاتری خۆشەویستییەکەی، هەتا ڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ موهەندیسیی ڕێبەریی حیزبی دیموکرات لە پێکەوە حەواندنەوەی ئەم دووانە تەبا و ناتەبایانەدا.

ساڵی ٢٠١٩ لە ڕۆژنامەی"کوردستان"دا، زنجیرە نووسینێکم بۆ باس لەم چەمک و دیاردە و تایبەتمەندییانەی حیزبی دیموکرات تەرخان کرد کە دواتر بە شێوەی نامیلکەیەکیش چاپ و بڵاوم کردەوە. ئەو کەسانەی پێیان خۆش بێت گۆشەنیگای نووسەری ئەم دێڕانە لەم پێوەندییەدا بخوێننەوە، دەتوانن لەم لینکانەی خوارەوەدا، نامیلکەکە بەدەست بێنن:

٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٥

(بەشی یەکەم)

## کورتە ئاماژەیەک؛ مێژوویەک پڕ لە دووانەی تەبا و ناتەبا

مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆمەڵەی «ژێ - کاف»ـەوە دەست پێدەکا. لەو کاتەوە هەتا ئێستا ئەو مێژووە پتر لە ٧٥ ساڵی خایاندووە. شاسواری ئەو مێژووە، واتە حیزبی دێموکرات، ئاڵاهەڵگری پرسی ڕەوای نەتەوەی کورد لە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەباتە سەرەکییەکەشی، لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران بووە. بەڵام ئەو حیزبە لە نێوخۆیشیدا لە ڕووی ڕێبازی فکری و سیاسی و بەرنامەی تێکۆشانەوە، کەم وا هەبووە بەبێ کێشە و ململانێی نێوخۆیی بووبێ. بە تایبەتی ململانێی نێوان دوو مەیلی جیاواز - من ناوم ناون مەیلە تەبا و ناتەباکان - کە هەر دوو مەیل لە نێو حیزب و لە کۆمەڵی کوردستاندا، هەبوون. لەم وتارەدا ئاوڕێک لە چەند دەستەیەک لەو مەیلانە و ململانێی نێوانیان دەدەمەوە و، دەرسێک و ئاکامێکیش کە حیزبی دێموکرات لەو ململانێیانە وەری گرتوون یا پێویستە وەریان بگرێ، ئاماژە پێ دەکەم بۆ ئەوەی هەر وا لە خۆوە پشتیان تێنەکەین و لە داهاتووشدا چرای ڕێگای تێکۆشانمان بن:

## سەربەخۆییخوازی و خودموختاریخوازی

### (یەکەم دەرکەوتنی دووانە تەبا و ناتەباکانی ئەم مێژووە)

ناچمە سەر ئەو هەلومەرجە ناوچەیی و نێودەوڵەتییە کە گەشەکردنی هەست و شعووری ناسیۆنالیستیی کورد و هەڵدانی بزووتنەوە نەتەوەییەکەی لێ کەوتەوە و لە ئاکامدا، ڕووناکبیران و پێشەنگانی نەتەوەیی و سیاسیی کورد لە سەرەتاوە کۆمەڵەی ژێ - کاف، دواتر حیزبی دێموکراتی کوردستانیان لە درێژەی هەمان ڕێچکەدا دامەزراند و ئاڵای کوردستانیان هەڵدا و کۆماری کوردستانیان ڕاگەیاند. باسی دەسکەوت و کار و کردەوەکانی کۆماریش ناکەم بۆ ئەوەی بابەتەکەم بەوە درێژ نەکردبێتەوە و زیاتر ئەو شتانەی مەبەستمن، باسیان بکەم.

هێندێک لە وتارەکانی پێشەوا قازی محەممەد لە سەرەتای دامەزرانی کۆماردا، مانشێتی ڕۆژنامەی «کوردستان» لەبارەی ڕووداوی ٢ی ڕێبەندان (جێژنی ئیستیقلال و سەربەخۆیی کوردستان)، شێعر و بابەتەکانی چاپەمەنیی ئەو کاتی حیزبی دێموکرات، ئەو خوێندنەوەیان لێدەکرێ کە ئەو کارەی کراوە، ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان یا پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بووە. هەڵدانی ئاڵا، پێکهێنانی سپای میللی، بوونی مەهاباد بە ڕووگەی خەباتکارانی پارچەکانی دیکەی کوردستان و، کۆمەڵێک کردەوە و لێدوانی دیکەی ئەو سەردەمەش، ئەو بەرداشتە بەهێز دەکەن. بەڵام هەر خودی پێشەوا، لە وتووێژە چاپەمەنییەکانی دواتریدا، باس لە خودموختاری دەکا. دەچێتە تاران و هەوڵی ڕێکخستنەوەی پێوەندییەکانی تاران - مەهاباد و قەبووڵاندنی بڕیاری خودموختاریی کوردستان بە دەوڵەتی مەرکەزی دەدا. هەر ئەو کات حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان لەگەڵ هێزە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی ئەو سەردەمەی ئێران لە بەرەیەک دایە.
ئەمانەش بەڵگەن بۆ ئەوەی پێناسەیەکی دیکە بۆ کۆماری کوردستان بکەین و نەک وەک ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، بەڵکوو وەک چارەسەری پرسی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ئێراندا خوێندنەوەی بۆ بکەین.

ئەم ناتەباییە هەست پێکراوە، ئەم دوو ڕوخسارە جیاوازەی کۆماری کوردستان لەنێو مێژوونووسان و سیاسییەکانی کورددا، زۆر جار بووە بە هەوێنی لێکدانەوەی جیاواز و جاری وایە دژ بە یەک. ئەوەی بۆ خۆم پێی گەیشتووم ئەوەیە کە ڕێبەران و سەردەمدارانی ئەو کاتە، جگە لەوەی کە ئارەزووی سەربەخۆیی کوردستانیان لە دڵدا بووە، لە سەرەتاوە بە لێکدانەوەیەکی خۆشبینانە لە ڕووداوەکان، چوونەتە نێو پرسەکە. خوێندنەوەیان بۆ سیاسەتی یەکیەتیی سۆڤیەت و پشتیوانییەکەی لە حکوومەتی میللی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان، خۆشبینانە بووە. بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە واقیعیەتی سیاسی، لە لاوازبوونی بناغەکان بۆ ئەو سەربەخۆییەی لە سەرەتاوە بیریان لێ کردۆتەوە، حاڵی بوون. لە ئاکامدا، واقیعیتر تەعامولیان لە گەڵ ڕووداوەکان کردووە و گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە، لە ڕێگای پێناسەکردنەوەی وەک دەسەڵاتێکی خودموختار لە چوارچێوەی ئێراندا، لەنێو گێژاوی ڕووداو و ئاڵوگۆڕە خێراکانی نێوان ئێران و وڵاتانی دراوسێدا، ئەو جمهوورییە بپارێزن.

دیارە ئەو ململانێیە لە نێو دوو مەیلی سەربەخۆییخوازی و چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کوردی ڕۆژهەڵات لە چوارچێوەی ئێراندا، لە قۆناغەکانی دواتریش، جاری وایە لاواز، هێندێک جار بە هێز، هەر هەبووە. ململانێی نێوان ویستێکی ڕەوای گەورە بەڵام هەتا ئێستا نامومکین، لە گەڵ ویستێکی نەتەوەیی بچووکتر بەڵام لە واقیع نیزیکتر. دروشمی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەنتێزێکی ژیرانە و هەر لەو کاتەدا بوێرانەیە لە پێکەوە حاواندنەوەی ئەو دوو مەیلە: «پێکهێنانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا» کە بناغەکەی لە سەر «یەکیەتیی داخوازانە و دادپەروەرانە» دامەزرابێ. گرنگیی ئەو دروشمە لە پێداگری لە سەر» پێکهێنانی کۆماری کوردستان» دایە کە هاوکات وێڕای دابینبوونی مافی نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سیستمی حکوومەتی لەو بەشەی کوردستانیشی ڕوون کردووەتەوە و دیاریکردنی ناو و جۆری سیستمی حکوومەتیی کوردستانی نەبەستووەتەوە بە ڕەزامەندی و بڕیاری دەوڵەتی ناوەندی. هەر لەو کاتەشدا یەکیەتیی داخوازانە و دادپەروەرانەی وەک مەرج بۆ مانەوە لە ئێرانێکی دێموکراتیک و فیدراڵدا، دەستنیشان کردووە. ئەوەی کە گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە خۆبواردنی ڕێژیمەکانی ئێران لە قبووڵ و بەڕەسمی ناسین و دابینکردنی مافە نەتەوەیەکانی کورد لە ئێران و بەردەوامبوونیان لە سەر سەرکوتی ئەو نەتەوەیە، هەروەها دژایەتیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەگەڵ دانان و بەڕەسمی ناسینی ئەو مافانە، مەیلی سەربەخۆییخوازی و جیابوونەوە لە ئێران لە نێو کورددا و هەر بەم پێیە لە نێو حیزبی دێموکراتیشدا، بە هێزتر دەکەن.

### دووهەم دووانەی تەبا و ناتەبا، سەرانسەری بوون و ناوچەیی بوون

حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە هەمیشە لەگەڵ ئەو گرفتە بەرەوڕوو بووە کە لە لایەک بۆخۆی حیزبێکی

نـــاوچەییە و ئەو پرســـەش کە ئـــاڵاهەڵگرییەتی - پرســـی کـــوردی ڕۆژهەڵات - هەر نـــاوچەییە، بەڵام بەردەنـــگەکەی و بەرامبەرەکەی _ەو ئادرەسەی کە دەبێ وەڵامدەری ئەو داوایە بێ - دەسەڵاتی سەراسەریی وڵاتێکی گەورەیە. چارەسەربوونی پرسی نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی ئێراندا پێویستیی بەوە هەیە کە نیزامێکی دێموکراتیک لە ئێران لە سەر کار بێ کە مافی کورد قبووڵ بکا و بە ڕەسمی بناسێ و دابینی بکا. قبووڵی ئەو داوایە لە لایەن نیزامی سیاسیی ئێرانەوە، هەر یەک تـاقە ڕێگـای نییە. لە حـاڵەتێکی تایبەتـدا دەکـرێ، دەوڵەتـی ناوەنـدی زۆر لاواز بـێ و بـزووتنەوەی کـورد زۆر بەهێـز بـێ و داوا و مافەکـانی ئەو گەلە، بە سـەر تارانـدا بسەپێندرێن. بەڵام حـاڵەتی هەرەبـاش ئەوەیە کە سیستمەکە هەم لە نێوەرۆکدا و هەم لە میکانیزمی هاتنە سەرکار و بەڕێوەچوونەکەیدا، دێموکراتیک بـێ و وێـڕای قبـووڵی مـافی کورد، کـوردیش بە ڕادەی سەنگی خـۆی لە بەڕێـوەبردنی دەسەڵاتی ناوەنـدیدا بکـاتە شەریک. بەڵام حیزبـی دێمـوکرات، حیزبێکـی نەتەوەیـی و تـایبەت بە نـاوچەیەکی دیـاریکراوی ئێـرانە و سەرانسـەری نییە. کەوایە چـۆن دەتـوانێ کاریگەریی لە سەربزووتنەوەی سەرانسەری هەبێ؟

ئەوە کە لە چەند قۆناغدا حیزبـی دێمـوکرات هەوڵـی داوە بەرەیەکـی سەرانسـەری لە هێـزە دێمـوکرات و پێشکەوتنخوازەکان پێـک بـێ، لە مەوقعیەتـی سیاسـیی خـۆی و کـوردی ڕۆژهەڵات (نـاوچەیی بـوون) لە نێـو وڵاتێکـی گەورە و سیسـتمێکی سەرانسەریدا، سەرچاوە دەگرێ. نیزیکیـی سیاسـی و تەشکیلاتی لەگەڵ حیزبـی تـوودە لە دەیەی ۳۰ی هەتـاوی، هاوپەیمـانی لە گەڵ موجاهیـدین لە دەیەی ٦٠ی هەتـاوی، کۆمەڵێـک هاوکـاری و هاوپەیمـانەتیی سنووردار و کەم مـاوەی دیـکە لەم دوو دەیەی دواییدا لەگەڵ ڕێکخراوە ئێرانییەکان، لەم یەک دوو ساڵی ڕابردووشدا، چوونی بۆ نێو دوو ئیتیلافی سیاسی لەگەڵ لایەنە کورد و ئێرانییەکان، ڕیشەیـان لەم واقیعەی سیاسەتی ئێمە دایە.

ئاماژەکردنم بەو دوو واقیعە بەرامبەر یەک وەستاوە, لە ڕیزی دووانە تەبا و ناتەبـاکانی مێژووی حیزبـدا، بەو مانـایە نییە کە لە حیزبـی ئـێمەدا، مەیلـی بـوون بە حیزبێکـی سەرانسـەری (ئێرانـی) هەیە. مەبەسـتەکە ئەوەیە کە ئـێمە لەگەڵ ئەوەی حیزبـی نـاوچەیەکی دیـاریکراو و پرسێکی دیـاریکراوین، بەڵام نـاتوانین سروشـتی چارەسـەری مەسـەلەی خۆمـان لە ئاسـتی سەرانسـەریدا نەبینـین. دیـارە لە هەر قۆنـاغ و سـەردەمێکدا، هەوڵ دراوە ڕێـگەیەک بـۆ لێکگرێـدان و پێکهـاتنی نـاوچە و مەرکەز، بزووتنەوەی ناوچەیی و سەرانسەری بدۆزرێتەوە. ئەمەش کێشەیەکە نە دەتوانین خۆی لێ لادەین و بڵێین لە خێری دەگوزەرێین، نە هەتا ئێستا دەسکەوتێکی ئەوتۆمان لێ وەرگرتووە.

ئەزموونی مێـژووی ململانێی ئەو دوو واقـیعە بەرامبەر یەک وەسـتاوە، پێمـان دەڵـێ ئێمەی هێـزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتـی کوردستان، نابێ کوێرکوێرانە بچینە نێو هاوپەیمانەتی لەگەڵ هێزە ئێرانییەکان. کە دەچینە نێو هاوپەیمانەتی لەگەڵیـان،

دەبێ وەک هێزە سیاسییەکانی کوردستان و، بە یەکگرتوویی بچین نەک بە بەربڵاوی و ناهەماهەنگی. هەروەها لە سەر ئەساسی داننانی هاوپەیمانەتییەکە بە پرسی نەتەوەیی لە ئێران و قبووڵی مافە نەتەوەیییەکان بێ نەک دڵخۆشکردن و هەڵفریوان بە بەڵێن و قسەی بێکردەوەی هەڵگیراو بۆ دوای سەرکەوتن و بەدەسەڵات گەیشتنیان. دەتوانم بڵێم ڕێنوێنیی ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ سیاسەتکردن لەم پانتاییەدا، پوختەی ئەو ئەزموونەیە. حوکمێکی کە بەبێ دوودڵی دەتوانین بیدەین ئەوەیە ئەگەر تەبایی و هاوکاری و هاوپەیمانەتی لەنێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا پێک بێ و، ئەم هاوپەیمانەتییە، بتوانێ لە لایەک داوا و مافەکانی خەڵکی کوردستان بباتە نێو ئامانجە سیاسییەکانی ئیتیلاف لەگەڵ هێز و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، لە لایەکی دیکەشەوە، لە ناوەندی ڕێبەری و بڕیاردانی یەکگرتن لەگەڵ ئەو هێز و لایەنانەدا ڕۆڵ و شوێنێکی شیاوی هەبێ، شانسی وەدیهاتنی چاوەڕوانی و داخوازەکانی خەڵکی کوردستان، لە ئەگەری گۆڕانی سیاسی لە ئێراندا، زۆر بە هێزتر دەبێ. شاراوەش نییە کە پێکهێنانی ئامادەیی لە نێو خەڵکی کوردستان بۆ پشتیوانی لەو هاوپەیمانەتییە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوودا، پێویستە یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی حیزبی دێموکرات و هێزە سیاسییەکانی دیکە بێ.

## سێهەم دووانەی تەبا و ناتەبا، چەپ بوون و نەتەوەیی بوون

یەکەم بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کە لە ٨ خاڵ پێک هاتووە و بە مانیفێستی ئەو حیزبە لە کاتی دامەزرانیدا دێتە ئەژمار، تەنیا یەک مادەی تێدایە کە نێوەرۆکێکی کۆمەڵایەتی هەیە (مەبەستم پێوەندیدار بە ژیان و بەڕێچوونی خەڵکەوەیە). مادەکەش ئەوەیە:

«٥- دەبێ لە سەر ئەساسی قانوونێکی گشتی لە نێوان لادێیی و خاوەن مڵکدا ڕێککەوتنێک پێک بهێنرێ و دواڕۆژی هەر دوو لا دابین بکرێ.»

دیارە هەم هەلومەرجی ئەو کات، هەم تەرکیبی حیزب بە تایبەتی ڕێبەرانی، هەم پێشکەوتنی کۆمەڵگەکەش، هەر ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرا کە زۆرترین گرنگیدان بۆ پرسی نەتەوەیی و کەمترین ئاوڕدانەوەش بۆ کێشە و پرسە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کۆمەڵ بێ. بەڵام لەگەڵ تێپەڕینی زەمان، ئەو کەم بایەخدانە، گۆڕانی بە سەر دادێ. هۆکارەکەی هەر چییەک بووبێ، بڵاوبوونەوەی بیری چەپ و سۆسیالیستی لە جیهاندا بە گشتی و لە ئێراندا کە مەبەستی ئێمەیە بە تایبەتی، پێکهاتنی گۆڕان لە کۆمەڵی کوردستان لە ڕووی گەشەی شارنشینی، خوێندەواری، پەلهاویشتنی سەرمایەداری بۆ شارەکانی کوردستان و هتد، هاتنی نەسلێکی نوێ بۆ نێو ڕێبەری و کادرە بەرزەکانی حیزب، دەبێتە هۆی ئەوە بیری چەپ



سەرچاوە
Serchawe

(گرنگیدان بە چەوسانەوەی چینایەتی و لایەنگری لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئامانجی سۆسیالیزم و خۆ بەدۆست زانینی وڵاتانی سۆسیالیستی و هیزە چەپەکان) لە حیزبی دێموکراتدا جێگای خۆی بکاتەوە. لە کۆنگرەی سێهەمەوە، ئەم مەیلە، هەم لە بەرنامەی حیزب، هەم لە سیاسەتی ڕۆژانەی حیزبدا، بەبێ ئەوەی پرسە سەرەکییەکە کە پرسی نەتەوەییبە وەبن خۆی بدا، دێتە ئاستێکی بانتر.

لەو کاتەوە هەتا ئێستا زۆر گۆڕان بە سەر بەرەی سۆسیالیستیی جیهان و بەرەی چەپدا هاتووە، شتێک بە ناوی وڵاتانی سۆسیالیستی و کۆمەڵگە و سیستمی سۆسیالیستی نەماوە. خودی فکر و ئایدۆلۆژیای چەپیش تووشی قەیران و خۆنەقدکردنەوە و بەخۆداچوونەوەی گەورە بووە. ژانی ئەو گۆڕانانە و هەژانەکانی، هێزە سیاسییەکانی کوردستان و یەک لەوان حیزبی دێموکراتیشیان گرتووەتەوە. حیزبی دێموکرات، سەرەڕای ئەو گۆڕانە جیهانییانەش هەتا ئەو کاتەی حیزبێکی یەکگرتوو بوو، سۆسیالیزمی دێموکراتیکی وەک ئامانجی دوارۆژی خۆی هێشتبۆوە. دیارە «حیزبی دێموکراتی کوردستان» هەتا ئێستاش سۆسیالیزمی دێموکراتیکی لە بەرنامەی خۆیدا هێشتووەتەوە، هەڵبەت بە خوێندەوەیەکی نوێتر، جیاواز لە پێشوو و، گونجاو لەگەڵ واقیعی جیهانی ئێستا. بەرنامەی ئێستای حیزب لە زۆر ڕەهەندی دیکەشدا کاریگەریی بیروباوەڕی چەپی پێوە دیارە و ئەم حیزبە پێیان وەفادار ماوەتەوە.

لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا، وا هەبووە مەیلێک خوازیاری پشتگوێخستنی ئەوی دیکە بووە، یا ئەوی دیکەی پێ سەرەکی و گرنگ نەبووە. بەڵام لە سەریەک، پرسە سەرەکییەکە، هەر پرسی نەتەوەیی بووە و هاوکات هەتا ئێستاش پرسی کۆمەڵایەتی و هەبوونی بەرنامە و چارەسەر بۆ ئەو پرسە لە ڕوانگەیەکی چەپەوە، جێی پێ لەق نەبووە. ئەمەش خاڵێکی بەهێزی سیاسەت و بەرنامەی ئەو حیزبەیە. چونکە هەم گرنگیدانە بە کێشەکانی دوای چارەسەربوونی پرسی نەتەوەیی و، کۆمەک دەکا بیری گرنگیدان بە کۆمەڵێک پرس و لایەنی ژیانی خەڵک و دواڕۆژبینی لەم پێوەندییەدا، لە ڕوانین و خوێندنەوە و کاری فکری و سیاسیی حیزبدا بەردەوام حزووری هەبێ. هەم ناچاری دەکا پشت نەکاتە مەیدانێکی دیکەی کار لە نێو خەڵک (کرێکاران، چین و توێژە زەحمەتکێشەکان و خەڵکی هەژار و ڕەشوڕووت) و بەم جۆرە پشتیوانیی ئەوانیش لە خۆی دەپارێزێ.

(بەشی دووهەم)

## چوارەم دووانەی تەبا و ناتەبا، شەڕخوازی و ئاشتیخوازی

«شەڕخوازی» ئاوەڵناوێک نییە کە حیزبی دێموکرات بۆخۆی بیداتە پاڵ خۆی، بەڵکوو نەیارانی بە تایبەتی لە دوای

هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، ئەم سیفەتەیان داوەتە پاڵی و دووپاتی دەکەنەوە.

لە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧دا خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات، هەر ئەوەیان کرد کە خەڵک و هێزە سیاسییەکانی دیکە لە تاران و شارەکانی بەشەکانی دیکەی ئێران کردیان. هەر وا کە لە هەمەدان و تەورێز و مەشهەد و ئیسفەهان، ئەرتەشییەکان و فەرماندەرانی پاسگا و پادگانەکان دەبوایە تەسلیمی خەڵک و شۆڕشگێڕان بان و چەکەکانیان دابا بەوان و چووبانە ژێر ئەمر و فەرمانی ئەو کەسانەی خەڵکی ڕاپەڕیو بۆیان دیاری دەکەن، لە کوردستانیش هەروا بووە. بەو جیاوازییە خەڵک لە کوردستان، لە جیاتی فەرمانوەرگرتن لە خومەینی و «کمیتە انقلاب»ی دەستنیشانکراوی ناوبراو، حیزبی خۆیان و ڕێبەرانی سیاسیی خۆیان هەبووە و بە قسەی ئەوانیان کردووە. دوایەش، دەسەڵاتی تازە لە تاران، بێ ئەوەی تەنانەت لە قسەشدا کەمترین بەڵێنی جێبەجێبوونی داوا لەمێژینەکانی ئەو خەڵکە بدا، داوای لە خەڵک و هێزە سیاسییەکان کرد چەکەکانی تەحویل بدەنەوە و، لەشکری بۆ گرتنەوەی شار و ناوچەکانی کوردستان نارد. خۆ لە کوردستانەوە هێرش نەکراوەتە سەر بەشەکانی دیکەی ئێران و لەشکریان بۆ ڕەوانە نەکراوە.

ئایا حیزبی دێموکرات و هێزە سیاسییەکانی دیکە و بە گشتی خەڵکی کوردستان دەبوایە چەکەکانیان تەحویل دابایەوە و هاوکار بان تا ڕێژیمی تازە بە ڕاحەتی دەست بە سەر هەموو کوردستاندا بگرێتەوە، جا ئەوجار داوای مافەکانی خەڵکی کوردستانی لێ بکەن؟! خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێران و هێزە سیاسییەکانی دیکەی ئێران کە وەک خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتیان نەکرد، چ دەسکەوتێکیان بوو؟ حیزبی توودە و چریکەکانی ئەکسەرییەت، بەرەنگاری ئەو ڕێژیمە نەبوونەوە و تەئیدیان کرد و پشتیوانیشی بوون! ئایا کۆماری ئیسلامی پاداشی کردن یا سەرکوتی کردن؟ ئازەرییەکان، عەرەبەکان و بەلووچەکان وەک کوردیان نەکرد، ئایا کۆماری ئیسلامی کەمترین مافی نەتەوەیی ئەوانی بە ڕەسمی ناسی؟
ئەوانەی لەم بارەیەوە بەڕاشکاوی یا بە شەرمێونی و بە خێشکە، پرسیار دەخەنە سەر کوردستان و حیزبی دێموکرات، کە بۆچی شەڕیان لە گەڵ ڕێژیمی تازە کرد؟ بۆچی ڕێفراندۆمی خاکەلێوەی ١٣٥٨یان تەحریم کرد؟ بۆ چی هێزی پێشمەرگەیان پێک هێنا و کوردستانیان بەرەو ئەو ئاراستەیە برد کە بەرامبەر بە لەشکرکێشی ڕێژیمی تازە ڕابوەستێ؟ ئەگەر لە بەرگ و ڕواڵەتی دڵسۆزی بۆ خەڵکی کوردستانیشدا ئەم قسانە بکەن، لە ڕاستیدا قسەکەیان لە دژایەتی لەگەڵ بەرژەوەندیی کورد و حەقانییەتی پرسی کورد دایە. خۆ کوردستان پێشوازی لە وتوویژ و چارەسەری ئاشتیخوازانە کرد. چەندین جار هەیئەتی پێکهاتوو لە کەسایەتیی سیاسی و ئایینی، چوونە تاران بۆ ئەوەی ڕێگای پێکهاتن و ئاوڕدانەوە لە داواکانی خەڵکی کوردستان بخەنە بەردەم خومەینی و کاربەدەستانی ڕێژیمی تازە. خۆ کوردستان و بە تایبەتی حیزبی دێموکرات بۆ یەکەم مەجلیسی دامەزرێنەران کە دوایە ناوی نرا خیبرەگان، هەر وەها بۆ یەکەم هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای میللی (کە ئەویش دوایە ناوی نرا شووڕای ئیسلامی) و بۆ یەکەم هەڵبژاردنی سەرکۆمارییش، نەک بە تەحریم و ڕەتکردنەوە، بەڵکوو بە

داواکاری و قسە و هەڵوێستی تایبەت بە خۆی هاتە مەیدان. بەڵام لە هەموو ئەو دەرفەتانەدا دەستی ڕەد بە پەیام و هەڵوێستی ئاشتیخوازانە و دێموکراتیکی ئەو خەڵکەوە، نرا.

حاشا لەوە ناکرێ ئەو شەڕەی بە تووش کوردەوە بوو، زیانی گیانی و ماڵیی یەکجار قورسی لە خەڵکی کوردستان دا و، شوێنەواری سیاسی و ئەمنییەتیی درێژخایەنی دانا. بەڵام هەموو کات کە ئاوڕ لەو شەڕە دەدەینەوە،

ستەم لە مێژووی خۆمان دەکەین و دەبێتە بێویژدانی ئەگەر دوو ڕاستی لە بیر بەرینەوە:

١- ئەو شەڕە لایەنی کوردی نەیسەپاند، بەڵکوو خومەینی و بەڕێوەبەرانی دیکەی ڕێژیمی تازە کە کەمترین بڕوایان بە دابینکردنی مافی نەتەوەیی هیچ نەتەوەیەکی بندەستی ئێران نەبوو، سەپاندیان. هەروا کە میراتگرەکانیشیان هەتا ئێستاش لەم بارەیەوە ئاڵوگۆڕێکیان تێدا پێک نەهاتووە.

٢- ئەگەر خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی بەرەنگاری ڕێژیمی تازە نەبوانەوە، جگە لەوەی بە هیچ کام لە مافەکانیان نەدەگەیشتن، لە باشترین حاڵەتدا، چارەنووسیان وەک نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران و وەک هێزە سیاسییەکانی دیکەی ئێران دەبوو. ئەو کات ئەو ڕێژیمە بێ دەردەسەر، دەهات و هەوڵی سڕینەوەی شوناس و تواندنەوەی زمان و گۆڕینی دێموگرافیی شار و ناوچەکانی کوردستانی دەدا. بەڵام بوونی خۆڕاگری و بەرگری لە کوردستان و ڕاوەستان بەرامبەر شەڕی داسەپاو، لەگەڵ هەموو زیانە گیانی و مادییەکانی، خەڵکی کوردستانی فێری بەرگریکردن لە شوناسی خۆیان، خۆبەڕێوەبردن و بە ئازادی ژیان کرد.

کوردستان، لەگەڵ ئەوەی هێزە سیاسییەکانی ئەزموونێکی زۆریان لە وڵات بەڕێوەبردن و دەسەڵاتدارێتیدا نەبوو، گەمارۆی ئابووریی لەسەر بوو، تەنانەت ناوچە ئازادەکانی گەمارۆی زانستی و فەرهەنگییشیان لەسەر بوو و بەردەوام ئامانجی لەشکرکێشییەکان بوون، ببووە دوورگەیەکی ئازاد لە هەموو ئێراندا. لە ڕووی بەشداریی خەڵک لە خۆ بەڕێوەبردن، لە ڕووی چالاکیی هێزە سیاسییەکان، لە ڕووی ئازادیی بیروڕا دەربڕین، لە ڕووی خوێندن بە زمانی نەتەوەیی خەڵکەکە، لە ڕووی ڕێزگرتن لە مافەکانی ژنان، تەنانەت لە ڕووی ڕیفۆرم لە دابەشکردنەوەی زەویوزار، لە ڕووی هەڵوەشاندنەوەی هێندێک نەریتی دواکەوتووانەی وەک ژن بە ژنە و گەورە بە بچووک و بەمنداڵی مارەکردن، ئەزموونێکی شایانی بەرگریی تێپەڕ کرد.

شەڕێک کە کۆماری ئیسلامی بەسەر هێزە سیاسییەکانی کوردستانیدا سەپاند، شەڕێکی هەمە لایەنە و نابەرامبەر بوو. ئەم شەڕە ساڵانێکی کەم بە شێوەی جەبهەیی درێژەی کێشا، چونکە هەم توانای بەرگریی هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان بۆ شەڕی جەبهەیی، نەگونجاو و بەرتەسک بوو، هەم لە شەڕی جەبهەییدا، خەڵکی شار و گوندەکان زیانی زۆریان پێ دەگەیشت؛ بە تایبەتی کە ڕێژیم دەستی لە بەکارهێنانی چەکی وێرانکەر و کوشتاری خەڵک نەدەپاراست. هەر بۆیە ئەو شەڕە بە شێوەی پارتیزانی چەندین ساڵی دیکە، واتە تا نێوەڕاستەکانی دەیەی ٩٠ی زایینی (دەیەی٧٠ی هەتاوی) درێژەی کێشا. بە تەعبیرێک ئەم شەڕە هەتا ئێستاش هەر درێژەی هەیە، چونکە هیچ ڕێککەوتنێک لە بەینی دوو لایەنی شەڕەکە نەهاتووەتە ئاراوە. بەڵام گۆڕان لە جۆری بەرگری و چالاکی و تێکۆشانی هێزە سیاسیەکاندا، ڕووی داوە.

ئەزموونی ٤ دەیە خەباتی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی، سەلماندوویە کە ئەم ڕێژیمە نە دەیەوێ و نە لە ماهییەتی دایە، سیاسەتی خۆی لە ئاست پرسی نەتەوەیی بە گشتی و پرسی کورد بە تایبەت بگۆڕێ. کۆماری ئیسلامیی ئێران قۆناغی جۆراوجۆری بەڕێ کردووە، سەرکۆمار و مەجلیسی لە قۆڵی جیاجیا هێناونە سەر کار، لە دنیا و ناوچەشدا زۆر گۆڕان لە سوودی چارەنووسی نەتەوە بندەستەکان و یەک لەوان کورد، پێک هاتووە، بەڵام ئەوەی گۆڕانی تێدا پێک نەهاتووە، نییەتی ئەو ڕێژیمە لە پێوەندی لەگەڵ داوا و چاوەڕوانیی کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێراندا بووە. تەنانەت شتێک کە دەستووری وڵاتەکەی ڕێگای پێ دەدا (مافی خوێندنی نەتەوەکانی ئێران بە زمانی خۆیان)، دوای چل ساڵ لەتەمەنی ئەو ڕێژیمە، هێشتا کەمترین ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە. کاتێکیش هێزێکی سیاسیی وەک حیزبی دێموکرات، هەوڵی داوە ڕێگای ئاشتیخوازانە و دیالۆگ بۆ داواکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان تاقی بکاتەوە، بە تێرۆر (وەک تێرۆری د.قاسملوو و هاوڕێیانی لە سەر مێزی وتووێژ) یا بە بۆمبدانانەوە و مووشەکباران (وەک تەقینەوەی تێرۆریستیی شەوی یەلدای ١٣٩٥ و ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧) پێشوازی لێ کردووە.

ئەوە کە ئەو ڕێژیمە تەنانەت هیچ بەدەنگەوەچوونێکی بۆ ئەو ڕێکخراو و کەسایەتییانەش نەبووە کە لە چوارچێوەی یاساکانی ئەو ڕێژیمەدا، لانیکەمی مافەکانی خەڵکی کوردستان داوا دەکەن و بە سەرکوت و دژایەتیکردن وڵامی هەموو هەوڵێکی مافخوازانەی مەدەنییش دەداتەوە، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە داواکردنی مافی نەتەوەی کورد و پێ لەسەرداگرتنی و خەبات لە پێناویدا، لە لایەن هەر هێز و لایەنێکی سیاسییەوە و، بە هەر ڕێگا و شێوەیەک بێ، لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە سەرکوت دەکرێ. «شەڕخوازبوون»ی حیزبی دێموکرات شتێک نەبووە جگە لەوەی دەستی لە داواکردنی مافەکانی نەتەوەکەی و خەبات لە پێناویاندا هەڵنەگرتووە و ئەوەندەی بۆی کراوە بە هێزی پێشمەرگەی خۆی بەرەنگاری هێرش و پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکانی ئەو ڕێژیمە بووەتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی چوارەم

پێکەوەژیانی بەرگریخوازی و ئاشتیخوازیی سیاسەت و خەباتی حیزبی دێموکرات دەکرێ لەم چەند ڕستەیەدا فۆرمووڵە و کورت بکرێتەوە: لە ڕێگای دیالۆگ و هێمنانە و ئاشتیخوازانەوە، داواکانی خەڵکی کوردستانی بەرەوڕووی دەسەڵاتی ناوەندی کردووەتەوە و شێوازە هێمنانەکانی تاقی کردوونەوە، بەڵام کە بەم ڕێگایانەدا گوێی لێ نەگیراوە و بەرەوڕووی شەڕ و سەرکوت بووەتەوە، لە جیاتی خۆبەدەستەوەدان و مەیدان چۆلکردن، سەنگەری بەرگری و بەرەنگاری هەڵبژاردووە بێ ئەوەی بە یەکجاری دەرگا لە سەر هەوڵ و ئیرادەی جیدی بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانە دابخا. ناودێرکردنی ئەم جۆرە بەرگرییە بە «شەڕخوازی»، واتایەکی نییە جگە لە چاوەڕوانیی خۆبەدەستەوەدان و قبووڵی پشتکردن لە خەبات و تێکۆشان لەژێر ناوی «ئاشتیخوازی»دا.

ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠١٩

(بەشی سێهەم)

## کوردستانیبوون و ڕۆژهەڵاتیبوون

## پوختەی ئەزموونەکان

**لە دوو بەشی پێشوودا، کۆمەڵێک لە دووانە تەبا و ناتەباکانی مێژووی ٧٥ ساڵەی حیزبی دێموکراتم باس کرد کە بریتی بوون لە:**

١- سەربەخۆییخوازی و دیموکراسیخوازی،

٢- سەرانسەری بوون و ناوچەیی بوون،

٣- چەپ بوون و نەتەوەیی بوون،

٤- شەڕخواز بوون یا ئاشتیخواز بوون. لەم بەشەشدا یەکێکی دیکە لە دووانە تەبا و ناتەباکانی لەم مێژوویە دەخەمە بەر سەرنج:

### پێنجەم: کوردستانیبوون و ڕۆژهەڵاتیبوون

کوردستان، نیشتمانی نەتەوەی کوردە بەڵام بە سەر چەند وڵاتی ناوچەدا دابەش کراوە. لە لایەکی دیکەوە کوردی هەر

پارچەیەک لەو کوردستانە دابەشکراوە، لە گەڵ ئەوەی بەشێکە لە نەتەوەیەک کە لە پارچەکانی دیکە و لەچوارچێوەی جۆغرافیای سیاسیی دیکەدا دەژین، ناچار بووە لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا کە خۆی و خاکەکەی پێوە لکێنراون، خەبات بۆ مافەکانی بکا.

هەر دووی ئەم ڕاستییانە هەم لە ڕابردوو و هەم لە ئێستادا، کاریگەریی لە سەر تێکۆشان و سیاسەتی لایەنە سیاسییەکانی کورد لە بەشێکی دیکە هەبووە. چ وەک تاکێکی کورد و وەک بەشێک لە نەتەوەی کورد و چ وەک هێزی سیاسی نەمانتوانیوە و ناتوانین ئەم ڕاستیە لە بیر خۆمان بەرینەوە کە سەرەرای ئەو سنوورە زۆرەملی و دەسکردانەش کە لە نێوان پارچەکانی کوردستان کێشراون، ئێمە هەر یەک نەتەوەین و ئەو دیوی سنوورەکانیش، هەر نیشتمانی نەتەوەی کوردن. ئەو چارەنووسەش کە بەسەرماندا سەپاوە، ناسروشتی و نەخوازراوە. سرووشتییە کە نەتوانین لە ئاست ئەو مەینەت و کارەساتانەی لە پارچەیەکی دیکە بە سەر بەشێک لەو نەتەوەیە دێن بێلایەن و بێتەفاوەت بین، هەر بەم جۆرەش سرووشتییە کە نەتوانین لە ئاست سەرکەوتن و پێشکەوتنی جێگە و پێگەی سیاسییان لەچوارچێوەی وڵاتی پێوەلکێنراویشیاندا، خۆشحاڵ نەبین. گومان لەوەشدا نییە کە ئارەزووی هەر ناسیۆنالیستێکی کوردە، کە ڕۆژێک هەموو بەشەکانی کوردستان یەک بگرنەوە و نەتەوەی کورد لەسەر خاکی نیشتمانێکی یەکگرتوو، سەربەخۆ بێ و خاوەنی کیانی نەتەوەیی خۆی بێت. بەڵام ئەم ڕاستییەش نکۆڵی هەڵنەگرێ کە لە نێوان ئارەزوو و واقیع، مەودایەکی زۆر هەیە. سیاسەتیش لە گۆڕەپانێکی واقیعیدا شانسی سەرکەوتنی هەیە. مەبەست لەم قسەیەش ئەوەیە کە ئەم دابەشکرانە لەمێژینەیە (نزیکترین دابەشکردنەوەی کوردستان بۆ ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە) وای کردوە پرسی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان، لە زۆر ڕووەوە خسلەتێکی پارچەیی بە خۆیەوە بگرێ و ببەسترێتەوە بە هەلومەرجی سیاسیی ئەو وڵاتەی پێیەوە لکێنراوە. لە خۆڕا نییە هێزە سیاسییە کوردەکان لە هەر پارچەیەک، ڕووی خەباتەکەیان لە ڕێژیمی ئەو وڵاتەیە و، ئەو داوا و مافانەش کە خەباتیان بۆ دەکەن، پێوەندییان بەو بەشە لە کورد و کوردستانەوە هەیە کە کەوتوونە ئەو وڵاتە.

لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا قۆناغ و بڕگەی جۆراوجۆر هەن. لە هێندێک قۆناغدا، بە تایبەتی کە بزووتنەوەی کورد لە بەشێکی دیکە لە گەشانەوە و پێشکەوتن و سەرکەوتن دایە و بە پێچەوانەشەوە، بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات لاواز و ناکارایە، مەیلی گرنگیدان بە پرسی کورد لە بەشەکانی دیکە و خۆتەرخانکردن بۆ پشتیوانی لەوان تەنانەت تا ڕادەی بوون بە پاشکۆی ئەوان و، پشتگوێخستنی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات و ئەرکی خەباتکارانە لەو بەشە، هەلی بۆ هەڵ کەوتووە تا لەژێر ناوی نەتەوەیی و کوردستانیبووندا، ئاراستەی سیاسیی حیزب بگۆڕێ. لە ڕابردووی کۆندا دەکرێ سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول و خۆ تەرخانکردنی شەهید عەبدوڵڵای ئیسحاقی و هاوڕێیانی بۆ خزمەتی ئەو شۆڕشە و دژایەتیی لەگەڵ تێکۆشان و چالاکیی هاوڕێیانی حیزبیی خۆی لە نێوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان، لە پێناوی ویست و بەرژەوەندیی شۆڕش لە بەشێکی

دیکە، بە نموونە بێنینەوە.

لەم دوو - سێ دەیەی دواییشدا، پێکهاتنی گۆڕانی سیاسی لە باشووری کوردستان لە دوای ڕاپەڕین و بوونی کورد بە ئەکتەر و فاکتەرێکی سیاسی لە هاوکێشەکانی ناوچەدا، هەر وەها ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان و زەقبوونەوەی پرسی کورد لە باکوور و ڕۆژاوای کوردستان، هەر وا کە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات کاریگەرییان هەبووە لە ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆیان، لە نێو حیزبی دیموکراتیشدا، کەسانێکیان لە ئاستی جۆراوجۆردا، بە خۆیانەوە سەرقاڵ کردووە. بە هاسانی دەتوانین بڵێین بەشێکی بەرچاو لە کادر و ئەندامانی حیزب ئەوەندەی بەدواداچوونی دەنگ و باس و کێشە و ڕووداوە سیاسییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکەن و، ئەوەندەی لەنێوکەشوهەوای پرسی کورد لە بەشەکانی دیکە دا؛ یەک لە دەی ئەو ڕادەیە بەرامبەر بە ئاڵوگۆڕەکانی نیوخۆی ڕۆژهەڵات و ئێران هەستیار نین. کە دیارە ئەم وەزعە لەنێو ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەلاتیشدا کەم و زۆر بەدەی دەکرێ.

لە چوارچێوەی ئەم باسەدا، دەبێ ئەمەش زیاد بکرێ ئەگەر جاران حیزبی دیموکرات و هێزە سیاسییەکانی دیکەش کە بە گوێرەی بەرنامەی سیاسی و لە کردەوەدا، «ڕۆژهەلاتی» بوون، بەڵام لە هێندێک برگەدا، لەژێر کاریگەریی شەپۆل و تین و تاوی سیاسیدا، زیاد لە ڕادەی پێویست دەبوونە «کوردستانی»، ئێستا هێزی سیاسیی وەک «پژاک» لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێکۆشانی هەیە کە لقێکە لە بزووتنەوەیەکی سیاسیی پارچەیەکی دیکە (پ ک ک). بەم جۆرە ئەگەر جاران، پێکهێنانی هاوسەنگی لەنێوان دوو مەیلی ڕۆژهەڵاتیبوون و کوردستانیبوون، مەسەلەی نیوخۆیی حیزبی دێموکرات یا هەر هێزێکی سیاسیی دیکەی ڕۆژهەڵات بوو، ئێستا مەسەلەکە هەر تەنیا مەسەلەی نێوخۆیی حیزبێک نییە و پێویستە لە ئاستی بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتیشدا ببینرێ و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە. چونکە هیزێک یا چەند هێزێکی سیاسی کە ئەولەوییەتیان ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ، هەر کات بەرەوڕووی هەڵبژاردنی بەرژەوەندێک یا ساخبوونەوە لە سەر دووڕیانێک بوون، بەم هۆیەوە کە ئەولەوییەتیان ڕۆژهەڵاتە و، ئاسۆ و ڕێچکەی ڕۆیشتنیان دیارە، ساخبوونە و ڕێککەوتنیان لەسەر بڕیار، نابێتە گرێکوێرە. بەڵام کە خۆ گونجاندن و لەبەرچاوگرتنی ویست و بەرژەوەندیی هێزێکی سیاسی لە بەشێکی دیکەی کوردستان هاتە ئاراوە و، ئەم دوو بەرژەوەندە تێک گیران، ئەو کات کێشەخوڵقێن دەبێ.

ئەزموونی ٧٥ساڵەی حیزبی دێموکرات لە پێکهێنانی هاوسەنگی لە بایەخدان بە هەر دوو ڕاستییە حاشالێنەکراوە کە - کە لە دەسپێکی ئەم بەشە ئەو زنجیرە وتارەدا ئاماژەی پێ کراوە - ، هەر وەها لە پێکەوە حاواندنەوەی هەر دوو مەیلی «کوردستانیبوون» و «ڕۆژهەلاتیبوون «دا، دەرسی بەنرخی تێدان کە لە مەیدانی کردەوەدا، دروستی و هەر لەو کاتەشدا کاریگەر بوونی خۆیان سەلماندووە. پوختەی ئەو ئەزموونە پێمان دەڵێ:

بەشی چوارەم

ئێمە وەک نەتەوەی کورد بە گشتی، لەگەڵ یەک ڕێژیم و یەک وڵات تەرەف نین، بەڵکوو لەگەڵ کۆمەڵێک ڕێژیم و وڵات تەرەفین. ڕاستە ڕێژیمەکانی هەموو ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بە سەر خۆیاندا دابەش کردووە، حەز بە ڕزگاری و سەرکەوتنی کورد لە هیچ کام لە بەشەکان ناکەن بەڵام لە پلەی یەکەمدا، ئەوان دژی ڕزگاریی کورد لە وڵاتەکەی خۆیانن. کوردی هەر پارچەیەکیش ڕاستە حەز بە ڕزگاری و سەرکەوتنی کورد لە هەموو پارچەکان دەکا، بەڵام خەبات بۆ ڕزگاریی کوردی پارچەیەکی دیکە بە ئەرکی کوردی ئەو پارچەیە دەزانێ و، خەبات بۆ ڕزگاریی خۆیشی بە ئەرکی خۆی. مادام خەبات بۆ ڕزگاریی کوردی هەر پارچەیەک لە ئەستۆی خودی خەڵکی ئەو بەشەیە، بڕیاردان لە سەر چۆنیەتیی چارەسەری ئەو پرسەش لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیی ئەو وڵاتە، هەر لە سەڵاحییەتی نوێنەرانی خەڵکی ئەو پارچەیە و هێزە سیاسییەکانی ئەو پارچە دایە.

ئێستا پرسیار ئەوەیە ئەگەر وایە، هێزە سیاسییەکان و بزووتنەوەی کورد لە هەر بەشێک، ئەرکیان بەرامبەر بە پرسی کورد لە بەشەکانی دیکە چ دەبێ؟ وڵامی حیزبی دێموکرات بەم پرسیارە بە شایەدیی سیاسەت و هەڵوێستەکانی لەسەردەمی کۆماری کوردستان و هەروەها بە شایەدی هەڵوێستەکانی بەرامبەربە بزووتنەوەی کورد لە باشوور، باکوور و ڕۆژاوا لە درێژایی نیوسەدەی ڕابردوودا، ئەوە بووە: دۆستایەتی، پشتیوانی و هاوکاری لەگەڵ یەکتر بەبێ دەستێوەردان لە کاروباری بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکە. هەر کاتێکیش بزووتنەوەی کورد لە بەشێکی کوردستان، پێویستی بە پێوەندیی سیاسی لەگەڵ ڕێژیم و وڵاتانی دیکەی ئەم ناوچەیە هەبوو، نابێ لە سەر حیسێبی کوردی ئەو وڵاتە و بە زیانی ئەوان بێت.

ڕاستییەکی دیکەش کە واقیعیبوون و دروستیی ئەم سیاسەتەی حیزبی دێموکرات دەسەلمێنێ ئەوەیە هەتا ئێستا هیچ هێزێکی سیاسیی هیچ بەشێکی کوردستان نەهاتووە لەگەڵ ڕێژیمی ئێران خەبات بکا بۆ دابینبوونی مافەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لانیکەم بەو بیانوویە کە جارێ ئەولەوییەت بە خەبات لە بەشێکی دیکەی کوردستانە و، دوژمنی کورد لە بەشێکی دیکەی کوردستانیان، لە ڕێژیمی زەوتکەری مافەکانی کورد لە ئێران بە سەرەکیتر زانیوە، خەبات بە دژی ئەو ڕێژیمەیان پشتگوێ خستووە. بەم جۆرە وزەی ئینسانی و پاڵپشتیی ماڵی و هاوکاریی جۆراوجۆری کوردی ڕۆژهەڵاتیان لە ژێر ناوی کوردستانیبووندا بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە بەڵام بە کردەوە بۆ جێبەجێکردنی ئامانج و پلانی سیاسیی خۆیان لە بەشێکی دیکە، نەک بۆ خەبات لە پێناوی مافەکانی کوردی ڕۆژهەڵات، بە کاریان هێناوە.

ڕێکەوتی: ٩ی جانێوێری ٢٠١٩

(بەشی چوارەم)

## نەریتخواز یا مودێڕن بوونی حیزبی دێموکرات

## پوختەی ئەزموونەکان

### شەشەم: نەریتخواز (سوننەتی) یا مودێڕن (نوێخواز)

با لە پێناسەیەکی ساکار، کورت و گشتیی دوو چەمکی نەریتخواز و مودێڕنەوە، بچمە نێو ئەو باسەوە. «نەریتخواز»، ملکەچ و گوێڕایەڵی ئەو نەریت و باوەڕانەیە کە لە نەسلەکانی پێشترەوە بۆی ماوەتەوە. بەڵام «مودێڕن» (نوێخواز) لە ڕوانین و بیرکردنەوە و ژیان و تیکۆشاندا پشت بە زانست دەبەستێ.

هەر لە جێدا حیزب، دیاردەی کۆمەڵگەیەکی مودێڕنە و هاتنی بۆ نێو ژیانی سیاسیی ئێمەی کورد لە کاتی خۆیدا جۆرێک بووە لە نوێخوازی. ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو ڕاستییە کە لە ڕووی ناو و نێوەرۆکیشەوە، حیزبی دێموکرات بۆ سەردەمی خۆی لە کوردستان، نوێ بوو، پتر لە گرنگیی هاتنی ئەم دیاردە مودێڕنە بۆ نێو خەباتی سیاسیی کورد تێدەگەین. پێکهێنان و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستانیش لە لایەن ئەم حیزبەوە هەنگاوێکی نوێخوازانە بوو. چونکە سیستەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری لە ڕوانگەی پشتبەستنی بە ئیرادەی خەڵکەوە، لە چاو سیستەمی پاشایەتی، ئەویش پاشایەتی لە وڵاتێکی وەکوو ئێراندا، پێشکەوتووتر بوو. ئەو هەنگاوانەش کە کۆمار لە چوارچێوەی جێبەجێکردن و وەدیهێنانی مافە ڕەواکان و ویستە لەمێژینەکانی خەڵکی کوردستاندا هەڵی گرتن، هەنگاوی مودێڕن بوون.

لە ئەدەبیاتی حیزبدا، بە تایبەتی لە دەیەکانی پێشوو، بەردەوام حیزبی دێموکرات وەکوو حیزبێکی مودێڕن ناوی براوە. بەڵام ئەگەر بمانەوێ لە دەرەوەی دەمارگرژی و بەدوور لە بەخۆدا هەڵگوتن و دروشمدان، مودێڕنبوونی ئەو حیزبە هەڵ بسەنگێنین، دەبێ نوێخوازیی حیزب لە بوار و بەستێنی جیاواز، هەر وەها لە سەردەم و قۆناغی جیاوازدا، بخەینە بەر تیشکی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن. بۆ وێنە نوێخوازی لە بەرنامە و پێڕەوی حیزب، نوێخوازی لە سیاسەتکردن و هەروەها نوێخوازی لە بەڕێوەبەری و ئۆرگانیزمی حیزبدا و، لە درێژە و ئاکامی هەر هەمووی ئەمانەشدا، نوێخوازی لە بەرهەمهێنانی کولتوورێکی مودێڕندا کە تەنانەت لە ڕوانین و بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی تاکەکانی حیزبیشدا ڕەنگی دابێتەوە. سروشتیشە کە پێوەری ئێمە بۆ ئەم نوێخوازییانەی حیزبی دێموکرات لە کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەڵاتی و هەتا

ڕادەیەکی زۆر نەریتیدا، دەبێ ڕێژەیی بێ. واتە مودێڕنبوونی پڕۆژەیەک، بەرنامەیەک، دروشمێک یا سیاسەتێک بە گوێرەی ئاستی پێشکەوتوویی و مودێڕنبوونی ئەو کۆمەڵ و ژینگە کۆمەڵایەتییەی بەردەنگی ئەو شتانەن، بەراورد دەکرێ.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر بەرنامەی حیزب، لە کۆنفڕانسی سێهەم و لە کۆنگرەی سێهەمەوەیە کە حیزب دەبێتە خاوەنی بەرنامەیەکی ڕێکوپێکی مودێڕن. هەم شیکردنەوە و ڕوانینی حیزب بۆ ئاڵوگۆڕەکانی جیهان و ناوچە و ئێران و کوردستان، لەژێر ڕووناکیی ڕوانگەیەکی پێشکەوتووانە و عەقڵانیدا گەڵاڵە کراون، هەم بەرنامە و پرۆگرامی حیزب، چ لە ڕووی داڕشتن و فۆڕمووڵە کردنەوە، چ لە ڕووی گونجاندنی کۆمەڵێک چەمک و بنەما و ماف، بە شێوەیەکی نوێ دەنووسرێن. ئەسڵی «حیزب پێڕەوی لە تیۆریی پەرەئەستاندنی کۆمەڵ دەکا» دێتە نێو پێڕەوی نێوخۆی حیزب کە لەو سەردەمدا، هەنگاوێکی گرنگ بووە بۆ ڕاهێنانی ڕێبەری و کادرەکانی حیزب بە نامۆیی نەکردن لە لێکدانەوە و ڕوانینی زانستییانەی ئاڵوگۆڕ و ڕووداوەکان.

ئەدەبیاتی حیزبیش، کە سەرچاوە سەرەکییەکانی لە لایەک نێوەرۆکی ئەو بەرنامەیە و لە لایەکی دیکە باوەڕ و بۆچوونەکانی ڕێبەرانی ئەو کاتی حیزب بووە، نوێبوونەوە و ئاوێتەبوون لەگەڵ فکرە پێشکەوتووەکانی ئەو سەردەمی پێوە دیارە. بەیاننامەکانی کۆمیتەی ناوەندی، ئەو پەیامانەی بە ناوی کۆنگرەوە ناردراون، وتارەکانی ڕۆژنامەی «کوردستان»، شایەدی بۆ ئەم نوێبوونەوەیە دەدەن. هەڵبەت مانەوە و ژیانی بەشێک لە ڕێبەرانی ئەو کاتی حیزب لە وڵاتانی ڕۆژاوایی و تێکەڵاویی ژمارەیەکیان لەگەڵ بیروباوەڕی مارکسیستی و چەپ، کاریگەری هەبووە لە سەر ئەدەبیاتی حیزب.

دەتوانم بڵێم ئەم ڕەوتە (نوێخوازی و نوێبوونەوەی بەرنامە و ئەدەبیاتی حیزب) هەتا هاتووە، بە نیسبەت ڕابردوو بۆ پێشەوە چووە. هۆیەکەشی ئەوەیە دنیا و ناوچەکە و ئێران و کوردستان، لە ڕووی کولتوور و فکر و ژیانەوە بەرەو پێشەوە چوون و، سروشتی بووە کە حیزب دەبوایە بە گوێرەی سەردەم، بەرنامە و ئەدەبیاتی خۆی نۆژەن بکاتەوە. بۆ وێنە پرسی یەکسانیی ژن و پیاو، مەحکوومکردنی هەر چەشنە چەوسانەوە و هەڵاواردنێکی نەژادی، چینایەتی، نەتەوەیی و ڕەگەزی (جنسی)، گرنگیدان بە ژینگە، ڕێزگرتن لە پلۆرالیزمی فکری و سیاسی لە نێو کۆمەڵ، باوەڕ و پابەندی بە جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و کۆمەڵێک چەمکی نوێی سەردەم تا هاتووە زیاتر لە بەرنامە و ئەدەبیاتی حیزبدا ڕەنگیان داوەتەوە. ئەمەش هەست پێدەکرێ کە ئەم مودێڕنبوونەوەی حیزب بە هیچ جۆر بە مانای پشتتێکردن و دژایەتی لەگەڵ سەرجەم نەریتەکانی کۆمەڵ نەبووە.

هەتا ئەو کاتەی حیزب بریتی بووە لە ڕێبەری و کۆمەڵێک کادر و پێشمەرگەی دوورکەوتوو لە وڵات و، بە شێوەیەکی

ڕۆژانە و لە بواری جۆراوجۆردا لەگەڵ خەڵک تێکەڵاو نەبووە، پابەندی بە نوێخوازی و جێبەجێکردنی کار و ئەرکی حیزبی بە بیروباوەڕی نوێوە، ئەوەندە زەحمەت نەبووە. بەڵام بە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و دەستپێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەرکی حیزب لە ڕاییکردنی ڕۆڵی نوێخوازانە و پێشڕەوانەی خۆی لە ڕەوتی سیاسەتکردن و بەڕێوەبەرییەتیی کاروباری کۆمەڵدا دژوارتر دەبێ.

کۆمەڵگە بۆخۆی مەیدانی ململانێی کولتوور و فکری کۆن و نوێیە. لە کۆمەڵی ئەو کاتی کوردستاندا زۆر بیر و باوەڕی جۆراوجۆر لە مارکسیستی، لاییک و دێموکراتەوە تا دەگاتە مەزهەبی، بە ژمارەیەکی زۆر لایەنگرەوە هەبوون. ئەوەش بەجێی خۆی کە دین و مەزهەب و نەریتە کۆنەکانیش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵیان هەیە. هاوکات، لە ماوەیەکی کەمدا هەزاران تاکی کۆمەڵ لە چین و توێژی جۆراوجۆر و بە ئاستی تێگەیشتنی جیاوازەوە، ڕوویان کردە ڕیزەکانی حیزب، بوون بە ئەندام و پێشمەرگە و کادر و کاربەدەستی حیزبی دێموکرات. حیزبی دێموکرات دەبوایە لە لایەکەوە خسڵەتی پێشڕەوبوون و پێشکەوتنخوازبوونی خۆی بەو پێکهاتە ئینسانییە جۆراوجۆرەوە بپارێزێ، لە لایەکی دیکەوە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشە و پرس و ڕووداوەکاندا بە جۆرێک هەنگاو بنێ کە خەڵک لێی نەسڵەمێتەوە. خەڵک بۆ چارەسەریی کێشە و گرفتەکانی خۆیان ڕوویان دەکردە بنکە حیزبییەکان و بەرپرسان و کادرەکانی حیزب و، لەگەڵ ئەوەی لە شارەکان و گوندەکان، شۆڕاکانی هەڵبژێراوی خەڵک هەبوون بۆ ڕاگەیشتن بە کاروباری خەڵک، بەڵام حیزبیش دەبوا دەور و ڕۆڵی خۆی هەبێ لە وڵامدانەوە بە چاوەڕوانییەکانی خەڵکدا. یەکێک لە کارە باشەکان لەو بارودۆخەی ئەو کاتدا، داڕشتن و پەسەندکردنی کۆمەڵە قانوونێک لە لایەن حیزبەوە لە چەند بوارێکدا - دیارە بە هاوفکری لەگەڵ پسپۆڕان - بوو کە بریتی بوون لە قانوونی سزادانی گشتی، گەلاڵەی شۆڕاکان و گەلاڵەی زەوی و زار. ئەم قانوونانە ڕێنوێنیی کادرەکان و کۆمیتەکانی حیزب و شۆڕاکان بوون بۆ چۆنیەتیی چارەسەریی کێشە و گرفتەکان. ئەو قانوونانەش پردێک بوون لە نێوان کولتوور و نەریتە باوەکانی نێو کۆمەڵگە و ئەو باوەڕانەی حیزبی دێموکرات کە خسڵەتی پێشکەوتووانە و پێشڕەوانەیان هەبوو. ئامۆژگاریی حیزب لەم سەردەمەدا بۆ ئۆرگان و دامەزراوە و بەرپرسان و کادرەکانی خۆی ئەوە بوو کە نە ئەوەندە خێرا بڕۆین کە خەڵک نەمانگاتێ و لە گەڵمان نەیەن، نە ئەوەندەش خۆپارێزانە و سست کە خەڵک و کۆمەڵ لە پێشمانەوە بڕوا و ئێمە بەجێ بمێنین.

بوونی حیزب وەک هێزێکی دەسەڵاتبەدەست و جێگیربوونی ڕێبەری و ئۆرگانەکان و بنکە و هێزەکانی حیزب بۆ ماوەی چەند ساڵ لە نێو شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵات، لە سەر کولتووری کۆمەڵ و ئاشنابوونی خەڵک بە خۆبەڕێوەبردن، ئازادیی تێکۆشانی سیاسی، بوونی حیزب و ڕێکخراوی جۆراوجۆر، قەدەغەکرانی هێندێک نەریتی دواکەوتووانە، چوونە سەری ڕێزی ژنان و ڕەچاوکرانی هێندێک لە مافەکانیان، کاریگەری هەبووە. بەڵام گومان لەوەشدا نییە کە هەم ئەوەندەی کراوە، لاوازی

و کەموکووڕیی زۆری تێدا هەبوو، هەم دەکرا کاری زیاتر بکرێ، کە ئەمە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و بەڵگە و داتای پێویست هەیە و مەبەستی ئەم وتارەش نییە.

## پوختەی ئەزموونێکی دوو لایەنە

لە گەڵ دوورکەوتنەوەی حیزب لە دەسەڵاتدارەتی و ڕاییکردنی کاروباری ڕۆژانەی خەڵک، جارێکی دیکە نوێخوازی و ململانێی کۆن و نوێ، لە نێوخۆی حیزبدا بەرجەستە بووەوە کە ئەمەش هەم بواری فکری و سیاسی گرتەوە، هەم بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی حیزب، هەروەها تکنیک و کەرەستەی تێکۆشان، خۆڕێکخستن و بەرنامە و پلاندانان و هتد. وێڕای هەمووی ئەمانەش دروستبوونی بەرەبەرەی کولتوورێک لەژێر کاریگەریی هەلومەرجی تایبەتیی خەبات و تێکۆشان و، پەروەردەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی حیزبیدا. کولتوورێک کە هەم ڕووی درەوشاوە و شیاوی لێ فێربوونی هەیە، هەم لایەنی نەرێنی و شایانی ڕەخنەلێگرتنی قووڵ.

نارەوایە ئەگەر لە هەڵوێستەکردن لە سەر ئەم کولتوورە، دەیان و سەدان شتی جوان نەبینین. بۆ نموونە: پابەندی بە بیروباوەڕی نوێ و مودێرن و بەرگری لێکردنیان، دژایەتیکردنی نەریتی دواکەوتووانە و باوەڕی چەوت و نادروست، پێگەیاندن و پەروەردەکردنی مرۆڤەکان بە ڕوانگەیەکی سەردەمیانە، ڕاهێنانی تاکەکان بە نیشتمانپەروەری و گەلدۆستی و ڕێزگرتن لە مرۆڤ و ئاوێتەبوونیان لەگەڵ باوەڕی ئینسانی، سەداقەت و دڵسۆزی و فیداکاری لە پێناوی باوەڕ و بەها بەرزەکاندا، غافڵ نەبوون لەخوێندنی منداڵان و هەبوونی قوتابخانە وخوێندەوارکردنی نەخوێندەواران سەرەڕای کەمدەرەتانی و بارودۆخی نالەبار، هاوبەشیی تاکەکان و بنەماڵەکان لە شایی و شینی یەکتردا، کۆڵنەدان و بەچۆکدا نەهاتن و خۆڕاگریی تێکۆشەران سەرەڕای سەختی و تاڵیی لە ڕادەبەدەر، ڕێزدانان بۆ خەڵک و هتد.

بەڵام بوونی ئەو ڕوخسار و لایەنە جوان و ئەرێنییانە لە ژیان و تێکۆشان و کولتووری ئێمەی دێموکراتدا، بەو مانایە نییە کە ڕابردوو و ئێستای ئێمە، لاوازی و نوقسانی سەرسووڕهێنەری نەگونجاو لەگەڵ نوێخوازی و مودێرنبوونی تێدا نییە. مودێرنبوون لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، یانی تاک یا دامەزراوەیەک، بزانێ و بتوانێ دەست بە کاتەوە بگرێ و زۆرترین سوود لە کات و کەرەستەی مادی و مەعنەویی بەردەستی خۆی وەربگرێ. کار بە تایبەتی لە دامەزراوەی حیزبییدا بە پێی پلان و بەرنامە بەڕێوە بچێ. هێزی ئینسانیی لاو و پڕوزە لە بێکاری و بێبەرنامەیی تووشی دڵساردی و سەر لێ ئەستووربوون نەبێ و کاتەکەی بە فێربوون و پێگەیشتن و کار و تێکۆشان، پڕ بکرێتەوە. توانا و ئیستیعدادەکان بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە پەروەردە بکرێن و لە شوێنی خۆیاندا سوودیان لێ وەربگیرێ. ئەندامان، پێشمەرگەکان و کادرەکان وەها پەروەردە بکرێن

کە تکنیک و شارەزاییەکانی پێویست بۆ کار و تێکۆشانی خۆیان فێر بووبن. بۆ بەدواداچوون و خەسارناسی و چارەسەری کێشە و ئاریشەکانی نێو ڕێکخراو و لێپرسینەوە، سیستم هەبێ.

ئۆرگانیزم و پەروەردە و کولتووری حیزبی ئەگەر کارا و مودێرن و زیندوو و دەوڵەمەند بن، نابن بە ژینگەیەک بۆ سەرهەڵدانی ناوچەگەرایی و ململانێی دواکەوتووانەی تاکەکان و گرووپەکان لەگەڵ یەکتر و تاکپەرستی و تاقمبازی. کەسانی نەشیاو ناتوانن بە جەوسازی و باندبازی و دروشمدانی بێبنەما مەوقعیەت بۆ خۆیان دروست بکەن. حیزب ئەگەر لە قەوارە و بەڕێوەبەری و سازماندەهی و پەروەردە و لێپرسینەوەدا، مودێرن بێ، کەشوهەوا و بەستێنێکی پشتبەستوو بە ڕوونبێژی، پێشبڕکێ و ململانێ لە سەر توانا و ئیدە و پرۆژە و بەرنامەی ڕوون، دەخوڵقێنێ. پێوەری گەشەی تاکەکان و بەرپرسایەتیی وەرگرتنیان لە هەیکەلی ڕێکخراوەییدا، توانا و ئامادەیی و لێهاتووییەکانی خۆیان دەبێ نەک شتی دیکە.

هۆی ناسەرکەوتوویی حیزبی دێموکرات لە چارەسەری ناکۆکیی نێوخۆیی و تووشبوونەوەی بە چارەنووسی لەتبوون و لێکدابڕان، دەگەڕێتەوە بۆ کۆنی و داتەپینی شێوازەکانی ڕێبەری و بەڕێوەبەری و خۆڕێکخستنەوە، هەروەها بەتاڵکرانەوەی کولتووری حیزبی لە نوێبوونەوەی ڕاستەقینە و ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتنی واقیعی و، پاشەکشە و نەمانی کارایی بەها و بنەما شۆڕشگێڕی و حیزبی و تەشکیلاتییەکان لە سۆنگەی ململانێی جەناحییەوە. لەتبوون و لێکدابڕان، ناهومێدی بوو لە چارەسەر و، ڕاکردن بوو لە کێشە و ململانێ لەگەڵ یەکتر لە چوارچێوەی حیزبێکدا، نەک چارەسەر دێتنەوە بۆ ئەو کێشە و گرفتانەی حیزبی دێموکراتیان نوقمی قەیران کردبوو. بەم پێیە، نوێبوونەوە و خۆنوێکردنەوەی سەرچاوەگرتوو لە ڕەخنە لەخۆگرتن و بەخۆدا چوونەوە و، باس و ڕاوێژی زیندوو و بە گوێرەی بەرنامە و پلان و، بەدوور لە دروشم و مەزایەدەی شەخسی، دەتوانێ باشترین چارەسەر بێ کە هەم یەکگرتوویی بۆ حیزبی دێموکرات بگەڕێنێتەوە، هەم حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو بۆ بەجێگەیاندنی ڕەساڵەتی مێژوویی خۆی لە ئێستە و داهاتوودا، ئامادە بکا.

ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٩

## بەشی پێنجەم و کۆتایی

### شۆڕشگێڕ و ڕادیکاڵ بوون، یا ڕیفۆرمیست و مەدەنی بوون؟

### پوختەی ئەزموونەکان

بەشی چوارەم

**لە ٤ بەشی پێشوو داکۆمەڵێک لە دووانە تەبا و ناتەباکانی مێژووی ٧٥ ساڵەی حیزبی دێموکراتم باس کرد کە بریتی بوون لە:**

١- سەربەخۆییخوازی و خودموختاریخوازی،
٢- سەرانسەری بوون و ناوچەیی بوون،
٣- چەپ بوون و نەتەوەیی بوون،
٤- شەڕخوازبوون یا ئاشتیخوازبوون،
٥- کوردستانیبوون و ڕۆژهەڵاتیبوون،
٦- نەریتخواز (سوننەتی)بوون یا مودێڕن (نوێخواز)بوون.

**لەم بەشەشدا کە دوایین بەشی ئەم زنجیرە وتارەیە، لە سەر یەکێکی دیکە لە دووانە تەبا و ناتەباکان هەڵوێستەیەک دەکەم:**

## شۆڕشگێڕ و ڕادیکاڵ بوون، یا ڕێفۆرمیست و مەدەنی بوون؟

ئەو پرسەی حیزبی دیموکرات خەباتی خۆی بۆ تەرخان کردوە و ئەو ئامانج و داوایانەی ئەو حیزبە لە درێژایی مێژووی خۆیدا هەڵگریان بووە، ئەگەر سیستەمێکی دەسەڵاتدارەتیی دیموکراتیک و پابەند بە ئازادیی تێکۆشانی سیاسی لە ئێران لەسەر کار بوایە، پێویست نەدەبوو حیزب دروشمی ڕووخانی ڕێژیمەکانی ئێرانی بۆ هەڵبگرێ و بەشێوازگەلی شۆڕشگێڕانە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی خەبات بکا. چونکە هەم حیزبەکە مافی ئازادیی تێکۆشانی سیاسیی لە نێو ئێرانیدا دەبوو، هەم خەڵکی کوردستان وەک پێکهاتەیەکی نەتەوەیی جیاوازی ئێران، دەیانتوانی لە لایەکەوە نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان بنێرنە پارلمانی ئێران و، لە لایەکی دیکە لە ڕێگا و شێوازە قانوونی و هێمنانەکانی دیکەی خەبات بۆ وەدیهێنانی داخوازەکانی خۆیان، کەلک وەربگرن.

بەڵام هەر دوو ڕێژیمی شایەتی و کۆماری ئیسلامی، لە ڕووی چییەتی و نێوەرۆکەوە، بەتەواوی لەگەڵ داوای مافە نەتەوەییەکانی کورد نامۆ و دژ بوون. جگە لەوەی بچووکترین بە دەنگەوەهاتنیان بەرامبەر داوای مافە نەتەوەییەکانی کورد نەبووە، بە لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستان و شەڕ و سەرکوت و، ڕێگەنەدان بە تێکۆشانی سیاسی و شێوازە هێمنانەکانی خەبات، لە گەڵ ئەو حیزبە و خەڵکی کوردستان ڕووبەڕوو بوونەتەوە. ئەزموونی حیزبی دیموکرات لە دەسپێکی دوو قۆناغی

بەشی چوارەم

گرنگ لە مێژووی خۆی و ئێراندا، شایەدی بۆ ئەم ڕاستییە دەدەن. حیزبی دیموکرات لە سەرەتای دامەزرانیدا، بە پێکهێنانی کۆماری کوردستان و کار و خزمەتەکانی ئەو کۆمارە، بە پێوەرەکانی سەردەمی خۆی نموونەیەک لە مەدەنییەت و شێوازە مەدەنی و ئاشتیخوازانەکانی بەڕێوەبەرێتیی کۆمەڵ و تەعامول لە گەڵ تاران و نەتەوەی دراوسێ و لایەنەکانی دیکەی گرتەبەر. سەفەری پێشەوا قازی محەممەد لە پلەی سەرۆکی کۆماری کوردستاندا بۆ تاران، دەسپێشخەری و ئامادەیی نیشاندان بوو بۆ چارەسەری کێشە لە گەڵ تاران بە شێوەی هێمنانە و ئاشتیخوازانە. بەڵام ڕێژیمی شایەتی هەر کە خۆی گرتەوە، لەشکری بۆ کوردستان نارد و کۆماری ڕووخاند و سەرانی کۆمار و حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە سێدارە دا و دواتریش لە سەر سەرکوتی ئەو حیزبە و تێکۆشەرانی گەلی کورد بەردەوام بوو.

بە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنە سەرکاری ڕێژیمی تازە لە ئێران، جارێکی دیکە حیزبی دیموکرات بە هێنانەگۆڕێی داواکانی خەڵکی کوردستان بە شێوەی هێمنانە، وەدەست هاتەوە. ڕێژیمی تازەش، بە هەمان شێوەی ڕێژیمی شایەتی لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لەگەڵ خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی جووڵایەوە: بە لەشکرکێشی و سەپاندنی شەڕ.

وەک لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەی پێکرا، پەنابردنی حیزبی دێموکرات و هێزە سیاسییەکانی دیکە و بە گشتی خەڵکی کوردستان بۆ بەرگری لە خۆیان و، بەرپەرچدانەوەی لەشکرکێشی و هێرشی نیزامیی ڕێژیم بە چەک و هیزی پێشمەرگە، لە ناچاری بووە. هەڵگرتنی دروشمی ڕووخانی ئەو ڕێژیمەش لە لایەن ئەو حیزبەوە بەرهەمی ناسینی دروستی نێوەرۆکی ئەو ڕێژیمە و نەبوونی ڕێگای هێمنانەی خەبات بۆ داخوازەکان بووە. بەڵام شانبەشانی خۆڕاگریی چەکدارانە و خەباتی پێشمەرگانە، حیزبی دیموکرات تەنانەت لەو ساڵانەشدا کە بەربەرەکانیی چەکدارانە، شێوەی سەرەکیی خەباتەکەی بوو، هیچ کات دروشم و سیاسەتی کەلکوەرگرتن لە هەموو شێوەکانی خەباتی وەلا نەناوە. سروشتیە لە هەلومەرجێکدا کە خەباتی پێشمەرگانەی وەک پێشوو بۆ بەرێوە نەچووە، پتر لە پێشوو بایەخی بە شێوەکانی دیکەی خەبات و بە تایبەتی هاندان و ڕێنوێنی خەڵک بۆ سوود وەرگرتن لە دەرفەتەکانی نێوخۆ بە مەبەستی دەربڕینی داخوازەکانی خۆیان داوە.لە سەردەمی یەکگرتووبوونی حیزبی دیموکرات (دەیەی حەفتای هەتاوی)، دەتوانین یەکەم هەڵبژاردنی سەرانسەریی «شوراکانی شار و دێ» و هەروەها هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسی شەشەم بە نموونە بێنینەوە کە حیزبی دیموکرات داوای لە خەڵک کرد لە هەڵبژاردندا بەشداری بکەن. لە دەیەی هەشتای هەتاویشدا، بانگەوازی خەڵک بۆ مانگرتنی گشتی لە ٢٢ی پووشپەر (بیرئانینی تیرۆری د.قاسملوو)، دەلیلی بڕواهەبوونی حیزب بە سوودوەرگرتن لە شێوازگەلی مەدەنیی خەبات بووە. دیارە پێشتریش و دواتریش، حیزبی دیموکرات لە هاندان و ڕێزلێگرتنی خەبات و هەوڵدانی تێکۆشەرانی بواری فەرهەنگ بە تایبەتی ئەنجومەنە فەرهەنگییەکان، دڵسۆزانی بواری خزمەتکردنی زمانی کوردی و هتد، تەنەخی نەکردوە.

بەشی چوارەم

دوای لەتبوون، حیزبی دیموکراتی کوردستان، هاوشان لەگەڵ زیندووکردنەوەی حزووری پێشمەرگە لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵات، بە ڕاشکاوییەکی زیاترەوە سیاسەتی پشتیوانی و هاندانی خەبات و تێکۆشانی چالاکانی مەدەنی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی گرتەبەر. لەم بارەیەوە پێوەندیی خۆی لەگەڵ کەسایەتییەکان و کۆڕ و کۆمەڵە مەدەنییەکانی نیوخۆ بەرینتر کردەوە و لە ڕاگەیەنەکانی خۆیدا، بواری بۆ ئاوڕدانەوە لە تێکۆشان و بیروڕای چالاکانی نێوخۆ ڕەخساند. خەباتی مەدەنیی خەڵکی ڕۆژهەڵات کە نێوەرۆکێکی نەتەوەیی و شوناسخوازانەی هەبووە، لە هەر بەستێن و بوارێکدا بووبێ، لە لایەن ئەم حیزبەوە پێشوازیی لێ کراوە و پشتی گیراوە. ئەوانەش وایان کردوە خەڵک و بە تایبەتی چالاکانی نێوخۆ، پتر بە تێکۆشانی خۆیان دڵگەرم بن. ساڵی ١٣٨٨، کاتێک دوو بەربژێری پۆستی سەرکۆماری لە ڕەوتی بانگەشەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا، نیمچە ئاوڕێکیان لە پرسی نەتەوە بندەستەکانی ئێران دایەوە، حیزبی دێموکرات داوای لە خەڵکی کوردستان کرد ڕەنگدانەوەی پرس و داوای خۆیان لە بەرنامەی کاندیداکاندا بکەنە بناغەی بەشداری و دەنگدانیان. جاری واش بووە لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیس و شووراکاندا، بە تایبەتی لەو شار و ناوچانەدا، کە کورد و تورک پێکەوە دەژین و ململانێیەکان، ڕەنگ و واتای نەتەوەییان هەبووە، یا لە نێوان مۆرەیەکی ڕێژیم و کەسێکی نزیک لە خەڵک ڕقبەرەقەی هەڵبژاردن هەبووە، داوای حیزبی دێموکرات ئەوە بووە کە خەڵک لەم دەرفەتانە بۆ سەلماندنی بوونی خۆیان و خستنە ڕووی داواکانیان و تێکشکاندنی پیلان و بەرنامەی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم، بێنە مەیدان. ئەمانە لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە، بەرجەستەبوونەوەی وتووێژخوازی و وەبیرهێنانەوەی پەیتا پەیتای ئەو قسەیە کە پرسی کوردستان ڕێگەچارەی نیزامی نییە، نەک هەر لە دەرەوەی حیزب بەڵکوو لە نیوخۆی حیزبیشدا، پەرەی بە دروستبوونی خوێندنەوەی جیاواز لە گوتار و سیاسەتی ڕەسمی و دیاریکراوی حیزب داوە.

لەو پێوەندییەدا پێویستە کۆنگرەی حەڤدەیەم، بۆ ئەوەی ناڕوونییەکان بڕەونەوە و تێگەیشتنی وەک یەک لە سیاسەتی حیزب بێتەوە کایە، سەرلەنوێ ڕوانگە و بینینی حیزب پێناسە بکاتەوە. بەڵام شاراوە نییە کە ئەم باسە هەر کاتێک و لە هەر ئاستێکدا بکرێ و بە هەر ئاکامێک بگا،

دەبێ بتوانێ وەڵامدەری کۆمەڵێک پرسیاری جەوهەری بێ، بۆ نموونە:

حیزبی دێموکرات لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا، بێجگە لە زیانی سیاسی و وێکەوتنی زەبری ئەمنیەتی و فیزیکی، چ دەسکەوتێکی لە سیاسەتی وتووێژخوازی هەبووە؟ دیارە وتووێژخوازی ساڵی ١٣٥٨ بەو هۆیەوە کە هەم نیازپاکیی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان و، هەم بایەخنەدانی ڕێژیمی تازە بە داواکانی خەڵکی کوردستانی سەلماند، گرنگیی سیاسیی خۆی هەبوو. بەڵام لە بیرمان بێ، کۆماری ئیسلامی ساڵەکانی ١٣٦٧ - ١٣٦٨ لەکاتێکدا لە شەڕ لە گەڵ عێراقدا تێک

شکابوو و لە باری ئابووری و سوپاییشەوە زیانی گەورەی لێ درابوو، لە حاڵێکیشدا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئەو کات بە هێزێکی چەند هەزار کەسیی پێشمەرگەوە لە سەرانسەری ڕۆژهەلاتی کوردستاندا، مەیدانداریی بەرامبەر ئەو ڕێژیمە دەکرد و لە باری سیاسی و دیپلۆماسییشەوە، زۆر لە ئێستای حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەرتر بوو، وتووێژی نەک بۆ چارەسەری کێشەی کوردستان، بەڵکوو بۆ لەداوخستنی دوکتور قاسملوو و تیرۆرکردنی ئەو ڕێبەرە بوو. ئێستا چ شتێک گۆڕاوە کە پێمان وابێ سیاسەتی وتووێژخوازی ئاکامێکی باشتری دەبێ؟ ئایا ئێمە لە ڕابردوو بە هێزتر بووین؟! یا گۆڕانێک لە سیاسەت و چییەتیی ئەو ڕێژیمەدا ڕووی داوە؟! تاقمێک لە ترۆپکی دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمەدا کە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان تەنانەت کوڕی خومەینی و کەسێکی وەک ڕەفسەنجانی لە نێو دەبەن؛ مەجالی وەدەنگ هاتن بە مووسەوی و کەڕووبی و خاتەمی نادەن؛ تەنانەت ئامادە نین لە سەر دەستی کەسانێکی بڕوا پێکراو و تاقیکراوەی خۆیان، کەمترین مافەکان بە خەڵکی کوردستان بدەن؛ چ نیەتێکی خێریان لە وتووێژ لەگەڵ حیزبێکی کوردستانی بە پێشینەیەی خەباتێکی شۆڕشگێڕانەی خوێناوییەوە هەیە؟ «بە فرض محاڵ» گریمان بەشێک لە داخوازەکانی ئەو حیزبەیان قبووڵ کرد کە وتووێژیان لەگەڵ کردووە یا وتووێژی لەگەڵ دەکەن. ئایا هیچ حیزبێکی ڕۆژهەڵات دەتوانێ بە تەنیا لەسەر داخوازەکانی خەڵکی کوردستان بڕیار بدا و لەگەڵ ڕێژیم ڕێک بکەوێ؟ ئاکامی شتێکی ئەوتۆ بێجگە لە ڕاوەستان بە رامبەر بە هێزە سیاسییەکانی دیکە و، وەستانەوە لە ڕووی خەڵکدا، چ دەبێ؟

سیاسەتی وتووێژخوازی لە هەلومەرجێکدا کە کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ لە لەگەڵ بێ وێنەترین تووڕەیی و بیزاریی خەڵک و، لە ئاستی نیودەوڵەتییش لە گەڵ گوشار و گەمارۆی پشتشکێن بەرەوڕووە و، هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن خەریکن خۆیان بۆ قۆستنەوەی ئەم دەرفەتە ئامادە دەکەن، جگە لە خزمەت بە مانەوەی ئەو ڕێژیمە و هەڵبڕاندنی حیزب لە هاوخەباتی لە گەڵ هێزە سیاسییەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئێرانی، چ مانا و ئاکامێکی دەبێ؟

حیزبێکی سیاسی کە ئامانجەکان و بەرنامەکەی لە چوارچێوەی ڕێژیمی دەسەلاتداردا ئیمکانی جێبەجێبوونیان نییە، دوو ڕێگای زیاتر لە بەر دەم نییە. یا سیاسەت و دروشم و بەرنامەکەی خۆی دەبێ تا ئەو ڕادەیە دابەزێنێ کە لەو ڕێژیمەدا، ئەگەری جێبەجێبوونیان هەبێ، یا هەوڵی لە سەرکار لابردنی ئەو ڕێژیمە بدا. کۆماری ئیسلامی سەلماندوویەتی کە تەنانەت ئامادەیی جێبەجێکردنی ماددەی ١٥ دەستووورەکەی خۆشی نییە؛ ماددەیەک کە ئەگەر جێبەجێش بێ، شتێکی زۆر بچووک و کەم بایەخ لەو داخوازانەیە کە نەتەوەی کورد دەیان هەزار قوربانیی بۆ داون. سروشتییە کە حیزبی دیموکرات دوای زیاتر لە ٧٠ ساڵ ئاڵاهەڵگربوونی پرسێکی گەورە و ئامانجێکی بەرز و خەبات و قوربانیدانی پڕ شانازی لە پێناویدا، ناتوانێ ببێ بەو هێزە سیاسییەی داخوازەکانی لە کۆماری ئیسلامیدا جێبەجێ ببن.



سەرچاوە
Serchawe

بەڵام دانەبەزینی حیزبی دیموکرات لە داخوازە بنەڕەتییەکانی و، بەندبوونی وەدیهاتنی ئەو داخوازانە بە نەمانی ئەو ڕێژیمە، بە مانای وەلانانی هەموو شێوەکانی خەبات جگە لە شێوە ڕادیکاڵەکان نییە. حیزبێک دەکرێ دروشمە سەرەکییەکەی گۆڕان و نەمانی ڕێژیمێک بێ، بەڵام پشتیوانی هەر جۆرە خەباتێکی خەڵک بێ کە تەنگ بەو ڕێژیمە هەڵ دەچنێ. داخوازەکان هەر چییەک بن: سیاسی، ئابووری، کەلتووری، سینفی و چینایەتی، ڕۆژانە و تاکتیکی، درێژخایەن و ستراتیژیکی، گرینگ ئەوەیە بکرێن بە بیانوو و هەوێنی لە مەیداندابوونی بەردەوامی خەڵک بۆخەبات بۆ مافەکانی خۆیان و بەرگرییان لە شوناسی نەتەوەیی خۆیان. شتێک کە دەبێ ئەسل بێ، سوود وەرگرتنی خەڵکە لە دەرفەتەکان، هەم بۆ بەهێزکردنی یەکگرتوویی و هاوپێوەندی لە نێوخۆ و، پەرەدان بە خەباتخوازی و شوناسخوازیی خۆیان، هەم بۆ گوشار دروستکردن بۆ سەر دەسەڵات و خوڵقاندنی هەلومەرجێک کە خۆیان باشتر بتوانن هەناسە بدەن.

سیاسەتی بانگەوازیی خەڵک بۆ لە مەیداندابوون و، بۆ ئەوەی لە هەموو دەرفەتێک بۆ سەلماندنی بوونی خۆیان و دەربڕینی ویست و داخوازەکانیان سوود وەر بگرن، سیاسەتێکی دروستە. بەڵام ئەوەی نادروستە خوێندنەوەیەکی هەڵەیە لە پێناسەی «سوود وەرگرتن لە دەرفەتەکان». تەم ڕەواندنەوە لەسەر ئەو سیاسەتە ئەرکێکی دیکەی کونگرەی حەڤدەیەمی حیزبە. ئەو تەمە دەبێ بڕەوێتەوە کە پێشوازی و پشتیوانی لە خەباتی مەدەنی و بزووتنەوەی مەدەنی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە هیچ جۆر بەو مانایە نییە کە حیزبی دێموکرات بۆ خۆیشی گوتار و سیاسەت و هەڵوێستەکانی تا ئاستی گوتار و سیاسەت و هەڵوێستی ڕێکخراوێکی مەدەنیی نیوخۆ - کە ناچارە لە چوارچێوەی یاسا و ڕێسا دیاریکراو و دیارینەکراوی کۆماری ئیسلامیدا تێکۆشانی هەبێ - دادەبەزێنێ. ئەمەش دەبێ ڕوون ببێتەوە کە بەردەوامی لە سەر ئەو سیاسەتە بەو مانایە نییە کە لە هەموو هەڵبژاردنێک و لە هەر هەلومەرجێکدا، خەڵک بۆ بەشداری لە هەڵبژاردن و دەنگدان، هان بدرێن. ئەگەر لە هەڵبژاردنێکدا، خەڵک بە دەنگدان بە کاندیدایەک بە هۆی بەرنامە سیاسییەکەی، یا بە هۆکاری ئەتنیکی، دەتوانن پەیامێکی سیاسیی بگەیەنن، لە هەڵبژاردنێکی دیکەدا، بە دەنگنەدان و بایکۆتی یەکگرتووانە، دەتوانن هەڵوێست و پەیامی گەورەتر بگەیەنن. ئەمەش نابێ لە سیاسەتدارشتنی داهاتوومانەدا لە بیر خۆمان بەرینەوە کە ئەزموونی هەڵبژاردنەکانی چەند دەورەی رابردوو دەری خست تەنانەت ئەو کاتەش کە خەڵک بە وشیاری وبە داواکاریی سیاسی و نەتەوەیی دیاریکراوەوە بەشداری لە هەڵبژاردندا دەکەن بۆ ئەوەی بە لانیکەمی مافەکانیان بگەن، سەرئەنجام هەر ناهومیدی و ڕەنج بە خەسارییان بۆ دەمێنێتەوە.

## پوختەی ئەزموونی ڕابردوو:

حیزبێک بە ئامانج و بەرنامەی سیاسیی شۆڕشگێڕانە و بە پێشێنەی خەباتی شۆڕشگێڕییەوە، ئەگەر بەرامبەر پوتانسیەلی

بەشی چوارەم

خەبـاتگێرانەی نێـو هەنـاوی کـۆمەڵ کە لە ڕووی داواکـاری و شـێوازەوە «مەدەنـی» و هێنـدێکیان ڕیفۆرمخوازانەشـن، بـێ تەفاوەت بێ یا دژایەتیی بکا، بۆ خۆی زەرەر دەکا. بە پێچەوانەوە پێویستە بە ئاراستەی ئەو ئامانجە گەورە و گشتی و هاوبەشانەی «حیزب» و «خەڵک «یا «حیزب» و «کۆمەڵ» پێک دەبەستنەوە، کـاریگەریی لە سەر ئەو جۆرە خەبـات و بـزووتنەوەیە هەبـێ، بـێ ئەوەی هیچ کـام لەو دووانە (حیزبـی شۆڕشگێڕ و بـزووتنەوەی مەدەنـی) ڕۆڵ و جێگەی خۆیـان لـێ بگۆڕێ یا جێگای خۆیان گەڵ یەکتر بگۆڕنەوە. ئەگەر لە بڕگەیەکی زەمانییشدا، دروشمێک یـا شێوازێک لە خەبـاتی حیـزب، جێگای پەسندی بەشێک لە بزووتنەوە مەدەنییەکە نەبوو، یـا بە پێچەوانەوە داواکـارییەکی بـزووتنەوە مەدەنییەکە و جـۆری هەوڵـدان و خەبـاتکردن لە پێنـاویـدا، زۆر کەمتـر و بچـووکتر لە چاوەڕوانییەکـانی ئەو حیـزبە بـوو، بە ئـاسـایی بـزانین . چـونکە سروشـتییە دوو ئەکـتەر بە دوو مەوقعییەتـی جیـاوازی سیاسـی و بە دوو بـوار و توانـای جیـاوازی خەبـاتکردنەوە، ناتوانن بەردەوام پێ بە پێی یەک بچنە پێش. گرنـگ ئەوەیە حیـزب ڕۆڵـی پێشڕەوانە و ڕێنشـاندەرانەی خـۆی بپـارێزێ و هەوڵ بدا بزووتنەوە مەدەنییەکە لە ئامانجە سەرەکییەکان و ڕێڕەوە گشتیەکەدا، لانەدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# ڕۆڵ و کاریگەریی د.شەرەفکەندی لە بەڕێوەبردنی ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتدا

(*)

## بەشی بیست و حەوتەم:

### ١- ڕۆڵی لە پێشخستنی و بە پیشەیی کردنی و ڕاستگۆیی لە هەواڵ و بڵاوکراوەکانی دا:

ڕۆژنامەی "کوردستان"، هەتا ئێستاش ڕۆژنامەی ئۆرگان (زمانحاڵ)ی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە. د.شەرەفکەندی لە دەیەی هەشتای زایینیدا بۆ ماوەی چەند ساڵێک بەرپرسی "کۆمیسیۆنی ئینتیشارات و تەبلیغات"ی حیزب بوو، بە دیاریکراوی ساڵانی ١٩٨٧، ١٩٨٨، ١٩٨٩دکتور شەرەفکەندی وەک ئەندامی دەفتەری سیاسی، کە هاوکات جێگری سکرتێری گشتیی حیزب، (د.قاسملوو)ش بوو، بەرپرسایەتیی ئەو کۆمیسیۆنەی لە ئەستۆ بوو .مەبەست لە ئینتیشارات، کاروباری چاپەمەنیی حیزب، بە تایبەتی ڕۆژنامەی "کوردستان" بوو، بەشی تەبلیغاتیش بە زۆری "ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران"ی دەگرتەوە. دیارە ڕۆژنامەیەکی ئۆرگانی حیزبێکی سیاسی کە لە شاخ و داخ و لە ڕەوتی بەڕێوەچوونی خەباتێکی چەکداری و خوێناویدا، دوور لە شار و ئیمکاناتی پێشکەوتووی چاپ دەردەچوو و ئەو کات مانگێ یەک ژمارەی لێ دەردەچوو، ناکرێ چاوەڕوانیی پیشەیی بوونمان لێی هەبێت. بە بۆچوونی من ڕۆژنامەیەک دەکرێت بە پیشەیی ناوی بەرین، کە هەم بەڕێوەبەران و ستافی ئامادەکردنەکەی پەروەردە و پێگەیشتووی ئەو بوارە بن، هەم ئەرکی ڕۆژنامەکە، پێوەندیی بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەبێت و خوێنەرانی ڕۆژنامەکە، ڕۆژانە بە هۆی ئەو ڕۆژنامەیە ئاگاداری هەواڵ و ڕووداوەکان و شرۆڤەی ئاڵوگۆڕەکان بن. هەروەها لە هەمانکاتیشدا ئەگەر ڕۆژانەش بڵاو نەبێتەوە، حەوتووانە دەربچێت. ڕۆژنامەی "کوردستان" لەو سەردەمدا هیچ کام لەم تایبەتمەندییانەی نەبوو. ڕۆژنامەکە مانگێ جارێک بە دوو زمان (کوردی و فارسی) بڵاو دەبۆوە. کوردییەکە و فارسییەکە، ئەگەرچی زۆربەی بابەتەکانیان یەک شت بوون، بەڵام جیا لە یەکتر و سەربەخۆ بوون. (مەبەستم ئەوەیە هەر ژمارەیەکی ڕۆژنامە، هەم نوسخەی فارسی هەبوو هەم نوسخەی کوردی.) ناوەڕۆکی ڕۆژنامەی "کوردستان" لەو سەردەمدا بە زۆری بەیاننامە و ڕاگەیەندراوەکانی حیزب، وتار و بابەتی سیاسیی پێوەندیدار بە ڕووداو ئاڵوگۆڕەکانی ئێران و کوردستانی ئێران، هەڵبژاردەی وتووێژ و لێدوانەکانی سکرتێری گشتیی حیزب، هەواڵی چالاکییەکانی هێزەکانی پێشمەرگە، ڕاپۆرتی تێکۆشانی کۆمیتەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات، هەواڵ و ڕاپۆرتی لە بارەی کردەوە و تاوانەکانی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی ئێران لە کوردستان و شتی لەم بابەتە بوون.

لە ڕووی فۆرمەوە ژمارەکانی ئەو ساڵانە لە کاغەزی A4 دا بڵاو دەبوونەوە .هەم نووسین و وێنەکان بە ڕەنگی ڕەش بوون، مەگەر لە هێندێک بۆنە یان بۆ هێندێک بابەت نەبێت کە ڕەنگی سووریش بۆ تیتر(سەردێر)، یان مانشێتێک بەکار دەهێنرا. ئامێرەکانی چاپ بە زۆری پلۆکۆپی و فتۆکۆپی بوون. تەنانەت تایپ( مەکینەی پیتچنین یان نووسین) بە دەگمەن کارەبایی بوون.

لە وەڵامی ئەو بەشەی پرسیارەکەتدا کە پێوەندیی بە ڕاستگۆیی لە بڵاوکردنەوەدا هەیە، بەڵێ د.شەرەفکەندی زۆر گرنگیی بە ڕاستگۆیی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکاندا دەدا. یەکێک لە هۆکارەکانی خۆشەویستیی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران، ڕاستگۆ بوونی بوو. تەنانەت هێزەکانی ڕێژیمی ئێران و بنەماڵەکانیشیان، بۆ دڵنیایی لە ژمارەی کوژراو و بەدیلگیراوانی ڕێژیم و زانینی ناویان، متمانەیان بەم رادیۆیە دەکرد، چونکە دڵنیابوون شتی ناڕاست بڵاو ناکاتەوە. ئەگەر جارێک بە هەڵە زانیارییەکی ناڕاستی بڵاو کردباوە، دواتر هەڵەکەی راست دەکردەوە و داوای لێبووردن لە گوێگرەکانی دەکرد.هەمان سیاسەتیش لە ڕۆژنامەی "کوردستان" پەیڕەو دەکرا. د.شەرەفکەندی وەک بەرپرسی یەکەم لە ڕاگەیاندنی ئەو کاتی حیزبدا، نەک هەر لە هەواڵەکاندا، بەڵکوو لە بڵاوکردنەوەی وتار و لێکدانەوەی سیاسی و بابەتی جۆراوجۆری دیکەدا، پێی وابوو، نابێت ڕاستی لە خەڵک بشارینەوە، زانیاریی درۆ و ناڕاستیان پێ بدەین. ئەو پێی وابوو، رادیۆ و ڕۆژنامە زمانحاڵی حیزبن، ئەگەر ناڕاستی بڵاو بکەنەوە، خەڵک متمانەی بەوان نامێنێ و لە ئاکامدا، متمانەیان بە حیزبی دیموکراتیش نامێنێت.

بەڕێزت لە بارەی پێشخستنی ڕۆژنامەکە بە هۆی د.شەرەفکەندییەوە پرسیارت کردووە. لە ڕووی ناوەرۆک و جۆراوجۆریی بابەتەکانەوە، پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەم. د.شەرەفکەندی پێی وابوو، ئەم ڕۆژنامەیە بەو هۆیەوە کە ڕۆژنامەی خەباتی شۆڕشگێڕانە و نەتەوەیی بزووتنەوەیەکی ڕەوایە و مانگانە دەردەچێت، پێویستە هێندێک ڕووداو و زانیاری بە دۆکیۆمێنت بکا. ئەو دەیوت ئەم ڕۆژنامەیە بۆ ڕێبەریی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان، هەروەها بۆ ئۆفیسی گۆڤار و ڕۆژنامە فارسییەکان، کۆمەڵە و ناوەندە کوردییەکان، کتێبخانەکان و کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان دەچێت. بۆیە پێویستە هەواڵەکانی پێوەندیدار بە شەڕی ڕێژیمی ئێران بەرامبەر خەڵکی کوردستان، ئێعدامی ئازادیخوازانی کوردستان و ئێران لە لایەن ئەو ڕێژیمەوە و ...هتد با لە هەر ژمارەیەکی ڕۆژنامەدا هەبێت، چونکە ئەو ناوەندانە بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونەکانی خۆیان وەک سەرچاوە بەکاری دەهێنن.

**٢- لە ڕووی هاوکاری دارایی و هێنانی کەرەستەی باش و پێشکەوتوو بۆ ڕۆنامە، چی ئەوکاتەی بەرپرسی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی بوو، چی ئەکاتەی سکرتێری حیزب بوو:**

وەڵامی پرسیاری یەکەمیشدا ئاماژەم پێدا، "کوردستان" ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو. ئەمەش بەو مانایە بوو کە لای ڕێبەریی حیزب، ڕۆژنامەی "کوردستان"، گرنگییەکی تایبەتی هەبوو، هەر بۆیە بەردەوام ئەندامێکی دەفتەری سیاسی و چەند جاریش، جێگری سکرتێری گشتی، بەرپرسایەتیی ئەم ڕۆژنامەی پێ دەسپێردرا تا لە باری سیاسییەوە ڕۆژنامەکە ڕەنگدانەوەی سیاسەت و ڕوانگەکانی ئەم حیزبە بێت. لەسەردەمی بوونی د.شەرەفکەندی لە بەرپرسایەتیی ئەم ڕۆژنامەیەدا، بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات لە بناری قەندیل، لە "بۆڵێ" بوو کە ناوچەیەکی هەم شاخاوی، هەم "محرمە" واتە چۆلکراو لە لایەن سوپای عێراقەوە بوو .کەرەستەی باش و پێشکەوتوو بۆ شوێنێکی وا، کە لە شەو و ڕۆژدا، تەنیا چەند کاتژمێر "کارەبای مولیدە"ی هەبوو، لەو سەردەمدا هەر دەیتوانی پلۆکۆپی و فتۆکۆپی و شتی لەم چەشنە بێت.

١٤ی سێپتەمبەری ٢٠٢٥

## ڕەهەندەکانی سیاسەتی زمانیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

### بەشی یەکەم:

### بەرایی:

لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٤٠٤ (١٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٥)، هەشتا ساڵ بەسەر دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا ڕابرد. ئەم حیزبە بە تەمەنترین حیزبی کوردستانە کە هەتا ئێستاش بۆ ڕزگاریی نەتەوەی کورد لە ئێران لە بێمافی و بندەستیی نەتەوەیی لە حاڵی تێکۆشان و خەباتدایە. پرسی زمان بە گشتی و زمانی کوردی بە تایبەتی، هەر لە ڕۆژی یەکەمی دامەزرانی ئەم حیزبەوە هەتا هەنووکەش، یەک لەو پرسە سەرەکییانە بووە کە لە ئامانجەکان و بەرنامەی سیاسی و تێکۆشان و خەباتی بەردەوامی ئەم حیزبەدا، گرنگیی تایبەتیان پێدراوە. لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێت سیاسەتی زمانیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە پشتبەستن بە پەسندکراوەکان، تێکۆشانی کردەیی و بەڵگەنامەکانی مێژووی ئەم حیزبە، ئاوڕیان لێ بدرێتەوە.

**کلیله وشەکان: سیاسەتی زمانی، بەرنامەی حیزبی**

**دیموکراتی کوردستان، نەتەوەی کورد، زمانی کوردی، زمانی ڕەسمی، مافە زمانییەکان.**

### پێویستیی سیاسەتی زمانی بۆ حیزبێکی نەتەوەیی و ڕزگاریخواز

"سیاسەتی زمان" یان "سیاسەتی زمانی" بە کۆی ئەو باوەڕ و بۆچوون و ڕوانگانە دەگوترێت کە دەوڵەتێک، حیزبێک، دامەزراوەیەک، تەنانەت بنەماڵەیەک، دەیکەنە ڕێنوێن و بنەمای هەڵوێست و کردەوە و هەڵسوکەوتی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ زمان و بەکارهێنانی زمان لە کۆمەڵدا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە کاتی دامەزرانییەوە خاوەنی سیاسەتی زمان بووە، ئەگەرچی ناوی "سیاسەتی زمان"ی لەسەر ئامانجەکان، پەسندکراوەکان و بڕیار و ڕێوشوێنەکانی پێوەندیدار بە زمانی خۆی دانەنابێت.

بەشی چوارەم

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ساڵی ١٩٤٥ بە ئامانجی دابینکردنی سەروەریی نەتەوەیی بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێی ناوەتە مەیدانی تێکۆشان. نەتەوەی کورد لە ئێران لەکاتی دامەزرانی حیزبی دیموکراتدا، نەک هەر لە مافی خۆبەڕێوەبردن و دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بێ بەش بووە و هەر لەجێدا حاشا لە بوونی کراوە، زمانەکەشی بە توندی سەرکوت کراوە؛ تا ئەو ڕادەیە کە نووسین بەو زمانە، تەنانەت ڕاگرتن وخوێندنەوەی کتێب و چاپەمەنیی کوردی لە چوارچێوەی بنەماڵەشدا سزای قورسی بەدواوە بووە؛ هەروەها قسەکردن بەو زمانە لە ئیدارەی دەوڵەتی و قوتابخانە ڕێگریی لێکراوە. ئاشکرایە چارەسەری کێشەی نەتەوەیی خەڵکێک کە زمانێکی جیاواز و تایبەت بە خۆیان هەیە و داگیرکەری نیشتمانەکەیان بە حاشاکردن لەو زمانە و سڕینەوەی، هەوڵی تواندنەوەیان دەدات، بێ دەستنیشانکردنی پێگەی زمان لە ئامانجەکان و بەرنامەی سیاسی حیزبێکدا کە ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازانەی ئەو خەڵکەیە، ناتەواو دەمایەوە. بە سەرنجدان بەم ڕاستییە بووە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان، پێگەی پرسی زمانی کوردیی لە بەیاننامەی دامەزرانیدا،

هەتا ڕادەی دووهەم ئامانج لە هەشت ئامانجە سەرەکییەکەی خۆی بەرز کردووەتەوە و بەم جۆرە گەڵاڵەی کردووە:

"(نەتەوەی کورد) مافی خوێندن بە زمانی زگماکیی خۆی هەبێ و تەواوی کاروباری ئیدارەکان بە هۆی زمانی کوردی بەڕێوە بچێ".

## بوارەکانی ڕەنگدانەوەی سیاسەتی زمانیی حیزب

## سیاسەتی زمانیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

لەگەڵ ئەوەی لە بوار و بەستێنی جیاوازدا ڕەنگی داوەتەوە، سیاسەتێکی یەکگرتووانە بووە و لە ڕوانین و باوەڕێکی نەتەوەیی، دیموکراتیک و ئازادیخوازانەوە سەرچاوەی گرتووە. سەلماندنی ئەم قسەیە، پێویستی بە دەستنیشانکردنی ئەو بوار و بستێنانە لە لایەک و لە لایەکی دیکە، تایبەتمەندی و خاڵە هاوبەشەکانی ئەو سیاسەتە سەرەڕای جیاوازیی گۆڕەپانی بەکارهێنان و کارپێکردنیان هەیە.

### بوار و بەستێنەکان بریتین لە:

١- ڕەنگدانەوەی پرسی زمان لە بەرنامە و پەسندکراوەکانی حیزبدا،

بەشی چوارەم

٢- زمانی تێکۆشانی ئۆرگانیزمی حیزب،

٣- خزمەتەکانی حیزبی دیموکرات بە زمان لە کاتی دەسەڵاتدارێتیدا،

٤- زمانی ئەدەبیاتی سیاسی ، پەروەردە و ڕاگەیەنەکانی حیزب

٥- پێگەی زمانی کوردی لە گەڵاڵەی ڕێککەوتننامەکانی حیزبدا،

٦- هەنگاوی هاندەرانەی تایبەت بە بواری خزمەتی زمان،

- لە کتێبی "هەشتا ساڵ خەبات لە پێناوی ڕزگاریدا، بڵاو بووەتەوە.

٣ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٥

## ١- ڕەنگدانەوەی پرسی زمان لە بەرنامە و پەسندکراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا:

## بەشی دووهەم

(بەشی دووهەمی "ڕەهەندەکانی سیاسەتی زمانیی حیزبی دیموکراتی کوردستان"، لێکۆڵینەوەیەک کە لە کتێبی "هەشتا ساڵ خەبات لە پێناو ڕزگاریدا" بڵاو بووەتەوە.)

جگە لەوەی لە بەیاننامەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، دووهەم ئامانج لە هەشت ئامانجی سەرەکیی حیزب بۆ پرسی زمان تەرخان کراوە و گوتراوە کە زمانی کوردی دەبێ ببێتە زمانی پەروەردە و کاروباری ئیداریی کوردستان، لە یەکەم مەرامنامەی ئەو حیزبەشدا کە پەسندکراوی کۆنگرەی یەکەمیەتی(خەزەڵوەری ١٣٢٤)،

دوو خاڵی پێوەندیدار بە زمان هەن. لەو دووخاڵە دا هاتووە:

"بە مەبەستی پەرەپێدانی زانست و شارستانییەت لەنێو خەڵکی کوردستاندا، خوێندنی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی دەکرێتە ئیجباری و لە هەموو قۆناغەکاندا ئەبێ بە زمانی کوردی دەرس بخوێندرێ."(خاڵی سێزدەیەم)

"دەبێ مافی کەمە نەتەوەییەکانی کە لە کوردستاندا دەژین، وەکوو ئازەربایجانی، ئەرمەنی و ئاسووری، بە تەواوی دابین بکرێ." (خاڵی بیست ودوویەم)

بەشی چوارەم

لەنێو بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی دووی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا(سەرماوەزی١٣٤٣، دێسەمبری ١٩٦٤) شتێک بە ناوی بەرنامەی حیزب بەدی ناکەین و لە نێو بەیاننامە و بڕیارنامەکانیشیدا، خاڵێکی تایبەت بە زمانی کوردی، نابیندرێت.
کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕەزبەری ١٣٥٢(سێپتەمبری ١٩٧٣) لە شاری بەغدا پێک هاتووە. لە بەرنامەی پەسندکراوی ئەم کۆنگرەیەدا کە هەمان بەرنامەی پەسندکراوی کۆنفرانسی سێهەمی حیزب(١٣٥٠) بووە بە کەمێک دەستکارییەوە پەسندکراوەتەوە،

## پرسی زمانی کوردی بەم جۆرە هاتووە:

١١) زمانی کوردی زمانی ڕەسمیی حکوومەتی میلیی خودموختاری کوردستانە. لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا فێربوون بە زمانی کوردییە و لە ئیدارەکانی دەوڵەتیشدا ئەو زمانە بەڕەسمی بەکار دەهێندرێ. زمانی فارسی هەروەک لە ناوچەکانی تری ئێران لە حکوومەتی میلیی خودموختاری کوردستانیش زمانێکی ڕەسمیی دەوڵەتییە و لە قوتابخانەکان پاش ساڵی چواری سەرەتایی، منداڵانی کوردستان وێرای زمانی کوردی دەیخوێنن.

١٢) کەمایەتییەکانی نەتەوایەتیی دانیشتووی کوردستان دەگەڵ کوردەکان مافیان وەک یەکە. مافی فەرهەنگییان دابین دەکرێ و منداڵەکانیان لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا بە زمانی زگماکی خۆیان دەخوێنن و مافی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و کتێب بە زمانی خۆیان دەبێ.

٢٨) پەرەپێدانی زمان و ئەدەبی کوردی، پشتیوانی لە نووسەران و زانایانی کورد ڕێبازی دایمیی سیاسەتی فەرهەنگیی حکوومەتی میلیی خودموختاری کوردستان دەبێ ".

لە بەرنامەی پەسندکراوی کۆنگرەی چوارەمدا ئەو خالانەی لە بەرنامەی کۆنگرەی سێهەمدا هاتوون، بە دەسکارییەکی کەمەوە پەسند دەکرێنەوە.

## تەنیا خاڵی یازدەهەم ئەو چەند ڕستەیەی لێ زیاد کراوە:

" لە ئێدارە و دامودەزگاکانی ناوچەی خودموختاری کوردستاندا زمانی کوردی ڕەسمییە. نامەنووسینی ئیدارەکانی ناوچەی خودموختاری کوردستان لەگەڵ مەرکەز و ناوچەکانی دیکەی ئێران و هەروەها لەگەڵ ئەو ئیدارانەی سەر

بە دەوڵەتی مەرکەزین بە زمانی فارسی دەبێ."

دەکرێت بڵێین کاکڵەی ئەم کۆمەڵە خاڵە، تەنانەت زۆربەی جاران بە هەمان دارشتنەوە و بە جیاوازییەکی کەمی وشەکانەوە، لەکۆنگرەکانی داهاتووی حیزبدا پەسند کراونەوە. پەسندکردنی دروشمی فیدرالیزم لە کۆنگرەی سێزدەیەمی حیزب(پووشپەڕی ١٣٨٣، جولای ٢٠٠٤)، هەروەها دابڕان و جیابوونەوەکانی مێژووی حیزبیش نەبوون بە هۆی گۆڕانێکی گەورە لەو خاڵە سەرەکییانەی پێوەندیدار بە ڕوانینی حیزب بۆ زمانی کوردی و مافە زمانی و کولتوورییەکانی کەمایەتییە نەتەوەییەکانی کوردستان، بەڵام بە سەرنجدان بە پەسندکرانی سیستەمی دەسەڵاتدارەتی و بەڕێوەبردنی وڵات( فیدراڵیزم) لە بەرنامەی حیزبدا، جۆری فۆرمۆڵەکردنی زمانی پێوەندیی نێوان دەوڵەتی ناوەندی و کوردستان و بەشەکانی دیکەی ئێران، گۆڕانی بەسەردا دێت.

بەرنامەی پەسندکراوی کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ڕەشەمەی ١٣٨٦، مارسی ٢٠٠٧)، لە جیاتی "زمانی فارسی" وەک زمانی پێوەندیی نێوان ئێرانییەکان، دەستەواژەی "زمانی ڕەسمیی دەوڵەتی فێدڕاڵ"ی بەکار هێناوە:

"ماددەی دوازدەیەم: زمانی ڕەسمی لە کۆماری کوردستاندا

زمانی کوردی زمانی ڕەسمیی کۆماری کوردستانە. لە هەموو پلەکانی خوێندندا ئەم زمانە بەکار دەهێنرێ. خوێندن لە کۆماری کوردستاندا هەتا ١٥ساڵی بۆ هەمووان ئیجبارییە. لە تەنیشت زمانی کوردی، زمانی ڕەسمیی دەوڵەتی فێدراڵ لە پۆلی چواری سەرەتایی بەرەو سەر دەخوێندرێ و بۆ نامەنووسینی ئیداری لە نێوان کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران و دەوڵەتی فێدراڵ و ئیدارەکانی سەر بە دەوڵەتی فێدراڵ لە کوردستاندا بە کار دەبرێ".

٤ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٥

## زمانی تێکۆشانی ئۆرگانیزمی حیزبی دیموکراتی کوردستان

### بەشی سێهەم:

مەبەست لە دەستەواژەی "زمانی تێکۆشانی ئۆرگانیزمی حیزب"، ئەو زمانەیە کە لە پێوەندیی زارەکی و نووسراوی نێوان

ڕێبەری و ئۆرگانەکانی حیزب و بەڕێوەبەران و هەڵسووڕێنەرانی ئەو ئۆرگانانەدا بەکار دێت. زمانی پێوەندیی ئۆرگانیزمی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەرەوە بۆ خوارەوە و لە خوارەوە بۆ سەرەوە، هەر لە سەرەتای دامەزرانی حیزبەوە هەتا ئێستا زمانی کوردی بووە. لەوانەیە ئەم قسەیە بەلای هێندێک کەسەوە سەیر و چاوەڕواننەکراو بێت و بڵێن: سروشتییە کە لە حیزبێکی کوردیدا، ئۆرگان و بەشەکانی و کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی، بە کوردی قسە بکەن و پێوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتر چ زارەکی و چ بە نووسراو بە کوردی بێت، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە هەتا ئێستاش حیزب و ڕێکخراوی کوردیی ئەوتۆمان هەن کە قورسایی پێوەندیی نێوان ڕێبەران و ئۆرگان و بەشەکانیان و ئەندامەکانیان، کوردی نییە. هەروەها زمانی یەکەمی ئەدەبیاتی سیاسییان، زمانی کوردی نییە بەڵکوو زمانی فەرمی و زاڵی ئەو وڵاتەیە کە پارچەیەک لە کوردستانی بەخۆیەوە لکاندووە. دەتوانین پارتی کرێکارانی کوردستان(پ.ک.ک) وەک نموونە بێنینەوە کە زۆر لە لێدوانەکانی سەرۆکەکەی-تەنانەت ئەو کاتەش کە هێشتا نەکەوتبووە بەندیخانەی تورکان، بە زمانی تورکی بووە، تەنانەت دوایین پەیامی (ڕوو بە کۆنسەی سەرکردایەتیی پارتەکەی) لە ٢٠٢٥دا کە گرنگترین پەیامی ژیانی سیاسییشی بوو، هەر بە زمانی تورکی بوو. پێوەندیی نێوان ئەندامان و بەرپرسان و دەزگا و دامەزراوەکانیشیان زیاتر بە تورکییە. ڕێژەیەکی بەرچاویان بە داخەوە هەر نازانن بە کوردی قسە بکەن.

دەیەکانی ڕابردووشدا، ڕێکخراوی کۆمەڵەی کوردستانی ئێران وا بوو. بەو هۆیەوە کە خۆیان بە حیزبی کومونیستی ئێران دەزانی و هەروەها لە ئاستی هەرە سەرەوەیاندا، ژمارەیەک فارس هەبوون، وێڕای ئەمانەش گرنگیدان بە نووسین و قسەکردن بە زمانی کوردییان بە جۆرێک ناسیۆنالیزم و دواکەوتوویی و پێچەوانەی ئەنترناسیۆنالیزم دادەنا، قورسایی زمانی فارسی لە ئەدەبیاتی ڕەسمی، لە دیالۆگ و پێوەندیی نێوان ڕێبەران و کادرە پلەبەرزەکانیاندا، لە زمانی کوردی بەرچاوتر بوو. ئەو بەشەش لە ئەدەبیاتی سیاسییان کە بە زمانی کوردی بوو، پڕ بوو لە وشەی فارسی، خوێنەر وای هەست دەکرد کە بە ئەنقەست خۆ لە بەکارهێنانی وشەی کوردی دەپارێزن و پێیان خۆشە کەمترین وشەی کوردی لە ئەدەبیاتیاندا بە کار بێنن.

لە حیزبی دیموکرات کوردستانی ئێراندا، زمانی کوردی هەم لە ئەدەبیاتی ڕەسمیی زارەکی و نووسراودا و هەم لە کاروباری ڕۆژانەی دامەزراوەکانیدا، زمانی یەکەمە. ئەمەش شتێکی نوێ نییە و هەر لە سەرەتای دامەزرانی حیزبەوە، بەم جۆرە بووە. زۆربەی بەیاننامەکانی حیزب، گەڵاڵە و پێشنووسی پەسندکراوەکان و بڕیارنامەکان لە پێشدا بە زمانی کوردی ئامادە کراون، دوایە وەرگێڕدراونە سەر زمانەکانی دیکە، بە تایبەتی زمانی فارسی. ئەو نامە و ڕێنوێنی و بەخشنامانەی لە ئۆرگانەکانی سەرووی حیزب بۆ ئۆرگانەکانی خوارتر ڕەوانە کراون و دەکرێن، هەروەها ئەو ڕاپۆرت و داواکارییانەی لە ئۆرگانەکانی خوارەوە بۆ سەرەوەتر ناردراون و دەنێردرێن، بە زمانی کوردین. زمانی قسەکردن لە کۆنفرانس و سمینار و

کۆنگرەکانی حیزب، هەروەها زمانی ئاخاوتن لە کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسییە نێوخۆییەکانی حیزبدا، زارە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردیین. ئەگەر کادرێک، پێشمەرگەیەک، ئەندامێکی حیزب، کوردزمان نەبێت، بەو زمانەی باشتر دەتوانێت قسە بکات، دەدوێت. بۆ نموونە ئەگەر خۆی تورک بێت، یان هەر بە تورکییەکەی خۆی قسە دەکات ، یان بەو هۆیەوە کە زۆربەی گوێگرەکانی زمانی فارسی دەزانن، بە زمانی فارسی قسە دەکات. دیارە زۆربەی ئەو جۆرە تێکۆشەرانەی حیزب، هەوڵیان داوە خۆیان فێری قسەکردن و خوێندنەوە بە زمانی کوردی بکەن.

پێگەیەک کە زمانی کوردی لە ژیانی ڕۆژانەی ئۆرگانیزمی حیزبدا هەیەتی، وای کردووە کە فێربوونی زمانی کوردی بە تایبەتی نووسین وخوێندەوە بەو زمانە، ببێت بە یەک لە ئەرکە خێراکانی هەر تاکێکی حیزبی. خودی ڕێکخراو و دامەزراوە پەروەردەییەکانی حیزبیش، فێرکردنی زمانی کوردی بە ئەندام، پێشمەرگە و کادری حیزبیان خستووەتە ڕیزی بەرنامەی کاری خۆیان و هەر لە سەرەتاکانی تێکەڵبوونی تاک بە ژیان و تێکۆشانی حیزبی، هێندێک شتی سەرەتایی لەم پێوەندییەدا فێر دەکەن.

٥ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٥

## خزمەتەکانی حیزبی دیموکرات بە زمانی کوردی لە کاتی دەسەڵاتدارێتیدا(*)

### بەشی چوارەمی

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەرکات هەلومەرجێکی لەباری بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی کاروباری بەشێک لە کوردستان بۆ پێک هاتووە، یەک لە گرنگترینی ئەو هەنگاوانەی هەڵی گرتوون، بەرزکردنەوەی پێگەی زمانی کوردی، کردنی بە زمانی دەسەڵات و زمانی یەکەم لە گشت بوارەکاندا بووە. سەردەمی دەسەلاتدارێتیی کۆماری کوردستان، نموونەیەکی هەرە دیار لە گرنگیدانی ئەم حیزبە بە زمانی کوردییە.

"دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان، کە پێشتر لە چالاکییە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردەوە هەستیان بە گرینگیی زمان کردبوو، بە خستنەڕووی ئەو خاڵەی کە زمانی کوردی ئامانجێکی گرینگی بزووتنەوە و کۆمارەکەیە، بە زاراوەی ئەمڕۆیی سیاسەتی زمانییان ڕاگەیاند و ...بەرنامە و میکانیزمی ئەو سیاسەتەیان لە ماوەیەکی کورتدا بە شێوەیەکی سرنجڕاکێش و شیاوی ئیمکاناتی خۆیان خستە بواری جێبەجێکردنەوە."

بەشی چوارەم

لە کۆماری کوردستاندا، زمانی کوردی بوو بە زمانی دەسەلات و بەڕێوەبردن، بوو بە زمانی پەروەردە، بوو بە زمانی کاروباری پێشمەرگایەتی، بوو بە زمانی بازرگانی، هەروەها بوو بە زمانی شەرع و قانوون و وتاردانی ڕۆژی هەینی. گۆڤار و ڕۆژنامەنووسی بە زمانی کوردی سەری هەڵدا. شانۆ بە زمانی کوردی بەڕێوە چوو. سروودی کوردی لەدایک بوو. کەسانێک بۆ دۆزینەوە و دیاریکردنی ناوی کوردی و وشەی گونجاو لە جیاتی زاراوە فارسییەکان بە تایبەتی لە بوارەکانی پێشمەرگایەتی و بەڕێوەبەرێتیدا ڕاسپێردران.

هەروا کە لە خاڵی ٢٢ی مەرامنامەی حیزبی دیموکراتدا هاتبوو کە"مافی کەمە نەتەوەییەکانی وەک ئاشووری، ئەرمەنی، کە لە کوردستاندا دەژین دەبێ بە تەواوی دابین بکرێ" لەسەردەمی دەسەلاتدارێتیی کۆماری کوردستاندا ئەو دەرەتانە بە دیاریکراوی بۆ جووەکان پێکهاتبوو کە قوتابخانەی تایبەت بە خۆیان هەبێت و منداڵانیان بە زمانی خۆیان بخوێنن. سەرنجڕاکێش ئەوەیە ئەم جۆرە ڕێزگرتن لە کەمایەتیی نەتەوەیی و ئایینی لە کۆماری کوردستان لە کاتێکدا بووە کە هێشتا بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسند نەکرابوو و بڵاو نەببۆوە.

دووهەم جار کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەرفەتی بەرزکردنەوەی پێگەی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بۆ ڕەخسا، دوای ڕووخانی ڕێژیمی شایەتی بوو. لە ساڵانی یەکەمی هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ئیسلامیدا، چەندین شار و شارۆچکە و ناوچە بە تایبەتی لە پارێزگەکانی ورمێ و کوردستاندا، لە ژێر دەسەڵاتی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و لەژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگەدا بوون. هەر ئەم ئازادییە و زاڵ نەبوونی دەسەڵاتی ڕێژیمی نوێ، هەلومەرجێکی باشی بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی لە لایەن هێزە سیاسییەکان و خەڵک بە گشتی پێک هێنابوو. زمانی سەرەکیی زۆربەی مێتینگ و کۆبوونەوەکان کوردی بوو. کتێب و چاپەمەنی بە کوردی ڕوویان لە زیادبوون کرد. شانۆ و بەرنامەی هونەری بە زمانی کوردی برەوی پەیدا کرد. چڵەپۆپەی بایەخدان بە زمانی کوردی، ئەو کاتە بوو کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بڕیاری دا ئەو قوتابخانانەی ڕێژیمی تاران خۆی لێ بێ خاوەن کردبوون و بە کردەوە دایخستبوون، بکاتەوە و ئاواتی خوێندن بە زمانی کوردی لە ناوچەی ژێر چاوەدێریی پێشمەرگەدا وەڕاست بگێرێت.

دیارە بیری جێبەجێکردنی خوێندن بە کوردی هەر دوای ڕووخانی ڕێژیمی شایەتی لە حیزبی دیموکراتدا قسەی لەسەر کرابوو. عەبدوڵڵا حەسەنزادە لەم بارەیەوە دەڵێت: "هەر لە ئەوەڵ ڕۆژەکان یان بڵێین لە حەفتە و مانگەکانی سەرەتای دوای سەرکەوتنی ئینقلاب ئەو فکرە هاتە گۆڕێ و تەرتیب درا کە جەمعێک بۆ ئەو مەسەلەیە لە مامۆستایان و لەوانە کە تەجروبەیان هەیە و دەزانن، کۆ ببنەوە بۆ دانانی کتێبی کوردی".

بەشی چوارەم

حیزبی دیموکرات، نەیتوانی لە ئاست داخرانی قوتابخانەکانی ناوچە ئازادەکان لە لایەن دەوڵەتی ناوەندی بێ تەفاوەت بێت و دەست لەسەر دەست دابنێت. "لە ساڵی خوێندنی ٦٠ - ١٣٥٩دا لەهەموو ناوچە ڕزگارکراوکان بەپێی توانا بەشێک لە قوتابخانەکان کرانەوە. بۆ نموونە لە ناوچەی مەهاباد ژمارەی ئەو قوتابخانانەی بە هاوکاری و تێکۆشانی لێپرسراوانی حیزب کرابوونەوە، لە ١٤٠ قوتابخانە زیاتر بووە".

٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٥

## زمانی ئەدەبیاتی سیاسی ، پەروەردە و ڕاگەیەنەکانی حیزبی دیموکرات:

## بەشی پێنجەمی

وەک لە سەرەتاوەش ئاماژەی پێکرا، کوردی زمانی سەرەکی و یەکەمی ئەدەبیاتی سیاسی و ڕاگەیەنەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە. دووهەم زمان، زمانی فارسیە. زۆربەی بەیاننامە ڕەسمییەکان، هەروەها بەڵگەنامە و پەسندکراوی کۆنگرەکان حیزب، وتووێژ و لێدوانەکانی سکرتێری گشتی، دەستبەجێ لە کوردییەوە کراون بە فارسی. بەو هۆیەوە کە ئەو حیزبە خوازیاری چارەسەری پرسی کورد لە چوارچێوەی ئێراندایە و تێکۆشان و خەباتەکەی پێوەندیی بە نەتەوەکانی ئێران و ڕێژیمی دەسەڵاتداری ئێرانەوە هەیە، زمانی فارسیی وەک زمانی پێوەندی لەگەڵ بەردەنگە ئێرانییەکانی بەکار هێناوە. گرنگیدان بە زمانی فارسی بە ڕادەیەک بووە کە بەشی فارسی، بەشێکی هەمیشەیی و دانەبڕاو لە بەرنامەکانی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران بۆ ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵ بووە.

ڕۆژنامەی "کوردستان" لە دەسپێکی دەورەی ئێستای بڵاوبوونەوەی کە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێبەندانی ١٣٤٩(١٩٧١)، هەتا ئێستا لە چەند بڕگەیەکدا نەبێت، بەردەوام بە هەر دوو زمانی کوردی و فارسی بڵاو بووەتەوە، واتە هەر ژمارەیەک لە دوو نوسخەی جیاواز و بە دوو زمانی جیاواز، ئامادە و چاپ و بڵاو کراونەوە. زۆر نامیلکەی گرنگی دیکەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، هاوکات یان بە دوای بڵاوبوونەوەی کوردییەکەیاندا، وەرگێڕدراونە سەر زمانی فارسی و چاپ کراون. سێهەم زمان کە بۆ ماوەی دوو ساڵ و نیو (لە سەرەتای ساڵی ١٣٦٠ەوە هەتا سەرەتای پاییزی ١٣٦٢) لە رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران، بەرنامەی پێ بڵاو دەبۆوە، زمانی تورکیی ئازەری بوو .هۆی گرنگیدانی ڕادیۆی حیزب بە زمانی تورکیی ئازەری، قسەکردن لەگەڵ ئازەرییەکان بە زمانی خۆیان و بەرپەرچدانەوەی هەوڵەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ هەڵایساندنی شەڕ و ناکۆکی لە نێوان دوو نەتەوەی دراوسێ، کورد و ئازەری بە تایبەتی لە پارێزگای ورمێ لەو سالانەدا بوو. دیارە وەرگێڕانی ئەدەبیاتی حیزب بۆ سەر زمانە بیانییەکان، بە تایبەتی زمانی ئینگلیزی، هەروەها زمانەکانی فەرانسەیی و عەرەبی، بەپێی پێویستی بووە.

بەشی چوارەم

چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی حیزب لەگەڵ فرەزاری لەنێو حیزبدا، ڕەهەندێکی دیکەی سیاسەتی زمانیی ئەو حیزبەی پێک هێناوە. زمانی ئەدەبیاتی ڕەسمی و ڕاگەیەنەکانی حیزبی دیموکرات، ئەو زمانەیە کە بە کوردیی نێوەڕاست ناسراوە و بە هەڵەش بە سۆرانی ناوی دەرکردووە. ئەمەش سیاسەتێک بووە کە تەنانەت لە پێش کۆماری کوردستانەوە هەتا ئەم دوایانەش لەلایەن ڕێبەریی بزووتنەوەی کورد لە هەر دوو بەشی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، قبووڵکراو بووە. بەو هۆیەشەوە کە مەهاباد بە تایبەتی و موکریان بە گشتی، زێد و ناوەندی دامەزرانی حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستان بووە، هەروەها زۆربەی ئەو شاعیران و نووسەرانەی لە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دیموکرات و لەسەر نووسین و ئەدەبیاتی ئەو حیزبە کاریگەرییان هەبووە، خەڵکی موکریان بوون، کاریگەریی شێوەی موکریانی لەسەر زمانی نووسینی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەرچاوە. دیارە لە سەدەی بیست و یەکدا، بە هۆی جۆراوجۆر، بۆ نموونە کاریگەریی میدیاکانی باشووری کوردستان، چوونە سەری ڕێژەی نووسەر و وەرگێڕی خەڵکی ناوچەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و...هتد، کاریگەریی شێوەی موکریانی هەتا ڕادەیەک کەم بووەتەوە.

ئەگەر لە میدیای نووسراوی حیزبدا، سیاسەتی نووسین بە زمانی کوردیی نێوەڕاست، بە ئەلفوبێی عەرەبی بەڕێوە چووە و تەنیا لە دوای نۆڤەمبری ٢٠٠٣( سەرماوەزی ١٣٨٢) بڵاوکراوەیەک(لە سەرەتادا مانگانە و دواتر حەوتوونامە) بە ناوی "ئاگری" (Agiry) بە دیالێکتی کورمانجیی ژووروو و ئەلفوبێی لاتین، هاتە ڕیزی بڵاوکراوەکانی حیزب ، لە میدیای زارەکیدا وەک ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران، هەر لە کۆتایی ساڵی١٣٥٩ دوە یان سەرەتای ساڵی ١٣٦٠ەوە بەرنامە بە زاری کرمانجی، بڵاو کراوەتەوە. دەکرێت بڵێین بەرنامەی ڕادیۆیی بە زاری کرمانجی، بەشێکی بەردەوام و هەمیشەیی لە بەرنامەکانی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران پێک هێناوە. دوای ئەوەش کە حیزبی دیموکرات بوو بە خاوەنی کەناڵی فەزایی (تەلەڤیزیۆنەکانی تیشک و کوردکاناڵ)، لە هەر دوو تەلەڤیزیۆن جگە لە کورمانجی، بە زاری هەورامییش بەرنامە بڵاو بووەتەوە. بەم جۆرە دەتوانین بڵێین هەتا ئێستاش زمانی نووسین لە ئەدەبیاتی نووسراوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا(گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکان(، بە پلەی یەکەم کوردیی نێوەڕاست بە ئەلفوبێی ئارامی(ناسراو بە ئەلفوبێی عەرەبی) و، بە پلەی دووهەم کورمانجیی ژووروو بە ئەلفوبێی لاتین، بووە. زارەکانی دیکە زیاتر لە میدیای زارەکیدا و بە پێی پێویستی، سوودیان لێوەردەگیرێت.

٨ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٥

## پێگەی زمانی کوردی لە ڕێککەوتننامەکانی حیزبی دیموکراتدا(*)

### بەشی شەشەمی

ئەو گەڵاڵانەی حیزبی دیموکرات بە تەنیا یان بە هاوبەشی لە گەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکە بۆ دانوستان بە ئامانجی چارەسەری پرسی کورد لە ئێران، یان بە نیازی پێکهێنانی هاوپەیمانی وهاوکاری لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان ئامادەی کردوون، بوارێکی گرنگی دیکە بۆ ناسینی سیاسەتی زمانیی ئەو حیزبەن. لەم جۆرە گەڵاڵانەدا هەمیشە گرنگییەکی تایبەت بە پێگەی زمانی کوردی و بە گشتی مافە زمانییەکان دراوە. لەم بەشەدا ئاماژە بە ژمارەیەک لەو گەڵاڵە و پلاتفۆرمانە دەکرێت.

ساڵەکانی ١٣٥٧ - ١٣٥٨ چەند گەڵاڵەی داخوازەکانی خەڵکی کوردستان لەلایەن نوێنەرانی سیاسیی خەڵکی کوردستان، حیزبی دێموکرات و دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد، خرانە بەر سەرنجی کاربەدەستانی تاران (گەڵاڵەی ٨ ماددەیی، ڕەشەمەی ١٣٥٧ی گەڵاڵەی ٢٦ماددەیی، سەرماوەزی ١٣٥٨/ گەڵاڵەی ٦ ماددەیی، زستانی ١٣٥٨). لە گەڵاڵە ٨ ماددەییەکەدا باسی مافە نەتەوایەتییەکان بە شێوەی گشتی هاتووە و بە دیاریکراوی خاڵێک یا ماددەیەک لە سەر زمانی کوردی نەهاتووە. دوای پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ی خومەینی ڕوو لە خەڵکی کوردستان، قۆناغێک لە وتوویژ و دانوستان لەنێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان و دەوڵەتی ئێران دەستی پێکرد و "دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد" پێک هات. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەندامی ئەو دەستەیە و د.قاسملوو وتەبێژی دەستەکە بوو. لە ٤ی سەرماوەز، دەستەی نوێنەرایەتی بەیاننامەیەکی لە ٨ خاڵدا بڵاو کردەوە. ئەو ٨ خاڵە داوا سەرەکییەکانی گەلی کورد بوون.

### لەخاڵی ٤ دا هاتبوو:

**"زمانی کوردی، زمانی ڕەسمیی خوێندن و نامەنووسینی ئیدارە و دامەزراوەکانی کوردستان دەبێ. لە دوای پۆلی ٤ی سەرەتاییەوە، زمانی فارسییش لە تەنیشت زمانی کوردی لە قوتابخانەکان دەخوێندرێ و، زمانی ڕەسمیی ئیداری لە سەرانسەری ئێران و کوردستانە."**

هەم لە گەڵاڵە ٢٦ مادەییەکەدا، هەم لە گەڵاڵە ٦ مادەییەکەدا بە زەقی باسی پرسی زمان و مافە زمانییەکان هەن و گوتراوە زمانی کوردی لە ناوچەی خودموختار، زمانی ڕەسمی دەبێت، زمانی خوێندن دەبێت، زمانی ئیدارییش

(پێوەندیی نێوان ئیدارە و دامەزراوەکان) لە کوردستان دەبێت .ڕەهەندێک لەو سیاسەتە کە لێرەدا جێگای هەڵوێستە لەسەر کردنە، پێگەی زمانی فارسی لە پێوەندیی نێوان کوردستان و تاران دایە. حیزبی دێموکرات ئەو لایەنەی لەبەرچاو بووە کە خوازیاری چارەسەری پرسی کورد لە نێو ئێراندایە و لە بەڵگەنامەکانیدا، وڵامی بۆ ئەو پرسیارە هەبووە کە زمانمان بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران و دەوڵەتی مەرکەزی چی دەبێت. بۆیە بە بەردەوامی لەو گەلاڵە و پلاتفۆرمانەدا باسی ئەوە کراوە کە لە تەنیشت زمانی کوردی (هێندێک جار گوتراوە لە پۆلی چواری سەرەتاییەوە)، زمانی فارسی دەخوێندرێت. ئاماژە بەوەش کراوە کە فارسی زمانی پێوەندیمان لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی و لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران دەبێت.

١٠ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٥

## هەنگاوی هاندەرانەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بواری خزمەتی زماندا

### بەشی حەوتەمی

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای ئەو سیاسەتە زمانییەی لە بوارە ئاماژەپێکراوەکاندا لەسەری ڕۆیشتووە، بەچەند شێوەی دیکەش هەوڵی داوە پشتیوانی لە بەرزبوونەوەی پێگەی زمان لە کوردستان و گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی زمانی کوردی بکات کە لەسەر یەک دەتوانین ناویان بنێین هەنگاوی هاندەرانەی بواری خزمەتی زمانی کوردی کە هێندێکیان ئەمانەن:

- چاپی کتێب و نامیلکەی کوردی لەسەر ئەرکی خۆی لە سەردەم و قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا، بۆ ئەوەی بڵاوکردنەوە و چاپکراو بە زمانی کوردی پەرە پێبدات. لە مێژووی حیزبی دیموکراتدا بە سەدان کتێب و نامیلکەی ئەدەبی، سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بە هاوکاریی ماڵیی ئەو حیزبە چاپ و بڵاو بوونەوە بۆ ئەوەی نووسین و وەرگێڕان بە زمانی کوردی هان بدرێت.

- پشتیوانی لە بەهرە و توانایییەکانی خاوەن قەڵەمانی ڕیزەکانی حیزب و پشتگیریی ماددی و مەعنەوی لە شاعیران، نووسەران، وەرگێڕان، فەرهەنگنووسان و...هتد لە نێوحیزبدا بۆ چاپی بەرهەمەکانیان و ڕێزگرتن لە هەوڵەکان و بەرهەمەکانیان.

بەشی چوارەم

- پشتیوانی و هاوکاریی دامەزراوەکانی پێوەندیدار بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی وەک کۆڕی زانیاریی کورد(لە دەیەی حەفتای زایینی) و ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس لە سەرەتای دەیەی هەشتای زایینیدا. د.قاسملوو، مامۆستا هێمن، عەبدوڵلا حەسەنزادە، کەریمی حیسامی، کە لە ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوون، لە هاوکارانی نزیکی کۆڕی زانیاریی کورد لە نیوەی یەکەمی دەیەی حەفتای زایینیدا بوون. لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی پێنجەمدا، لە پێوەندی لەگەڵ پشتیوانیی ئەم حیزبە لە دامەزرانی ئەنیستیتۆی کورد لە فەرانسە، هاتووە: "ساڵێک زیاترە کە ئەنیستیتۆیەکی فەرهەنگی و زانستیی کورد بەڕەسمی لە پاریس دامەزراوە کە ئامانجی بڵاوکردنەوەی زمان و فەرهەنگی نەتەوەی کوردە و بەسەرکەوتوویی ئەرکەکانی ئەنجام دەدا. ئێمە زۆر بەختیارین کە لە پێکهێنانی ئەنیستیتۆی کورددا بەشدار بووین و یارمەتیمان داوە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەرکی پیرۆزی خۆی بەجێ بگەیەنێ ".

- پشتیوانی لە بزووتنەوەی کولتووری لە نێوخۆی وڵات بە تایبەتی هەوڵەکانی پێوەندیدار بە پاراستنی زمانی کوردی. حیزبی دیموکراتی کوردستان جگە لەوەی هاندەری ئەندامان ولایەنگرانی بووە بە ئامانجی پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و زمانی کوردی، چالاکانە لە ئەنجومەنە ئەدەبییەکان و چالاکییە کولتووریەکاندا بەشدار بن، گرنگییەکی تایبەتی بەو هەوڵانە داوە کە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئامانجی فێرکردن، پاراستن و بەرەوپێشبردنی زمانی کوردی بەڕێوە دەچن.

- گرنگیدان بە زانایانی بواری زمان و ئەدەبی کوردی و بایەخدان بەهەوڵ و تێکۆشانی دڵسۆزانەیان لە ڕاگەیەنەکانی خۆیدا. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵانی حەفتای زایینییەوە تا هەنووکەش وێڕای پێکهێنانی پێوەندییەکی دۆستانە و بەرین لەگەڵ زانایان و کەسایەتییە دیارەکانی بواری خزمەتی زمانی کوردی لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و سوود وەرگرتن لە ئەزموون و بۆچوونەکانیان، بە ئەرکی ڕاگەیەنەکانی خۆی زانیوە لاپەڕە و بەرنامەی تایبەت بۆ ناساندنی زمانەوانان، نووسەران، وەرگێڕان، فەرهەنگنووسان، ڕۆژنامەنووسان و...هتد و بەرزنرخاندنی کار و بەرهەمەکانیان تەرخان بکات.

* بەشی حەوتەمی لێکۆڵینەوەیەک لە ژێر ناوی "ڕەهەندەکانی سیاسەتی زمانیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران" کە لە کتێبی "هەشتا ساڵ خەبات لە پێناو ڕزگاریدا" بڵاو بووەتەوە.

١٣ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٥



سەرچاوە Serchawe

## ئەنجام و ڕاسپاردەکان لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی زمانیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا

### بەشی هەشتەم و کۆتایی

### ئەنجام و ڕاسپاردەکان:

دیاریکردن و پابەندبوون بە سیاسەتێکی زمانیی نەتەوەیی (لە ئاستی کوردستان) و فرەزمانی (لە ئاستی ئێراندا) لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، لە سێ ئاستدا سەرکەوتوویی خۆی سەلماندووە و کاریگەریی ئەرێنیی حاشالێنەکراوی هەبووە:

لە ئاستی نێوخۆی حیزبدا، ئەم سیاسەتە بووە بە هۆی ئەوە ئەندامانی ڕیبەری، کادرەکان، پێشمەرگەکان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، لە ئاخاوتن، لە نووسین و خوێندنەوەدا، نەک هەر لەگەڵ زمانی نەتەوەیی خۆیان نامۆ نەبن، بەڵکوو بیکەن بە زمانی یەکەمی خۆیان و وشیاری و هەستیاریی تایبەتیان لە ئاست زمانی نەتەوەیی خۆیان هەبێت. ئەوە کە کوردیی نێوەڕاست زمانی ڕەسمی و زمانی نووسین و هەروەها زمانی یەکەمی ڕاگەیەنەکانی حیزب بووە، یارمەتیدەری تاکەکان بووە تا سەرەڕای جیاوازیی زار و شێوەزارەکانیان، هەمووان لە ئەدەبیاتی حیزب تێ بگەن، بتوانن بیخوێننەوە و بەم زمانە بنووسن.

لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ناساندنی زمانی کوردی وەک کۆڵەکەیەکی گرنگی ناسنامەی نەتەوەیی لەلایەن ئەم حیزبەوە، تێکۆشان و خەباتی بەردەوامی بۆ ئەوەی زمانی کوردی بە ڕەسمی بناسرێت و ببێتە زمانی پەروەردە و کاروباری ئیداری و...هتد، هەروەها بەڕێخستنی خوێندن و قوتابخانە لە هێندێک قۆناغدا لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، وای کردووە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خۆشەویستییەکی تایبەتیان بۆ زمانەکەیان هەبێت و بە شێوەی جۆراوجۆر هەم هەوڵی پاراستنی بدەن، هەم خەبات بۆ مافە زمانییەکانیان بکەن.

### لەپێوەندی لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکاندا

دەکرێ بڵێین حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئاستی ئێراندا ڕەچەشکێنی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە دژایەتیکردنی

سیاسەتی تاکزمانیی ڕێژیمەکانی ئێران و هەروەها پێشەنگی داوای بە ڕەسمی ناسینی زمانی کوردی و زمانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران بووە. هەر لایەنێکی ئێرانی (دەسەڵاتدار و ئۆپۆزیسیۆن)، لەم ڕاستییە تێگەیشتووە کە داواکاریی زمانی، جێگایەکی گرنگی لە داخوازەکانی ئەم حیزبەدا هەیە و، ڕێککەوتن لەگەڵ حیزبی دیموکرات وەک سەرەکیترین هێزی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان، بێ دانان و سەلماندنی ناوەرۆکی سیاسەتی زمانیی ئەو حیزبە، مسۆگەر نابێت. ڕەهەندەکانی دیکەی ئەو سیاسەتەش وەک داوای بەڕەسمی ناسین و داننان بە مافە زمانییەکانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران، هەروەها ڕوانین لە زمانی فارسی وەک زمانی پێوەندیی نێوان نەتەوەکان و دەوڵەتی ناوەندی و خوێندنی لە تەنیشت زمانی نەتەوە نافارسەکان، وەک پارادایمێک و ڕێگاچارەیەکی گونجاو و دادپەروەرانە بۆ پێکەوەژیانی فرەزمانی لە ئێران، جێی خۆیان لە داخوازە سیاسی، نەتەوەیی و کولتوورییەکانی ئەو نەتەوانەدا کردووەتەوە.

## ڕاسپاردە:

بە گۆڕان و پێشکەوتنی سەردەمەکان، ویست و چاوەڕوانیی تاکەکان و گرووپەکانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. سەردەمی ئێستا، سەردەمی بەرجەستەبوونەوەی وردە کولتوور و وردە ناسنامەکانە. ئاخێوەرانی زار و شێوەزارە کوردییەکانی دەرەوەی کوردیی نێوەڕاست، لە ئاست پشتگوێخران و پەراوێزخرانی زار و شێوەزاری قسەکردنیان، نیگەرانی و هەستیاریی تایبەت بە خۆیان هەیە. سیاسەتی "دروستکردنی نەتەوەیەکی یەکگرتوو، بە هۆی زمانێکی یەکگرتوو "کە لە سەدەی بیستەمدا، ڕێنوێنی زۆربەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و دامەزراوە و کۆمەڵە کولتوورییەکان لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، پێویستی بە چاوپێداخشاندنەوە و نوێکردنەوە لە ڕاستای ڕەواندنەوەی ئەو نیگەرانییانەدا و پاراستنی زار و شێوەزارە جیاوازەکاندا هەیە. ئەم ئاڵوگۆڕە یارمەتیدەر دەبێت تا سیاسەتێکی زمانیی جێکەوتوو و تا ئێستا سەرکەوتوو، بە پاراستنی بنەما بەهێزەکانی، بەگوێرەی پێویستیی سەردەمیش، خۆی نوێ بکاتەوە و لەگەڵ ویست و پێویستییە سەردەمییەکانی بەردەنگەکانی، خۆی بگونجێنێت.

بەردەوامیی سیاسەتی تاکزمانی لەلایەن ڕێژیمەکانی ئێران و، دژایەتیی ئەو ڕێژیمانە و هەروەها دژایەتیی زۆربەی ڕووناکبیران و چالاکانی سیاسی و کولتووریی سەر بە ناسیۆنالیزمی ئێرانی لەگەڵ مافە نەتەوەیی و زمانییەکانی خەڵکی کوردستان و نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران، بووە بەهۆی ئەوە لەنێو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و لە کۆمەڵی کوردستاندا بەرە بەرە ڕەوتی ناهومێدی و پشتتێکردن لە چارەسەری پرسی نەتەوەیی و زمانی لەچوارچێوەی وڵاتی ئێراندا سەرهەڵ بدات. ئەو ناسیۆنالیستە ئێرانییانەی بە ناو و بیانووی پاراستنی یەکپارچەیی ئێران، دژایەتیی ئەو مافە ڕەوایانە دەکەن، با بزانن و ئاگادار بن، ئەگەر هەروا و وەک ڕابردوو لەسەر ئەم دژایەتییە پێداگر بن، بۆ خۆیان دەبن بە

## بەشی چوارەم

**هۆکار و پاڵنەری نەتەوەی کورد و نەتەوە نافارسەکانی دیکەی ئێران، بۆ وازهێنـان لە چارەسەری پرسی نەتەوەیی خۆیان لە چوارچێوەی ئێراندا.**

*** بەشی کۆتایی لێکۆڵینەوەیەک لە ژێر ناوی" رەهەندەکانی سیاسەتی زمانیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران"کە لە کتێبی "هەشتتا ساڵ خەبات لەپێناوی ڕزگاریدا" بڵاو بووەتەوە.**

**١٤ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٥**

## «کوردستان»، ڕێچکەیەک لە کۆماری کوردستانەوە تا سەرکەوتنی یەکجاری

لە ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤، کەمتر لە دوو حەوتوو بەر لە دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕۆژنامەی «کوردستان»، لە دایک بوو. ئەم ڕۆژنامەیە کە زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، بە زوویی بوو بە ڕۆژنامەی دەوڵەت و حکوومەتێک کە حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد پێکی هێنابوو.

«کوردستان» هەر لە سەرەتاوە لە گەڵ حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستان، بە جۆرێک ئاوێتە بوو کە دواتریش تەنانەت ئەو کاتەی کۆمار جوانەمەرگ کرا و ڕێبەران و تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات تووشی سێدارە و بەندیخانە و دەربەدەری و ژیانی نهێنی بوون، لە گەڵ هەموو کەند و کۆسپێک دا، کۆڵی نەدا و ڕێچکە و ڕێبازی ئەوانی ون نەکرد. ژیلەمۆی ئاورگێک کە بە ڕووخانی کۆمار لە گر و کڵپە کەوت، دواتر بە هیممەتی تێکۆشەرانێک لە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەربەدەری و دوورە وڵاتی یا لە نێوخۆی وڵات و لە ڕەوتی کارو ژیانی نهێنی دا گەشایەوە. ڕێبەران و تێکۆشەرانی دیموکرات بە تایبەتی پێشمەرگەکانی سەنگەری بیر ونووسین و ڕۆژنامەنووسی لەم کاروانە درێژەی تێکۆشان دا، سەلماندیان کە ئەم ئاگرە، کوژانەوە، و ئەم ڕێگایە، بڕانەوەیان بۆ نییە. داستانی چۆن کۆڵنەدان و بەردەوامیی «کوردستان» زۆر لەوە درێژترە کە لێرە دا بگونجێ. ئەوەی دەکرێ لێرە وەک پێشباری ئەم ژمارەیەی «کوردستان» بیڵێم ئەوەیە:

خۆشحاڵین کە شەشسەدەمین ژمارەی دەورەی ئێستای «کوردستان»، دەستەملانی کۆمەڵێک یاد بووە کە هەموویان بە جۆرێک پێوەندییان بەم ڕۆژنامەیەوە هەیە:

**یەکەم**،٢ی ڕێبەندان، ڕۆژی لە دایکبوونی کۆمارێک کە »کوردستان» شانازی بە زیندوو ڕاگرتن و بەرەوپێشبردنی بیر و ئامانجەکانی دەکا.

**دووهەم**، بیرەوەریی ٢٠ی بەفرانبار(ی ١٣٢٤) کە یەکەم ژمارەی یەکەم دەورەی ئەم ڕۆژنامەیەی تیدا بڵاو بۆتەوە و،

**سێهەم** مانگی ڕێبەندان کە دەبێتە بیرەوەریی دەرچوونی یەکەم ژمارەی ئەم دەورەیەی «کوردستان»، دەورەیەک کە لە



سەرچاوە Serchawe

ڕێبەندانی ١٣٤٩ەوە دەستی پێکردوە و ئێستا پاش بڕینی هەوراز و نشێوەکانی ٤٢ ساڵی رابردوو شەشسەدەمین ژمارەی بڵاو دەبێتەوە.

دەکرا بە بێدەنگی بە سەر ئەم بۆنانە دا تێپەڕ بین، بەڵام پێمان حەیف و پێمان ناڕەوا بوو کە ئەم بۆنانە نەکەین بە دەرفەتێک بۆ ئاوڕدانەوە لە رابردوویەکی پڕ لە بیرەوەریی تاڵ و شیرین، ئاوردانەوە لە ڕەنج و زەحمەت و شەونخوونیی دلسۆزانی کەمناسراو یا بێناونیشانی ئەم کاروانە.هەر لەو کاتە دا تێکۆشاوین بە هۆی نووسین و بۆچوونی کەسانێک کە حەقیان بە سەر ئەم رۆژنامەوە هەیە و «کوردستان»یش حەقی بەسەر ئەوانەوە هەیە،چەند لایەنێک لە ژیانی ئەم رۆژنامەیە بخەینە بەر سەرنجی خوێنەران. هیوادارم «کوردستان» بە خزمەت و خۆشەویستیی ئۆگرانی، هەر بەردەوام و لە بەرەوپێشچوون دابێ و خۆی و خوێنەرانی، جارێکی دیکە لە مانشێت و لاپەرەکانی دا، هەڵاتنی لە نوێی خۆری کۆماری کوردستان، ببیننەوە.

## «کوردستان»ی چاپی باکۆ

**یەکێک لە دەورەکانی بڵاوبوونەوەی رۆژنامەی «کوردستان»ی ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەو دەورەیەیە کە لە باکۆی ئازەربایجان، چاپ و بڵاو بۆتەوە. سەرنووسەری ئەم دەورەیە، رەوانشاد د. رەحیم سەیفی قازی بووە. لە راستیدا، ئەم دەورەیەی رۆژنامەی «کوردستان»، بە هەوڵ و هیممەتی ئەو گرووپە لە لاوانی کورد کە کۆماری کوردستان، بۆ درێژەی خوێندن ناردبوونییە یەکیەتیی سۆڤیەت، دامەزرا و درێژەی پێدرا بە جۆریک کە بۆ ماوەی ١٦ ساڵ بەردەوام بوو وزیاتر لە ١٣٠٠ ژمارەی لێ بلاو بۆتەوە. دیارە »کوردستان» لەم دەورەیە دا، نەک رۆژنامە یا بڵاوکراوەیەکی سەربەخۆ بەڵکوو لاپەڕێک بووە لە بڵاوکراوەی «اذربایجان»ی ئۆرگانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان. بۆ زانیاری وەرگرتن لە سەر ئەم دەورەیەی «کوردستان» پێوەندیمان بە لێکۆڵەر و زمانەوان بەرێز حەسەنی قازییەوە گرت کە کوڕی نەمر د. رەحیمی سەیفی قازییە. بەڕێز قازی ئەم زانیارییانەی لەم پێوەندییە دا پێ داین:**

**ڕۆژنامەی «کوردستان» کە بە پێی یاداشتی سەرنووسەرەکەی، ڕەحیمی قازی لە ساڵی ١٩٤٧ تا ساڵی ١٩٦٣واتە بۆ ماوەی ١٦ ساڵ، پتر لە ١٣٠٠ ژمارەی لێ بڵاو بووەتەوە. ئەو ڕۆژنامەیە وەکوو «اورگانی حزبی دیموکراتی کوردستان» لە لاپەڕەیەک دا بڵاو کراوەتەوە و لە سەرەوەی لە گۆشەی دەستی چەپ نووسراوە لە لایەن دەستەی نووسەران را دەر دەچیت دوایە لە نێوەڕاست دا بە خەتی درشت نووسراوە »کوردستان» و لە بن ئەو ناوە نوسراوە: «اورگانی حزبی دیموکراتی کوردستان» و لە کادرێک دا بەرە وە لای چەپی گۆشەی ڕاستی سەرەوەی ڕۆژنامەکە، ژمارە، ڕۆژی بڵاو بوونەوە، بەروار و مانگ و لە بنەوە ساڵی هەتاوی و لە بن ئەویش دا هاوتای ڕۆژ و مانگ و ساڵی زایینی هاتوە. ڕۆژنامەکە لە حەوتوو دا دووجار ڕۆژانی شەمە و چوار شەمە بڵاو کراوەتەوە.**


کوردستان


کوردستان


کوردستان

لە باری تێکنیکییەوە ڕۆژنامەکە پیتچنی کراوە بەڵام چوکڵە لە سەر و ژێری پیتەکان دا نییە.

لە بەر ئەوەی زۆربەی ئەندامانی دەستەی نووسەران خەڵکی ناوچەی موکریان بوون، ڕۆژنامەکە بۆن و بەرامێکی ئاشکرای موکریانی پێوە دیارە، ڕستەی کورت و هاسان لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەکەن و لەو ڕۆژنامەیە دا زۆر زاراوەی وەها دەبیندرێن کە پێشتر لە چاپەمەنیی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا نەبوون. دەستەی نووسەران گەلێک زاراوەی سیاسی و کۆمەڵایەتییان ذاڕشتوە کە لە چاپەمەنیی دواتر دا ڕچەیان کوێر بووەتەوە و ئەوەش دەکرێ لە بەر بڵاو نەبوونەوە و نەگەیشتنی ئەو ڕۆژنامەیە بە خوێنەران لە کوردستانی ئێران بووبێ.

دەستەی نووسەران بەرنامەیەکی ڕادیۆییشیان بەڕێوە بردوە و وێدەچێ لە بەرنامە ڕادیوییەکان دا لە بابەتەکانی نێو «کوردستان» یش کەلک وەرگیرابێ.

بەڵگەیەکی گرینگ لە مەڕ هەڵسووڕێنەرانی «کوردستان» نامەیەکە (ڕەشنووسەکەی بەدەستەوەیە) بە ئیمزای دەستەی نووسەران کە لە ١٥ی مەی، ١٩٥٨ لە باکۆ ماوەیەکی کورت بەر لە هەڵوەشانی ڕێژیمی پاشایەتی لە عێڕاق بۆ مەلا مستەفای بارزانی نووسراوە.

**نامەکە بە ئیمزای دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی «کوردستان»ە کە بە پێی ئەم بەڵگەنامەیە بریتی بوون لە:**

١- عبدالله رزم آور

٢- رحیم قاضی

٣- قادر محمودزاده

٤- سلطان اوطمیشی

٥- علی گلاویژ

ڕەشنووسەکە بە پێی بەراورد لە گەڵ سەرچاوەی دیکە دەردەکەوێ بە خەتی «عەلی گەلاوێژ» نووسراوە. ئەو سەنەدە گرینگییەکی مێژوویی زۆری هەیە و دەبێ زیاتر شیتەڵ بکرێتەوە.

ئەوە بە باشی نازاندرێ کە مەلا مستەفا وڵامی چ بووە. بەڵام لە ساڵی ١٩٤٧ وە زۆربەی ئەندامی دەستەی نووسەرانی کوردستان لە چالاکییەکانی ‹فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان› دا بەشدار بوون و ڕەحیمی قازی دوو خول یەک لە دوو معاوینەکانی سەدری فیرقەی دێمۆکڕاتی ئازەربایجان و عەلی گەلاوێژ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بووە. سەبارەت بەو حەولانەی کە لە سەرەتای پەنابردنی بارزانییەکان بۆ ئازەربایجانی شووڕەوی بۆ سازکردن و ڕێکخستنی ڕێکخستنێکی

**سەربەخۆی کورد دراوە زۆر کەم نووسراوە. لەو ساڵانەی دواییدا زرار دەرگەڵەیی لە بیرەوەرییەکانی دا ئاماژەیەکی گشتی بەو حەولە دەکا.**

**لە نێوەرۆکی ئەم نامەیە ڕا دەردەکەوێ کە تا ئەو دەمی (١٩٥٨) کوردەکانی عێراق و ئێران لە شووڕەوی ڕێکخراوەیەکی یەکگرتوویان نەبووە. بەڵام ئەوە باش زاندراوە لە زۆربەی کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان دا وەک حزبی دێمۆکراتی کوردستان کاریان کردوە.**

**بەڕێز قازی دەقی ئەو نامەیەش کە لە لایەن دەستەی نووسەرانی «کوردستان»ەوە بۆ مەلا مستەفا نووسراوە، بۆ ئێمە ناردوە. هیوادارم بە یارمەتیی ئەم زانیارییانە و زانیاریی دیکە، لە دەرفەتێکی دیکە دا، ئاوڕێکی وردتر لەم دەورەیەی «کوردستان» بدەینەوە.**

**سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠٠ - ڕێکەوتی: ١٧ی جانیۆێری ٢٠١٣**

---

## ئازیزانی لە دەستچووی کاروانی ئەم "کوردستان"ە

مێژووی رۆژنامەی "کوردستان" بەشێکی گرنگ لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان و جووڵانەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێرانە رۆژهەڵاتی کوردستان پێک دێنێ. ئەم مێژووە، بەقەرا مێژووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان درێژە. چونکە هەر لە یەکەم ساڵی دامەزرانی حیزبەوە ، بڵاو بوونەوەی ئەم رۆژنامەیە دەستی پێکردوە و وەک ئەو حیزبەی رۆژنامەکە، زمانحاڵی بووە، سەرەڕای هەموو کەندو کۆسپ و هەوراز و لێژێک درێژەی بە خەبات و تێکۆشان داوە.

**که دەڵێم ئەم مێژووە بەشێکی گرنگە لە مێژووی حیزب، وشەی گرنگم بە رێکەوت نەهێناوە. گرنگی یەکە لە چەند بارەوەیە:**

**یەکەم**: لە زۆربەی قوتاغەکانی مێژووی ئەم رۆژنامەیە دا، رێبەران و داڕێژەرانی سیاسەتەکانی حیزب و لە بەرپرسان و نوسەرانی ئەو رۆژنامەیە بوون و، وتار و بابەتەکانی رۆژنامە، رەنگدانەوەی تێگەیشتن، بۆ چوون و روانێنی ئەوان بووە. ئەگەرچی زۆربەی ئەو نووسینانە بەداخەوە ناوی نووسەرەکانیان لەسەر نیە، بەڵام بە هۆی ئەوانەوە تێ دەگەین کە سیاسەتداڕێژان و رێبەرانی ئەم حیزبە چلۆن سەیری رووداو و ئاڵوگۆڕ و پرسەکانی سەردەمی خۆیان کردوە.

**دووهەم**: حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەتایبەتی لە ٤ و ٣ دەیەی یەکەمی تەمەنی دا ناوەندێکی تایبەت بۆ راگرتن، پاراستن و تومار کردنی بەڵگەنامە سیاسەیە کانی خۆی نەبوو.

لاپەرەکانی رۆژنامەی "کوردستان" لەو ماوەیە دا بەشێکی بەرچاو لەو بەڵگەنامانەیان گرتۆتە خۆو، روانین و هەڵوێستی رێبەرانی حیزب بەرامبەر بە رووداوەکان سەردەمیان تێدایە و، ئاگادار بوون لەوان، بۆ نووسینەوەی مێژووی حیزب پێویستە. هەر بۆ وێنە ئەوانەی لێکدانەوەیان لە بارەی جمهوریی کوردستان کردوە پتر لە هەر شتێکی دیکە پشتیان بە رۆژنامەی "کوردستان"ی ئەو سەردەمە بەستوە.

**سێهەم**: فورم، قەوارە، دیزاین، پیتچنی و جۆری چاپی رۆژنامە لە هەر سەردەمێک دا نیشاندەری ئەو بارودۆخەیە کە رۆژنامەی تێدا بڵاو بۆتەوە و، حیزبەکەی، خەباتی تێدا کردوە. وردبوونەوە لەوان، تێمان دەگەیەنێ کە لە ج هەلو مەرجێک دا و بەچ ئیمکاناتێک کاری چاپ و بڵاو کردنەوە کراوە.




سەرچاوە
Serchawe

**چوارەم**: رۆژنامەی "کوردستان" هەر لەو کاتەدا کە پەروەردەی دەستی سیاسی یەکان و رووناکبیرانی قەڵەم بەدەستی ئەم حیزبە لە قۆناغە جۆر بە جۆرەکاندا بووە و جێ پەنجەی ئەوانی لە بورای جیاواز دا (بیرو زەوق و شێوازی نووسین و زمانەوان و ...) پێوە دیارە، قوتابخانەی پەروەردە کردنی بە دەیان ئۆگری نووسین و کاری رۆژنامە نووسی بووە. زۆر بە داخەوە گروگاڵی نووسینیان لە قوتابخانەی "کوردستان" دا دەست پێ کردوە و یەکەم بووسینەکانیان لەم رۆژنامەیە دا بڵاو بۆتەوە، دواتر لە ئاستی راگەیاندنی کوردی دا بە ناوێکی دیاری رۆژنامە نووسی و راگەیاندنکارێکی بەوەجیان لێ وەرچووە.

دەرچوونی ژمارە ۵۰۰ی ئەو دەورەیەی "کوردستان" دەرفەتێکە بۆ ئەوەی، بەرێزەوە یادی ئەو کەسانە بکەینەوە کە لە درێژایی ئەو مێژووەدا، لەو رۆژنامەیەدا خزمەتیان کردوە. بەو هۆیەوە کە ئەو کەسانەی بە خۆرێک لە جۆرەکان ساڵانێک لەم رۆژنامەیە دا کاریان کردوە یەکجار زۆرن، لەم بۆنەیەدا تەنیا یادێک لەوانە دەکەینەوە کە لەم دەورەیە دا، لە رۆژنامەی "کوردستان" دا کاریان کردوە و بەداخەوە تائێستا لە ژیان دا نەماوەن.

### عوسمان یەزدانپەنا (جەلال میراوەیی)



عوسمان یەزدانپەنا کە لە نێو هاوڕێیانی دا بە جەلال میراوەیی ناسرا بوو، لە یەکەم ژمارەکانی ئەم دەورەیەی کوردستان را (کە لە ڕێبەندانی ١٣٤٩ ڕا دەست پێ دەکا)، لە رۆژنامە، کاری فەننی و ئامادە کردنی کردوە. جەلال تا سەرکەوتنی راپەرینی گەلانی ئێران و تا شەری سێ مانگە، کار لەرۆژنامەی "کوردستان"ی درێژە پێدا. بێجگە لە کاری پێتچنی و تەکسیر، بە نووسین و وەرگێڕان و ئامادە کردنیش لە ژمارەکانی ساڵانی ١٣٤٩ تا ١٣٥٨ی "کوردستان" دا بەشداریی چالاکانەی هەبووە.

مانگی خەرمانانی ١٣٥٨ لە کاتی گەیاندنی یارمەتی بۆ هاوڕێیانی پێشمەرگەی لە نزیک "گرژاڵ" دەکەوێنە نێو بۆسەی ستوونێکی نیزامی کە هێرشیان کرد بووە سەر ئەو ناوچەیە زەبرێکی قورسیان لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە لێ درابوو. هەر بۆیە کاتێک جەلال میراوەیی دەکەوێتە دەستیان، هەر ئەو رۆژە شەهیدی دەکەن.


## دوکتور سوڵتان وەتەمیشی

دوکتور سوڵتان وەتەمیشی کە لە کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لە کۆمیتەی ناوەندیش دا بە ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب هەڵبژێردرا بوو، وەک ئەندامی دیکەی دەفتەری سیاسی لەم دەورەیە دا ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی "کوردستان" بووە. بەو جۆرەی لە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادەم بیستوە، لەو ژمارانەی "کوردستان" کە لە ساڵی ١٣٥٢ - ١٣٥٠ بڵاو بوونەوە، نووسینی دوکتور وەتەمیشی هەیە. ناوبراو ساڵی ١٣٥٢ لە پێوەندی لە گەڵ پسپۆرییەکی دا (پزیشکی نەشتەرگەر) دەچێتە وڵاتی لیبی و لەم رۆژنامەیە دوور دەکەوێتەوە.

دوکتور وەتەمیشی لە مێژساڵە لە ژیاندا نەماوە، بەڵام بەداخەوە بەروونی نازانم لە چ ساڵێک دا کۆچی دوایی کردوە.

---

## مامۆستا هێمن موکریانی



حەمەدەمینی شێخولئیسلامی موکری (هێمن موکریانی) کەلە سەردەمی کۆماری کوردستانیش دا، لاپەرەکانی رۆژنامەی "کوردستان"ی بە شێعرە نیشتمانی و جوانەکانی، دەرِازاندەوە، لە یەکەم ژمارەکانی ئەم دەورەیەی "کوردستان" را ١٣٤٩ (١٩٧١) دەبێتە ئەندامی دەستەی نووسەرانی. مامۆستا هێمن لەو کاتەوە تا بەهاری ١٣٥٩ کە لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، دادەبڕێ بە شێعرو نووسین و دەسگرتن و رێنوێنیی ئۆگران و هاوکارانی ئەو رۆژنامەیە لە باری ئەدەبی و زمانەوانییەوە، چالاکانە هاوکاری بەرەو پێشچوونی "کوردستان" دەکا.

---

بەشی چوارەم


## د. عەبدولڕەحمان قاسملوو



بەرلەوەی یەکەم ژمارەی دەورەی ئێستای رۆژنامەی "کوردستان" لە رێبەندانی ١٣٤٩ لە بەغدا بڵاوبێتەوە، لە ئورووپا، دەورەیەکی دیکەی رۆژنامەی "کوردستان" دەردە چوو کە دوکتور قاسملوو بە هاوکاریی کۆمەڵێک سیاسی و رووناکبیری نیشتمانپەروەری کورد، دەری دەکرد. دیارە ئەو دەورەیە بە ناوی ئۆرگانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی لەسەر نەبوو تەنیا لەژێر ناوەکەی دەنووسرا "لەلایەن دەستەی نووسەرانەوە دەردەچێ". پێشنیاری دەست پێکردنی دەورەیەکی نوێی "کوردستان" و پشتگرتنی، دەگەرێتەوە بۆ دوکتور قاسملوو کە بە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی عێراق و پێکهاتنی هەلومەرجی نوێ لەو وڵاتە. قۆناغی خۆرێکخستنەوە و زیندوو کردنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە بەردەم حیزب دا دەدی.

دوکتور قاسملوو جگە لەوەی سەر نووسەر و ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەو رۆژنامەیە لەساڵی ١٣٤٩ تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران (ساڵی ١٣٥٧) بوو، هەتا کاتی شەهید بوونی (هاوینی ساڵی ١٣٦٨) لە نووسین بۆ ئەم رۆژنامەیە و، رێنوێنی، هاوکاری و پشتوانیی جۆراجۆری دەستەی نووسەران و کادری فەننی "کوردستان" غافڵ نەبوو. وتووێژو وتار و نووسینەکانی دوکتور قاسملوو، لە نێو بابەتەکانی رۆژنامەی "کوردستان" دا لە باری نێوەرۆک و بەرزی ئاستی لیکدانەوە جێگایەکی تایبەتیان هەیە.

## دوکتور سادق شەڕەفکەندی




د. سادق شەڕەفکەندی دوای بەجێ هێشتنی خانکۆی تاران و گەڕانەوەی بۆ کوردستان لەسەر داوای ڕێبەرایەتیی حیزب لە ساڵی ١٣٥٩ بەرپرسایەتیی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی و ئەرکی سەرنووسەریی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی گرتە ئەستۆ.

کورتە مێژووی جووڵانەوەی نەتەوایەتییەکانی کورد، کە بە شێوەی زنجیرە ساڵی ١٣٥٩ و ١٣٦٠ و ١٣٦١ لە "کوردستان" بڵاو بووتەوە، بە یەکەم نووسینەکانی دوکتور شەڕەفکەندی لەم ڕۆژنامەیە دا دەژمێردرێن.

لە دوای کۆنگرەی ٨ی حیزب (زستانی ساڵی ١٣٦٦) جارێکی دیکە ئەرکی سەرنووسەریی ڕۆژنامە و بەرپرسایەتیی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی کەوتەوە سەر شانی دوکتور شەڕەفکەندی و، هەتا شەهید بوونی دوکتور قاسملوو لە پووشپەری ساڵی ١٣٦٨، وەک نووسەر و سەرنووسەر لەم ڕۆژنامەیە دا کاری کرد. هەڵبژاردەیەک لەو ژمارانەی دوکتور شەڕەفکەندی لە ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاوی کردونەوە لە دەساڵەی شەهید بوونی دا، لە گەڵ کۆمەڵێک وتاری دیکە کە لە رادیو دەنگی کوردستان دا بڵاو بوونەتەوە، کراون بە کتێبێک. لە وتاری "کوردستان، سەنگەرێکی دیکەی تێکۆشانی ڕێبەری شەهیدمان" لە پێشەکی ئەو کتێبە دا بڵاو بۆتەوە، ئاماژە بە ڕۆڵی د. شەڕەفکەندی لە بەرە و پێشبردنی ئەو ڕۆژنامەیە دا کراوە.

## عەبدوڵڵا شەریفی




کاک عەبدوڵڵا شەریفی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب، لەو لاوە شۆڕشگێڕ و تێگەیشتووانە بوو کەلە ڕۆڵ و بایەخی نووسین و کاری ڕۆژنامە نووسینی و پێویستی مرۆڤی سیاسی و خەباتکار بە نووسین، ئاگادار بوو. لە نێوان کۆنگرەی ٨ بۆ ٩ حیزب ساڵی (١٣٦٩)، بوو بە هاوکاری دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان". وێڕای بەشداری لە کۆبوونەوەکانی دەستە نووسەران و بەشداری لە باسە سیاسییەکان دا بە نووسینی وتار، هاوکاریی ڕۆژنامەی دەکرد. ئەم هاوکارییە هەتا کاتی شەهید بوونی لە ٦ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٧٣ بەردەوام بوو. دەبێ بگۆترێ تێکۆشان لە مەیدانەکانی دیکە (تێکۆشانی سیاسی و تەشکیلاتی و بە ڕێوەبردنی هێز و کۆمیتەکانی حیزب لە قووڵایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) کاتێکی زۆر کەمی بۆ هاوکاریی ئەو لە گەڵ ڕۆژنامەی "کوردستان" دا دەهێشتەوە. بەو حاڵەش، لە هاوکاریی ڕۆژنامە دریغی نەدەکرد و بڵاو بوونەوەی نووسینەکانی لەم ڕۆژنامەیە دا بۆ خۆی بەشانازی دەزانی.

## تاهیر حوسێن پوور



کاک تاهیر حوسێن پوور، خەڵکی دێ سەرگێز شنو بوو. ئەوکاتەی لە ئێران خوێندکاری زانکۆ بوو، ببووە ئەندامی تەشکیلاتی نهێنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، کاتێک ناچار بوو خوێندنی زانکۆ بەجێ بێڵێ و رووی کردە ریزی پێشمەرگەکانی حیزب، لە فێرگەی سیاسی نیزامی بەشداری دەورەی سەرەتایی بوو هەم لە باری رێکوپێکی و رەوشتەوە، هەم لە باری سەرکەوتنی لە تاقیکردنەوەکان دا، لە یەکەمەکانی دەورەکەیان بوو. هەر بۆیە سەرەتای ساڵی ١٣٧٧ بۆ کار لە بەشی فەننی رۆژنامە، داوامان کرد نەقلی لای ئێمەی بکەن. لە ماوەی کاری لە رۆژنامەشدا، نموونەی دڵسوزی، ماندوویی نەناسی و رێکوپێکی بوو، بێجگە لە کاری پیتچینی و کاری فەننیی دیکە، دەستی کرد بوو بە ئامادە کردنی بابەت تادەهات پتر تێکەڵ بە کارەکانی رۆژنامە دەبوو. هاوینی ساڵی ١٣٧٨ دوای بڵاو بوونەوەی ژمارەی تایبەت بە ١٠ ساڵەی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو، لەسەر داوای کادرە تەشکیلاتییەکانی ناوچەی شنۆ و پێداگریی خۆی، بۆ مەئموورییەتی تەشکیلاتی و بە کۆمەڵێک رۆژنامەی " کوردستان "ەوە چووە ئەو ناوچەیە. بەڵام بەداخەوە لەم سەفەرە نەگەڕایەوە و لە نزیک شێخان کەوتە کەمین و گیانی لە دەست دا.

## سەید سەلام عەزیزی



سەید سەلام عەزیزی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب لە بەهاری ساڵی ١٣٧٢وە هاوکاری لە گەڵ دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان "ی دەست پێکرد. کاک سەلام وێرای بەشداری لە کۆبوونەوە و باسەکانی دەستەی نووسەران دا و، سەرەڕای کار و بەرپرسایەتیی دیکەی حیزبی، بە گوێرەی توانا، بەشداری لە نووسینی وتار و بابەت بۆ ڕۆژنامە دا دەکرد و هێندێک جاریش ئەگەر لە زمانی عەرەبییەوە پێویستمان بە وەرگێڕانی بابەتێک هەبا وەری دەگێڕایە سەر زمانی کوردی هاوکاریی کاک سەلام لە گەڵ "کوردستان" تاکاتی کۆچی ناووەختی لە پووشپەری ساڵی ١٣٧٨ دا درێژەی هەبوو.

---

## کەریم حیسامی



مامۆستا کەریم حیسامی، لەم نووسەر و وەرگێڕانە بوو کە لە دەورەی پێشتری "کوردستان" کە لە ئوورووپا بڵاو ببۆوە، لە گەڵ دوکتور قاسملوو دا هاوکاری کرد بوو. لەسەرەتای ئەم دەورەیەی ئێستاش ڕا واتە لە یەکەم ژمارە وە کە لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٤٩ (فێوریەی ساڵی ١٩٧١) بڵاو بۆتەوە، وەک ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب و وەک ئەندامی دەستەی نووسەرانی

ڕۆژنامە، کاری نووسین و وەرگێڕانی لە ڕۆژنامەی "کوردستان" دا کردوە. هاوکاریی ئەم نووسەر و وەرگێڕە بە توانایە لە گەڵ ڕۆژنامەی "کوردستان" هەتا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران درێژە هەبوو.

---

## عوسمان ڕەحیمی



دوایین ئازیزی لە دەستچووی "کوردستان" کاک عوسمان ڕەحیمی یە کە خەرمانانی ساڵی ١٣٨٦ بە هۆی راوەستانی دڵ، کۆچی دوایی کرد. کاک عوسمان هەم لەو ڕۆژنامەیە دا کە لە ژێر ناوی "کوردستان" وەل ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان - ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر بڵاو دەبۆوە، هەم لەو دەورەیەی ئێستای "کوردستان" لە نێوان کۆنگرەی ١٢ - ١٣ دا وەک ئەندامی دەستەی نووسەران، کاری نووسین و وەرگێڕانی کردوە و کۆمەڵێک نووسین و وەرگێڕانی پڕ نێوەرۆک و جوانی وەک یادگار لە پاش بەجێ ماوە.

بەبۆنەی دەرچوونی پێنجسەدەمین ژمارەی دەورەی ئێستای " کوردستان " بەرێز و ئەمەگناسی یەوە بیری ئەو ئازیزە لە دەستچووانەی ڕۆژنامەکەمان دەکەینەوە و ناو و یاد و تایبەتمەندییە بەرز و جوانەکانیان لە کۆڕی تێکۆشەرانی سەنگەری "کوردستان" دا بەرز ڕا دەگرین.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٥٠٠ - ڕێکەوتی: ٢٠ی دێسەمبەری ٢٠٠٨

---

## «کوردستان» وەک ئاوێنەی خەباتێکی سەخت و دوورو درێژ

ژمارەیەک کە ئێستا لە بەر دەستی خوێنەرانی «کوردستان» دایە، وەک هەموو ژمارە سەدەکانی پێش خۆی(ژمارەکانی ١٠٠، ٢٠٠، ٣٠٠، ٤٠٠، ٥٠٠ و ٦٠٠) ، جێگایەکی تایبەتی لە نیو ژمارە ئاساییەکانی ئەم ڕۆژنامە دا هەیە. ئەم بایەخ پێدرانەی ژمارە سەدەکانی «کوردستان» لە لایەن بەڕێوەبەران و نووسەران و کادری فەننیی ڕۆژنامەکە، دەکرێ بۆ ئەو کەسانەی زۆر شارەزای مێژووی ئەو ڕۆژنامەیە نین، کەمێکیش سەیر بێ. بۆ وێنە بپرسن لە کاتێک دا ئەو هەمووە ڕۆژنامەیە تەنانەت لە نیو کوردیشدا هەن کە ژمارەیان لە هەزار و چەند هەزار تێپەڕیوە، گەیشتنی ڕۆژنامەیەک بە ژمارە٧٠٠ی خۆی، بۆ چی دەبێ بکرێ بە بۆنەیەکی خۆش و بە گرنگییەوە، باسی بکرێ؟ خۆ ئەگەر بشزانن کە ئەم دەورەیەی ڕۆژنامەی «کوردستان» ٤٦ ساڵ و مانگێکی خایاندوە بۆ ئەوەی بگاتە ژمارە ٧٠٠ی خۆی، لەوانەیە بڕێکیش لۆمەی بەڕێوەبەران و نووسەرانی ڕۆژنامەکە بکەن کە چۆن دەبێ بە ٤٦ ساڵ ٧٠٠ ژمارە لە ڕۆژنامەکەیان بڵاو بکەنەوە؟! بەڵام ئەوانەی دەزانن «کوردستان» زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستانە و ڕێبەران و تێکۆشەرانی ئەوحیزبەش لە چ بارودۆخێکدا کارو ئەرکی خەباتکارانەی خۆیان بەڕێوە بردوە، - سەرەڕای کەمیی ژمارە بڵاوبووەکان لە چاو تەمەن و ماوەی دەرچوونی ڕۆژنامەکە - جۆرێکی دیکە لە سەر بەردەوامی و بەچۆک دانەهاتوویی «کوردستان» قەزاوەت دەکەن.

لە ڕاستی دا «کوردستان» لە رووی فۆرم و ڕواڵەتەوە، هەر وەها لە باری ماوەی دەرچوونی دوو ژمارەی و تیراژیشەوە، ناگاتە زۆر ڕۆژنامەی کوردی. زۆربەی ئەوانەش کە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا، ئەرکی بەڕێوەبەری و نووسین و وەرگێڕان و کاری فەننییان تیدا کردوە،... نەک دەرچووی ئەم و ئەو کۆلێژی ڕۆژنامەنووسی، بەڵکوو پەروەردەی قوتابخانەی تێکۆشان و سەنگەری پێشمەرگایەتی بوون و بە شێوەی ئەزموونیی پێگەیشتوون. کە وایە شتێکی تر هەیە کە بە هەمووی ئەو راستیانەشەوە، ڕۆژنامەی «کوردستان»ی لای خوێنەرانی خۆشەویست و ڕێزدار کردوە. ئەم ئامانج و بیروباوەڕ و ڕێبازە سیاسییەی کە کوردستان لاپەڕەکانی خۆی بۆ بڵاوکردنەوەیان تەرخان کردوە، ئەو خەباتە پڕ لەقوربانیدانەی «کوردستان» لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە، بووە بە زمانحاڵی، بوون بە هۆی ئەوەی «کوردستان»بایەخ و گرنگیی خۆی هەبێ.

«کوردستان»، هەر لەو کاتەدا کە هەڵگری باوەڕ و پەیامی حیزبێکی خاوەن خەباتێکی دوور و درێژ و پڕ هەوارز و نشێوە، ئاوێنەی مێژووی ئەم حیزبە و خەباتەکەشیەتی. یەکەمین جار «کوردستان» وەک زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەفرانباری ١١٣٢٤ی هەتاوی دا بڵاو بووەوە. یەکەم دەورەی ئەم ڕۆژنامەیە کە لە سەردەمی ژیانی کۆماری کوردستان دا بووە،

١١٣ ژمارەی گرتە خۆ. دواتر و لە قۆناغ و بارودۆخی جیاوازدا، چەند دەورەی دیکەی «کوردستان» بڵاو بوونەوە. ئەم دەورەیەی ئێستاش لە ڕێبەندانی ١٣٤٩ی هەتاوی دەست پێ دەکا و یەکەم ژمارەی ئەو دەورەیەش لە بەغدا، چاپ و بڵاو بووەتەوە. کە چاو لە ژمارەکانی هەر دەورەیەکی «کوردستان» بە تایبەتی ئەم دەورەیەی ئێستا دەکەی، بە چاوگێڕانێک بە سەردێڕی بەیاننامەکان و بابەتەکان، ئەو ڕووداوانەت وەبیر دێنەوە کە بە سەر ئەم حیزبە و تێکۆشەرانیدا هاتوون.

ڕوانگەی ئەم حیزبەت لە بارەی ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی پێوەندیدار بە نەتەوەی کورد لە ئێران و بەشەکانی دیکەی کوردستان لەقۆناغێکی تایبەتدا وەبیر دەخەنەوە. زۆر لەو کەسانەی لە مەقامی ڕێبەر و کاربەدەستی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم ڕۆژنامەیە دا وتاریان بڵاو بووەتەوە یا قەڵەمیان گێڕاوە، ئێستا لە ژیان دا نەماون بەڵام لە مێژووی ئەم حیزبە و خەباتی ئازادیخوازیی گەلی کورد دا ناوێکی نەمر و جێگایەکی دیاریان هەیە. هەر لەم دەورەیەی «کوردستان» دا کۆمەڵێک کەسایەتی ڕۆڵی جۆراوجۆریان گێڕاوە کە ئێستا چوونەتە ڕیزی شەهیدان و نەمران. لەوانە: هێمنی موکوریانی، کەریمی حیسامی، د.قاسملوو، د.شەرەفکەندی، عەبدوڵلا شەریفی، سەلام عەزیزی، عوسمان ڕەحیمی و نوێترین ماموستای کۆچ کردوومان کاک فەتاح کاویان. ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە لە دوارۆژەکانی ساڵی ٢٠١٦دا، «کوردستان»هاوکار و پشتیوانێکی بە نرخی لە دەست دا، ئەویش ناسر ئێرانپوور بوو. بێ ئەمەگی دەبێ ئەگەر لەم بۆنەیە دا، یادی نەکەینەوە، چونکە ئەگەر چی ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم ڕۆژنامەیە و تەنانەت ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش نەبوو، بەڵام لەم چەند ساڵەی دوایی دا لە «کوردستان» غافڵ نەبوو و هەرکات «کوردستان» داوای نووسینی لێ کردبا یا بۆ خۆی وتارێکی خۆی بۆ «کوردستان» بە شیاو زانیبا، بە شانازییەوە هاوکاریی ئەم ڕۆژنامەیەی دەکرد.

ئەمەش کە «کورستان» زۆربەی هەرە زۆری ساڵانی تەمەنی خۆی لەم دەورەیە و چەند دەورەیەکی پێشووشدا لە دوورخراوەیی دا بەڕێ کردوە و بەڕێوەبەران، نووسەران و کادرە فەننیەکانی ، دوور لە زێدی خۆیان و ڕۆژنامەکەیان، لە قۆناغێکی تەمەنەوە دەچنە قۆناغێکی دیکە و بە دیار «کوردستان»ەوە پیر دەبن، بەشێکە لە سروشتی ئەو خەباتە سیاسی و ئازادیخوازییەی، «کوردستان» بووە بە دەنگ و ڕەنگی، خەباتێک کە بە زۆری لە ژێر سەرکوت و لە دوورەوڵاتی دا درێژەی هەبووە.

هەر وەک ئێستا لە جیاتی «کوردستان»ێک، دوو «کوردستان» وەک زمانحاڵی حیزبی دیموکرات بڵاو دەبنەوە، لە ڕابردووش دا وا هەبووە «کوردستان» گیانێک بووە لە دوو جەستە دا. بەو واتایە کە دووبەشی لێک دابڕاوی حیزبی دیموکرات، هەر کامیان بە جیا «کوردستان»یان وەک ئۆرگانی خۆیان بڵاو کردوەتەوە. لەمەشەوە دەتوانین بگەینە ئەو ڕاستییە کە «کوردستان» لەم قەدەر و چارەنووسەشی دا، لە خاوەنەکەی واتە حیزبی دیموکرات دەچێ.

## بەشی چوارەم

لە دۆخێک دا کە حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕێبەران و تێکۆشەرانی ئەو حیزبە و نووسەران و کادری فەننیی ئەو ڕۆژنامەیە پێیدا تێپەڕ دەبن، لەوانەیە ئاسان نەبێ بەڵێن بدەین کە «کوردستان» لە ڕووی فۆرم و چاپ و تیراژ و زوو زوو بڵاوکردنەوەی، باشتر دەکەین. چونکە وەک خوێنەرانیش هەستیان پێکردوە تەنانەت هێندێک جار بۆ چاپی هێندێک لە ژمارەکانی لە ڕووی ماڵییەوە کەوتووینە تەنگانە. ئەوە کێشەیەکە کە هەر ئێستاش لە گەڵی بەرەوڕووین. وێڕای سوپاس و پێزانینمان بۆ ئەو دۆستانەی کەهەر یەکەی بۆ ماوەیەک تێچووی چاپی ڕۆژنامە لە سەر کاغەزیان گرتووەتە ئەستۆ، لێرەوە داوا لە هۆگرانی ئەم ڕۆژنامەیە دەکەین لە ڕووی ماڵییەوە پشتیوانی بن تا ئەم چرایە هەر بە داگیرساوی بمێنێتەوە. جێی خۆیەتی لە قەڵەم بە دەستانی نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان، هەر وەها لە هۆگرانی کاری ڕۆژنامەنووسی ودڵسۆزی خەبات و تێکۆشانی ڕۆشنبیریی حیزبی دیموکرات داوا بکەین بە نووسین و وەرگێڕان و، هاوکاری لە ناردنی هەواڵ و ڕاپۆرتی جۆراوجۆر و دانی ئیدە و پێشنیاری بە سوود، پشتیوانی «کوردستان» بن. ئەوەش کە دەکەوێتە سەر بەڕێوەبەران و نووسەرانی ئێستای «کوردستان» ئەوەیە کە وێڕای بەردەوام ڕاگرتنی ئەم مەشخەڵە پیرۆزە، درێژەدەرو پارێزەری ئەو خسڵەت و تایبەتمەندییانەی «کوردستان» بن کە بۆ ماوەیەکی زۆر ئەم ڕۆژنامەیەی لە نێو ڕۆژنامەکانی دیکە دا پێ دەناسرایەوە. زمانپاراوی و زمانخاوێنی، هەر وەها ڕاستوێژی و بەرپرسیاریەتی لە گرنگترینی ئەوتایبەتمەندیانەن.

بە بۆنەی بڵاوبوونەوەی ژمارە ٧٠٠ی «کوردستان»بە ڕێزەوە یادی هەموو ئەو کەسانە دەکەینەوە کە بەردەوامیی ئەم ڕۆژنامەیە قەرزداری کارو تێکۆشانی ئەوان لە «کوردستان» لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا بووە. هەر وەها پیرۆزبایی و ماندوونەبوونی لە ستافی ئێستای بەڕێوەبەران و کارگێڕانی «کوردستان» و سەرجەم خوێنەران و هۆگرانی دەکەین.

بەو هیوایەی «کوردستان» هەر بەردەوام و، لە بەرەوپێشچوون دابێ.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە: ٧٠٠ - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

بەشی چوارەم

## مانشێت لەم دەورەیەی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا

(بەشی یەکەم)

بە هۆی بەدەستەوە نەبوونی ژمارەکانی دەورەکانی پێشوولەم دەمو دەستە دا، نووسین لە بارەی چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی بەڕێوەبەرانی دەورەکانی پێشووی"کوردستان" لە گەڵ مانشێت، بۆ من ناگونجێ. بەڵام ژمارەکانی ئەم دەورەی "کوردستان"کە ئەوە پێی ناوەتە ژمارە ٧٠٠، بە زەحمەت نیە. ئەگەر چی ژمارەکانی سالانی بەر لە شۆڕشی ئێران، بە زەحمەت دەست دەکەون و منیش بۆ ئەم باس نەمتوانی موجەلەدی ژمارە ١ - ٦٩ وەدەست بخەم. بەم پێیە باسەکەی منیش لە بارەی مانشێت لە ڕۆژنامەی "کوردستان" لە ژمارە ٧٠ بۆ دواوە (تا ئێستا)دەگرێتەوە.

با هەر لێرە دا ئەم زانیارییەش بدەمە خوێنەری ئەم باسە کە بۆ خۆم لە ژمارە ١٣٥ەوە(ڕەشەمەی ١٣٦٦، مارس ١٩٨٨) بووم بە هاوکاری نزیکی ئەم ڕۆژنامەیە و کاری نووسین، وەرگێران، سەرنووسەری و بەڕێوەبەریم تێدا کردوەو لەو ساوە تائێستا لێی دانەبڕاوم. بۆیە ئەگەر لە لایەکەوە لاپەڕەکانی ژمارەکانی ڕۆژنامە بۆ خۆیان بەڵگە و سەرچاوەن بۆ زانیاری ی پێویست بۆ ئەم باسە، بۆ خۆشم بە هۆی بوونم لە نێو ئالوگۆڕ و بڕیارەکانی پێوەندیدار بەم ڕۆژنامەیە، زانیاریی زۆرم لا هەیە کە لەم باسە دا کەم و زۆر پشتم پێیان بەستوە.

### دروشم لە جیاتی مانشێت

بەو جۆرەی لە لاپەڕەکانی یەکەمی ژمارەکانی "کوردستان" دەردەکەوێ، لەسەد ژمارەی یەکەم دا، شتێک وەک مانشێت لە لاپەڕەی یەکەم دا نابیندرێ. ئەوەی لێرە بەدواوەش، تاک و تەرا لە هێندێک ژمارە دا چاومان پیی دەکەوێ، دروشمێکی پێوەندیدار بە بۆنەیەکی حیزبییەوەیە کە ئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەکە لە دەوروبەری دا دەرچووە. دروشم لە بارەی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزب، ٢ی ڕێبەندان سالرۆژی پێکهاتنی کۆماری کوردستان، ٢٦ی سەرماوەز کە بە ڕۆژی پێشمەرگە ناودێر کراوە و هەر وەها پێکهاتنی کۆنگرەکانی حیزب. ئەم ڕستانەی لەم بارەیەوە هاتوون، بە زۆری وەک دروشم هاتوون و باس لە ڕووداوێک ناکەن.

زۆربەیان پیرۆزبایی بەم بۆنانەوەیان گرتووەتە خۆ، وەک:

بەشی چوارەم

"پیرۆز بێ ٢٥ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزب"،

"پیرۆز بێ ٢ی ڕیبەندان ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان"،

"پیرۆز بێ ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان" و هتد.

جاری وایە لە ماوەی یەک ساڵ دا کە ١٢ ژمارەی ڕۆژنامە دەرچوو، بۆ یەک جاریش ئەم جۆرە دروشمەش نابینی. دیارە دروشمی حیزبیی جێگیر(وەک دروشمی ستراتیژیک "دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" لە لاپەڕەی یەکەم و لە دەوروبەری کلێشەی ناوی ڕۆژنامەکەدا،یا دروشم لە بارەی ڕێژیمێک کە حیزبی دیموکرات خەباتی لە دژی دەکا لە خوارەوەی دوا لاپەڕە دا) هەن. مەبەستی من ئەو ڕستە و دەستەواژانەیە کەلە نێو سەردێرەکانی لاپەڕەی یەکەم دا، لە هەمووان دیارتر و سەرنجراکێشترن.

لە نیو ئەو هەمووە تیترانە دا - کە من پێم دروستە ناویان بنێم دروشمی حیزبی - تەنیا تیترێک کە وەک باسکردن لە ڕووداوێک هاتوە و دەکرێ پێی بڵێی مانشێت، هی ژمارە ١١٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"ە کە بەفرانباری ١٣٦٤(ژانویەی ١٩٨٦) دەرچووە. تیترەکە ئەمەیە: "کۆنگرەی حەوتەمی حیزب بە سەرکەوتنەوە تەواو بوو". لە ژێر ئەم مانشێتەش، ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بە بۆنەی تەواوبوونی کۆنگرەوە هاتوە کە سەردێری تایبەت بە خۆی لە گەڵ دایەو بەشێک لە دەقی ڕاگەیەندراوەکەش (٢ - ٣ پاراگراف)هەر لەو لاپەڕەی یەکەم دا بەرچاو دەکەوێ. ئەم ڕەواڵە - هاتنی دروشمی حیزبی لە جیاتی مانشێت - بەردەوام دەبێ هەتا چەندین سالی دیکە.

هێندێک جار دەکرا لانیکەم ئەگەر مانشیتیش بە کار ناهێندرێ، هەر ئەم جۆرە دروشمە لە پێوەندی لە گەڵ ڕووداوە گرنگەکانی پێوەندیدار بە حیزب لە ڕۆژنامە دا دووپات ببنەوە. بۆ وێنە "کوردستان" لەو ژمارەیەی خۆی دا کە ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندی بە بۆنەی شەهید کرانی سکرتێری گشتیی حیزب، د.قاسملووی بڵاو کردوەتەوە (ژمارە ١٥١، پووشپەڕی ١٣٦، ژوئیەی ١٩٨٩)، نە مانشیتی بە کار هێناوە و نە دروشێکی پێوەندیدار بە ڕووداوەکە. بەڵام ساڵێک دواتر( پووشپەڕی ١٣٦٩، ژوئیەی ١٩٩٠) لە ژمارە ١٦٣ی خۆی دا، کە ژمارەی تایبەت بە یادی یەکساڵەی شەهیدکرانی ئەو ڕێبەرەیە، دروشمێکی کردوە بە مانشێت کە بەم جۆرەیە: "بەرێز بێ یادی مامۆستای شەهید، دوکتور قاسملووی مەزن". ئەم ڕەواڵە هەتا نێوەڕاستەکانی دەیەی ٩٠ی زایینییش هەر بەردەوام بووە. واتە ڕۆژنامە لە لاپەڕەی یەکەمی دا بێجگە لە سەردێری وتارو بابەتەکان، یا تیترێکی گشتی و بەرچاوتر لەوانی نیە یا ئەگەر جارو بار تیترێک بە کار هاتوە بە شێوەی دروشم بووە.

بۆ نموونە:

"دوکتور قاسملوو لە بیروباوەڕی دا زیندووە!" (کوردستان، ژمارە ۲۱۱، پووشپەڕی ۱۳۷۳، ژوئیەی ۱۹۹٤)

"بەڕێز بێ یادی شەهیدانی نەمر دوکتور "صادق شرفکندی" و هاوڕێکانی" (کوردستان، ژمارە ۲۱۳، خەرمانانی ۱۳۷۳، سێپتامبری ۱۹۹٤)

### لە نێوان دروشم و مانشێت دا

لە ژمارە ۲۲۱ی "کوردستان" کە بانەمەڕی ۱۳۷٤ (مای ۱۹۹۵)بڵاو بۆتەوە و تەرخان کراوە بۆ باس و بابەتەکانی پیوەندیدار بە کۆنگرەی دەیەمی حیزب،جاریکی دیکە هەواڵی تەواوبوونی کۆنگرە بە شێوەی مانشیت هاتوە. هەمان تیتر یا مانشیت کە "کوردستان" لە پێوەندی لە گەڵ کۆنگرەی حەوتەمیش دا بە کاری هێنابوو:

### "کۆنگرەی دەیەمی حیزب بە سەرکەوتنەوە کۆتایی هات!"

لە لاپەڕەی یەکەمی ژمارە ۲۳٦ی ئەم دەورەی ڕۆژنامەی "کوردستان" و هەر وەها لە لاپەڕەی یەکەمی پاشکۆ ۳٦ دا تیترێک هەیە کە لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە دەکرێ پێیان بڵێین مانشێت، چونکە ناوەرۆکەکەیان تەعبیر لە ڕووداو و هەڵوێست دەکەن و هەر دروشمێکی ڕووت نین. ئەم ژمارەیە و پاشکۆکەی تەرخان کراون بۆ بابەتەکانی پێوەندیدار بە هێرشی مووشەکی و تۆپخانەیی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات لە نزیک شاری کۆیە.(مانگی گەلاوێژی ۱۳۷۵ - ئاگۆستی ۱۹۹٦). مانشیتەکان ئەمانەن:

"کۆماری ئیسلامی لە هێرش بۆسەر حیزبی دیموکرات دا لە گەڵ ناکامی و ڕسوایی تەواو بەرەورووە بوو"

(مانشێتی "کوردستان" ژمارە۲۳٦، گەلاویژی ۱۳۷۵،ئووتی ۱۹۹٦)

"خەڵکی بە شەرەفی کوردستان و هیز و لایەنە ئازادیخوازو ئینساندۆستەکان ڕێگا نادەن حیزبەکەمان لە بەر پێی کۆماری ئیسلامی دا بکرێتە قوربانی"

(مانشێتی پاشکۆی "کوردستان" ژمارە٢٣٦، گەلاوێژی ١٣٧٥، ئووتی ١٩٩٦)

لێرە بە دواوەش "کوردستان" یا بێ شاتیتر(تیتری لە هەموان دیارتر یا سەرەکیتر) بڵاو دەبێتەوە، یا دروشم و مانشێت لە گەڵ یەکتر لە ململانێ دان. جاری وایە هەر بە رەواڵی پێشوو بە گوێرەی ئەو بۆنەیەی کە ڕۆژنامەکەی تیی دا بڵاو دەبێتەوە، دروشمێک لای هەرە سەرەوەی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکەی داگیر کردوە، هێندێک جاریش ئەوەی بە فۆنتێکی درشتتر یا رەنگێکی جیاواز لە لای سەرەوەی لاپەرەی یەکەم دەبیندرێ و وەسەرەوەی تیترو سەردێڕەکانی دیکە کەوتووە، دەتوانین بە مانشێت ناوی بەرین.

خەرمانانی ١٣٧٥(سێپتامبری ١٩٩٦)، ژمارە ٢٣٧ی "کوردستان" لە جیاتی وەرگیرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەندامی چاوەدێری ڕێکخراوی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست کە ڕووداوێکی سیاسیی گرنگە بە نیسبەت حیزبێکی کوردییەوە، بە ناوەرۆکێکی هەواڵییەوە بکا بە مانشێت، لە فۆرمی دروشمێک دا بەم جۆرە دارشتوە: "وەرگیرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەندامی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست لە تێکۆشەرانی حیزب، گەلی کورد و خەڵکی وڵاتەکەمان پیرۆز بێ". دیارە ئەم دروشمەش لە جیاتی ڕاست و چەپی سەرەوەی لاپەرەی یەکەم دابگرێ، تەنیا لای راستی ئەو لاپەرەیەی کە راپۆرتی بیستەمین کۆنگرەی ئەنترناسیۆنالی تیدا بڵاو بۆتەوە، داگیر کردوە!

هەر ئەم ڕووداوەی سەرەوە لە کاتی ڕاگەیاندنی یەکبوونەوەی ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتیش دا دووپات بۆتەوە. "کوردستان" لە ژمارەی ٢٤١ی خۆی دا(بەفرانباری ١٣٧٥، ژانویەی ١٩٩٧) کە بەیاننامەی هاوبەش لە بارەی یەکبوونەوەی ڕیزەکانی حیزب و راپۆرت و وتاری تایبەت لەم پیوەندییەی دا بڵاو کردوونەوە و هەر لە لاپەرەی یەکەمیش دا گرنگیی پێویستی بەو بابەتانە داوە، لە جیاتی ئەم ڕووداوە بە ناوەرۆکێکی هەواڵییەوە بکا بە مانشێت، بە شێوەی دروشم و بەم جۆرە هێناویەتی:

"پیرۆز بی یەکبوونەوەی ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کورستانی ئێران"

"کوردستان" لە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ڕووداوێکی سیاسیی گرنگی دیکەی پێوەندیدار بە حیزبی دیموکرات کە دەرچوونی بڕیاری ئازایانەی دادگای بێرلین لە بارەی تیرۆری میکۆنووسەوەیە، هەر دوو رەویە رەچاو دەکا.لە ژمارە ٢٤٤ی "کوردستان"دا کە خاکەلێوەی ١٣٧٦(ئاوریلی ١٩٩٧) بڵاو بۆتەوە، وێرای بڵاوکردنەوەی بەشێک لە بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزب لە

پێوەندی لە گەڵ حوکمی دادگای میکۆنووس دا، بە سیغەی پیرۆزبایی، دەرچوونی ئەم بڕیارە لە تیتری هەرە گەورەی لاپەرەی یەکەمی خۆی دا رادەگەیەنێ و راست و چەپی بەشی سەرەوەی لاپەرەی یەکەمی خۆی بۆ تەرخان دەکا:

"دەرچوونی بڕیاری ئازایانەی دادگای بێرلین پیرۆز بێ".

لە ژمارەی دواتریشی دا (ژمارە ٢٤٥)کە کە ژمارەیەکی تایبەتە و لە ٣٦ لاپەڕ پێک هاتوە و هەمووشی تەرخان کراوە بۆ باس و بابەتی پێوەندیدار بەو بڕیارە گرنگەی دادگایەکی ئاڵمان لە بارەی تیرۆری رێبەرانی حیزبی دیموکرات بە هۆی کۆماری ئیسلامییەوە، مانشێتێکی لە دوو دێڕ، دێڕی یەکەم بە فۆنتی بچووک و دێڕی دووهەم بە فۆنتی گەورە بەم جۆرە بە کار هێناوە:

"ە دوای دەرچوونی بڕیاری دادگای بێرلین دا:

دەبێ بەرێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی لە دادگایەکی نیونەتەوەیی دا موحاکەمە بکرێن" دەکرێ بڵێین لە دروشمەوە بەرەو مانشێت چوون، لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا رەوتێکی درێژخایەن بووە. ژمارە ٢٥٣ی "کوردستان" (بەفرانباری١٣٧٦،ژانویەی ١٩٩٨) لاپەڕەی یەکەمی خۆی تەرخان کردوە بۆ پێکهاتنی کۆنگرەی یازدەمی حیزب. ئەم ژمارەیە لە جیاتی دووپاتکردنی دروشمە کلیشەییەکانی خۆی لە بارەی تەواو بوونی کۆنگرەکان، ئەمجارەیان دروشمی کۆنگرەکەی کردوە بە مانشێتی لاپەرەی یەکەم کە ئەگەر چی ئەمیش خۆی دروشمێکە بەلام نوێگەرێیەکی لە هەڵسوکەوتی ڕۆژنامە لە گەڵ تیتری پێوەندیدار بە هەواڵی کۆنگرەکانی حیزب لە لاپەرەی یەکەمی خۆی دا پێوە دیارە:

"پاراستن و پتەوکردنی یەکیەتیی ڕیزەکانی حیزب و خۆ ئامادەکردن بۆ بەرەورووبوونەوە لە گەڵ ئاڵوگۆڕەکانی قۆناغی دادێ"

ژمارە ٢٥٧ی "کوردستان"(٢ی بانەمەڕی١٣٧٧، ٢٢ی ئاوریلی ١٩٩٨) کە تەرخان کراوە بۆ یادی ١٠٠ ساڵەی ڕۆژنامەنوسیی کوردی و راست لە ڕۆژی ڕۆژنامەنووسییش دا بڵاو بووەتەوە، ئەوەندەی گرنگی بە مانشێت داوە کە مانشیتی بردووەتە سەرەوەی کلێشەی ناوی ڕۆژنامەکەش. بەوحالەش ئەوەی وەک مانشێت هاتوە، دیسان دروشمێکە:

## "شکۆدار بێ یادی سەد سالەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی"

**نموونەکانی دیکەی دروشمی "ئەرک مانشێت" لەم ساڵانە دا:**

بەڕێوەبەرانی کوشتاری هەزاران زیندانیی سیاسیی ئێران دەبێ موحاکەمە بکرێن و سزا بدرێن.

("کوردستان" ژمارە ٢٦٢، خەرمانانی ١٣٧٧، سێپتامبری ١٩٩٨)

"هەموو ئینسانەکان بە ئازادی لە دایک دەبن و لە گەڵ یەک مافی بەرابەریان هەیە"

("کوردستان" ژمارە ٢٦٥، سەرماوەزی ١٣٧٧، دیسامبری ١٩٩٨)

"تا وەدیهێنانی ئامانجەکانی قاسملوو دەست لە خەبات و تیکۆشان هەڵ ناگرین"

("کوردستان"، ژمارە ٢٧٢، ژمارەی تایبەت بە ١٠ سالەی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٧٨، ١٣ی ژوئیەی ١٩٩٩)

"کۆنگرەی دوازدەهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرکەوتنەوە کۆتایی هات"

("کوردستان"، ژمارە ٢٩٨،١٥ی سەرماوەزی ١٣٧٩، ٥ی دیسامبری ٢٠٠٠)

"ئاڵای ئامانجەکانی کۆماری کوردستان هەتا وەدیهاتنیان لە کوردستان هەر دەشەکێتەوە"

(ژمارە ٣٠٢، ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٧٩، ٣ی فێورییەی ٢٠٠١)

"جێژنی نەورۆز لە کوردستانی ئێران بە شکۆیەکی کەم وێنەوە بەڕیوە چوو"

(ژمارە ٣٠٦، ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٠،٣٠ی مارسی ٢٠٠١)

"ڕزگاریی کوردستان و بەختیاریی کوردان، ئامانجی ١٠٣ سالەی کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی"

(ژمارە ٣٠٩، ١١ی بانەمەڕی ١٣٨٠،١ی مای ٢٠٠١)

"پیرۆز بێ ٥٦ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران"

(ژمارە ٣٢٠،٣١ی گەلاوێژی ١٣٨٠، ٢٢ی ئوتی٢٠٠١)



سەرچاوە
Serchawe

(بەشی دووهەم)

## گەورەبوونەوەی ڕۆژنامە و بایەخدران بە مانشێت

ڕۆژنامەی "کوردستان" لە ژمارە ٣٣١ەوە، (سەرماوەزی ١٣٨٠، دیسامبری ٢٠٠١) حەجمەکەی گەورە بووەوە. دیارە هەر لەم دەورەیەدا، پێشتریش دوو جار، پێش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران ئەو کاتەی لە بەغدا دەرچووە و هەروەها دوای سەرکەوتنی شۆڕش ئەو کاتەی لە مەهاباد دەردەچوو، بە حەجمی گەورە، "کوردستان" بڵاو ببوەوە.

گەورەبوونەوەی لاپەڕەکان و دەرچوونی "کوردستان" لە فۆڕمی ڕۆژنامەکانی دیکەدا، لە بەڕێوەبەرانی ئەم ڕۆژنامەیەی دەخواست کە پتر بایەخ بە رواڵەتی رۆژنامە و چۆنیەتی بەکار هێنانی مانشێت و تیتر و وێنە بدەن. بۆیە دەتوانین گەورەبوونەوەی لاپەڕەکانی "کوردستان" وەک سەرەتای قۆناغی بەکارهێنانی مانشێت بە مانا ڕۆژنامەنووسییەکەی دابنێین. هەر چەند ئەم قۆناغەش کاریگەریی نەریتی قۆناغەکانی پێشووی هەر پێوە ماوە، بەڵام وردە وردە مانشێت لە ڕۆژنامە دا جێی خۆی دەکاتەوە و بۆ ئەرکی خۆشی کە خۆ تەرخانکردنە بۆ ڕاگەیاندنی ڕووداو و هەڵوێستی گرنگ، بە کار دەهێنرێ.

ئەگەر مانشێتەکانی ژمارەکانی ئەو دەورەیە کە زیاتر لە ٣٥٠ ژمارە دەگرێتەوە و ١٦ ساڵیشی خایاندوە، لە گەڵ یەک بەراورد بکەین، ژمارەی ئەوانەی کە لە چەشنی دروشمەکانی پێشوو نین و بە لای مانشێت بە مانا رۆژنامەنووسییەکەیدا کەوتوون، زیاترە.

## هۆکاری شوێندانەر لە چۆنیەتیی گەڵاڵەبوونی مانشێتەکانی "کوردستان"دا:

کۆمەڵێک هۆکار بە تەنیا یا پێکەوە، دەبنە هۆی لە دایکبوونی مانشێتێک. ئەوە کە ڕۆژنامەکە ڕۆژانە بێ یا حەوتووانە یا مانگانە، ڕۆڵی هەیە لە تەبیعەتی مانشێتەکانی دا. بۆ خۆم لە ماوەی بەرپرسایەتیم لە ئامادەکردنی ئەو ڕۆژنامەیە دا، لەو گۆشەنیگایەشەوە مانشێتم دیاری کردوە کە پێم وابووە هەتا ماوەی نێوان دەرچوونی دووژمارەی ڕۆژنامەکە زیاتر بێ، پێویستە مانشێتەکەش بورد(کاریگەری)ی زەمانیی زیاتری هەبێ. بەڵام فاکتەری دیکەش دەوریان لە دیاریکردنی مانشێت دا هەبووە. بۆنەیەکی حیزبی و نەتەوەیی و گشتی کە ژمارەی تازەی ڕۆژنامەکەی تێدا دەرچووە، یا گرنگیی بەیاننامەو ڕاگەیەندراوێکی حیزبی کە لە ژمارەی تازە دا بڵاو بووەتەوە، هەر وەها ڕووداوێکی خۆش یا ناخۆش کە لە ماوەی دەرچوونی دوو ژمارە دا بە سەر حیزب هاتوون، مانشێتی گونجاو لە گەڵ خۆیان بە سەر ڕۆژنامەکەدا فەرز کردوە. جاری واش بووە لە

سەروبەندی دەرچوونی ڕۆژنامەکە، یا لە ماوەی دەرچوونی ژمارەی تازە و ژمارەی کۆن دا، ڕووداوێکی سیاسی، نەتەوەیی یا تەنانەت کارەساتی ئینسانی و سروشتی ڕوویان داوە. ئەمەش وای کردوە "کوردستان" بە سادەیی بە لای ڕووداوەکە دا ڕانەبرێ و مانشێت و یەکێک لە بابەتەکانی لاپەرەی یەکەمی خۆی بۆ تەرخان بکا.

دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێ کە "کوردستان" بڵاوکراوەی ئۆرگانە، واتە زمانحاڵی حیزبی دیموکراتە. ئەمەش وای کردوە لە زۆربەی قۆناغ و سەردەمەکان دا، ئەرکە حیزبییەکەی خۆی بخاتە پێش ئەرکە حیرفەییەکەی. واتە بایەخدان بە ئاراستەکردنی خوێنەرەکانی لە ڕووی بیروباوەڕ و پەرەپێدانی گیانی شۆڕشگێڕی و بەرگریخوازی و خۆراگری و، پێداگری لە سەر ئامانج و سیاسەتەکانی حیزب، لە پێشەوەی تەعامولێکی حیرفەییانە لە گەڵ ئەرکەکانی خۆی وەک ڕۆژنامەیەک بووە. یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی بوونی خاسیەتی شوعاری لە زۆربەی مانشێتەکانی "کوردستان"دا، ئەم ڕاستییە بووە.

لە نێو ئەو هۆکارانەی کە ڕۆڵیان هەبووە لە سەر فەرزکردنی جۆری مانشێتەکان بە سەر "کوردستان" دا، پێویستە ئاماژە بە دوو ڕاستیی دیکەش بکرێ. یەکەمیان سەلیقە و تێگەیشتن و توانای ڕۆژنامەنووسانەی کەسانێکە کە ئەرکی سەرنووسەری و بەڕێوەبەری و ئامادەکردنی "کوردستان"یان لە قۆناغ و بڕگە جیاوازەکان دا لە سەرشان بووە، دووهەم بایەخدانی زیاتر بە ڕووداوەکان و کەشوهەوای سیاسیی شوێنی دەرچوونی(کە هەرێمی کوردستان بووە)و هەر وەها چوونە ژێر کاریگەریی ئەو ژمارە زۆرەی ڕۆژنامە کە لە هەرێمی کوردستان دەرچوون. "کوردستان" بە تایبەتی لەو کاتەوە کە سایزەکەی گەورە بووەتەوە، لە هەرێمی کوردستان ئامادە و چاپ دەکرێ. "هەرێمی کوردستان"یش، لە سیاسەتی دەوڵەتان و لەئاستی نێودەوڵەتی دا بە تایبەتی لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەدام حوسێنەوە، جێگە و پێگەیەکی تایبەتی هەبووە. ئەگەر گرنگیی سیاسیی ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە هەرێمی کوردستان وەک ڕەنگدانەوە لە مانشێت و بابەتەکانی دیکەی "کوردستان" دا ڕۆڵی هەبووە، ڕوخسارو مانشێتسازیی ئەو دەیان ڕۆژنامەی ڕۆژانە و حەوتووانەی لەم هەرێمە دا دەرچوون و هەر ئێستاش دەردەچن، لە سەر "کوردستان" بێ تەئسیر نەبوون. لە نێو ئەو هەمووە ڕۆژنامە ڕەنگی و ڕازاوەدا، "کوردستان"یش ناچار بووە بە قەدەر توانا و ئیمکانی هەژارانەی خۆی و خاوەنەکەی، گرنگی بە ڕواڵەت و ڕوخساری خۆی بدا. ئەم کاریگەری وەرگرتنە هەر تەنیا لە بەکارهێنانی ڕەنگی جۆراوجۆر و وێنەی ڕەنگی لە لاپەرەی یەکەم و دوالاپەرەی دا نەبووە، بەڵکوو لەوەش دا هەستی پێ دەکرێ کەزیاتر لە پێشوو، پشتی بە بەکارهێنانی مانشێت بەستووە. لە جۆری داڕشتنی مانشیت و ڕەنگ پێدانەوەی ڕووداوەکان لە مانشێتیش دا، "کوردستان" هەوڵی داوە نەک بە شێوەی لاساییکردنەوە بەڵکوو وەک سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ئەوانی دیکە، مانشێتەکانی خۆی بەرێتە ئاستێکی باشتر.

## پۆلێنکردنێک بۆ مانشێتەکانی "کوردستان":

بە شێوەیەکی گشتی مانشێتەکانی کوردستان یا دروشمو هەڵوێست و ڕوانینی حیزبییان گرتووەتە خۆ، یا لایەنی هەواڵ(خەبەری)یان هەبووە.

بەڵام ئەگەر ئەمانیش لە ڕووی ناوەڕۆکیانەوە ورد بکەینەوە، دەکرێنە چەن دەستە:

### ١– ئەو مانشێتانەی لە دروشمە حیزبی و سیاسیە هەمیشەییەکان پێک هاتوون:

"کۆماری ئیسلامی ناتوانێ بە ئێعدامی تێکۆشەرانی کورد خەڵکی کوردستان چاوترسێن بکا"(ژمارە ٣٥١، ٣٠ ڕەزبەری ١٣٨١، ٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٣)

"بیرەوەریی کۆماری کوردستان، پاشی ٥٩ ساڵ هەر وا گوڕ و تینمان پێ دەبەخشێ" (ژمارە ٤٠٦، ٥ی ڕێبەندانی ١٣٨٣، ٣ی فێوریەی ٢٠٠٥)

"٢٠١٣ی ڕێبەندان و کۆماری کوردستان، هەر وا ڕێنوێن و ئیلهامدەری حیزبی دیموکراتی کوردستانن" (ژمارە ٦٢٤، دووشەمە ٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٢، ٢٠ی ژانویەی)

### ٢- ئەو مانشێتانەی سیاسەت و هەڵویستی ڕۆژی حیزبی دیموکرات لە بارەی ڕووداو و ئاڵوگۆڕە گرنگەکان دەگەیەنن:

"ئومێد بەستن بەم و بەو لە نێو حاکمییەت دا، ناگاتە هیچ جێیەک، بۆیە دەبێ هەموومان دگەڵ هەموو حاکمییەتی جمهوریی ئیسلامی تەرەف بین" (ژمارە ٣٥٠ ،١٥ی رەزبەری ١٣٨١، ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٢)

"کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دیموکراتی کوردستان: پێی لە سەر ستراتژییەکی هاوبەش بۆ بزووتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان داگرت" (ژمارە ٤٨٢، چوارشەمە ٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٨٦، ١٩ی مارسی ٢٠٠٨)

"خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حدک لە وتووێژێکی تایبەت لە گەڵ کوردکاناڵ دا: لە سەر هەڵوێستی یەکیەتیخوازانەمان بەردەوام دەمێنینەوە" (ژمارە ٥٧٣، ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٠، ٢١ی دیسامبری ٢٠١١)

"چوار حیزب و ڕێکخراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکەوە و بە هاودەنگی: ١٢ی ڕەشەمە بکەن بە ڕۆژی بەربەرەکانیی نەتەوەیی دژی کۆماری ئیسلامی" (ژمارە ٥٧٧، یەکشەمە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٠،١٩ی فێوریەی ٢٠١٢)

**٣- ئەومانشێتانەی پێوەندییان بە تێکۆشان وچالاکییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی حیزبی دیموکرات، یا پیلان لە دژی ئەو حیزبەوە هەیە:**

**"پارلمانی فەرانسە جارێکی دیکە بووەوە بە نوێنگەی هاوپێوەندیی ڕاشکاوانە و گەرم و گوڕی حیزب و کەسایەتییە دیموکرات و مرۆڤدۆستەکان لە گەڵ حیزبی دیموکرات و گەلی کورد" (ژمارە ٣٥٣، ١٥ی خەزەڵوەری١٣٨١، ٦ی نوامبری ٢٠٠٣)**
**"سەرئەنجام کۆماری ئیسلامی دانی بە کوشتنی ٦ تێکۆشەری دیموکراتدا نا کە بزووتنەوەی ئیسلامی، حەوت ساڵ و نیو لەمەوبەر پێی فرۆشت" (ژمارە ٣٧٨، ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٨٢، ١٩ی ئاوریلی ٢٠٠٤)**

**"کۆنگرەی ١٤: کۆنگرەی ریفۆرم و قووڵایی بەخشین بە ستراتیژیی نەتەوەیی" (ژمارە ٤٨١، چوارشەمە ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٨٦، ٥ی مارسی ٢٠٠٨)**

**"لە ساڵڕۆژی تێرۆری ویەندا ڕۆژهەڵات مانی گرت" (ژمارە ٤٩٠،دووشەمە ٣١ی پووشپەڕی ١٣٨٧، ٢١ی ژوئیەی ٢٠٠٨)"پێداگریی پلینۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە سەر: قۆزتنەوەی ژیرانەی دەرفەتەکان، دروستکردنی دەرفەتی نوێ و ڕەخساندنی کەشێک بە قازانجی کورد" (ژمارە٦٠١، دووشەمە١٦ی ڕێبەندانی ١٣٩١، ٥ی فێوریەی ٢٠١٣)**

**٤- ئەو مانشێتانەی پێوەندییان بۆ ڕووداو و گۆڕانەکانی پێوەندیدار بە کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان یا خەڵک و ڕێژیمی ئێرانەوە هەیە:**

**"شەپۆلی مانگرتن و خۆپێشاندانی خوێندکاران زانستگەکانی سەرانسەری وڵاتی گرتەوە" (ژمارە ٣٥٤، ٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٨١، ٢١ی نوامبری ٢٠٠٣)**

**"بە یەکیەتی و هاوپشتی، گەلی کورد لە عێراق دەتوانێ دەسکەوتی لەمە زیاتریش وەدەست بێنێ" (ژمارە ٤١١، ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٨٤، ٢٠ی ئاوریلی ٢٠٠٥)**

**"تێکبەربوونی گورگەکان، سەرەتای تێکترمانی کۆڵەکەکانی دیکتاتۆری"(ژمارە ٦٠٢، ٣٠ی ڕێبەندانی١٣٩١، ١٨ی فێوریەی ٢٠١٣)**

**"لە هەڵبژاردنی سەرتاسەریی عێراق دا، لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی پلەی دووهەمی وەدەست هێنا" (ژمارە٤٠٧، ٣٠ی**

ڕێبەندانی ١٣٨٣، ١٨ی فێوریەی ٢٠٠٥)

"بوومەلەرزە لە باکووری کوردستان، کارەساتێکی مرۆیی و نەتەوەیی، دەبێ شینی چلۆن بێ مەرگی شاری؟" (ژمارە ٥٧٠، یەکشەمە ١٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٠، ٦ی نوامبری ٢٠١١)

"هەرێمی کوردستان لە سێبەری دیموکراسی دا چوارەم هەڵبژاردنی پارلمانیی بەڕێوە برد"(ژمارە ٦١٦، یەک شەمە ٣١ی خەرمانانی ١٣٩٢، ١١ی سیپتامبری ٢٠١٣)

**دواوتە:**

چۆنیەتیی ئامادەکردنی مانشێتی ڕۆژنامەی "کوردستان" و ئەو کەشوهەوا و بارودۆخەی ڕۆژنامەکە بە گشتی و لاپەرەی یەکەم و دوالاپەڕە و مانشێتی لە قۆناغ و بڕگە جیاوازەکان تێدا ئامادەکراوە، نووسینێکی لەمە تێر و تەسەلتر هەڵ دەگرێ کە دەشێ بە دۆکیۆمێنتی پێوەندیدار، دەوڵەمەند بکرێ. جێبەجێ کردنی ئەم بیرۆکەیە لە تویی توێژینەوەیەک دا هەڵ دەگرم بۆ دەرفەتێکی دیکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئەپریلی ٢٠١٧

## وتەیەکی پێویست بۆ ژمارە ٨٠٠ی ئەم دەورەیەی "کوردستان"

ژمارە ٨٠٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە کاتێکدا دەردەچێ، کە ٥٠ ساڵ بەسەر ئەم دەورەیەی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا تێپەڕیوە، تازە ٥٠ ساڵ بڕێکیش زیاتر. چونکە یەکەم ژمارەی ئەم دەورەیە لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٤٩ی هەتاویدا (ژانویەی ١٩٧٠ی زایینی) درچووە و، ئێستا ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی ( ٢٠٢١ی زایینی)یە.

بۆ ئەوەی بزانین چ ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لەو ناوچەیەی کە ڕۆژنامەی "کوردستان" تێدا دەرچووە، پێکهاتووە، (دەبێ لە بیرمان بێ) چوار جۆر سیستەمی سیاسی و دەسەڵاتدارێتی لەو ناوچەیەدا گۆڕاون کە کاریگەرییان هەبووە لەسەر ڕۆژنامەی "کوردستان". لە ئێران ڕێژیمی شایەتی هەبوو، ئەو لاچووە، پاشان ڕێژیمێکی دیکە هاتووەتە سەر کار. لە کوردستان و لە عێراق ڕێژیمی بەعس هەبووە، ئەو ڕووخاوە، یەکی دیکە هاتووەتە جێگەی و، پاشان لە باشووری کوردستان، حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە. "گۆڕانە سیاسییەکانی" ئەو سەردەمە دوور و درێژە کاریگەرییان لەسەر ژیان و تێکۆشانی ڕۆژنامەی "کوردستان" هەبووە.

٥٠ ساڵ یانی هاتن و چوونی چەند نەسل، چەند نەسل هاتووەتە نێو ڕۆژنامەی "کوردستان". نەسلی یەکەم هی پێش شۆڕشی گەلانی ئێران بووە، لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش، نەسلێکی دیکە لە کارگێڕان و نووسەران هاتووە، لەو کاتەوە ئەگەر نەڵێم سێ نەسل، لانیکەم دوو نەسل هاتوون و ڕۆیشتوون. هەر نەسلێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە، زەوق و سەلیقەی خۆی هەیە، بیروبۆچوونی خۆی هەیە. لەگەڵ ئەوەی سەرچاوەی بیری هەموومان حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە، بەڵام بەهەرحاڵ هەر نەسڵەش ئیبتیکاری خۆی، داهێنانی خۆی، زەوق و سەلیقەی خۆی، کاریگەریی خۆی هەبووە لەسەر ڕۆژنامەی "کوردستان". وەک سەعدی دەڵێ:

"هر که آمد عمارتی نو ساخت
رفت و منزل به دیگری پرداخت."

هەر نەسلێک کە هاتووە - بەو هەموو جیاوازیانەشەوە، ڕەنگە لە سەلیقەمان، لە جیهانبینیماندا جیاوازی هەبووبێ - بەڵام یەک ڕەساڵەتمان لەسەر شان بووە، ئەویش ئەوەیە کە ڕۆژنامەی "کوردستان"، زمانحاڵی حیزبی دێموکرات، بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکرات درێژە پێ بدەین. ئەسڵ بەردەوامییەکەیە و، ئەو ڕەساڵەتەیە کە لەسەر ڕۆژنامەی "کوردستان" بووە.

بەشی چوارەم

زۆرجار هەوڵمان داوە لەم جۆرە دەرفەتانەدا ئەوانە کە لە ڕۆژنامە "کوردستان"دا زەحمەتیان کێشاوە و تێکۆشانیان هەبووە، واتە جێ پەنجەیان بە تێکۆشانی ڕۆژنامەی "کوردستان"ەوە دیارە، بەسەریان کەینەوە و، وا بکەین لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا یادیان بکرێتەوە. لەم دەرفەتەدا ناکرێ ناوی هەموویان بێنین، بەڵام لەم بۆنەیەدا من پێم خۆشە ژمارەیەک لەوانەی لە ژیاندا نەماون و لەو دەورەیەی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا ڕۆڵیان هەبووە - لە جارەکانی پێشووشدا ناومان هێناون - ناویان بێنین. بە تەرتیبی شەهید بوون و مردنیان، لە پێش هەمووواندا، شەهید عوسمان یەزدانپەنا (جەلال میراوەیی)، مامۆستا هێمن، دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندی، کاک کەریم حیسامی، کاک عەبدوڵڵا شەریفی، کاک سەلام عەزیزی، کاک تاهیر ڕەسووڵنژاد، کاک عوسمان ڕەحیمی و کاک ئەحمەد قازی، ئەو کۆمەڵە مرۆڤە لە ڕۆژنامەی "کوردستان" لە بەشی جۆراوجۆردا کاریان کردوە. لەم ساڵانەی دواییشدا، بەتایبەت لەو یەک دوو ساڵەی دواییدا، لەوانە کە ساڵانێکی دوورودرێژ لە ڕۆژنامەی "کوردستان" دا کاریان کردووە، یان لە برگەیەکدا کاریان کردووە و، لە نێوماندا نەماون. کاک فەتاح کاویان، کاک ئەنوەر سوڵتانپەنا، کاک ڕەحمان پیرۆتی، کاک تەیفوور بەتحایی، کاک جەلیل گادانی و کاک سەلاح مێهرپەروەر لەو کەسانەن. ئەو کۆمەڵەش لەو ساڵانەی دواییدا بەجێیان هێشتین، یادی هەموویان بەرێز بێ.

من بۆ خۆم لە ژمارە ١٣٥ی "کوردستان" یانی لە ڕەشەممەی ساڵی ١٣٦٦ ەوە کە دەکاتە مارسی ١٩٨٨ هاتوومەتە نێو بنەماڵەی ڕۆژنامەی "کوردستان"، هەتا ساڵی ٢٠١٨ بە بەردەوامی لەگەڵ ڕۆژنامە کارم کردووە، لە پلەی جۆراوجۆردا وەکوو ئەندامی دەستەی نووسەران، وەک بەرپرسی چاپەمەنی، وەک جێگری بەرپرس، وەک سەرنووسەر و ئەوانە. یانی ٣٠ ساڵێک بە بەردەوامی لە ڕۆژنامەدا کارم کردووە. لە ساڵی ٢٠١٨ ەشەوە هەتا ئێستا، ناو بە ناو هاوکاریی "کوردستان" م کردووە. پێم خۆشە سوپاس و قەدرزانی بکەم لە هەموو ئەو کەسانەی کە هاوکارم بوون، هاوکاریان بووم، لێیان فێر بووم و، بە هاوکاریی ئەوان توانیومانە بەردوام بین. بەتایبەتی پێمخۆشە ناوی ئەو کەسانە بێنم کە بەرپرسایەتیی ڕۆژنامەیان لە دوای خۆم لە ئەستۆ بووە، بە تەرتیب ئەگەر بڵێم، کاک عەبدوڵڵا بەهرامی (ئالان)، خاتوو کوێستان فتووحی، کاک سیامەک قەوی پەنجە، کاک حەسەن شێخانی و کاک عەلی بداغی، لەو کەسانەن کە بەرپرسایەتیی ڕۆژنامەی "کوردستان" یان لەسەر بووە. ئەو قەدرزانییە بە تایبەتی لەو بارەوەیە کە خۆشحاڵم لە دوای خۆشم، "کوردستان" هەر بەردەوامە. هیوادارم هەر بەردەوام بێ و، بەرەو پێش بچێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠٢١

## حیزبی دیموکرات هەر حیزبی ڕابردوو نیە، حیزبی داهاتووشە

### درێژخایەنبوونی خەبات و هۆیەکانی بەردەوامبوونی

حیزبی دێموکراتی کوردستان، ٨٠ ساله ئاڵاهەڵگری خەبات بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەی کورد لە نێو وڵاتی ئێرانە و بۆ دابینکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەبات دەکات. مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەیەک ئەویش نەتەوەیەکی چەندین میلیۆنی کە خۆی و نیشتمانەکەی بە سەر چەند وڵاتدا دابەش کراون، مافێکی ڕەوا و ئامانجێکی پیرۆزە. ئەم مافەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ نەتەوەکەی داوای دەکات و ئەم ئامانجەی خەباتی بۆ دەکات، بە گوێرەی پەسندکراوە جیهانییەکانیش بە مافێکی بێ ئەم لا و ئەولای هەر نەتەوەیەک، دادەنرێن. نە شتێکی ناڕەوایان تێدایە و نە زێدەڕۆیی. کە وایە ئەوە دروست یا نادروستبوونی ئامانجی خەباتەکە نییە کە بووە بە هۆی درێژبوونەوەی خەبات، بەڵکوو ئەوە زاڵبوونی دیکتاتۆری و حکوومەتی سەرکوتکەر و دڕندە لە ئێران لە لایەک و لە لایەکی دیکە هەلومەرجی دژواری خەباتی ئەم حیزبە و نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە وای کردوە ئەم خەباتە لە ماوەیەکی کورتدا نەگاتە ئاکام و هەر وا درێژەی هەبێ.

ئەگەر سەرنج بدەینە خەباتی نەتەوە و چین و توێژەکانی دیکەی خەڵکی ئێران کە تەنانەت ئامانجی بچووکتریشیان لە ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەبووە، دەبینین ئەوانیش زۆریان خایاندوە و کەمتر بە ئاکام گەیشتوون. گرنگترینی ئەو هۆیانەی وایان کردوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەڕای درێژبوونەوەی خەباتەکەی بۆ ماوەی ٨٠ ساڵ،

### هەر وا درێژە بە ڕێگاکەی بدات، ئەمانەن:

**یەکەم**، تێگەیشتن لە بێبەشیی نەتەوەی کورد لە سەرەتاییترین مافەکانی و، دڵنیابوون لەو ڕاستییە کە ئەم نەتەوەیەش وەک نەتەوەکانی دیکە شایانی ئەوەیە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەبێت.

**دووهەم**، پابەندبوون بە ڕاسپاردە و ئەرکێکی مێژوویی کە ئەم حیزبە هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە کەوتووەتە سەرشانی کە ئەویش بریتیە لە ڕزگار کردنی نەتەوەکەی کورد لەم بەشەی نیشتمانەکەی لە بندەستی و بێبەشی.

**سێهەم:** وەفاداری بەو قوربانییە زۆرەی کە نەسلەکانی پێشوومان لەم حیزبەدا و، هەروەها خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی خەباتی ئەم حیزبە و لە پێناوی ئامانجەکانی ئەم حیزبەدا، پێشکەشیان کردوە. دەستهەڵگرتن لە خەبات و بەردەوام نەبوونی ئەم حیزبە لە سەر ڕێگاکەی خۆی، بێ ئەوەی ئامانجەکانی هاتبێتە دی، یانی بە فیڕۆدانی ئەو قوربانی و تێچووە زۆرەی حیزبی دێموکرات و گەلی کورد داویانە.

**چوارەم:** درێژەی ژێردەستی و بێمافیی نەتەوەی کورد لە لایەن ڕێژیمەکانی ئێران لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان لە ئامانجەکان و سیاسەتەکانی ئەم حیزبە و خەباتەکەی، وایان کردوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر ڕێگاکەی خۆی بەردەوام بێت و هەمیشە زەمینەیەکی لە بار بۆ بەردەوامبوون لە سەر ڕێگاکەی خۆی، بەدی بکات.

## پێشمەرگە و خەباتی چەکدارانە لەمێژووی حیزبی دیموکراتدا

پەنابردن بۆ چەک بۆ پاراستنی خەڵکی کوردستان و هەبوونی هێزی پێشمەرگە بۆ پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی خەباتی ئەو خەڵکە، لە مێژووی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا جێگایەکی دیار و شایانی هەڵوێستە لەسەر کردنی هەیە. دەکرێت خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی پێشمەرگایەتی لە سێ قۆناغی جیاواز (کۆماری کوردستان، ڕاوەستانی چەکدارانە بەرانبەر هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و پێشمەرگایەتی لە سەردەمی ئێستا)دا بەمجۆرە باس بکەین: پاراستنی نەتەوەی کورد لە هێرشی سوپایی دوژمنانی و داکۆکی لە دەسکەوتەکانی خەباتی خەڵکی کوردستان، یەک لەو خاڵە هاوبەشانەیە کە پێشمەرگە لە هەر کام لەو قۆناغانەدا، هەڵگریان بووە. خاڵێکی هاوبەشی دیکەی پێشمەرگە لە هەمووی ئەو قۆناغانەدا، ئەوە بووە کە هەر تەنیا هێزێکی چەکدار نەبووە بەڵکوو مرۆڤێکی بە بیروباوەڕ بووە کە نەک بۆ پلە و پایە و سامان، بەڵکوو بۆ بردنە پێشی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی، تێکۆشاوە. هەر وەها پێشمەرگە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی بووە کە وایان کردوە لە نێو نەتەوەکەی دا ڕێز و خۆشەویستییەکی تایبەتی هەبێت. قبووڵی ماندوویی بێسنوور، لە خۆبردوویی و خەڵکدۆستی و فیداکاری و ڕێزدانان بۆ خەڵک و بوونی ڕەوشتی بەرز و هەڵسوکەوتی جوان لەو تایبەتمەندییانەن کە لەسەر یەک پێشمەرگەی هەموو قۆناغ و سەردەمەکانی پێ دەناسرێتەوە.

بەڵام ئەگەر بمانەوێ باس لە خاڵە جیاوازەکان بکەین، پێویستە بەر لە هەر خاڵێک ئاماژە بە کاریگەریی قۆناغ و سەردەمەکان لەسەر هێزی پێشمەرگە لە ڕووی پێکهاتە، لە ڕووی بیرکردنەوە و ڕوانین، لە ڕووی ئامادەیی بۆ بەشداری لە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا بکەین. بۆ وێنە هێزی پێشمەرگە لە سەردەمی کۆماردا، هێزێکی تەواو پیاوانە بووە و ژنانی پێشمەرگە لەو ڕۆژگارەدا نابینین. پێکهاتەی هێزی پێشمەرگە بە زۆریی خەڵکی لادێ بوون و کەمتر وەک تاک بەڵکوو

بەشی چوارەم

زیاتر وەک بەشێک لە عەشیرەتێک و لەژێر ئەمری سەرۆک عەشیرەت و ئاغای گوندەکەی خۆیاندا، بوون بە پێشمەرگە. ژمارەیەکی زۆر کەمیان خوێندەوار بوون و خوێندەوارییەکەشیان لە ئاستێکی نزمدا بووە، بەڵام پێشمەرگەی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، تێکەڵاوێک بووە لە خەڵکی لادێ و شار. ژنان بەرە بەرە دێنە نێو ریزی پێشمەرگە. ئاستی خوێندەواری و ژمارەی خوێندەوار لە نێو هێزی پێشمەرگەدا، ئاڵوگۆڕی بەرچاوی تێدا پێک دێت. مەیدانی تێکۆشانی پێشمەرگەش زۆر بەربڵاو دەبێت و لە سەرووترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا خوارووترین ناوچەکان، واتە هەر چوار پارێزگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە. جۆری کەرەستە و چەکیش کە لەو سەردەمەدا پێشمەرگە شەڕی پێ دەکات، زۆر جیاوازە لە چەک و کەرەستەی سەردەمی کۆماری کوردستان.

جیاوازییەکی دیکە کە لە نێوان نەسلی ئەمڕۆی پێشمەرگە و نەسلەکانی پێشوودا هەیە، ئەوەیە کە نەسلی دەیەی ٦٠ و٧٠ی هەتاوی لە نەسلەکانی ئیستا، پشوودرێژتر و خۆڕاگرتر بوون؛ لەگەڵ ئەوەی پتر لە نەسلەکانی ئێستا لە شەڕ و تێکهەڵچووندا بوون، پتر لەگەڵ مەترسی ڕووبەڕوو بوون و هەلومەرجی پێشمەرگایەتیی ئەوان سەختتر بوو، بەڵام زۆر بە زەحمەت دەستیان لە پێشمەرگایەتی هەڵدەگرت و پتر لە سەنگەر و لە ڕیزی پێشمەرگەدا دەمانەوە.

## حیزبی دێموکرات حیزبێکی شۆڕشگێڕ یا ڕیفۆرمخواز؟

حێزبی دێموکرات مێژوویەکی لێوڕێژ لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی هەیە. بەڵام بە سەرنجدان بە جیاوازیی هەلومەرجی سەردەمەکان و جۆری تێکۆشانی حیزب لە هەر سەردەمێکدا زۆر جار ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی ئەو حیزب کراوەتەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خۆی بە حیزبێکی شۆڕشگێڕ دەزانێ یان حیزبێکی ڕیفۆرمخواز؟

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەبێت بگوترێت: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەم خاوەنی ئامانجی شۆڕشگێڕانەیە، هەم لە زۆربەی قۆناغ و سەردەمەکانی تەمەنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆیدا، شێوە و شێوازی شۆڕشگێڕانەی بۆ خەبات و تێکۆشان گرتووەتە بەر. ئەو ئامانجانەی ئەم حیزبە خەباتی بۆ کردوون، زۆر لەوە گەورەتر بوون کە لە چوارچێوەی دوو ڕێژیمی شایەتی و کۆماری ئیسلامیدا ئیمکانی وەدیهاتنیان هەبێت. هەر کاتێکیش ئەو ئامانجانە وەدی بێن، گۆڕانی بنەڕەتی لە ژیانی سیاسیی خەڵکی کوردستاندا پێک دێنن. هەر بۆیە دەتوانین بە ئامانجی شۆڕشگێڕانە ناویان بەرین. شێوازەکانی خەباتی ئەم حیزبەش، شۆڕشگێڕانە بوون. ڕاوەستان بە دژی سیاسەتەکانی دوو ڕێژیمی شایەتی و کۆماری ئیسلامی و هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمە ناوەندییەکان و بە چەک و خەباتی چەکداری، بەرەنگاربوونەوەی هێرش و پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەکانی ئێران، بە شێوازی شۆڕشگێڕانە دێنە ئەژمار کە دیارە هەڵبژاردنی ئەم جۆر و شێوازانەی بەرەنگاری و خەبات، بە سەر ئەم حیزبەدا داسەپاون، ئەگینا هەر کات دەرەتانی سوود وەرگرتن لە شێوازەکانی هێمنانە

بووبێت، ئەم حیزبە پێشوازیی لێ کردوە. بەڵام شۆڕشگێڕبوونی حیزبی دێموکرات هیچ کات نەبووە بە هۆی دژایەتیی ئەم حیزبە لەگەڵ پەنابردنی خەڵک بۆ خستنە ڕووی داخوازیی ڕێفۆرمخوازانە و سوود وەرگرتن لە شیوازی هێمنانەی خەبات و تێکۆشان. هەر حەرەکەتێک و بزووتنەوەیەکی ڕیفۆرمخوازانە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەری هەڵ دابێت، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە جیاتی ڕەتکردنەوە و دژایەتیکردنی، هەوڵی داوە هەم ڕەخنەی لێ بگرێت هەم خەڵک بۆ سوودلێوەرگرتن و ڕادیکاڵتر کردنی، هان بدات.

## کوردستانیبوون و ئێرانیبوون لەسیاسەتی حیزبی دیموکراتدا

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە کۆنەوە، دوو سیاسەتی شانبەشانی یەک بردووەتە پێش و هەوڵی داوە بە ڕادەی پێویست گرنگی بە هەر دوویان بدا و یەکیان بۆ ئەوی دیکە وەلا نەنێت. لە لایەکەوە خۆی وەک حیزبێکی کوردستانی و، خەباتی نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی وەک بەشێک لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بۆ ڕزگاری لە بندەستی پێناسە کردوە؛ هەر بۆیەش هیچ کات لە سیاسەتی پشتیوانی لە خەباتی نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکە و پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ هێزە سیاسییەکانیان غافڵ نەبووە. لە لایەکی دیکەوە، چونکە ڕووی داخوازەکانی ئەم حیزبە و خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران بووە و دروشمی ستراتیژیکی ئەم حیزبە پێوەندیی بە وڵاتی ئێرانەوە هەبووە، تێکۆشاوە لەگەڵ هێزە ئازادیخوازەکانی ئێران و لەگەڵ بزووتنەوە سەرانسەرییەکانی ئەو وڵاتە، پێوەندیی دۆستانەی هەبێت و لەگەڵ گەلانی ئێران لە خەبات بە دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆییدا، هاوخەبات بێت.

## پەیڕەوانی ئایین و ئایینزای جیاواز لەکوردستان لەحیزبی دیموکراتدا

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە، حیزبی هەموو نەتەوەی کورد بووە. ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە لە هەر چین و توێژێک یا لە هەر ئایین و ئایینزایەک بووبن، بە هەر دیالێکت و زاراوەیەک قسەیان کردبێت، بەو مەرجەی ئامادە بووبن لە ڕیزەکانی ئەم حیزبەدا بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەیان لە بندەستی و بێمافی خەبات بکەن، حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە خۆشحاڵییەوە باوەشی بۆ کردوونەوە. لە ڕاستیدا هەموو ئایین و ئایینزاکان، لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە ڕێزیان لێنراوە و، بێڕێزی بە هەر کامیان، پێشی پێ گیراوە. پەیڕەوانی ئایینێک یا ئایینزایەک، لە وانیتر هەڵناوێردراون، یەکیان لەوانی دیکە پتر بایەخی پێ نەدراوە، یا پەیڕەوی کردن لە ئایینێک و بە پێچەوانەیشەوە نەبوونی باوەڕی ئایینی، نەبووە بە هۆی بەدەستهێنانی ئیمتیاز لەو حیزبەدا.

بە کورتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەو بڕوایەدایە کە جیاوازیی بیروباوەڕی ئایینی، یان جۆراوجۆریی

دیالێکت، ڕاستییەک و تایبەتمەندییەکی کۆمەڵگەی کوردە و دەبێت ڕێگە نەدرێت هیچ پێکهاتەیەک لە هەوڵی سڕینەوەی ئەوانی دیکە دابێت. هەمووانیش دەبێت بە جیاوازییەکانیانەوە لە سەر ئامانج و داخوازە نەتەوەیی و گشتییەکان، یەکگرتووو و هاوخەبات بن.

## ئەرکی حیزب و ئەرکی خەڵک لە ڕەوتی خەباتدا

ئەرکی حیزبێکی سیاسیی پێشڕەو، ڕێبەری کردنی خەباتی خەڵک لە ڕووی سیاسی و، ڕێکخستنی خەبات و تێکۆشانی ئەوان تا گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەو خەڵکەیە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەوەی لە مێژووی خۆیدا لەگەڵ کەموکوڕی و لاوازیی جۆراوجۆر و ڕەخنەی جیددی بەرەوڕوو بووە، بەڵام لە جێبەجێکردنی ئەرکی خۆی کەمتەر خەم نەبووە. خوێندنەوە و لێکدانەوەی واقیعبینانەی داوای خەڵکی کوردستان و فۆرمۆڵەکردنی ئەو داوایانە لە بەرنامەکەی خۆیدا، گرتنەبەری سیاسەت و هەڵوێستی دروست لە قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکان، دریغ نەکردن لە قوربانیدان و شێلگیربوون لەسەر خەبات و تێکۆشان بۆ ماوەی ٨٠ ساڵ، کاری سیاسی بە ئاراستەی پێکهێنانی یەکگرتوویی و کۆدەنگی لە نێو کۆمەڵگەی کوردستان بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندی، وەدەستهێنانی متمانە و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان ئەو ڕۆڵ و ئەرکەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان جێبەجێی کردوە.

دیارە ڕۆل و ئەرکێکیش کە دەکەوێتە سەر خەڵک، هەوڵدان و تێکۆشانە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە کە ئەم حیزبە و ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستان لە ڕیزەکانی ئەو حیزبەدا، ٨٠ ساڵە خەباتی بۆ دەکەن. ئەرکی خەڵک قۆستنەوەی ئەو هەل و دەرفەتانەیە کە بۆ خستنەڕووی داخوازەکانی خۆیان بۆیان دێتە پێش. نابێ پێیانوابێت خەباتکردن تەنیا ئەرکی حیزبی دێموکرات و ئەندامەکانیەتی و ئەوانیش دەبێ لە دوورەوە بینەر و تەماشاچیی ڕووداوەکان بن، بە پێچەوانەوە دەبێت ئەوان بۆ خۆیان چەقی خەبات و بەرخۆدان بن. هاوکات پێویستە پشتیوان و چاوەدێریی خەبات و سیاسەتەکانی ئەم حیزبە بن کە بە نوێنەر و ڕێبەری داواکانی خۆیانی دەزانن. بە هەموو تواناوە و لە هەموو ڕوویەکەوە پشتیوانی لە سیاسەتەکانی بکەن، هاوکاری تێکۆشەرانی بن، کاتێکیش پێویست بوو، پێشنیازی پێ بکەن، ڕەخنەی لێ بگرن و وای لێ بکەن ئەو ئامرازە کاریگەرە بێت کە بتوانێ خەباتی ئەوان لە پێناوی دیموکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووس بە ئاکامی دڵخواز بگەیەنێت.

## حیزبێک هی ڕابردوو، حیزبێک بۆ داهاتوو

سوارچاک و دیارترین ئەکتەری مێژووی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە یەک سەدەی ڕابردوودا، حیزبی دێموکراتی

کوردستان بووە. لە دامەزرانی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان"ەوە کە ئەم حیزبە درێژەی هەمان ڕێچکەیە، هەتا ئێستا ٨٠ ساڵە ئەم حیزبە لە مەیدانی خەباتدایە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ ماوەی نزیک بە چوار دەیە، تاقە هێزی مەیدانەکە و دواتریش هێزی سەرەکیی گۆڕەپانی خەبات بۆ مافەکانی نەتەوەی کورد لە ئێراندایە. کۆماری کوردستان کە بە گرنگترین و گەورەترین ڕووداوی سیاسیی کورد لەم بەشەی کوردستان و تەنانەت لە ئاستی هەموو کوردستان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا دادەنرێت، مێژوو بە ناوی ئەم حیزبەوە تۆماری کردوە. حیزبی دێموکرات پشکی شێری لەو ٤٥ ساڵ خۆڕاگری و خەبات و بەربەرەکانێیە پڕ لە قوربانیدانەی لە کوردستان بەرامبەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەیە. ئەم حیزبە زۆرترین کاریگەرییشی لەسەر گەشە کردنی ناسیونالیزمی کورد لە ئێران و شۆڕبوونەوەی خەبات و باوەڕی نەتەوەیی بۆ جوگرافیایەکی هەرچی بەرینتر و بۆ نێو چین و توێژی جیاواز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبووە. جگە لەمەش ناسرانی پرسی کوردی ڕۆژهەڵات بە کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتی، قەرزداری تێکۆشانی دیپلۆماسیی حیزبی دێموکرات بەتایبەتی ڕێبەری شەهیدی ئەو حیزبە، دکتۆر قاسملوویە. بەڵام حیزبی دێموکرات، حیزبێک نییە تایبەت بە ڕابردوو، حیزبێکە بۆ داهاتووش، خاوەنی داهاتووشە. چونکە پرسێک و ئامانجێک کە خەباتی بۆ دەکات، هەروا پرس و ئامانجی نەتەوەی کورد لە ئێرانە. ئەم حیزبە بۆ دوای چارەسەری پرسی نەتەوەییش بەرنامەی هەیە. وێرای ئەمانە، مێژوویەکی پڕ لە خەبات و قوربانیدان، ڕێبەرانێکی شەهید کە کۆمەڵگە وەک ڕەمز و هێمای خەبات و پرسی ڕەوای خۆی وەری گرتوون، چەند هەزار شەهیدی سەنگەر و بەرە جۆراوجۆرەکانی خەبات، ئیعتیبارێکی نەتەوەیی، ناوچەیی و جیهانی کە ئەم حیزبە بە دەستی هێناوە، سەرمایەکانی حیزبی دێموکرات بۆ مانەوە و بەردەوامی و گەشە لە داهاتوو دان. دیارە بەو مەرجەی ئەم حیزبە لاوازییەکانی ڕابردووی خۆی چارەسەر بکا و خۆی بۆ خەبات لە قۆناغ و سەردەمێکی نوێدا لە هەموو بارێکەوە ئامادە بکات.

(*)ئەم بابەتە چەند ساڵ لەمەوبەر لە بیرەوەریی دامەزرانی حیزبی دیموکراتدا نووسراوە، لەبەر ئەوەی ناوەرۆکی بابەتەکە باس لە کۆی مێژووی حیزب دەکات، لە یادی هەشتاساڵەی دامەزرانی حیزبدا جارێکی دیکە دەیخەمەوە بەر سەرنجی خوێنەران.

١٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

## سیاسەتی زمانی لە حیزبی دێموکراتدا

**ئاماژە: ئەم باسە لە سمینارێک بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک پێشکێش کراوە**

**پێشەکی:**

حیزبی دێموکرات لە گرنگیدان بە پرسی زمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە. بەرزڕاگرتنی پێگەی زمانی کوردی و پاراستنی ئەو زمانە و هەروەها هەوڵدان بۆ ئەوەی گرنگیدان بە زمانی کوردی ببێتە کولتوورێک لە کۆمەڵی ئێمەدا، یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو حیزبە لە ڕۆژی یەکەمی دامەزرانییەوە هەتا ئێستا بووە. دەتوانین بڵێین ئەم حیزبە هەر لە دامەزرانیەوە تا ئەمڕۆ خاوەنی سیاسەتی زمانی بووە.

کە باسی سیاسەتی زمان دەکرێ، سیاسەتی زمان بە کۆی ئەو باوەڕ و بۆچوون و ڕوانگانە دەگوترێ کە دەوڵەتێک، حیزبێک، لایەنێک تەنانەت بنەماڵەیەک، دەیکەنە بنەمای هەڵوێست و کردەوە و ڕفتاری خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ زمان و کۆمەڵگەدا. بەم پێیە حیزبی دێموکراتی کوردستانیش خاوەنی سیاسەتی زمان بووە و هەیە. ئەگەرچی ڕەنگە دەقێکی پەسندکراوی تایبەت لە ژێرناوی" سیاسەتی زمان" لەنێو حیزبدا نەبێ، یان حیزب بۆخۆی پێناسەی ئەو سیاسەتەی نەکردبێ و نەیگوتبێ ئەوەیە "سیاسەتی زمان"یم، بەڵام ئێمە کە لە بواری جۆراوجۆردا سەیر دەکەین دەبینین حیزبی دێموکرات لە سەرەتای دامەزرانییەوە خاوەنی سیاسەتی زمانی بووە و، بە ئیلهاموەرگرتن لەو سیاسەتەی کە هەیبووە بەرنامەی کار و کردەوەی خۆی لە بواری زماندا داڕشتوە و بەڕێوەی بردوە.

بۆ ئەوەی بتوانین سیاسەتی زمانی حیزبی دێموکرات باش هەڵسەنگێنین، دەبێ سەرنج بدەینە ئەو بوارانە کە حیزبی دێموکرات مەجالی ئەوەی هەبووە تێیاندا باس لە زمان بکا و هەنگاو لە پێوەندی لەگەڵ زماندا هەڵێنێتەوە.

یەکەم بوار، بەرنامە و پەسندکراوەکانی حیزبە تا بزانین لەواندا چۆن سەیری زمان دەکا. دوویەم بوار، ئەو ڕێککەوتننامانە یان گەڵاڵەی ئەو داخوازیانەن کە حیزبی دێموکرات بەڕەوڕووی دەوڵەتی مەرکەزی و هەروەها بەرەوڕووی لایەنە ئێرانییەکانی - ئەو کاتی ویستوویەتی لەگەڵیان هەوپەیمانی دروست بکا - کردوونەوە. بوارێکی دیکە، کار و تێکۆشانی ڕۆژانەی حیزب بۆ وێنە پێوەندیی نێوان ئۆرگانەکان، ڕاگەیاندن، پەروەردە و هتد دەگرێتەوە کە دەری دەخا

حیزب چۆن لەگەڵ زمانی کوردی هەڵسوکەوتی کردوە. لەو بوار و مەیدانەشدا دەردەکەوێ کە لە ژیانی ئەو حیزبەدا، مەسەلەی زمان چ جێگایەکی هەیە.

یەکێک لە بوارەکانی دیکە، هەڵوێست و چونیەتیی تەعامولی حیزب لەگەڵ ئەو کەسە دڵسۆزانەی نێوخۆی کوردستانە کە لە پێوەندی لەگەڵ زمانی کوردیدا کار و ئەرک دەگرنە ئەستۆی خۆیان و، خزمەتی زمانەکەیان دەکەن. لە هەمووی ئەو بوارانەش بەرچاوتر ئەو کاتانەیە کە حیزبی دێموکرات دەسەڵاتی بەدەست بووە و زمانی کوردیی لە سیستەمی پەروەردە و خوێندندا بەکار هێناوە. من ئەم پێنج بوارەم لە نەزەر دایە کە باسیان بکەم، ڕەنگە هێندێکیان تێروتەسەلتر باس بکەم بەڵام هێندێکیان  بەکورتی.

### زمانی کوردی لە بەرنامە و پەسندکراوەکانی حیزبی دێموکراتدا

یەکەم بوار، کە ڕەنگدانەوەی گرنگیدانی حیزب بە زمانی کوردیی تێدا دەبینین، پەسندکراوەکانی حیزبی دێموکراتن. با بزانین لەواندا ئەم پرسە چۆن ڕەنگی داوەتەوە؟ سروشتییە حیزبی دێموکرات کە حیزبێکی نەتەوەییە، گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە بەشێک لە نەتەوەی کورد دەزانێ؛ نەتەوەیەک کە خاکەکەی بەسەر چەند وڵاتێکدا، دابەش کراوە و جگە لەوی خاکەکەی داگیرکراوە، هەوڵ دراوە مێژووەکەشی بشێوێندرێ و چەواشە بکرێ. سەرەڕای داگیرکرانی خاکەکەی و چەواشەکرانی مێژووەکەی، هەوڵ دراوە زمانەکەشی لێ بستێندرێتەوە. ئەوەش نەک هەر لە بەشێکی کوردستان بەڵکوو لە هەموو بەشەکانی کوردستان، هەر یەک لەو دەوڵەتانەی کوردیان لەژێر دەستدا بووە، هەوڵی سەرکوت و سڕینەوەی ئەو زمانەیان داوە، دیارە لە هەر وڵاتەی بە جۆرێک. لە ئێران و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو هەوڵە بەو شێوەیە بووە کە خوێندن بەو زمانەیان لە کورد قەدەغە کردوە، بە ڕەسمییان نەناسیوە و هەوڵیان داوە وەکوو زاراوەیەکی زمانی فارسی پێناسەی بکەن و سامانی ئەو زمانە کە وشەکانیەتی، دەستەواژەکانیەتی، دەستی بەسەر دابگرن و بیکەن بە بەشێک لە سامانی زمانیی نەتەوەی حاکم. ئەو کەسانەش کە ویستوویانە خزمەتی ئەو زمانە بکەن بە شێوەی جۆراوجۆر کێشەیان بۆ دروست کردوون. تەنانەت هەتا ئێستاش دەبینین لە سەر دانانی ناوی کوردی لەسەر منداڵان یا لەسەر شوێنی کار و دووکان و بازار، ڕێگری و کۆسپ هەیە و کەسەکان لەگەڵ کێشە بەرورووو دەبن. واتە هەر لە ڕێژیمی شایەتیدا ئەو سیاسەتە بەڕێوە نەچووە، لە سەردەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییشدا ئەو سیاسەتە هەر درێژەی هەیە. دیارە حیزبێک بەو ناسین و تێگەیشتنەی لەسەر نەتەوەبوونی کورد هەیەتی و، بەو مەترسییانەی لەسەر ڕێگای ئەو نەتەوەیە بەدیی کردوون، سروشتییە کە گرینگی بە زمان بدا.

لە یەکەم بەیاننامەی حیزبی دێموکراتدا کە بەیاننامەی دامەزرانی حیزبە و لە ٨ خاڵ پێک هاتووە، یەکێک لە خاڵەکان،

تایبەت بە زمانە. لە خاڵی دوویەمی ئەو بەیاننامەیەدا هاتووە: "گەلی کورد دەبێ مافی خوێندن بە زمانی زکماکی هەبێ و تەواوی کاروباری ئیدارەکانی بە هۆی زمانی کوردییەوە بەڕێوە بچێ." بەم جۆرە لە یەکەم بەیاننامەی حیزبدا باسی زمانی کوردی بە زەقی هاتووە. پاشان لە مەرامنامەی حیزبی دێموکرات کە پەسندکراوی یەکەم کۆنگرەیەتی، دوو خاڵ پێوەندییان بە زمانەوەیە، خاڵی سێزدەیەم دەڵێ: "بەمەبەستی پەرەپێدانی زانست و شارستانییەت لەنێو خەڵکی کوردستاندا،" خوێندنی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی دەکرێتە ئیجباری و لە هەموو قۆناغەکاندا دەبێ بە زمانی کوردی دەرس بخوێندرێ". لە خاڵی ۲۲شدا دەڵێ: "مافی کەمە نەتەوەییەکان وەکوو ئاشووری، ئەرمەنی کە لە کوردستاندا دەژین دەبێ بەتەواوی دابین بکرێ." یانی دەبینین لە دوو خاڵدا باسی زمان هەیە و ئەوەش بەڕاستی جێگای هەڵوێستە لەسەرکردنە کە حیزبی دێموکرات لەو سەردەمیشدا، مافی زمانی تەنیا بۆ کورد ناوێ و، بۆ کەمە نەتەوەکانی کوردستانیشی دەوێن.

ئەوە خاڵێکی زۆر گرینگە ئەو وەختی کە حیزبی دێموکرات و دوای ئەو کۆماری کوردستان دامەزران هێشتا بیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ پەسند نەکرابوو. بەڵام تێگەیشتنی ئەم حیزبە بەجۆرە بووە کە کەمە نەتەوەکانی دیکەش دەبینێ و دان بە مافەکانیاندا دەنێ. تەنانەت لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا ئیمکانی خوێندن بۆ جوولەکەکان بە زمانی خۆیان لە مەهاباد پێک دێنێ.

**لە خاڵەکانی ۱۳ و ۲۲ی مەرامنامەی پەسندکراوی یەکەم کۆنگرەی ئەو حیزبەدا هاتووە:**

"۱۳- بە مەبەستی پەرەپێدانی زانست و شارستانییەت لەنێو خەڵکی کوردستاندا، خوێندنی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی دەکرێتە ئیجباری و لە هەموو قۆناغەکاندا ئەبێ بە زمانی کوردی دەرس بخوێندرێ.

۲۲- دەبێ مافی کەمە نەتەوەییەکانی کە لە کوردستاندا دەژین، وەکوو ئازەربایجانی، ئەرمەنی و ئاسووری، بەتەوای دابین بکرێ".

بە داخەوە پرۆگرام و پێڕەوی نێوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی دووهەم لە دەستدا نیە تا بزانین پرسی مافە زمانییەکان لەوێدا چۆن هاتووە. بەڵام کە دێینە سەر پەسندکراوەکانی کۆنگرەی سێیەم، زۆر بە دیاریکراوی باسی زمان لەوێدا، بەرجەستە دەبێتەوە و لە چەند خاڵدا ئاماژەی پێ دەکرێ. من لێرەدا ئاماژە بەو خاڵانە دەکەم چونکە کاریگەریی درێژخایەنیان لەسەر بەرنامە و پەسندکراوەکانی داهاتووی حیزب دەبێ.

**لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران)، پەسندکراوی کۆنگرەی سێهەم لە بەشی**

بەشی چوارەم

**"ئامانجەکانی گشتی، هەڵسووڕاندنی کاروباری دەوڵەتی"دا هاتووە:**

**١١- "زمانی کوردی زمانی ڕەسمیی حکوومەتی میلیی خودموختاری کوردستانە. لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا فێربوون بە زمانی کوردییە و لە ئیدارەکانی دەوڵەتیشدا ئەو زمانە بەڕەسمی بەکار دەهێندرێ. زمانی فارسی هەروەک لە ناوچەکانی تری ئێران لە حکوومەتی میلیی خودموختاری کوردستانیش زمانێکی ڕەسمیی دەوڵەتییە و لە قوتابخانەکان پاش ساڵی چواری سەرەتایی، منداڵانی کوردستان وێرای زمانی کوردی دەیخوێنن.**

**١٢- کەمایەتییەکانی نەتەوایەتیی دانیشتووی کوردستان دەگەڵ کوردەکان مافیان وەک یەکە. مافی فەرهەنگییان دابین دەکرێ و منداڵەکانیان لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا بە زمانی زگماکی خۆیان دەخوێنن و مافی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و کتێب بە زمانی خۆیان دەبێ".**

**لەژێر سەرباسێک بە ناوی "سیاسەتی فەرهەنگی و لەشساغی"یشدا هاتووە:**

**٢٨"پەرەپێدانی زمان و ئەدەبی کوردی، پشتیوانی لە نووسەران و زانایانی کورد ڕێبازی داییمی سیاسەتی فەرهەنگیی حکوومەتی میلیی خودموختاری کوردستان دەبێ."**

**ئاماژە بەو خاڵانەی پەسندکراوی گۆنگرەی سێیەم بۆیە پێویست بوو تا وەبیر بێنمەوە لێرە بەدواوە جەوهەری ئەو خاڵانە بە بەردەوامی لە بەرنامەی حیزبدا هاتوونەوە. یانی ئەو کاتانەی لەتبوون و دابڕانیش لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا ڕوویان داوە و، دوو لایەن بە ناوی حیزب دێموکرات تێکۆشانیان هەبووە، لە بەرنامەکانیاندا جەوهەری ئەو خاڵانە دەپارێزن.**

## مافە زمانییەکان لە گەڵاڵەی دانوستان و ڕێککەوتن لە گەڵ لایەنە ئێرانییەکان

**دێمە سەر بواری دووهەم. لەو گەڵاڵە و پلاتفۆرمانەی دراون بە دەوڵەتی مەرکەزی یا هێز و لایەنە ئێرانییەکان، ئەوەندەی حیزبی دێموکرات تەرەف بووە لەگەڵیان، باسی زمان هەمیشە هەر هەبووە.**

**ساڵی ١٣٥٧ - ١٣٥٨، چەند گەڵاڵەی داخوازەکانی خەڵکی کوردستان لەلایەن نوێنەرانی سیاسیی خەڵکی کوردستان، حیزبی دێموکرات و دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد، خرانە بەر سەرنجی کاربەدەستانی تاران (گەڵاڵەی ٨ ماددەیی ڕەشەمەی**

١٣٥٧، گەڵاڵەی ٢٦ ماددەیی - سەرماوەزی ١٣٥٨، گەڵاڵەی ٦ ماددەیی - زستانی ١٣٥٨). لە گەڵاڵە ٨ ماددەییەکەدا باسی مافە نەتەوایەتییەکان بە شێوەی گشتی هاتوە و بە دیاریکراوی خاڵێک یا ماددەیەک لە سەر زمانی کوردی نەهاتوە.

دوای پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ی خومەینی ڕوو لە خەڵکی کوردستان، قۆناغێک لە وتووێژ و دانوستان لەنێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان و دەوڵەتی ئێران دەستی پێ کرد و "دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد" پێک هات. حیزبی دێموکرات، ئەندامی ئەو هەیئەتە و د.قاسملوو وتەبێژی هەیئەتەکە بوو. لە ٤ی سەرماوەز، دەستەی نوێنەرایەتی بەیاننامەیەکی لە ٨ خاڵدا بڵاو کردەوە. ئەو ٨ خاڵە داوا سەرەکییەکانی گەلی کورد بوون و دەستەی نوێنەرایەتی داوای لە خەڵک کرد بۆ پشتیوانی لەو داخوازانە، خۆپێشاندان وەڕێ بخەن. لە خاڵی ٤دا هاتووە:

"زمانی کوردی، زمانی رەسمیی خوێندن و نامەنووسینی ئیدارە و دامەزراوەکانی کوردستان دەبێ. لە دوای پۆلی ٤ی سەرەتاییەوە، زمانی فارسییش لە تەنیشت زمانی کوردی لە قوتابخانەکان دەخوێندرێ و، زمانی رەسمیی ئیداری لە سەرانسەری ئێران و کوردستانە."(لە ڕووی دەقی فارسییەوە وەرگێڕاوە)

هەم لە گەڵالە ٢٦ مادەییەکەدا، هەم لە گەڵاڵە ٦ مادەییەکەدا بە زەقی باسی پرسی زمان و مافە زمانییەکان هەن و گوتراوە زمانی کوردی لە ناوچەی خودموختار، زمانی ڕەسمی دەبێ، زمانی خوێندن دەبێ، زمانی ئیداریش دەبێ بۆ پێوەندیی نێوان ئیدارات لە کوردستان. هەروەها شتێکی دیکە کە دەبێ باسی بکەم ئەوەیە هەمیشە حیزبی دێموکرات ئەو لایەنەی لەبەرچاو بووە کە خوازیاری چارەسەری پرسی کورد لە نێو ئێراندایە و لە بەڵگەنامەکانیدا، وەڵامی بۆ ئەو پرسیارە هەبووە کە زمانمان بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران و دەوڵەتی مەرکەزی چی دەبێ. بۆیە بە بەردەوامی لەو گەڵاڵە و پلاتفۆرمانەدا باسی ئەوە کراوە کە لە تەنیشت زمانی کوردی (هێندێک جار گوتراوە لە پۆلی چواری سەرەتاییەوە)، زمانی فارسی دەخوێندرێ. ئاماژە بەوەش کراوە کە فارسی زمانی پێوەندیمان لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی و لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران دەبێ.

هەروەها لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش لە هێندێک قۆناغ و سەردەمدا حیزبی دێموکرات، ڕێککەوتن و هاوپەیمانی هەبووە. بۆ وێنە لەگەڵ شوڕای بەرگریی نیشتمانی (شورای ملی مقاومت) کە لە ڕێکخراوی موجاهیدین و چەند شەخسیەت و ڕێکخراوی دیکە پێکهاتبوو. لەوێشدا پێداگریی حیزبی دێموکرات لەسەر مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، بەتایبەتی مافە زمانییەکان، بووە هۆی ئەوە کە لە خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٢، "گەڵاڵەی شوڕای بەرگریی نیشتمانی بۆ خودموختاری" پەسند کرا. لە ڕاستیدا ئەوەی لە بەرنامەی حیزبدا، لە بارەی مافە زمانییەکان هاتبوو، لە چوارچێوەی گەڵاڵەی شورا بۆ خودموختارییشدا پەسند دەکرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەر ئێستا لە ژمارەیەک یەکگرتن و هاوپەیمانیدان بۆ نموونە "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ"، "شورای دێموکراسیخوازەکان" و پێشتریش "اتحاد عمل برای دمکراسی" (یەکیەتیی کردەوە بۆ دێموکراسی). لە هەموو ئەو ڕێککەوتنانە و هی پێشووتردا پرسی زمان ئاماژەی پێ کراوە و مافە زمانییەکان- ئەوانەی کە مەبەستی حیزبی دێموکرات بوون و لە بەرنامەکەیدا هاتوون - دانیان پێدانراوە، قبووڵ کراون و بەڕەسمی ناسراون.

## زمانی کوردی لە ئەدەبیات و تێکۆشانی ڕۆژانەی دامەزراوەکانی حیزبی دێموکراتدا

دەتوانم بڵێم زۆربەی هەرە زۆری بەڵگەنامەکانی حیزب لە سەرەتاوە تا ئێستا بە کوردی ئامادە کراون و، دوایە کراون بە زمانی دیکە. ئەمە ڕەنگە بۆ هێندێک کەس شتێکی ئاسایی بێ و بڵێ جا حیزبێکی کوردستانی هەر دەبێ بە زمانی کوردی بەڵگەنامەکانی ئامادە بکا. بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشەکانی دیکەی کوردستانیش حیزبی کوردستانی هەبوون کە زمانی کوردی ئەو جێگە و پێگەیەی لای ئەوان نەبووە و، کوردی زمانی سەرەکیی ئەدەبیات و بەڵگەنامەکانیان نەبووە، ئەدەبیاتیان بە زمانی دیکە بووە، دوایە کردوویانن بە کوردی. بەڵام حیزبی دێموکرات، هەمیشە زمانە سەرەکییەکەی، زمانی کوردی بووە؛ بەیاننامەکانی، بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی، ڕۆژنامەکەی، گۆڤارەکانی، ڕادیۆکەی و هەرچی هەیەتی، بابەت و بەرنامەکانیان بە پلەی یەکەم بە کوردی ئامادە کراون و دوایە کردوونی بە فارسی.

پێوەندیی ئۆرگان و دامەزراوەکانی حیزب، هەر بە زمانی کوردی بووە، ڕێبەری لەگەڵ ناوەندەکان، کۆمیتە شارستانەکان، لەگەڵ مەڵبەندەکان، لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە، لە گەڵ ڕێکخراوە حیزبییەکان و ئەندامانی شانە و بەگشتی هەر پێوەندییەک لە نێوخۆی حیزبدا هەیە، بە زمانی کوردی بووە. کلاس و دەورەکانمان هێندێک حاڵەتی تایبەتی لێ دەرچێ- بۆ نموونە دوکتوری فەڕانسەوی هاتوون کلاسی دەرمانییان بۆ پێک هێناوین، ئەوان چونکە کوردییان نەزانیوە، بە فەڕانسەیی قسەیان کردوە وکادرەکانمان ناچار بووین بۆیان وەرگێڕنەوە سەر زمانی کوردی. بە گشتی هەموو جۆرە پەروردەیەکی حیزب بە زمانی کوردی بووە. تەنانەت ئەگەر پێشمەرگەی نەخوێندەوارمان هەبووە بە زمانی کوردی خوێندەوار کراوە. پێشمەرگەی خوێندەوارمان هەبووە، لە ئێران بە زمانی فارسی فێرە خوێندەواری بووە، بەڵام حیزب فێری خوێندنەوە و نووسینی کوردیی کردوە.

خوێندنەوە و نووسینی کوردی بەشێکی هەمیشەیی بووە لە کلاس و دەورەکانی حیزب بەتایبەتی ئەو دەورە سەرەتاییانەی بۆ پێشمەرگە پێکهاتوون. کوردی زمانی سەرەکیی ڕاگەیانەکانی حیزب بووە. دیارە قۆناغی وا بووە حیزبی دێموکرات بۆ وێنە بە زمانی تورکییش بەرنامەی لە ڕادیۆکەی بڵاو کردووەتەوە. هەر لە جێدا لە ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتدا زمانی فارسی

هەمیشە بایەخی پێ دراوە، چونکە لایەنی ئێرانی، چ دەوڵەت و چ ئۆپۆزیسیۆن، بەردەنگی ئێمە بوون، بۆیە هەمیشە هەوڵمان داوە، سیاسەت و بەرنامە و ئەدەبیاتمان بە فارسی بڵاو بێتەوە. بەڵام زمانە سەرەکییەکە لە چاپەمەنیمان، لە ڕادیۆ و لە تەلەڤیزیۆن زمانی کوردی بووە.

جێی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بکەم کە حیزبی دێموکرات سەرەڕای سنووردداربوونی ئیمکاناتی دارایی و چاپ و بڵاو کردنەوە و لە گەڵ ئەوەی بەردەوام لە خەباتی نهێنی و دوورەوڵاتیدا بووە، دەزگای چاپەمەنیی حیزب هەوڵی داوە بە کوردی کتێب، گۆڤار و نامیلکە چاپ بکا. نەک هەر نامیلکە و گۆڤاری حیزبی، بەڵکوو کتێبی ئەدەبی و مێژوویی و هتد. حیزبی دێموکرات، سەردەمانێک -لە نیوەی یەکەمی دەیەی حەفتای زایینی- لەژێر ناوی "بنکەی پێشەوا" دا، کۆمەڵێک کتێبی چاپ کردوون و ئەو کات بڵاو بوونەتەوە. وەکوو "کوردستان و کورد"، "تاریک و ڕوون"، "کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران"، "پێکەنینی گەدا". لەڕاستیدا چاپی ئەو کتێبانە بەو مەبەستە بووە خەڵک شێعری کوردی، ئەدەبیاتی کوردی و چیرۆکی کوردی ببینێ و بیخوێنێتەوە و، لەم ڕێگایەوە خزمەتی بە زمانی کوردیی کردبێ.

## هەڵوێست بەرامبەر دڵسۆزانی بواری زمان لە نێوخۆی کوردستاندا

بوارێکی دیکە بۆ هەڵسەنگاندنی سیاسەتی زمانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەڵسوکەوتی ئەو حیزبە لەگەڵ کەسانێک بووەکە لە نێوخۆی ئێران و لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خزمەتی زمانی کوردییان کردوە. ئەگەر کەسێک سەیری ئەدەبیاتی حیزب بکا، ئەو ئەدەبیاتەی بە نووسین و بە شێوەی زارەکی هەیەتی (ڕۆژنامەی کوردستان، گۆڤارەکانی، ڕادیۆ، تەلەڤیزیۆن، بەیاننامە و هەڵوێستەکانی)، هەروەها سیاسەتی ئەو حیزبە لە کردەوەدا، بۆی دەردەکەوێ کە حیزبی دێموکرات بەردەوام خەڵکی هان داوە گرنگی بە زمانی خۆیان بدەن، بە زمانی خۆیان بدوێن، بنووسن و بخوێننەوە. ئەو کەسانەی توانایان هەیە و دەتوانن کاری فەرهەنگنووسی بکەن، وشەی کوردی کۆ بکەنەوە، توێژینەوە لەسەر زمان بکەن، دڵگەرمیی پێداون و پشتی گرتوون. بە زۆر شێوەی جۆراوجۆری دیکە، خەڵکی کوردستان هان دراوە بۆ ئەوەی دڵسۆزی زمانەکەی خۆیان بن و بەرگریی لێ بکەن. ئەو ڕاستییەی لەگەڵ باس کردوون کە کاتێک دوژمنەکەتان هەوڵ دەدا زمانەکەتان لێ بستێنێتەوە و بیسڕێتەوە و نەیەڵێ گەشە بکا، ئەوە بۆ خۆتان دەبێ بە گیان و دڵ خەم لە زمانەکەتان بخۆن و بیپارێزن.

حیزبی دێموکرات لەم بارەیەوە نەتەنیا غافڵ نەبووە، بەڵکوو هەمیشە پشتیوان بووە، هەمیشە ڕێنوێن و هاندەر بووە. دەتوانم بڵێم هەڵسوکەوتی حیزب بە جۆرێک بووە کە ئەو کەسانەی لە نێوخۆی وڵات خزمەتی زمانی کوردییان کردووە (جا بە فێربوون و فێرکردنی زمانەکە بووە، بەکارهێنانی زمانی کوردی لە نووسین و وەرگێڕاندا بووە، شێعریان پێ هۆندۆتەوە،



سەرچاوە
Serchawe

چیرۆک و ڕۆمانیان پێ نووسیوە، توێژینەوەیان لەبارەی کردوە، فەرهەنگی زمانی کوردییان ئامادە کردوە و هتد) هەستیان بەو پەڕی ڕێزلێگران لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە کردوە. ئەو هەستەیان تێدا پێک هاتوە کە ڕێز و نرخیان لای ئەو حیزبە لەگەڵ پێشمەرگە و تێکۆشەرێکی حیزب کە تەمەنی خۆی بۆ خەبات و تێکۆشان لە شاخ و چیا و دەربەدەری تەرخان کردوە، کەمتر نییە.

ئەو گرنگییەی لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە بەوان دراوە، ئەو ڕێزەی لەوان گیراوە، ئەو ستایشەی حیزبی دێموکرات بۆ ئەوان و بۆ زەحمەتەکانی ئەوانی هەبووە، هەر بەو جۆرەیە کە بۆ تێکۆشەرێکی لەمێژینەی خۆی هەیبووە. چونکە کارەکەیان و خزمەتەکەیانی بە گرنگ زانیوە. بۆخۆم لەو باوەڕەدام ئەم جۆرە ڕێزلێگرتن و پێزانینەی حیزبی دێموکرات، کاریگەریی یەکجار زۆری هەبووە لەسەر وشیاریی نەتەوایەتی و وشیاریی زمانیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گرنگیدانیان بە زمان و ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان و بەرگری لێکردنیان.

## خوێندن بە کوردی لە قوتابخانە لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی حیزبی دێموکراتدا

بوارێکی دیکە کە ڕوانین و سیاسەتی حیزبی دێموکرات لەبارەی زمانی کوردی نیشان دەدا، ئەو سەردەم و قۆناغانەیە کە حیزبی دێموکرات لە دەسەڵاتدا بووە. حیزبی دێموکرات هەر کات دەرفەتی بۆ هەڵکەوتووە، لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا، زمانی کوردیی کردوە بە زمانی خوێندن لە قوتابخانە.

## ئەلف: دەرفەتی یەکەم، سەردەمی کۆماری کوردستان

لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا دوو قۆناغی وامان هەیە، یەکیان سەردەمی کۆماری کوردستانە، کە بۆ یەکەم جار زمانی کوردی لە کۆماری کوردستاندا دەکرێ بە زمانی ڕەسمی، دەکرێ بە زمانی خوێندن، دەبێتە زمانی ڕۆژنامەنووسی، دەبێتە زمانی پێشمەرگایەتی، دەبێتە زمانی کاری دادوەری، دەبێتە زمانی هەموو بوارەکان. یانی هیچ بوارێک لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستاندا نییە کە زمانەکەی زمانی کوردی نەبێ. هەروەک لە سەرەتاوەش ئاماژەم پێ کرد، حیزبی دێموکرات لە ڕۆژی دامەزرانییەوە، ڕێزی لە مافە زمانی و کولتوورییەکانی کەمایەتییە نەتەوایەتییەکانی کوردستان گرتوە و بە ڕەسمیی ناسیون. هەوڵی داوە ئەوانیش لە کوردستان ئەو مافەیان هەبێ بە زمانی خۆیان بخوێنن، ئەو مافەشی بۆ دابین کردوون.

ئەو دەورانە (سەردەمی کۆماری کوردستان) بەداخەوە زۆر کورتخایەن بووە. لەگەڵ ئەوەی هەوڵ دراوە کە کتێبی کوردی بۆ

خوێندن لە قوتابخانەکان چاپ بکەن، بەڵام تا کتێب چاپ دەبێ و دەگاتە دەست قوتابیانی کورد، بەداخەوە کۆمار دەگاتە دوا ڕۆژەکانی تەمەنی. ئەو سەردەم گرنگیدان بە زمانی کوردی و خوێندن بەو زمانە تا ئەو ڕادەیە بووە کە هەوڵ دراوە لە باشووری کوردستانەوە کەسانێک کە شارەزا بوون، ئەزموونیان لە خوێندن بە زمانی کوردی و مامۆستایەتی بە زمانی کوردی هەبووە، باوەشیان بۆ بکرێتەوە و کاریان پێ بسپێردرێ. لە کۆماری کوردستاندا خوێندنی منداڵان ئیجباری بووە. کۆمار هەوڵی داوە بۆ ئەو منداڵانەی دەخوێنن جلوبەرگ و پێداویستییەکانی خوێندن دابین بکا. دیارە بەداخەوە ئەو دەورانە زۆر کورت بووە و حیزبی دێموکرات و کۆمار فریا ناکەون کە ئەو ئامانجانەی هەیانبووە جێبەجێیان بکەن. بەو حاڵەش خزمەتەکانی ئەو سەردەمەی کۆماری کوردستان بە زمانی کوردی، کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر تاکەکانی کۆمەڵ بەجێ دێڵن و شوێنەواری ئەو کاریگەرییە لە ژیانی داهاتوویاندا خۆ دەنوێنێ.

## ب: دەرفەتی دووهەم، سەردەمی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧

جاری دووهەم کە حیزبی دێموکرات دەرفەتی بۆ دەرەخسێ جارێکی دیکە زمانی کوردی لە کۆمەڵی کوردستان بکاتەوە خاوەنی جێگە و پێگەی شیاوی خۆی، لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانە. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، دەسەڵاتی تازە بەرەوڕووی داخوازەکانی گەلی کورد و هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەبێتەوە. لە پێشەوی ئەو هێزانەش، حیزبی دێموکراتە کە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بەرەوڕووی ڕێژیمی تازە دەکاتەوە. بەڵام بەداخەوە ئەو داخوازانە نەتەنیا ڕێزیان لێ ناگیرێ، نەتەنیا جێبەجێ ناکرێن، بەڵکوو بە سەرکوت و لەشکرکێشی وڵامیان دەدرێتەوە. لێرەدایە کە خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکان بە تایبەتی حیزبی دێموکرات، بەرامبەر بە دەسەڵاتی تازە ڕادەوەستن، بەرگری لەو ناوچانە دەکەن کە ئازادن و بە دەست خەڵکەوەن.

دەسەڵاتی تازە بۆ ئەوی تۆڵەی لەو خەڵکە ستاندبێتەوە کە تەسلیمی نەبوون و چەکەکانیان ڕادەست نەکردۆتەوە و ئامادە نەبوون دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی قبووڵ بکەن، گەمارۆ دەخاتە سەر کوردستان؛ گەمارۆی ئابووری، فەرهەنگی، دەرمانی و... هتد. واتە شانبەشانی لەشکرکێشی، شەڕفرۆشی و پیلانگێڕی، گەمارۆش دەخاتە سەر خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی بەچۆک دابێن. یەکێک لە ئاسەوارەکانی ئەو گەمارۆیانە ئەوە بوو کە لەو شار و ناوچانەی بە دەست حیزبی دێموکرات و خەڵکەوە بوون، کاروباری ئیدارەی "ئامووزش و پەروەرش" (پەروردە و فێرکردن) ڕادەگیرێ و دادەخرێ. کارمەندان و مامۆستایانی ئەو ئیدارەیە حقووقیان پێ نادرێ، هیچ ئیمکاناتێک بۆ قوتابخانەکان تەرخان ناکرێ، لەڕاستیدا "پەروەردە و فێرکردن" هەڵدەوەشێندرێتەوە و هەڵدەپەسێردرێ. لێرەدایە کە حیزبی دێموکرات قۆڵ لە کردنەوەی قوتابخانەکان و خوێندن بە زمانی کوردی هەڵدەماڵێ. دیارە بیرۆکەی دابینکردنی کتێبی کوردی بۆ خوێندن لە

قوتابخانە هەر لە یەکەم مانگەکانی هەلومەرجی تازە لەنێو ڕێبەریی حیزبدا هەبوو و پێشتر ژمارەیەک کەسی بەئەزموون و شارەزا بۆ ئامادەکردنی ڕادەسپێرێ.

ساڵی خوێندنی ١٣٦٠ - ١٣٥٩(١٩٨١ - ١٩٨٠) بە هەر جۆرێک بووە دۆخەکە بەڕێ دەکرێ، لە هێندێک شار و ناوچە بە ئیبتکاراتی حیزب و تەشویقی مامۆستایان خوێندن هەر بەردەوام دەبێ، بەڵام لە سەرەتای ساڵی ١٣٦٠ حیزبی دێموکرات کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان پێک دێنێ. هاوکات لە هەوڵی ئەوەشدا دەبێ کە کتێبی کوردی بۆ خوێندن لە قوتابخانەکان ئامادە و چاپ بکا. بانگەواز بڵاو دەکاتەوە و بە سەدان کچ و کوڕی لاوی خوێندەوار دەعوەت دەکا بۆ ئەوەی بێن لە کۆڕی پەروردە و فێرکردندا بەشدار بن. لەو خولانەی کە ئەو سەردەم بۆ پەروردەکردنی مامۆستا پێک هاتن، سەدان کەس هەر لە ناوچەی ورمێوە هەتا دەگاتە هەورامان، بەشدار بوون. کەسانێک بە هەست و دڵگەرمییەکی بێوێنەوە وەکوو مامۆستای شۆڕش دێن هەتا فێری مامۆستایەتی بن و بۆ ئەو مەبەستە ئامادە بکرێن. لەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددابوون، قوتابخانە و خوێندن بە زمانی کوردی دەکرێتەوە.

لێرەدا ئاماژە بە ئامارێک دەکەم کە کاتی خۆی من لە زیندەیاد کاک محەممەدڕەسووڵ حەسەنپوور وەرم گرتوە. کاک حەمەڕەسووڵی نەمر زەمانی شای وێڕای ئەوەی کە بە نهێنی ئەندامی کۆمیتە ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، لە ئێران مامۆستاش بوو، لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشیش ڕۆڵی دیاری هەبووە لە کاروباری فێرکردن و کۆڕی پەروردەی حیزبدا. ئامارەکە پێوەندیی بە ساڵی خوێندنی ١٣٦١ - ١٣٦٢(١٩٨٢ - ١٩٨٣)ەوە هەیە. لەو ساڵەدا کۆڕی پەروەردە و فێرکردن سەرجەم ٢٦١ قوتابخانەی سەرەتایی بەڕێوە بردوە، ٢٩٠٣ قوتابیی هەبووە کە لە پۆلی یەک تا پێنج خوێندوویانە. ٢٠١ مامۆستای سەرەتایی هەبووە. ٦٢ قوتابخانەی ناوەندی(پۆلی یەک هەتا سێ)ی هەبووە کە لە ٨١٠ قوتابی و ٦٣ مامۆستا پێک هاتوون.

ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٢ (ژانویە - فێوریەی ١٩٨٤) لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی شەشەمیشدا باسی ئەوە کراوە کە بەشی پەروردەکردن پێش هێرشی ئەو ساڵە، ٢٥٠ مەدرەسەی ئیدارە دەکرد کە ٨٠٠٠ شاگردیان هەبووە.

مامۆستایانی شۆڕش بە یارمەتییەکی کەم، هەر ئەو یارمەتییە کە حیزب داویەتی بە پێشمەرگە، خزمەتیان کردوە. قوتابخانەکانی کۆڕی پەروەردە و فێرکردن، بە "قوتابخانەی شۆڕش" و مامۆستایانی ئەو قوتابخانانەش بە ناوی "مامۆستایانی شۆڕش"، بە ناوبانگ بوون. شتێکی دیکە کە بەجێیە لەو پێوەندییەدا باسی بکەم، کتێبە دەرسییەکانی کۆڕی پەروەردەیە. ئەوکات کۆمەڵێک کتێبی دەرسی بە زمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەم و دووهەمی سەرەتایی، چاپ بوون.

بەشی چوارەم

ناوەکانیان بەو جۆرە بوو: ١-"خوێندنی کوردی" بۆ پۆلی یەکی سەرەتایی، ٢-"زانستی ئەزموونی" بۆ پۆلی یەکی سەرەتایی. ٣-"ئەژمێر" بۆ پۆلی یەکی سەرەتایی. هەر بەو ناوانەوە ٣ کتێب بۆ پۆلی دوویەمی سەرەتایی چاپ بوون. هەروەها کتێبی "ژیان و خەبات" هەبوو کە تایبەت بوو بە گەورە ساڵان، گەورەساڵانێک کە نەخوێندەوار بوون و دەیانەویست بە زمانی کوردی فێری خوێندەواری بن. کتێبێکیش هەبوو بە ناوی "ڕێنوێنی مامۆستا"، کە شێوازی وانەوتنەوەی نیشانی ئەو مامۆستایانە دەدا کە "ژیان و خەبات"یان بە دەرس دەکوتەوە.

بەگشتی لە ساڵی ساڵی ١٣٦٠ەوە، تا دەگەینە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٦٣، لە هەر جێگایەک ناوچەی ئازاد بە دەست حیزبی دێموکراتەوە بووە، قوتابخانەی شۆڕشیش هەبووە، مامۆستای شۆڕش ئەرکی خوێندن بە زمانی کوردیی بەڕێوە بردوە. دواتر کە ناوچەی ئازاد لە دەست حیزبی دێموکرات و هێزی پێشمەرگەدا نامێنێ و هێزەکانی پێشمەرگە و بنەماڵەی خەباتکارانی حیزبی دێموکرات لەسەر سنوورەکان دەگیرسێنەوە، کار و ئەرکی کۆڕی پەروردە و فێرکردن، لەو گوندانە کە بە دەست حیزبی دێموکراتەوە بوون درێژەی هەبووە. هەتا ئەو سەردەمەی کە ئێمە دێینە قوولایی خاکی باشووری کوردستان و، قوتابخانەکانی ئێمە دەکەونە ژێر سەیتەرەی سیستەمی پەروردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان، کاری پەروردە و فێرکردن لە لایەن "کۆڕی پەروەردە" هەر درێژەی هەبووە. ئەو دامەزراوەیە توانیویەتی لە پەروردە و فێرکردنی منداڵانی بنەماڵە حیزبییەکان و ئەو بنەماڵە ڕۆژهەڵاتیانەی لەسەر سنوورەکان و لە تەنیشت حیزبی دێموکرات گیرسابوونەوە، بەردەوام بێ.

نەنجام:

وەک دەبینین حیزبی دێموکرات بە درێژایی مێژووی خۆی و لە هەموو بوارەکاندا گرنگیی داوە بە زمانی کوردی. ئەم گرنگیدانەش لەو تێگەیشتنەوە دێ کە ئەم حیزبە، کوردی وەک نەتەوەیەک و، زمانی وەک فاکتۆرێکی زۆر گرینگ لە ناسنامەی ئەو نەتەوەیەدا سەیر کردوە. وای بیر کردۆتەوە کە هەتا پتر گرنگی بە زمان بدەین پتر ئەو وشیارییەمان دەبێ بۆ نەتەوەکەمان خەبات بکەین و شوناسە نەتەوەییەکەی خۆمان بپارێزین. ئاکامی گرتنەبەر و بەردەوامبوون لەسەر ئەو سیاسەتە زمانییەش، زیندووبوونی پرسی زمان لە کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە سەرەوەبوونی وشیاریی زمانی لەو بەشەی کوردستان و، وەڕێکەوتنی بزووتنەوەیەکی ڕوولەگەشەی ناسنامەخوازی و ناسنامەپارێزییە کە بەرگری لە زمان لەڕیزی هەرە پێشەوەی ئامانجەکان و داواکانی دایە.

## ڕاسپاردەکان:

**لە کۆتایی و لە ژێر ڕووناکایی ئەو باسەدا کە پێشکەشم کردن دەمەوێ چەند خاڵێک وەک پێشنیار و ڕاسپاردە باس بکەم:**

**یەکەم**. وەک حیزبی دێموکرات پێویستە بایەخ بە سامانی زمانیمان بدەین. ئەو مێژووەی لە بواری پەوردە و فێرکردن بە زمانی کوردی، بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی بەو زمانە و هەوڵەکانمان بۆ خزمەتی زمانی کوردی هەمانە، سامانی زمانیی ئێمەن. سامانێکی زمانیی دەوڵەمەندمان چ بە شێوەی نووسراو چ بە شێوەی زارەکی هەیە. خاڵی جێگەی هەڵوێستە لەسەر کردن ئەوەیە کە زۆر کەم کاری پێویستمان لەسەر ئەو سامانە کردوە.

گرینگە ئەو سامانەمان وەکوو ئارشیڤ بپارێزین، ڕێکوپێکی بکەین، ناتەواوییەکانی پڕ بکەینەوە، بیانخەینە بەردەستی توێژەران و کەسانێک کە حەز دەکەن توێژینەوەیان لەسەر بکەن. ئەو کارەی ئەمساڵ کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کردی (بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکراتی لە دوو بەرگدا چاپ کردەوە) کارێکی زۆر بەنرخ بوو. ئێمە ئەگەر بتوانین بەشێک لە ئیمکاناتی ماددی و مەعنەویی خۆمانی بۆ تەرخان کەین، زۆر شتی وامان هەیە. بۆ وێنە ئەوەی کۆڕی پەوردە و فێرکردن و حیزبی دێموکرات بە گشتی لە بواری زمانی کوردید کردوویانە، دەتوانن هەوێنی زۆر توێژینەوە و کاری دۆکیۆمێنتی بن. لەو بوارەدا حیزبی دێموکرات سامانێکی زۆری هەیە، بەڵام دەبێ کاری توێژینەوەی لەسەر بکرێ و ئەوەش کاتێک دەکرێ کە بەڵگەنامەکان بخەینە بەر دەستی کەسانێک کە شارەزان.

**دووهەم**. لە ڕووی ڕوانینمان بۆ زمان بەڕاستی دەبێ خۆمان نوێ کەینەوە. ئەگەر تێکەڵاوییەکی زۆرمان لەگەڵ باسەکان و کۆڕ و کۆبوونەوە زمانەوانییەکان هەبێ، ئەگەر لەگەڵ خەڵکی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و ئاخێوەرانی دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی تێکەڵاو بین، بۆمان دەردەکەوێ کە خوێندنەوە و چاوەڕوانیی ئەوان لەبارەی مافە زمانییەکانیان و جێگە و پێگەی دیالێکتی خۆیان، جیاوازە لە خوێندنەوە و تێگەیشتنێک کە ئێمە لە کۆنەوە پێی گەیشتووین. لەنێو حیزبی دێموکرات و لە دەرەوەی حیزبیش، ساڵانێکی زۆر بەو دیدەوە سەیری زمانمان کردوە کە نەتەوە وا دروست دەبێ کە یەک زمانی ستانداردی هەبێ. پێمان وابووە ئەگەر هەر دیالێکتێک پێی بخوێندرێ و پێی بنووسرێ، دەبینە چەند نەتەوە و ئەوە زیان بە یەکیەتیی نەتەوەییمان دەگەیەنێ. بەڵام ڕوانین بۆ زمان و نەتەوە و چاوەڕوانیی ئاخێوەرانی دیالێکتەکان، ئێستا هەم لە ئاستی جیهان و هەم لە ئاستی کوردستاندا، هەروەها زۆر فاکتەری دیکە ئەوەندە گۆڕانیان بە سەردا هاتووە کە بە بڕوای من ئەم بۆچوونە باو و نەریتییەی ئێمە، ئێستا ناتوانێ وەڵامدەر بێ. لەگەڵ زۆر لە چالاکانی کولتووری و

زمانەوانانی سەر بە ئاخێوەرانی دیالێکتە جیاوازەکانی کوردی کە قسە دەکەی، لە بارەی زمانی ستانداردی کوردی بەو جۆرە بیر ناکەنەوە کە من و تۆ بیری لێ دەکەینەوە. ئەگەر سەردەمێک بۆ پێشگرتن لە پەرتەوازە و بەش بەشبوونی نەتەوەی کورد بە سەر زارەکاندا، زمانێکی ستاندارد بۆ هەمووان بە ڕێگەچارە و هەوێنی لێک کۆکردنەوە دەزانرا، ئێستا ئەوە دەبینین پێداگری لە سەر دیالێکتێکی دیاریکراو وەک زمانی ستاندارد و ناچارکردنی ئاخێوەرانی زارەکانی دیکە بە خوێندن و نووسین بەو دیالێکتە، خەریکە دەبێتە هۆی بەشبەشبوون و لێک دوورکەوتنەوە. دیارە من کە دەڵێم پێویستە خوێندنەوەیەکی نوێمان لەو بارەوە هەبێ، ڕێگەچارەیەکی دیاریکراوم پێ نییە. بەڵام لەو باوەڕەدام حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکەی کوردستان دەبێ نیگەرانی و قسەی ئەوانەش کە بە دیالێکتی جۆراوجۆر قسە دەکەن و نایانەوێ لە سۆنگەی زاڵبوونی یەک دیالێکت وەک زمانی ستاندارد، دیالێکتی ئەوان پەراوێز بخرێ، ببیستن. بۆ وێنە ئەوان دەڵێن زمانی کوردی کامەیە؟ دیالێکتی کرمانجیی نێوەڕاستە؟ یان هەموو دیالێکتەکان بەشێکن لە زمانی کوردی؟ ئەگەر هەمووان زمانی کوردین، ئەدی لە کوێدا کاریان پێ دەکرێ و چ سوودێکیان لێ وەردەگیرێ؟ لە خوێندندا؟ لە نووسیندا؟ لە ڕۆژنامەنووسیدا؟ چۆن سەیریان دەکرێ؟

بیستنی ئەم جۆرە نیگەرانی و پرسیارانە، وادەکا ئێمە بە دیدێکی کراوەتر بەرەو داهاتوو بچین. ئەگەر نامانەوێ نەتەوەکەمان پەرتەوازە بێ، دەبێ دیالۆگ و لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتن هەبێ. بە زۆر و زۆرداری بتەوێ دیالێکتێکیان بەسەردا زاڵ بکەی و بڵێی تۆ دەبێ پێڕەویی لێ بکەی، ئاکامەکەی ئەوە دەبێ کە خۆی لە تۆ هەڵداوێرێ و وەدوای دیالێکتەکەی خۆی دەکەوێ و لە بڕیاری گشتیدا لەگەڵت نابێ. ئەوەشمان لە بیر بێ کە دەوڵەت و لایەنی وا هەن کەلک لەو جۆرە کەلێنانە وەردەگرن و بۆ مەبەستی خۆیان دەیانقۆزنەوە.

من قبووڵمە کە ڕەنگە هەموو داوا و چاوەڕوانییەک لەم پێوەندییەدا لە جێی خۆیدا نەبێ. بۆ وێنە سبەینێ بتەوێ لە ئێرانێکی فیدراڵدا، پووڵ یا تەمر یا پاسپۆرت چاپ بکەی و بتهەوێ زمانی پێکهاتە نەتەوەییەکانی ئێران لەواندا دیار بن، ڕەنگە بکرێ بە ٥ تا ٦ زمانی نەتەوەکانی نێو ئێران لەسەریان بنووسرێ. بەڵام ئەگەر هەر زمانێک پێنج یا شەش یا زیاتر دیالێکتی هەبێ و هەر ٣٠ - ٣٦ دیالێکت بیانەوێ پێیان بخوێندرێ، یا لە پووڵ و پاسپۆرتدا، ڕەنگدانەوەیان هەبێ، شتی وا ناگونجێ. یا ئەگەر کەسێکی بیانی بیهەوێ زمانی کوردی فێر بێ، خۆ ناتوانێ هەموو دیالێکتەکان فێر بێ، دەبێ زمانە ستانداردەکە فێر بێ. بێگومان بۆ داهاتوو دەبێ ساغ ببینەوە لە کوێدا زمانی ستاندارد بەکار دێنین و پرسی زمانی ستانداردیش دەبێ بە جۆرێک چارەسەر بکەین کە ببێتە هەوێنی یەکگرتووییمان و دیالێکتەکانی دیکە هەست بە پەراویزخران و وەلانران نەکەن. من ئەو بۆچوونەم لە هێندێکیان بیستوە و لێم خوێندوونەوە دەڵێن ئێمە وەک کورد ئەوە بە سیاسەتێکی سەرکوتکەرانە دەزانین کە لە وڵاتێکی چەند زمانیدا، تەنیا یەک زمان حاکم بێ و ڕەسمییەتی هەبێ، بەڵام

ڕێگە دەدەین لە چوارچێوەی زمانێکدا، تەنیا دیالێکتێک دیار بێت، زاڵ بێت، پێی بخوێندرێ و ئەوانی دیکە پەراوێز بخرێن. ئەگەر هەر زمانێک، سامانێکی کولتووریی گەورەیە، هەر دیالێکتێکیش سامانێکی کولتووریی گەورەیە و نابێ لەنێو بچێ. ئەو باسە لەنێو ئێمەدا بەکەمی کراوە و کەمتر گوێی پێ دراوە. بەڵام ئەوە کێشەیەکە لە داهاتوو حیزبی کوردی و بزووتنەوەی کوردی و دەسەڵاتی کوردی بەرەورووی دەبێتەوە و هەر ئێستاش بەرەورووی بووەتەوە. ناکرێ هەر بەو تێگەیشتنەی ڕابردوو ئەو پرسە چارەسەر بکەین. ئێمە وەک حیزبی دێموکرات لەو بارەوە دەبێ کراوە بین و بواری دیالۆگ و لێکتێگەیشتنێکی نوێ بڕەخسێنین. دووبارەی دەکەمەوە من ڕێگەچارەیەکی دیاریکراو ناخەمەڕوو. بەڵام پێموایە پێویستە واقیعی نەتەوە و زمانەکەی خۆمان ببینین. ئەوە کە لە چوار پارچەی کوردستان تەنیا لە یەکێکیان زمانی کوردی بەڕەسمی ناسراوە، ئەوە کە زمانی کوردی هەتا ئێستاش بە چەند ئەلفوبێ دەنووسرێ، ئەوە کە پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی و گشتگیربوونی ئیمکاناتی پێوەندی، دەرووی تازەی سەرەڕای پێناخۆشبوون و دژایەتیی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان، بۆ هەناسەهەڵکێشانی زمانی کوردیی کردۆتەوە، دەبێ وامان لێ بکا خوێندنەوەیەکی نوێمان بۆ کێشە و پرسە زمانییەکانمان هەبێ.

**سێهەم**. یەکێک لەو هەنگاوانەی وەک تێکۆشەرێکی حیزبی دێموکرات و وەک تاکێکی کورد پێویستە هەڵی بگرین، ئەوەیە دیالێکتەکانی دیکەی زمانی کوردی، لانیکەم هەر کامێکمان یەکێکیان فێر بین. خۆمان فێر کەین بە ئەلفوبێیەکەی دیکەش(ئەلفوبێی لاتینی) زمانی کوردی بخوێنینەوە. ئەگەر لەگەڵ ئاخێوەرانی دیالێکتەکانی دیکەی زمانی کوردی لێک تێ بگەین، بتوانین ئەدەبیاتی یەکتر بخوێنینەوە، دیوارێکی ئەستوور لە نێوانماندا پێک نایە و ئەو کەلێنەی جیاوازیی دیالێکت و ئەلفوبێ لە نێوانماندا دروستی کردووە، کەمتر دەبێتەوە و زۆر باشتر دەتوانین دیالۆگ بکەین و بە لێک تێگەیشتن بەرەو دروستکردنی داهاتوویەکی هاوبەش بچین.

**چوارەم**. سیاسەتی پشتگیری و پشتیوانی لە چالاکی و تێکۆشانی ناسنامەخوازی و ناسنامەپارێزی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە حیزبی دێموکرات هەتا ئێستا شێلگیرانە گرتوویەتە بەر، سیاسەتێکی دروستە و شایانی درێژەپێدانە. بە دڵنیاییەوە ئەو خەباتە هەم لە کوردستان پتر دەگەشێتەوە، هەم هەتا دێ پتر نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێرانیش دەگرێتەوە و کۆماری ئیسلامی لە شوێنەکانی دیکەی ئێرانیش بەرەورووی خەباتی ناسنامەخوازی و ناسنامەپارێزی دەبێتەوە. بۆیە پێویستە ئەو خەڵکەی لەو خەباتەدا بەشدارن لێمان بوێن کە ئاستی داواکانیان بەرزتر کەنەوە. بۆ نموونە جێی خۆیەتی لە بنەماڵەکانمان بوێ، لە ماڵێدا بە کوردی لەگەڵ منداڵەکانیان قسە بکەن، ناوی کوردی لەسەر منداڵ و دوکان و شوێنی کارو کاسپی دابنێن. لە قوتابی و خوێندکاری کوردمان بوێ لەسەر کلاس با هەر چی زیاتر بە زمانی کوردی وەڵامی مامۆستاکەیان بدەنەوە. ئەگەر وردە وردە بە کوردی قسەکردنت بەسەردا سەپاندن و لەسەر ئەم مافەت پێداگر بووی سەرئەنجام ناچار دەبێ لێت قبووڵ بکا. با خەڵکەکەمان هەر بەوە ڕازی نەبن کە ڕێژیم ئیزنی داوە لە ماڵی خۆیان و بە

ئیمکاناتی خۆیان فێری خوێندنەوە و نووسینی کوردی بن. دەبێ دەسەڵات ناچار بکرێ مل بۆ ئەوە بدا کە کوردی ببێتە زمانی خوێندن لە قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و هەروەها جێگایەکی تایبەتی لە خوێندنی زانکۆدا پێ بدرێ. ئەو پوتانسیەلە کە لەنێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەتەوە نافارسەکانی دیکەی ئێران بۆ خەبات لە پێناوی بە ڕەسمی ناسرانی زمانەکانیان بە تایبەتی خوێندن بەو زمانانە هەیە، ئەگەر کاری لەسەر بکەین - هەرچەند ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆخۆی لە ماهییەتیشیدا نەبێ - دڵنیام دەسکەوتی دەبێ. من ئەو هێز و ئیرادەیە لە خەڵکی خۆماندا بەدی دەکەم. پێنجەم، وەکوو حیزبەکانیش پێویستە خۆمان ئامادە بکەین بۆ داهاتوویەک کە ڕووبەڕووی ئەو جۆرە پرس و کێشانە دەبینەوە. پێویستە گوتارمان لە پێوەندی لەگەڵ زمان و مافە زمانییەکان و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتمان لەگەڵ دیالێکتەکانی زمانی کوردی، دوای لێکدانەوە و ڕاوێژ لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ کەسانی شارەزا ، نوێ بکەینەوە و لەم پێوەندییەدا ببین بە خاوەنی سیاسەتێکی ئەمرۆیی هاوبەش کە هەم تەبایی و یەکگرتوویی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵات پتەوتر و بە هێزتر بکا، هەم بەرزبوونەوەی جێگە و پێگەی زمانەکەمان لە ئاستی ڕۆژهەلات و ئێرانیدا لێ بکەوێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe

## گەلاوێژ و مێژووی نوێمان

مانگی گەلاوێژ، هەم وەبیرهێنەرەوەی گرنگترینو خۆشترین رووداوە لە مێژووی نوێو هاوچەرخی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، هەم گەلەکەمانو خەڵکی ئێران دەخاتەوە یادی چەند رووداوی تاڵو خوێناوی.

گەلاوێژ، ئەو مانگەیە کە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد»ژ. ک» (١٩٤٢ ) و حیزبی دیموکراتی کوردستانی تیدا دامەزراوە (١٩٤٥). ئەم دوو رووداوە هەر کامێکیان لە مێژووی گەلی کورد دا، جێگاو شوێنی خۆیان هەیە. یەکەمیان، رووداوێکی گرنگ بوو، چونکە یەکەم ئەزموونی خەڵکی کوردستان لەو بەشەی نیشتمانەکەیان لە پێکهێنانی ڕێکخراوو کۆمەڵەی سیاسیو خەباتگێڕو نیشتمانپەروەر دابوو و، توانی ببێ بە دەسمایەو بنچینە بۆ دامەزرانی حیزبێکی سیاسیو سەردەمیانە. بۆ گرنگیی دووهەم رووداویش هەر ئەوەندە بەسە بڵێین وەرچەرخانێکی لە ژیانی سیاسیی بەشێکی گەورە لە نەتەوەی کورد دا خوڵقاندو خەباتی نەتەوایەتیو ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستانی خستە سەر ڕێڕەوێکی نەپساوە، پێشکەوتنخوازانەو مۆدێڕنو، بوو بە سەرچاوەو هەوێنی رووداوو ئاڵوگۆڕی سیاسیی گرنگو مێژوویی لە ژیانی میللەتێک دا.

بەڵام گەلاوێژ بیرخەرەوەی هێندێک رووداوی تاڵو خوێناوییشە، کە لە هەمووانیان گرنگتر ئەو رووداوانەن کە هەر دووکیان راست لە ٢٨ی ئەم مانگەدا، روویان دا. یەکەمیان کودێتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی ڕێژیمی پەهلەوی لە دژی حکوومەتی نیشتمانیی دوکتور موسەددیق، کە بووە هۆی لەسەرکارلاچوونی موسەددیقو، شکانو پاشەکشەی بزووتنەوەی نیشتمانی لە سەرانسەری ئێراندا. دووهەم، راگەیاندنی فەرمان یا فتوای جیهاد لە دژی گەلی کورد لە لایەن خومەینییەوە لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا! بەڵێ لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا، خومەینی ڕێبەرو بنیاتنەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە شێلگیریو خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان لە سەر داواکردنی ئازادیو مافە نەتەوایەتییەکانیان، تووڕەو هەراسانی کردبوو، «فەرمانی جیهادی لە دژی خەڵکی کوردستان دەرکردو فەرمانی بە »قوای سەگانە» (*)دا بە هەموو هێزو توانایانەوە هێرش بەرنە سەر کوردستانو بە فڕۆکەو هێلیکوپتێر پردێکی هەوایی بۆ نێو کوردستان سازبکەن، لە ماوەی ٢٤ سەعات دا بیگرنو بۆخۆشی فەرماندەیی هێزە چەکدارەکانی بەدەستەوە گرت».

خومەینی بۆ جێبەجێ کردنی فتوا بەدناوەکەی خۆی چەندین مۆرەی جینایەتکاری وەک مستەفا چەمران، سەییادی شیرازی (کە بە قەسسابی کوردستان ناوبانگی دەرکردبوو) حەسەنی، نوێنەری خۆی لە ئازەربایجانی رۆژئاوا(پاریزگەی ورمێ) و خەڵخاڵیی جینایەتکار کە دەستووری ئیعدام کردنی دەیان رۆڵەی کوردی لە بێدادگاکانی رێژیمدا دەرکرد، وەک بەرپرسی

بەڕێوەبردنی فەرمانی خۆی لە کوردستان دیاری کردو هێزێکی زۆری ڕەوانەی کوردستان کرد...(١)

سەرکەوتنی کودێتای ٢٨ی گەلاوێژ، لە دوو بارەوە بۆ خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان و حیزبی دیموکرات تاڵو ناخۆش بوو. لەلایەکەوە ئەوانیش وەک هەموو خەڵکی ئێران جارێکی دیکە شایەدی زاڵبوونەوەی دیکتاتۆریو سەرەڕۆیی بەسەر ئەو وڵاتەدا بوونو، خەڵکی ئێران بۆ دەورەیەکی ئەوسەر نادیار لە گەیشتن بە مافو ئازادییەکانیان دوور کەوتنەوە. لەلایەکی دیکەشەوە خەباتی گەلی کورد لە ئێرانو تێکۆشانی حیزبی دیموکرات کە لەگەڵ گەشەکردنی بزووتنەوەی نیشتمانیی سەرانسەری، لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانەوە بە شێوەیەکی بێوێنە پەرەیان گرتبوو، ناچار بە پاشەکشە بوون.

بەڵام خاڵی هاوبەشو سەرنجڕاکێش لە دوای هەر دوو ٢٨ی گەلاوێژ لە کوردستان، بەردەوامیی خەباتو تێکۆشان لەلایەن حیزبی دیموکراتو گەلی کورد بە دژی دیکتاتۆریو سەرڕۆییو لە پێناوی ئازادیو مافە نەتەوایەتییەکانی ئەو گەلەدا بوو. دیارە لە نێوان ئەو دوو هەلومەرجەدا (هەلومەرجی سیاسیو گشتیی ئێران، کوردستانو حیزبی دیموکرات لە دوای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢و ١٣٥٨)، جیاوازیی زۆر هەبوو.

ئەگەر لە دوای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ەوە، ڕۆڵە خەباتگێڕەکانی گەلی کوردو تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات، لە نێو بەندیخانەکانو لە دەربەدەریو دوورە وڵاتیدا نەیانهێشت کوانووی خەبات بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی دابمرکێو لە ساڵەکانی ٤٦و ٤٧دا ئەم خەباتەیان بە راپەڕینی چەکدارانەو پڕ لە فیداکاریی خۆیان گەیاندە چڵەپۆپە، لە دوای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ەوە، کوردستان بۆ ماوەی نزیک بە دوو دەیە، لە ژێر پێی هێرشکەرانو ئینسانکوژانی کۆماری ئیسلامیدا بوو بە یەک پارچە ئاگر. گەلی کورد لە خەباتو بەربەرەکانییەکی نابەرامبەردا کە حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕۆڵی یەکەمی لە بەڕیوەبردنیدا هەبوو، نیشتمانی خۆی کرد بە سەنگەری کۆڵنەدانو بە چۆک دانەهاتن لە بەرامبەر زۆرداریو دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیدا. خەباتێک کە لە هەلومەرجی ئێستا دا ئەگەر چی بە شێوەی چەکداری خۆی نانوێنێ، بەلام چونکە هەڵگری ئامانجەکان و داخوازەکانی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستانە، و راپردوویەکی پڕ لە سەروەری و قوربانیدانی هەیە، هەر وا خۆشەویست و جێگای پشتیوانیی گەلی کورد لەم بەشەی کوردستانە. ئەوەتا هەر لە ژێر دەسەلاتی جەهەننەمی ئەو ڕێژیمەی ئێستا دا چەندین جار دیتوومانە، ئەو خەڵکە هەر کە هەل و دەرفەتێکی تەنانەت بچووک و بەرتەسکی بۆ دێتە پێش، بۆ نیشاندانی پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دیموکرات و خەباتەکەی دەیقۆزنەوە.

یەکێکی دیکە لە بیرەوەرەییە ناخۆشەکانی مانگی گەلاوێژ، ئەو کوشتارە بوو کە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی و بە دوای ڕاوەستانی شەڕی نێوان دوو ڕێژیمی ئێران و عێراق دژی بەندییە سیاسییەکان وەڕێ خرا. دەسپێکی ئەو کوشتارە کە تا کۆتاییەکانی مانگی سەرماوەزی خایاند، دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی گەلاوێژی هەمان ساڵ. بە هۆی ئەم کوشتارەوە هەزاران

کەس لە ڕۆڵە خەباتکارەکانی وڵات کە سالانێک بوو لە بەندیخانە لە ژێر ئازار و ئەشکەنجە دابوون، گیانیان لێ ئەستێندرا.

بەڵام تەم وهەوری دیکتاتۆرانی تاریکیپەرەست، نەیتوانیوە تریفەی گەلاوێژی ڕووناکی بۆ هەمیشە بشارێتەوە. شای ئێران کە بە کودەتای٢٨ی گەلاوێژ ویستی بەرۆکی ڕێژیمەکەی بە یەکجاری لە چنگ بزووتنەوەی نیشتمانی و ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران دەربێنێ، سەرئەنجام ٢٥ ساڵ دواتر خۆی و ڕیژیمەکەی، تووشیان بە تووشی بڵێسەی ڕق و تووڕەیی پەنگخواردووی ئەو خەڵکەوە بۆوە و ئەم جار هیچ شتێک فریایان نەکەوت. خومەینی دامەزرێنەری ڕیژیمی کۆماری ئیسلامییش کە بە ڕاگەیاندنی شەڕ دژی خەڵکی کوردستان لە ٢٨ی گەلاویژی ١٣٥٨ دا، پێی وابوو دوای ئەو لەشکرکێشییە بە چەند ڕۆژێک خۆڕاگریی ئەو خەڵکە تێک دەشکێنێ و کوردستان دەکا بە ماستی مەیبو، ١٠ ساڵی کۆتایی تەمەنیشی تیپەڕ بوو و هەر ئەم ئارەزووەی نەهاتە دی و سەرئەنجام ئەم ئارەزووەی بردە بن گڵ. هەر وا کە بە کوشتاری بەندییە سیاسییەکانیش نەیانتوانی کۆتایی بە خەبات و تێکۆشانی ئازادیخوازانی ئێرانی دژی ئەم ڕێژیمە بێنن.

ئەمە جەبری مێژووە .لە دوا جار دا دەبێ تاریکی و ستەم و دیکتاتۆری بڕۆن و ڕووناکی و حەق و ئازادی ، سەربکەون.

(*)مەبەستی خومەینی لە «قوای سەگانە» هەر سێ هێزی چەکداری زەمینی، هەوایی و دەریایی بوو. ناوبراو ئەوەندە لە خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان بەرامبەر ڕێژیمەکەی تووڕە و داخ لە دڵ بوو لە خۆی نەپرسیبوو هیزی دەریایی بە کوێ دا بگاتە کوردستان و سەڕ لە گەڵ گەلی کورد بکا؟!!

(١) کوردستان، ژمارە ٢٧٤ گەلاوێژی ١٣٧٨ وتاری »ئاوڕێک لە بیست ساڵ شەڕ لە کوردستان»دا، م. مەعرووفی

لە ژمارە ٦٦٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٥

## قازی محەممەد: کوردەکان سەر بۆ هیچ زۆردارێک نەوی ناکەن

**وەرگێڕانی: قادر وریا**

(پێشەوا قازی محەممەد لە دیدار لەگەڵ ئارچیباڵد رۆزوێڵت دا)

ئارچیباڵد رۆزوێڵت ئەفسەرێکی ئیتلاعاتیی ئەمریکایە کە لە ماوەی ژیانی خۆیدا سەری زۆر وڵاتی ئەفریقایی و رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی داوە. لەساڵانی دوای شەڕی دووەمی جیهانیدا ماوەیەک لە عێراق و ئێران ژیاوە و ژیان و خەباتی کوردان سەرنجی ئەویان ڕاکێشاوە. رۆزوێڵت دوای پێکهاتنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، سەردانی کوردستان و شاری مەهابادی کردووە و لەگەڵ قازی محەممەد چاوپێکەوتن و وتووێژی هەبووە. بۆخۆی لەم بارەیەوە دەڵێ: "لەڕاستیدا تاقە چاوەدێری ئەمریکایی حازر لە سەحنەدا بووە."

ئارچیباڵد رۆزوێڵت بیرەوەری و ئەزموونەکانی خۆی لە بارەی کێشە و ڕووداوەکانی ئەو وڵاتانەی دیتوونی کۆکردوونەوە و کردوونی بە کتێبێک. ئەو کتێبە، سەهبا سەعیدی، کچی خوالێخۆشبوو سەعیدیی سیرجانی، لەژێر ناوی "شوق آموختن"دا وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی. چاپی یەکەمی ئەم کتێبە ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی لەلایەن چاپەمەنیی ئیتلاعاتەوە بڵاوکرایەوە. فەسڵی چوارەمی کتێبی ناوبراو بۆ ڕووداوەکانی ئێران و بەتایبەتی کێشەی ئازەربایجان و مەسەلەی کوردەکان و کۆماری کوردستان تەرخان کراوە. "شوق آموختن" بەرلەوەی بە شێوەی کتێب بڵاوبێتەوە، بە زنجیرە لە چەندین ژمارەی رۆژنامەی "اطلاعات"دا بڵاوکرایەوە.

بە مەبەستی ئاشنایی بینەران و خوێنەرانی دیمانە لەگەڵ بۆچوونەکانی رۆزوێڵت لەسەر کۆماری کوردستان، هێندێک بەشی کتێبەکەی کە ١٣ ساڵ لەمەوبەر کردوومە بە کوردی (١) لێرەدا بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٥ (٥٩ ساڵەی شەهیدبوونی پێشەوا) دەخەمە بەرچاو. تیترێک کە بۆ ئەم باسەم هەڵبژاردوە، لە دەقی وتووێژی قازی محەممەد لەگەڵ ئارچیباڵد رۆزوێڵت وەرگیراوە.

کاتێک چووینە ژوورەکەی قازی محەممەد، لە پشت مێزی کارەکەی و لە تەنیشت نەقشەیەکی گەورەی کوردستانی گەورە دانیشتبوو. قازی محەممەد پیاوێکی کورتەباڵای بەوێقار بوو کە کۆتێکی سەربازیی پێشتر لەکارکراوی لەبەرەدا بوو و لەملا

و ئەولای ڕوخسارە ڕەنگبزرکاوە زاهیدانەکەیدا ڕیشێکی تەنکی کەم موو دەبینرا. ئەو دوایە بە ئێمەی گوت کە بە دەست نەخۆشیی توندی مەعیددەوە گرفتارە و کەم وا هەیە جگە لە ماست شتێکی دیکە بخوا.

پاش ئەوەی کە بۆم ڕوون کردەوە کە ئێمە کێین و مەبەستی مەئموورییەتەکەمان چییە، لەسەر مێزەکەی پارچەکاغەزێکی هەڵگرت و نووسراوەیەکی لەپێشدائامادەکراوی بە زمانی فارسی بۆ خوێندینەوە. وشەکان زۆر ڕوون و دەنگی ئارام بوو، و لە کاتی خوێندنەوەدا جاروبار بە چاوە "ریاچت" چێشتووەکانی دەیڕوانییە ئێمە. من لە وەڵامدا گوتم: "وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەمیشە لایەنگری ئازادی و دەستڕاگەیشتنی هەموو ئینسانەکان بە مافەکانیان بووە و ئێمە هیوادارین ڕۆژێک دابێ کە هەموو خەڵکی جیهان بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن. ئێمە هاتووینە کوردستان تا لە وەزعی کوردەکان بکۆڵینەوە و ڕاپۆرتەکە بدەینەوە بە دەوڵەتەکەمان، و ئاواتەخوازین وەزعی کوردەکان باشتر بێ و دەسکەوتی کوردەکان هەر ئەوە نەبێ کە جۆرێک سەرەڕۆیی بە جۆرێکی دیکە لە سەرەڕۆیی بگۆڕنەوە."

قازی محەممەد گوتی: "تەواوی خەڵک لەو بەشانەی وڵاتدا کە لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتەکەی منداندان، لە دەربڕین و نووسینی ئەو شتانەی لە دڵیاندایە، ئازادن." من لە وەڵامدا گوتم: "ئەوەم بە چاوی خۆم دیتوە. لە ئازەربایجانی دیموکراتدا خەڵک تەنها ئیزنی ئەوەیان هەیە کە ڕادیۆی تەورێز و ڕادیۆی مۆسکۆ بگرن. لە حاڵێکدا شەوی ڕابردوو لە شەقامەکانی ئەو شارە (مەهاباد) دەنگی ڕادیۆی لەندەن و ڕادیۆی ئانکارام گوێ لێبوو."

قازی محەممەد کە دیاربوو ئەو قسەیەی منی پێ خۆش بوو، گوتی: "وەزعی تەورێز و مەهاباد بەتەواوی جیاوازییان هەیە." بەڵام کاتێک بۆمان گێڕایەوە کە ئێمە لە سنووری دەوڵەتەکەیدا تووشی هێندێک گیروگرفت بووین، پێی تێکچوو و هەروەها کاتێک پێم گوت لەوە کە لە بنکەی فەرماندەیی ئەودا پۆستێرە تەبلیغاتییەکانی شوورەوی دەبینم و سەرم سووڕماوە، گوتی: "کوردەکان ناچارن هەر کەسێک یارمەتییان پێبکا قبووڵی بکەن، بەڵام سەر بۆ هیچ زۆردارێک نەوی ناکەن. ئێمە سکاڵایەکمان بڵاوکردەوە و لەودا سکاڵای خۆمان بە سێ دەوڵەتی سەرکەوتوو لە شەڕدا کە بەشداری کۆنفرانسێکی ئەوروپایی (پۆتسدام) بوون، ڕاگەیاند. بەڵام ئینگلیسییەکان و ئەمریکایییەکان بایەخێکی ئەوتۆیان پێ نەدا." ئەو پاش ئیشارەکردن بە مەنشووری ئاتلانتیک گوتی: "هەموو کوردان هیواداربوون کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا - پێشکەوتووترین میللەتی جیهان - ئەوان لە زاڵبوون بەسەر دواکەوتوویییەکانیاندا یارمەتی بدا".

ئەو گوتی: "ئەگەر ئەمریکا لەجیاتی ناردنی سێ هەزار سەرباز بۆ ئێران، تەنیا سەد مامۆستا (معلم)ی ناردبایە، لەو وڵاتە چ دەقەوما؟ بەڵام ئەمریکایییەکان لەجیاتی یارمەتیدانی ئێمە، یارمەتیی دوژمنانی ئێمە، بۆوێنە تورکەکانیان (٢) دا و

ئەویش لەڕێگەی ناردنی چەک و تەقەمەنی بۆ ئەوان بۆ سەرکوتکردنی ئێمە."

پاشان بەکورتی لە بارەی ئاکاری خراپی ئینگلیسییەکان دوا و کارە جۆربەجۆرەکانی ئەوانی لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا بە مەبەستی سەرکوتکردنی شۆڕشگێڕانی کوردی بۆ باس کردین و بە سەربردەی مەلا مستەفا بارزانی کۆتایی پێهێنا. لەلایەکی دیکەیشەوە سەبارەت بە فەرانسەیی‌یەکان نەزەرێکی باشی هەبوو. ئەو فەرانسەیی‌یانە کە یارمەتیی کوردەکانی سووریەیان دابوو. پاشان بیستمان کە ناپلیۆن ژاکل، یەکێک لە هەواڵنووسانی فرانس پرێس، کە بیروباوەڕی چەپی هەبوو، لەم دواییانەدا سەردانی مەهابادی کردبوو و بەدوای ئەو سەفەرەدا هێندێک وتاری بەقازانجی کوردکان لەچاپەمەنیی فەرانسەدا بڵاوکردبۆوە.

بەگشتی خەڵک لە قازی محەممەد ڕازی بوون و دەیانگوت کە پێکهاتنی دەوڵەتەکەی ئەو لەدوای قۆناغی ڕەزا شا، سەرکەوتنێکی گەورە بووە و تەنیا نیگەرانی ئەوەن کە ئەو دەوڵەتە نەمێنێ.

**من لە ڕاپۆرتەکەمدا پوختەی ڕوانگە و بۆچوونەکانی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیم کە لە ماوەی مانەوەمان لە مەهاباددا لێمانبیستبوون، بەم جۆرە گونجاند:**

ئەوان مەمنوونی شوورەوی بوون کە ئیمکانی سەربەخۆیی بۆ پێکهێناون، بەڵام لەسەر دەخاڵەت نەکردنی شوورەوی لە کاروباری وڵاتەکەیاندا و هاتوچۆنەکردنی مەئموورانی شوورەوی بۆسەر شارەکەیان پێیانداداگرت. (زۆربەی ئەو کەسانە لە ڕواڵەتدا هەروا لایەنگری ئەشرافییەتی کۆن بوون و وا نەدەهاتە بەرچاو کە مەیلێکیان بەلای کۆمۆنیزمدا هەبێ) خۆیان لە هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕانە بەڵام شۆڕشێکی ناسیۆنالیستیدا دەهاتە بەرچاو. دەیانگوت هیوادارن حکومەتەکەیان ئەوەندە پەرەپێبدەن کە هەموو ناوچە کوردنشینەکانی ئێران بگرێتە خۆی. ئەو ناوچانە، ناوچە جنووبییەکانی ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی ئێرانیشیان دەگرتەوە... .

ئەندامانی کۆمیتە لە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە سەربازانی ئێران لە ناوچە جنووبییەکاندا زۆر نیگەران بوون و لانیکەم یەکێک لەوان ئیشارەی بە پیلانگێڕیی دەوڵەتی ناوەندی بە هاوکاریی هێندێک لە هۆزە کوردەکان کرد.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی ١٦ی دێسامبر چووینە سەردانی چاپخانەی مەهاباد کە ڕۆژنامەی ڕۆژنامەی "کوردستان" و هێندێک گۆڤاری کەمتیراژی بە زمانی کوردی بڵاودەکردەوە. ئێمە هێندێک نوسخەمان لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان هەر لە سەرەتای دەرچوونەوە وەرگرت و هەروەها چەند گۆڤار و چەند دیوانی شیعر کە تەحویلی بەرپرسی بەشی زانیاریماندان.

هەر کە کوردەکان زانیان ئێمە تەمای گەڕانەوەمان هەیە، هاتنە لامان و پێیان گوتین کە قازی محەممەد بۆ نانی نیوەڕۆیە بانگهێشتنی کردووین. بەم جۆرە ناچار بووین وەڕێکەوتنەکەمان بخەینە دوانیوەڕۆ. نزیک نیوەڕۆیە ئێمە دوبارە لەگەڵ قازی محەممەد لە دەفتەرەکەیدا دەستمانکردەوە بە قسەوباس. ئەمجار باسەکەمان زۆرتر لەسەر مەسەلە فەرهەنگییەکان بوو. ئەو گوتی: "خوشحاڵم کە ئێوە نوسخەی بڵاوکراوەکانی ئێمەتان وەرگرتووە، چونکە حەزدەکەم وڵاتە یەکگرتووەکان هەموو شتێک لە بارەی ئێمەوە بزانێ. من شتێکم نییە بیشارمەوە."

نازناوی ئەو، قازی محەممەد، تەنیا "پێشەوا"، بەمانای ڕێبەر، بوو و بەرپرسانی وەزارەتخانەکانیشی "ڕەئیس"یان پێ دەگوترا نەک وەزیر. وەک لە نیشانەکانڕا دەردەکەوت ئەو هێشتا خۆی بە مەئموورێکی ئێرانی دەزانی و بە ڕواڵەت ئامانجی بەکردەوەی وەرگرتنی خودموختاری لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێراندا بوو. لەسەر ئەوە پێیدادەگرت کە کوردەکان و ئێرانییەکان خزمی یەکترن و سەبارەت بەڕەسەنی کوردەکان کە ئیددیعای دەکرد لە پاشماوەکانی مادەکانن، قسەی بۆ کردین.

هەر سێ قازی محەممەد، سەیفی قازی و سەدری قازی لە دادگایەکی نیزامی و نهێنیدا لە مەهاباد موحاکەمە کران و لە ڕۆژی ٢٣ی ژانوییەدا بەمەرگ مەحکووم بوون. بەڵام جێبەجێکردنی حوکمی ئێعدامیان لەلایەن تارانەوە دواخرا، چونکە "قەوام" پێی خۆش نەبوو لە جەنگەی وتووێژە ئاستەمەکانی لەگەڵ شوورەویدا دەنگ و هەڵلا بەرز بێتەوە.

ماوەیەکی کورت بەر لە گەڕانەوەی من لە تاران، لە فێورییەی ساڵی ١٩٤٧دا، ژەنراڵ ڕەزم ئارا چووە مەهاباد، و من بەشی ئەوەندەم دەلیل بەدەستەوە هەبوون کە دڵنیا بم مەئموورییەتی چاوەدێری بەسەر ئێعدامی برایانی قازی بەو سپێردراوە. من چوومە چاوپێکەوتنی جۆرج ئالێنی سەفیرمان تا بزانم ئایا دەتوانین کارێک بکەین. سەفیرمان لێی پرسیم: "بۆچی ئەوەندە نیگەرانی وەزعی قازییەکانی؟ هەرچی بێ ئەوان لەگەڵ شوورەوییەکاندا هاوکارییان دەکرد؟"

* باشە، ڕاستە. بەڵام ئەوان هەوڵیاندەدا هەرچی لە توانایاندایە بۆ باشبوونی وەزعی خەڵک ئەنجامی بدەن و شوورەوییەکانیش تەنیا کەسانێک بوون کە بۆ کۆمەک بەوان عەلاقەیان نیشاندا. ئەگەر ئەوان ئێعدام بکرێن، لە هەموو جێیەک ئێمە بە شەریکی ئەو کارە دەزانن.

* باشە، دەتەوێ ئەمن چ بکەم؟

* پێم وایە ئێوە دەبێ لە شا داوا بکەن دەستوور بە ڕەزم ئارا بدا قازی یەکان بۆ دادگایەکی عادڵانە و ئاشکرا بێنێتە تاران. لەسەر داوای سەفیر، شا دەستبەجێ سەفیری بۆلای خۆی ڕێدابوو. سەفیرمان لەو چاوپێکەوتنەدا هیواداری دەربڕیبوو کە مەسەلەی ئێلات و یەک لەوان مەسەلەی کوردەکان بە باشی چارەسەر بکرێ و پاشان گوتبووی گەرچی قازییەکان لەگەڵ شوورەوییەکاندا هاوکارییان هەبووە، بەڵام خزمەتێکی زۆریشیان لە بواری فێرکردنی خەڵکدا ئەنجام داوە.

شا لێرەدا قسەکەی ئەوی بڕیبوو و بە بزەوە لە سەفیری پرسیبوو: "ئێوە ترسی ئەوەتان هەیە کە من ئەوان گوللەباران کەم؟ ئەگەر مەسەلەکە ئەوەیە، دڵنیا بن من هەر لە بنەڕەتەوە خەیاڵێکی ئەوتۆم نییە."

تاریکوڕوونی بەیانیی ٣١ی مانگی مارس(٣)، قازییەکانیان بە ئەمری "اعلیحضرت شاهنشاه" لەدار دابوون. لەوانەیە شا ڕاست ئەو کاتەی سەفیرمان دەرگای تالاری پێوەداوە و هاتۆتە دەر، دەستووری ئێعدامی قازییەکانی ڕاگەیاندبێ.

## پەراوێزەکان:

١- ئەم بابەتە پێشتر لە ژمارە ٢٠٦ی ڕۆژنامەی کوردستان، ڕێبەندانی ١٣٧٢ (فێورییەی ١٩٩٤) دا بڵاوبۆتەوە.

٢- وا وێدەچێ قازی محەممەد وشەی "عەجەمەکان"ی بەکارهێنابێ کە لە کوردستانی ئێران مەبەست کاربەدەستە دەوڵەتییەکانە. نووسەر یان وەرگێڕ ئەو وشەیە بە "تورکەکان" حاڵی بووە.

٣- ٢٥ی مارس ڕاستە نەک ٣١

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٧ی مارچی ٢٠١٢

# ڕێچکەیەک لە پێشەوا قازی محەممەدەوە هەتا ئەمڕۆ

## (بەرەو دەی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان)

لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، هەر لە سەرەتاوە نەریتێک داکەوتوە. نەریتی پێشەنگ بوونی ڕێبەران و بەرپرسان لە گیانبەخشین لە پێناوی ئامانجە بەرزەکانی گەل و نیشتماندا. دەیان فەرماندەری بە ناوبانگ و سەدان کادری بەوەجی بوارە جۆراوجۆرەکان لە ڕیزی کاروانی شەهیدان دا دەبینرێن . دەیان کەس لە کادری ڕێبەریی حیزب لە مەیدانی تێکۆشان و لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکی خەباتکارانە دا گیانیان بەخشیوە. جگە لەمەش هەر سێ ڕێبەری حیزب، قازی محەممەد پێشەوای حیزب و هەر دوو سکرتێری گشتیی حیزب: د. عەبدولرەحمان قاسملوو و د.سادق شەرەفکەندی لە لایەن دوژمنانی کوردەوە گیانیان لێ ئەستێندراوە و شەهید کراون.

دەی خاکەلێوە، هەر بۆ یادکردنەوەی شەهیدانی حیزبی دیموکرات و ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە. لەم ڕۆژە جیی خۆیەتی سەرکردە نەمرەکان،ڕێبەران و تێکۆشەرانی شەهیدی هەموو بەشەکانی کوردستان یادیان بکرێتەوە. دەی خاکەلێوە، بۆنەیەکە بۆ نوێکردنەوەی پەیمانی وەفاداری لە گەڵ پێشەوا قازی محەممەد و هەموو شەهیدانی کوردستان. بۆنەیە بۆ چوونە سەر گڵکۆی شەهیدان و ئاوڕدانەوە لە بنەماڵە سەربەرزەکانیان. دەرفەتێکە بۆ ڕێزگرتن لە هەموو ئەو مرۆڤانەی بە نرخترین سەرمایەی ژیانیان، لە پێناوی نەتەوە و نیشتمانی خۆیان دا بەخشی. دەی خاکەلێوە ئەم ڕۆژەیە کە ڕوو دەکەینە شەهیدەکانمان و پێیان دەڵێین بە ئاسوودەیی سەر بنێنەوە. چونکە بە دڵنیاییەوە بە ئامانجەکانتان کە ڕزگاریی کوردستان و نەتەوەی کورد لە داگیرکراوی و بندەستییە، وەفادار دەمێنینەوە و هەتا وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانتان، لە تێکۆشان و خەبات سارد نابینەوە.

٢٥ی مارچی ٢٠٢٤

## سروشتی فرەلایەنەی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تایبەتمەندیی کاروانی شەهیدانی

بەچاوخشاندنێک بە کاروانی دوورو درێژی شەهیدانی کوردستان، جۆراوجۆریی سروشتی ڕەنگاوڕەنگ و فرەلایەنی خەباتی ئازادیخوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانمان بۆ دەردەکەوێ. ئەو خەباتە، نەتەوەیی و گشتی و سەرانسەرییە، چونکە زۆربەی چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان و خەباتکارانی زۆرترین شار و ناوچەکانی کوردستان، تێی دا بەشدارن. شاری، لادێیی، هونەرمەند، نووسەر، دوکتور، مامۆستا، قوتابی،خوێندکار، وەرزێر، کرێکار،ئەفسەر و سەربازی نیشتمانپەروەر،بە شانازییەوە لەم خەباتە دا بەشداربوون. شار و ناوچەکانی خۆی، ماکۆ، سەلماس، ورمێ،شنۆ، نەغەدە، پیرانشار،مەهاباد، بۆکان، سەردەشت، ڕەبەت، بانە، سەقز، سنە، هەوشار، مەریوان، دیواندەرە، هەورامان، کامیاران، دانیشتووانی شار و ناوچە جیاوازەکانی پارێزگەکانی کرماشان و ئیلام هەر هەموویان بە نۆرەی خۆیان پێشوازییان لە کاروانی تێکۆشان و قوربانیدان کردوە و ڕۆڵەی خۆیان ڕەگەڵ خستووە. ئاخێوەرانی دیالێکتە جۆراوجۆرەکان و پەیرەوانی ئایین و ئایینزا جیاوازەکان، نامۆییان لەو کاروانە نەکردوە و بە هی خۆیان زانیوە. چەندین کەس لە دانیشتووانی ئازەریزمانی کوردستان و ئازەرییەکانی دراوسێی کوردستان، بە شانازییەوە هاتوونە ڕیزی تێکۆشەرانی و بە چەندین کەسیان لە ڕیزەکانی دا گیانیان بەخشیوە.

**

بە سەدان مامۆستای ئایینیی نیشتمانپەروەر، لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و دیموکراتیکی کوردستان دا،گیانیان بەخشیوە و خەبات لە ڕێی نەتەوە و نیشتمان لە ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتیاندا، بە تەواوکەری ئەرکە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان زانیوە.

زۆر لە عەشیرەتە نیشتمانپەروەرەکان، بەشداریی خۆیان لە خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی کوردستان دا، لەگەڵ پێگەی چینایەتی و کۆمەڵایەتیی خۆیان نەک هەر بە ناتەبا نەزانیوە بەڵکوو بە مایەی سەربەرزی و شانازییان داناوە. زۆربەی هۆز و عەشیرەتەکانی کوردستان،لە ڕیزی هێزە خەباتکارەکانی کوردستان و بە تایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا، قوربانیان داوە و شەهیدیان هەیە.

قوربانیدان لە ڕێگای ئازادی، لە کوردستان شار و گوندی نەناسیوە. شارەکان سەردەمانێک ببوونە ئامانجی پەلاماری هەوای و زەمینیی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و دانیشتوانیان شانبەشانی ڕۆڵە پێشمەرگەکانیان ڕووبەڕووی هێرشکەران دەوەستانەوە

و بە سەدانیان گیانیان دەبەخشی. گوندەکانیش بۆ ماوەی زیاتر لە دوو دەیە بوونە مەیدانی بەرەنگاربوونەوەی هیزی پێشمەرگە لەگەڵ هێزی پۆشتە و پەرداخی کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئەوان هەر تەنیا پەشت و پەنای هێزی پێشمەرگە و دابینکەری نان و ئاویان نەبوون، بەڵکوو سەرچاوەی دابینکردنی بەشی هەرە زۆری هێزی ئینسانیی ئەو خەباتەش بوون. راستە هەر شارێک، هەر گەڕەکێک، هەر گوندێک، پشکێک لە شانازیی و بەخشندەیی لە ڕێی ئازادییدا، بەر کەوتوە. بەڵام هێندێک شار، هێندێک گەڕەک، هێندێک گوند و تەنانەت هێندێک بنەماڵە، بەشێکی زیاتر لە قوربانیدان و خۆبەختکردنیان بەر کەوتوە. بزووتنەوەی کوردستان، قەرزدار وقەدرزانی ئەو شار و ناوچە وگوند و بنەماڵانەیە کە لە پێشبڕکێی تێکۆشان و قوربانیدان، لە پێشەوەترن.

٢٦ی مارچی ٢٠٢٤

## مێژوویەک لە قوربانیدان لەو دیوی ڕابوونی نەتەوەیی ئێستامان

"گەلێک ئازادیی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا". خەباتی پڕ لە قوربانیدانی نەتەوەی کورد بە گشتی و کاروانی دوور و درێژی شەهیدانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕاستیی ئەم وتەیەی د.عەبدولرەحمانی قاسملوو، دەسەلمێنن.

مێژووی قوربانیدان لە پێناوی سەربەستی و ئازادژیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ دوور. بەڵام لە مێژووی نوێدا، کاروانی گیانبەخشین و سەردانان لە ڕێی سەربەستیی کوردستان و سەربەرزیی کورددا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساڵانەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمانەکەی، لەدایکبوونی کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دیموکراتی کوردستان و جمهووریی کوردستانی بە خۆوە دیت.

هەر لە سەردەمی حوکومڕانیی کۆماردا، دایکی نیشتمان شایەدی گیانبەخشینی ژمارەیەک لە ڕۆڵەکانی بوو. محەممەدی نانەوازادە جێگری وەزیری بەرگریی کۆمار، یەک لەوان بوو. دواتر،کووژانەوەی مۆمی تەمەنی جمهووریی کوردستان، تۆڵەستاندنەوە لە دامەزرێنەران و بەڕێوەبەرانی ئەو دەوڵەتە کوردییە و بەوەجترین ڕۆڵەکانی، لەگەڵدابوو. لە سەقز، لە ٢٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٥ی هەتاوی، سێدارەی بێداد بۆ ١٢ شۆرەسواری کۆمارپارێز هەڵخرا. عەلی بەگی شێرزاد(فەرماندەری هێزی بۆکان، لە گەڵ ١١ ئەفسەر و پێشمەرگەی ئیفتیخاریی جمهووریی کوردستان(ئەحمەد خانی فاروقی، عەبدوڵلاخانی مەتین، محەممەد خانی دانیشوەر، محەممەد خانی فەیزووڵڵا بەگی،حەسەن خانی فەیزووڵڵا بەگی، ئەحمەد خانی شەجیعی،عەلی خانی فاتیح، عەلی ئاغای جەوانمەردی، شێخ سەدیق ئەسعەدیی یازیبلاغی، شێخ حەمەدەمین ئەسعەدیی کەسنەزانی و ڕەسووڵاغای جەوانمەردی) دەبن بە پێشەنگی کاروانی نەپساوەی ڕێی تێکۆشان. دوو حەوتوو دواتر، قازی محەممەد پێشەوای حیزبی دیموکراتی کوردستان و سەرکۆماری کوردستان، دەبێتەوە پێشەوای گیانبازی. لە سەفەری هەرمانی قازی محەممەددا، کە لە تاریک و ڕوونی١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی(٣٠ی مارسی١٩٤٧ی زایینی) دەست پێدەکا، ئەبولقاسمی سەدری قازی، برای پێشەوا قازی و نوێنەر لە پاڕلمانی ئێران و، حەمەحوسێن خانی سەیفی قازی ئامۆزای پێشەوا و وەزیری بەرگریی کۆمار، هاوڕێیەتی پێشەواکەیان دەکەن.

قازی محەممەد بە داکۆکییە پڕشانازییەکەی لە مافەکانی نەتەوەکەی و بە چوونی سەربەرزانەی بۆ سەر داری بێداد، هەروەها بە وتە مێژووییەکەی لە دواساتەکانی ژیانیدا، ناوێکی هەتاهەتایی و ڕێگایەکی بێکۆتایی بۆ خۆی ڕەنگرێژ کرد:

"من زیندووم و دوژمن مردوون
ئێوە من ئێعدامم کردوون
کەی لە پاش من بێخەم دەبن
هەر کوردێک یەکێکە وەک من
مردن لە ڕێگەی نیشتمان
سەربەرزییە بۆ گشتمان"

لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوییەوە،کاروانی نەپساوەی ڕێی تێکۆشان بە سەرقافڵەیی سەرکۆماری شەهیدی کوردستان، ڕێگای سەفەری گرتووەتە بەر، سەفەر بەرەو خۆر، بەرەو خۆری ئازادی:

"هەر کاروانێ،
بۆ پڕشنگی خۆر بڕوانێ،
کەم بن یا زۆر،
دەگەنە خۆر".

**

چرای تەمەنی کۆماری کوردستان، قیبلەی ئاواتی کوردی هەموو پارچەکان کوژایەوە، بەڵام خەبات و قوربانیدان لە پێناوی ئامانجەکانی ئەم کۆمارەدا نەوەستا و ئاڵای تێکۆشان لە دەستی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا بە شەکاوەیی مایەوە. خەباتکارانی دیموکرات تووشی ژیانی نهێنی و چوونە بەندیخانە و پەڕەوازەیی بوون، بەڵام هەر کۆڵیان نەدا و دەستیان بەرنەدایەوە.

ڕاپەڕینی چەکدارانەی٤٦ - ٤٧(١٩٦٧ - ١٩٦٨) لە سەردەمێکدا بە سەر تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتدا سەپا، کە شای ئێران، خاوەنی گەورەترین ئەرتەشی ناوچە بوو و بە خەیاڵی خۆی ئێرانی کردبووە دوورگەی هێمنی و سەقامگیری.بۆ ماوەی نزیک بە ١٨ مانگ ئەم بزووتنەوەیە لە ڕووبەڕێکی بەرین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بووە مایەی نیگەرانیی ڕێژیمی شایەتی. نرخی شەکاوە ڕاگرتنی ئاڵای بەرخۆدان و دڕدانی تاریکی، نرخی بە گژاچوونەوەی ئەم ئەرتەشە پۆشتە و پەرداخەی ناوچە، شەهید بوونی دەیان کادر و بەڕێوەبەر و پێشمەرگەی بە ئەزموون بوو. کاروانی شەهیدان، بە دەیان ناوی پڕشنگداری دیکە درێژ بۆوە. مەلا ڕەحیم وردی، سلەیمان موعینی، عەبدوڵلا موعینی، مەلا مەحموود زەنگەنە، باپیر

شکاک(نحۆ)، مەلا ئاوارە، سمایلی شەریفزادە، مینە شەم، ساڵەح لاجانی، سەید فەتاح و کۆمەڵێک ناوی دیکە، تێکەڵ بە ئەستێرە هەرگیز ئاوانەبووەکانی جیهانی نەمری دەبن.

------

**"ئەوانەی گیانیان دەدەن بۆ ژیان، ژیان تاجی ژین دەنێتە سەریان. هەر کەس بیهەوێ ڕێزی ژیان بگرێ، ژیان بە وەفایە و ناهێڵێ بمرێ".**

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە مێژساڵە بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی ئازیزترین ڕۆڵەکانی نیشتمان کە شەهیدەکانن، بیری لە ناودێر کردنی ڕۆژێک بە ناوی "ڕۆژی شەهیدانی کوردستان" کردەوەتەوە. بۆ ئەم ڕۆژە، ١٠ی خاکەلێوەی لە هەموو ڕۆژەکانی ساڵ بۆ ناودێرکردن بە ڕۆژی شەهیدان بە گونجاوتر زانیوە، چونکە خاوەنی بەرزترین پلە و پایەی فەرمی و سیاسی و نەتەوەیی کورد، واتە سەرکۆماری کوردستان، لەم ڕۆژە دا شەهید بووە.

نزیکەی نیو سەدەیە لە گەڵ ئەم حیزبەدا خەڵکێکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلیوەدا یادی شەهیدانی کوردستان دەکەنەوە. لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلیوەدا درێژەدەرانی ڕێگای شەهیدان و بنەماڵە سەربەرزەکانی شەهیدان، دەچنە سەر گڵکۆی شەهیدان و وەفاداریی خۆیان بە ئامانجەکان و ڕێگاکەیان دووپات دەکەنەوە.

٢٧ی مارچی ٢٠٢٤

## لەمەیدانی خەبات و قوربانیداندا حیزبی دیموکرات بەتەنیا نەبووە!

لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران و داسەپانی شەڕێکی نابەرامبەر بەسەر خەبات و خۆڕاگریی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستاندا، گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تووشی زۆرترین قوربانیدانی گیانی و ماڵیی بووە. ژمارەی ئەو خەڵکەی لە ڕەوتی هێرش و پەلاماری هەوایی و زەوینیی ڕێژیمی ئێراندا، گیانیان لە دەست داوە، بە نزیکەی پەنجا هەزار کەس مەزەندە دەکرێ. شارەکانی سنە، نەغەدە، مەهاباد، شنۆ، سەقز، کامیاران، پاوە و ژمارەیەک شاری دیکە، ئەو کاتەی بە دەست هێزەکانی بەرەی خەڵکەوە بوون، جارێک یا چەند جار بوون بە ئامانجی پەلامار لە زەوی و ئاسمانەوە و، دانیشتووانیان ئاگر و ئاسنیان بەسەر دا بارا. دانیشتووانی دەیان گوند لەگەڵ کوشتاری بە کۆمەڵ بەرەوڕوو بوون. قارنێ، ئیندرقاش، قەڵاتان، سۆفیان، سەروکانی، هەڵەقووش، دیلانچەرخ ،کەرێزە، حەسەنلۆلان، قەرەگۆل، سەوزی، سەرچنار، خەلیفەلیان، شێخ مارف، چەقەڵ مستەفا و چەندین گوندی دیکە، تامی تاڵی کارەسات و قەڵاچۆی گەورە و بچووکی دانیشتووانیان چێشتوە. ژمارەی قوربانیانی هێندێک لەو کۆمەڵکوژیانە لە پەنجا کەس زیاترە و سەرجەم قوربانییەکان لە ٥٠٠ کەس تێدەپەڕن .

**

نزیک بە پێنج هەزار کادر و پێشمەرگە و تێکۆشەر و ئەندامی چالاکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە خەبات لە گەڵ دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا شەهید بوون.

**

ڕێژەیەکی بەرچاو لە شەهیدانی کوردستان، لە کەسانێک پێک هاتوون کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە بەندیخانەدا گیانیان لێ ئەستێندراوە. لە ڕیزی کاروانی شەهیدانی کوردستاندا، بە سەدان ناو هەن کە دوژمنانی ئازادیی کورد و کوردستان دوای ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر،بە تاوانی ئازادیخوازی، گوللەبارانیان کردون یا لە سێدارەیان داون. ئەمانە بیرخەرەوەی خۆڕاگری و لەشکاننەهاتوویی تێکۆشەرە بەبیروباوەڕەکانی کوردستان لە بەندیخانەکانی دوو ڕێژیمی شایەتی و کۆماری ئیسلامیدان. زەوتکەرانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد، جگە لە ئێعدامی تاک و تەرای خەباتکارانی کوردستان، چەندین جار، لاوانی بەندکراوی کوردیان بە کۆمەڵ ئێعدام کردوە کە بۆ نموونە لە یەکێکیان دا ٥٩ لاو و مێرمنداڵ گیانیان لێ ئەستێندراوە. بەشێک لە شەهیدانی کوردستان، ئەو لاوانەن کە لەکاتی خۆپێشاندان و نارەزایەتیدەربڕین بەرامبەر ستەم و تاوانەکانی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی، گیانیان لەدەست داوە. ئەو ژن و پیاوانەی لە ڕەوتی شۆرشی ژن، ژیان، ئازادیدا لە کوردستان خەڵتانی خوێنی خۆیان کران، لە ڕیزی نوێترین شەهیدانی کوردستانداندان.



سەرچاوە
Serchawe

### لە ئاوڕدانەوە لە کاروانی شەهیدانی کوردستاندا دوو خاڵ شایانی وەبیرهێنانەوەن:

١- ڕێژیمی ئێران لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش دەستی لە زەبروەشاندن لە تێکۆشەران و ئازادیخوازانی کورد نەپاراستووە، بە هۆی بۆمبارانی هەوایی و لەم ساڵانەی دواییدا مووشەکباران و بەکارهێنانی درۆن بنکە و ماڵی ئەوانی لەنێو قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستان کردووە بە ئامانج و دەیان تاوانی خوڵقاندووە. هەروەها لە هەرێمی کوردستان، لە تورکیە و وڵاتانی ئورووپایی، کردەوەی تێرۆریستیی بۆ لەنێوبردنی خەباتکارانی کوردی ڕۆژهەڵات بەکارهێناوە و ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕێبەران و سیما دیارەکانی ئەوانی بەم جۆرە شەهید کردووە.

٢- لە مەیدانی خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو ڕێژیمەدا، حیزبی دیموکرات بە تەنیا نەبووە، ژمارەیەک حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەگەڵ ئەو ڕێژیمە لە خەباتی سەخت و خوێناویدا بوون و باشترین و بەوەجترین ڕێبەران و تێکۆشەرانیان لە مەیدانەکانی ئەو خەباتەدا، گیانیان بەخت کردووە. کاتێک ئاوڕ لە کاروانی شەهیدان دەدەینەوە، دەبێ خەبات و تێکۆشانی ئەو ڕێکخراوانە و قوربانیدانی ئەوانیشمان لەبیر بێت و بەڕێزەوە ئاوڕیان لێبدەینەوە.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٨ی مارچی ٢٠٢٤

## پێشەوا قازی محەممەد، دەستپێکی ڕێگایەکی بێکۆتایی

**(بە بۆنەی یادی لەدایکبوونی پێشەوا قازی محەممەدەوە)**

مێژووی کورد قەرزداری ئەو کەسایەتییانەیە کە ڕۆڵی گرنگیان لە بەرەوپێشبردنی خەباتی ڕزگاریخوازیی ئەو نەتەوەیەدا هەبووە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مێژووی نوێی خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی، بە دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف، حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێکهاتنی کۆماری کوردستان، دەست پێدەکا.

دامەزرانی حیزبی دیموکرات و جمهووریی کوردستان، ئەو دوو ڕووداوە گرنگە مێژووییەن کە لەگەڵ ناو و کەسایەتیی گەورەپیاوێک لێک گرێ دراون. کەسایەتییەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئایینیی زانا و نیشتمانپەروەر کە لە هەلومەرجێکی گرنگی مێژوویی‌دا وەک خۆر درەوشایەوە و بە زانایی و لێکدانەوە و سەرکردایەتیی حەکیمانەی خۆی، کوردستانی ڕووناک کردەوە. ئەو کەسایەتییە، پێشەوای حیزبی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی جمهووریی کوردستان، قازی محەممەد بوو.

قازی محەممەد لە ١١ی بانەمەڕی ١٢٧٩ی هەتاوی (١ی مای ١٩٠٠ی زایینی) لە بنەماڵەیەکی بەناوبانگ، لە بنەماڵەی قازییەکانی مەهاباد دا لە دایک بوو. دایکی لە بنەماڵەی فەیزوڵلابەگی یەکان و باوکیشی، قازی عەلی، قازیی شەرع و کەسایەتییەکی بەڕێز و بەناوبانگی شاری مەهاباد بوو. قازی محەممەد لە سەردەستی باوکی، زانستە ئایینییەکانی خوێندوە، جگە لە زمانی کوردی، فارسی و عەرەبییشی بە باشی زانیوە، دواتر خۆی فێری زمانەکانی تورکی، ڕووسی و ئینگلیزی کردوە. لە ساڵی ١٩٢٦ەوە، سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە و فێرکردنی مەهاباد بووە و لە دوای مردنی باوکی لە ١٩٣١، بووە بە قازی شەرعی مەهاباد.

دوای ئەوەی کۆمەڵەی ژێکاف لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٩٤٢ لە مەهاباد دامەزرا، پاش ماوەیەک قازی محەممەدیش بوو بە ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە. زۆری نەبرد لە بەر لێهاتوویی و کەسایەتیی بەهێزی، ڕێبەرایەتیی ئەو کۆمەڵەیەی گرتەدەست. هەر بە پێشنیار و ڕێنیشاندانی ئەویش بوو کە لە سەر بناغەی کۆمەڵەی ژێکاف، حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزرا، بۆ ئەوە وڵامدەری ڕێبەرایەتیکردنی خەباتی ڕوو لە گەشەی نەتەوەی کورد لە هەلومەرجی نوێی ئەو سەردەمەدا بێ.

## بەشی چوارەم

لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی (٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦) حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەردەستی پێشەواکەی، قازی محەممەد لە چوارچرای شاری مەهاباد و لە میتینگێکی گەورەدا، جمهووریی کوردستانی ڕاگەیاند. قازی محەممەد لەو ڕۆژەدا، وەک سەرکۆمار سوێندی خوارد و وتاری پێشکەش کرد.

بە دامەزرانی حیزبی دیموکرات و جمهوریی کوردستان، کە قازی محەممەد، ڕۆڵی بنەڕەتیی لە هەردووکیان دا هەبوو، ناسیونالیزمی کورد و خەباتی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان، پێیان نایە نێو قۆناغێکی نوێوە. قۆناغی جاڕدانی دەوڵەتێکی کوردی و ڕۆیشتن لە سەر ڕێبازێک کە نەتەوەخوازی، دیموکراسیخوازی و پێکەوەژیانی بە تەبایی لە سەر بنەمای ڕێزگرتن لە یەکتری، ئاوێتەی یەک کردوە. ڕێبازێک کە قازی محەممەد بووە بە سەمبولی وهەر وا بەردەوامە.

لە ژێر ڕێبەرایەتیی قازی محەممەدی پێشەوادا بوو کە حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان بوون بە مەکۆی لێک کۆکردنەوەی چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان، بوون بە رووگەی نیشتمانپەروەرانی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و ڕوویان کردە مەهاباد، پێتەختی کۆمار.

قازی محەممەد، دەستپێکی ڕێگایەکی بێکۆتایی بوو. ئەو بە دامەزراندنی حیزبێک، کە ئاڵای دەستی ئەوی هەروا بە شەکاوەیی ڕاگرتوە، بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان کە پێشاندەری لێبڕاویی نەتەوەی کورد لە سەر ستاندنی مافی نەتەوەیی و ئازادژیانە، بە بیر و ئەندیشە و کردەوەکانی لە پێگەی یەکەم سەرکۆماری کوردستان دا، نەک هەر لە سەر سەردەمی خۆی، بەڵکوو کاریگەریی قووڵی لە سەر داهاتووی نەتەوەکەشی دانا.

بە وتەی دوکتور قاسملووی نەمر، "ئەو شەخسییەتە مەزنە لە مێژووی گەلی کورددا پلە و مەقامێکی تایبەتی و بەرزی هەیە کە پێویستە لاوانی تازە پێگەیشتوو لەگەڵی ئاشنا بن و لە ژیانی دەرس وەربگرن، هەر چەند تەمەنی زۆر درێژ نەبوو. پێشەوا قازی محەممەد لە شارستانییەت و زانستی تازە و هەروەها لە وەزع و ڕووداوەکانی جیهان بە تەواوی شارەزا بوو... لە زانستەکانی ئایینی و کۆمەڵایەتیدا دەستێکی باڵای هەبوو. لەگەڵ ئەوە کە ڕووناکبیرێکی پایەبەرز بوو، لە نێو خەڵکێکی ساویلکە و بەداخەوە بەشی زۆری نەخوێندەوار دەژیا، گوڵێک بوو لە سەحرا ڕوا بوو، بەڵام دیسانەکە لە گەلی خۆی نزیک بوو، دەرد و ئازار و هیوا و ئاواتەکانی زۆر باش تێگەیشتبوو. پێشەوا قازی هەموو زانست و تێگەیشتنی خۆی بۆ خزمەتی گەل تەرخان کردبوو... تێدەکۆشا کە ڕیزەکانی نێو خەڵکی کوردستان یەکگرتوو بکا."

١١ی بانەمەڕ، ڕۆژی لە دایکبوونی کەسایەتیی گەورەی کوردستان قازی محەممەدە. پێشەوای حیزبی دیموکرات و یەکەم

بەشی چوارەم

سەرکۆماری کوردستان لە ١١ی بانەمەڕی ١٢٧٩ (١ی مای ١٩٠٠) دا لە دایک بووە. ئەو رۆژە بە بۆنەی رۆڵی گرنگی قازی محەممەد لە مێژووی نەتەوەکەی دا بایەخی خۆی هەیە و پێویستە بایەخی تایبەتیی پێبدرێ.با ١١ی بانەمەڕیش، وەک ٢ی رێبەندان و ١٠ی خاکەلێوە و ٢٥ی گەلاوێژ، ببن بە بۆنەیەک بۆ ناسینی زیاتری پێشەوا و رێبەرێک کە ناو و یاد و رێگا و وتە و کردەوەکانی هەروا ئیلهامدەر و رێنوێنمانن.

**رۆژی لە دایکبوونی پێشەوا، رۆژی هەڵاتنی خۆری هیوایە. بە پڕشنگی ئەم خۆرە، رێگای خەبات بەرەو رزگاریمان، رووناک دەکەینەوە.**

**سەرچاوەکان:**

کتێبی "یادی ٦٠ ساڵەی شەهیدبوونی پێشەوا و هاوڕێیانی"

١- وتاری "خوێندنەوەیەکی مێژوویی فیکر و کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد" نووسینی: دوکتور یاسینی سەردەشتی
٢- روانگە و بۆچوونی کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان لە سەر پێشەوا (دوکتور قاسملووی نەمر)

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٣٠ی ئاوریلی ٢٠١٣

## ڕۆژی لە دایکبوونی پێشەوا، بۆنەیەکی نەتەوەیی و خەباتگێڕانە

١١ی بانەمەڕی ١٢٧٩(١ی مای ١٩٠٠) لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، کەسێک هاتە سەر دنیا کە دواترو لە دەیەی پێنجەمی تەمەنی دا، ڕێچکەیەکی لە مێژووی نەتەوەکەی دا رەنگرێژ کرد کە لە ماوەیەکی کەم دا، ئاراستەی ئەم مێژووە و چارەنووسی نەتەوەکەی گۆڕی.

قازی محەممەد، کە بەر لە هاتنیشی بۆ نێو کۆمەڵەی ژێکافو حیزبی دیموکراتی کوردستان، کەسایەتییەکی دیارو شوێندانەری مەهاباد بوو، لەو کاتەوە کە هاتە نێو کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، ئەو زەمینە و دەرفەتەی بۆ پێک هات کە ڕۆڵێکی گەورە لە ژیانی سیاسیی نەتەوەکەی دا، بگێڕێ. قازی محەممەد بوو کە لە سەر بناغەی کۆمەڵەی ژێکاف حیزبی دیموکراتی کوردستانی بنیات ناو، کردی بەو هێزە سیاسییە لە لایەکەوە خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە دەوری بەرنامە و ئامانجەکانی کۆبکاتەوە و لە لایەکی دیکە، بیکا بە نوینەری نەتەوەی کورد بۆ وتووێژو دانوستان لە گەڵ ئازەربایجانو سۆڤیەتو لایەنەکانی دیکە تا پشتی پێکهاتنی دەوڵەتێکی کوردی لەم ناوچەیە بگرن.

ئەوە هەر ناسراویو پێگەی ئایینیو کۆمەلایەتیی خۆیو بنەماڵەکەی نەبوو کە یارمەتیدەری بەرزبوونەوەی دەور و ڕۆڵی قازی محەممەد لە کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دیموکراتی کوردستان دا بوون. زانایی و ڕۆشنبیریی سیاسی و گشتیی ئەو کەسایەتییەو بیروباوەڕو هەڵسوکەوتی ئینسانی و شارستانی و دیموکراتانەی ئەو، هاندەری توێژە جۆراوجۆرەکانی خەلک و دۆستانی ئازەربایجانی و بیانییش بوون بۆ ئەوەی لە پێشەوەی خۆیان و لە ڕووبەرووی خۆیان دا، ڕێبەر و کەسایەتییەکی بەرپرس و جێگای متمانە بەدی بکەن.

قازی محەممەد، لە ماوەی کورتی سەرکۆمارییەکەیدا، وەها درەوشاییەوە، کە ڕووناکییەکەی بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر زەمانو مەکانی بڕی. ئەو دەسەلاتە کوردییەی پێشەوا قازی محەممەد سەرۆکایەتیی کرد، لە ماوەی یازدەمانگ لەسەرکاربوونیدا، لە ژێر ڕێبەریو کاریگەریی بیرکردنەوەو سیاسەتی ئەو کەسایەتییەدا نموونەیەکی ئەوەندە بەرزو گەش لە دەسەلاتدارەتیی خستەڕوو، کە کاریگەرییەکانی لە سەر ئازادیخوازانو خەباتکارانی کوردستان هەتا ئێستاش نەسڕاوەتەوەو بوون بە ڕووگەو سەرچاوەی ئیلهامی سیاسیی نەتەوەکەی.

پێشەوا قازی محەممەد، ئەگەر لە سەردەمی ژیانی سیاسی و لە چڵەپۆپەی دەسەلات و ڕێبەریدا، هەوێنی تەبایی و

بەشی چوارەم

یەکگرتوویی خەڵک و ڕەمزی ڕەتکردنەوەی بندەستیی نەتەوەیی و جاڕدانی دەوڵەتی کوردی بوو، لە شەهید بوونیشی دا، هەڵگری پەیامی سەردانەنواندن و پشتەنەکردن لە ئامانجی ڕزگاری بوو. ئەو بە بەرگرییە بوێرانە و مێژووییەکەی لە بێدادگای ڕێژیمی شایەتی و بە چوونی سەربەرزانەی بۆ سەر سێدارەی دوژمنان، بەو هەمووە دەسکەوت و ناوەرۆکە سیاسی و دیموکراتییە دەوڵەمەندەی لە ڕێگای کۆماری کوردستان و لە ماوەیەکی کورتی دەسەلاتدارەتیدا بەرهەمی هێنا، نەک هەر سەری خۆی، بەلکوو برگەیەکی هەستیار لە مێژووی نەتەوەکەشی بەرز کردەوە.

ڕێزگرتن لە ١١ی بانەمەڕ، ڕۆژی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەد، لە لایەک ڕێز گرتنە لە ڕێبەرو سەرکردەیەک کە زۆر لە شانازیو دەسکەوتەکانی مێژووی هاوچەرخی نەتەوەکەمان لە سەر دەستی ئەو بەرهەم هاتوون و لە دایک بوون، بۆ نموونە: دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە تەمەنترین حیزبی کوردی، دامەزرانی جمهووریی کوردستان یەکەم دەسەڵاتی مودێرنی نەتەوەیی، هاتنە دنیای ئاڵای کوردستان، پێکهاتنی هێزی پێشمەرگە و چەندین دەسکەوتی دیکە. لە لایەکی تریشەوە ڕێزگرتن لە بیرەوەریی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەد، نیشاندانی وەفادارییە بەو ئامانجانەی ئەو سەرکۆمارە گیانی خۆی لە پێناویاندا بەخت کرد، پێداگرتنەوەیە لە سەر ڕێگا و ڕێبازێک کە پێشەوای شەهید خستیە بەر دەمی نەتەوەکەی، ڕێگای ڕزگاربوون لە بندەستی و ڕێبازی بە سەربەستیو بە سەربەرزیی ژیان.

نابێ هەر وا بە سادەیی بەلای سەدوپازدەهەمین ساڵرۆژی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەددا کە دەبێتە ١١ی بانەمەڕی ئەمساڵ، تێپەڕ بین. لە نێوخۆی وڵات و لە ژێردەسەڵاتی دوژمنانی ئاوات و ئامانجەکانی پێشەوای ڕێبەرو ڕێنیشاندەردا، ڕۆژی لەدایکبوونەکەی پێویستە وەک بۆنەیەکی نەتەوەیی و خەباتگێڕانە بە شکۆیەکی تایبەتەوە، یادی بکرێتەوە. لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و لە هەر جێگایەک کوردستانیان دەژین، ڕێزگرتن لەم بۆنەیەو، بە ڕێزەوە یادکردنەوەی هزرو ئەندیشەو پەیام و هەڵوێست و ئامۆژگارییەکانی ئەو کەسایەتییە مێژووییە،

پێویستە بە ئەرکێکی نەتەوەیی دابنرێ. با گیانی سەرکۆماری شەهیدمان پێشەوا قازی محەممەد لە بەرزایی مێژوودا، شاد و شایەد بێ کە نەتەوەکەی بە قەدرزانی و پێزانینەوە ڕێگای ئەو، کە ڕێگای ڕزگاریی خۆیانە، درێژە دەدەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئەپریلی ٢٠١٥

## کارەساتی ١٧ی خەرمانان (کاریگەرییەکان، ئەزموونەکان)

### پێشەکی:

ساڵێک لەمەوبەر ڕۆژی ٨ی سێپتەمبر(١٧ی خەرمانان)، سوپای پاسدارانی ڕێژیمی تاوان و تیرۆر، هێرشی مووشەکیی کردە سەر پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان. لە قەڵای دێموکرات کە شوێنی بەڕێوەچوونی پلینۆمەکە بوو ١٤ کەس شەهید بوون کە ٦ کەسیان ئەندامی ڕێبەریی حیزب بوون. نزیک بە ٤٠ کەس ژن و منداڵ، کادر و پێشمەرگەش بەم هۆیەوە بریندار بوون. لە فێرگەی سیاسیی نیزامیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش دوو مامۆستای فێرگە، بە هۆی پەلاماری مووشەکیی ئەو ڕۆژە شەهید بوون. هەر لە بەرەبەیانی هەمان ڕۆژیشدا ٣ بەندیی سیاسیی کورد لە دار دران. ٢ ڕۆژ دواتر واتە ڕۆژی ١٩ی خەرمانانیش بەندییەکی دیکەی کورد، بە تاوانی سیاسی لە دار درا.

### هۆکار و هاندەرەکانی مووشەکبارانی پلینۆمی حیزبی دیموکراتی کوردستان

**بۆچی کۆماری ئیسلامی ڕۆژی١٧ی خەرمانان، بە مووشەکی دوورهاوێژ لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی دا؟**

لە ڕووی نێوەرۆکەوە: بزووتنەوەی کوردستان هەر لە ڕۆژی یەکەمی هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، چەقڵی چاوی ئەو ڕێژیمە بووە. چونکە هەر لە سەرەتاوە "نا"ی پێ گوتوە و ئامادە نەبووە بێ داننانی بە مافەکانی گەلی کورد، مل بۆ حاکمیەتەکەی دانەوێنێ. سەرەڕای هەموو هەوڵێکی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوت و تێکشکاندنی ئەو بزووتنەوەیە، بزووتنەوەکە هەر بەردەوامە و هەڕەشەیەکی "بالقوە"یە بۆ سەر مانەوەی ڕێژیم. شتێکی چاوەڕوانکراوە کە کۆماری ئیسلامی هەر کات دەرفەتی گونجاوی بۆ هەڵ بکەوێ، زەبر لەو بزووتنەوەیە و بە تایبەتی هێزە چالاک و شوێندانەرەکانی نێو ئەم بزووتنەوەیە بوەشێنێ.

لە باری سیاسییەوە: کۆماری ئیسلامی هەم لە نیوخۆ لەگەڵ ناڕەزایەتیی سیاسی و ئابووریی خەڵک بەرەوڕوو بوو، هەم لە دەرەوەڕا بەرەوڕووی دەورێکی تازە لە گوشاری سیاسی و گەمارۆی ئابووری ببۆوە. هاتنەدەری ئەمریکا لە بەرجام وای کردبوو لەنێوخۆ دۆخی ئابووریی ئێران شپرزەتر بێ و خەڵک پتر ناڕازی ببن. لەئاستی نێودەوڵەتیشدا، مەیدان لەو ڕێژیمە پتر تەنگ دەکرایەوە. کۆماری ئیسلامی پێویستی بەوە هەبوو کە بەخەڵکی ئێران، بە هاوپەیمانەکانی و تەنانەت بەو وڵات و

ڕێژیمـانەی دژی ئـاژاوەگێڕی و دەسـتێوەردانەکانی لە نـاوچەدان، بڵـێ "اقتـدار"م هەیە و دەتـوانم لە دەرەوەی سنوورەکانیشـم هەر غەڵەتێکی پێم خۆش بێ بیکەم و حیسێب بۆ دنیا ناکەم!

لە ڕووی نیزامییەوە: کۆمـاری ئیسلامی لەمێژ سـاڵە بە توانـای مووشەکسـازیی خـۆی دەخـوڕێ. هەرکـات هەسـتی بەوە کـردوە خەریـکە ڕووبەڕووبـوونەوەیەکی جیـددی بەرامـبەر دەسـتێوەردانە ناوچەییەکـان و مەیدانـدارییەکانی لە سـووریە، لوبنـان، یەمەن، عێـراق و هتـد وەڕێ دەکەوێ، پەنـای بـردووەتە بەر نیشـاندانی توانـای مووشـەکیی خـۆی. جـا بە تـاقیکردنەوەی مووشـەکەکانی بـووە، یـا هاویشـتنیان بەرەو وڵاتێکـی دیکە. پێشـتر(٢٠١٧) "دیرالـزور" و "ڕەقە"ی لە نێوخـاکی سـووریەدا کردبـووە ئامـانجی مووشـەکەکانی. ئەمجـاریش دەبـوایە نیشـان بـدا کە - ئەگەر ناچـار بـێ - ئامـادەیە لە دژی نەیـاران و بەرهەڵـستکارانی خۆوڵاتییش - ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی خـۆی - ئەم مووشەکانە بەکـار بێنـێ. دیـارە چەنـد سـاڵێکە جگە لە مووشەکەکانی، توانای پەهبادیی خۆیشی زۆر گەورە نیشان دەدا. لە هێرش بـۆ سـەر قەڵای دیموکڕات وێڕای نوانـدنی توانـا مووشەکیەکەی، پەهبادەکانی خۆیشی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بۆ کاری نیزامی بە کار هێنا.

لە بـاری تەبلیغـاتییەوە: پلینـۆمی کـۆمیتەی ناوەنـدیی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان، هەم لە شـوێنێکی دیـاریکراو بەڕێـوە دەچـوو، هەم لە کـاتێکی دیـاریکراودا. حیزبـی دێمـوکرات هەوڵێکـی ئەوتـۆی بـۆ شـاراوەبوونی کـات و شـوێنی پلینـۆمەکەی نەدابـوو. ئامادەکارییەکیشـی بـۆ بەرگریـی هەوایـی لە خـۆی نەکردبـوو (ئەمە بەو مانـایە نیـیە کە لە جێـی خۆیـدا ئەم کەمتەرخەمییە جێگەی ڕەخنە نەبێ). ئەوەی تـا ئەو کات زیـاتر پێشبینیکراو و چاوەڕوانکراو بوو، سوود وەرگرتنـی ڕێـژیم لە شێوازەکانی دیکەی زەبر وەشاندن و کردەوەی تیرۆریستی، بۆ وێنە دانانەوەی بۆمب بوو. بەڵام بۆ سوپای پاسـدارانی کۆمـاری ئیسلامی زۆر گرنگ بوو بە مووشەک لە شوێنی پێکهاتنی پلینۆم بدا. هەم زەبـرە سیاسی و نیـزامییەکە لە حیزبـی دێمـوکرات گەورەتر دەبوو، هەم دەنگدانەوە و کـاریگەرییە ڕەوانییەکـانی لە سـەر حیـزب و خەڵـک، زیـاتر دەبـوون. هەر لەو کاتەشـدا، دەیتوانی لە سەر وردی و ڕادەی ئامانج پێکانی مووشەکە دوورهاوێژەکانی، هەر وەهـا توانـای ئیتلاعـاتیی خـۆی - کە گـوایە زانیاریی وردی لە کات و شوێنی بەڕێوەچوونی پلینۆم هەیە - مانۆڕ بدا.

### کاریگەرییەکانی تاوانەکانی ١٧ی خەرمانان:

مووشـەکبارانی بنکەکـانی حیزبـی دێمـوکرات و هاوکـات ئێعـدامی پۆلێـک بەنـدیی سیاسیی کـورد لە ڕۆژی ١٧ی خەرمانانـدا، لەبـاری سیاسـی، نەتەوەیـی و خەبـاتخوازیی کـوردەوە، ئاکـامێکی جیـاواز لەبەراورد و هەڵسـەنگاندنەکانی دەسـەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی لێ کەوتەوە. چونکە:

### داننان بە مانەوە و لەشکاننەهاتوویی بزووتنەوەیەک بوو

تاوانە هاوکاتەکانی ڕۆژی ١٧ی خەرمانان، جۆرێک داننانی ڕێژیم بوون بە مانەوە و بەردەوامیی هێزە سیاسییەکان و، نیشاندانی ترس بوو لە چالاکی و تێکۆشان و نفووزیان لە نێو خەڵکدا. ئەگەر بزووتنەوەیەک لە گۆڕێدا نییە و، هێزەکانی نێو ئەو بزووتنەوەیە لەنێو خەڵک نفووزیان نییە و، بۆ سەر ئەو ڕێژیمە بە مەترسی دانانرێن، بۆ چی بە چەکێکی "غیر متعارف" یا بەکارهێنانی ناباوی چەکێکی ئەوتۆ لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران لێیان دەدا؟ بۆ چی ئەندامان و لایەنگرانیان ئێعدام دەکا؟

### پرسێکی نەتەوەیی و سیاسی چووە ئاستێکی گشتی و ئاشکرا

کارەساتی ١٧ی خەرمانان بووە هۆی ئەوە پرسی حیزبە سیاسییەکان و خەباتەکەیان کە پێشتر لەنێو کۆمەڵ بە پارێزەوە و لە سنوورێکی داخراو و لە ژێرەوە قسەی لەسەر دەکرا (زیاتر لە بازنەی ئەندامان، لایەنگران و نزیکانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان) بێتە ئاستی سەرەوە، ببێ بە جێگای سەرنجی گشتی و، بە ئاشکرا قسەی لە سەر بکرێ.

### هاوخەمی و هاوپێوەندیی گشتی و نەتەوەیی و، هەڵوێستی جەماوەریی شیاوی لێ کەوتەوە

تاوانەکانی ١٧ی خەرمانان کە بە ئامانجی وەشاندنی گەورەترین زەبر لە هێزێکی سیاسی و، ترساندنی خەڵک لە درێژەی هاوکاری و پشتیوانیی هێزە سیاسییەکان بەڕێوە چووبوون، ئاکامێکی پێچەوانەیان لێکەوتەوە. لە ئاستی جۆراوجۆردا، هاوخەمی و هاوپێوەندی بەرامبەر حیزبی دیموکراتی کوردستان و ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی لەم ڕۆژەدا، کۆماری ئیسلامی قوربانیی لێ ئەستاندن، وەڕێ کەوت. هەم لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات، هەم لە هەرێمی کوردستان، هەم لە ڕادەی دیاسپۆرای کوردیدا شاهیدی هاوپێوەندی و هاوخەمی بووین. بەڵام لە هەمووی گرنگتر مانگرتنی گشتی و سەرانسەریی ڕۆژی ٢١ی خەرمانانی خەڵکی ڕۆژهەڵات بوو کە یەک مانای هەبوو: خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشتیوانی هێزە سیاسییەکانی خۆیانن و هەر وەک رابردوو ئەو ڕێژیمەیان ناوێ.

### بووە هۆی یەکهەڵوێستیی هێزە سیاسییەکان کە هاندەری جووڵاندنی توانای بەربەرەکانی خەڵک بوو

کەمتر وا هەبووە حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە بارەی ڕووداوە سیاسییەکان، هەڵوێستیان وەک یەک

بووبی، یا بە یەکەوە و هاودەنگ هەڵوێستی وەک یەکی خۆیان ڕاگەیاندبێ. بەڵام بە دوای تاوانەکانی١٧ی خەرمانان، زۆربەی ئەو حیزب و ڕێکخراوانە، کۆدەنگ و هاوکار بوون لە ڕووبەڕووکردنەوەی داوا و چاوەڕوانیی وەک یەکی خۆیان لە خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان کە بریتی بوو لە وەڕێخستنی مانگرتنی گشتی و پێشاندانی ناڕەزایەتیی خۆیان لەم تاوانانە. ئەم یەکگرتوویی و یەکهەڵوێستی و هاودەنگییە، هاندەری خەڵک بوو بۆ باشترین بە دەنگەوەهاتن لە ٢١ی خەرماناندا بە جۆرێک کە مانگرتنێکی گشتی و سەرانسەری بە پشتیوانی لە بزووتنەوەکەی خۆیان وەڕێ بخەن.

## ئەزموونەکان:

هەگبەی ئەزموونەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی کارەساتی ١٧ی خەرمانان و لێکەوتەکانیدا، هەم لایەنی ئەرێنیی تێدایە، هەم لایەنی نەرێنی.

## ئەزموونە ئەرێنییەکان:

### سەلماندنی بەردەوامی لە خەبات و تێکۆشاندا

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لەم ڕۆژەدا گەورەترین زەبری وێ کەوتبوو، هەر وەها هێزە سیاسییەکانی دیکەش کە بەردەنگی هێرش و پیلانەکانی ئەم ڕێژیمەن، دوای ئەو ڕووداوەش هەروا لە خەبات و تێکۆشانیان لە بواری جۆراوجۆردا بەردەوامن. خەڵکیش لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات، لە پێشوو ڕاشکاوانەتر بۆ داکۆکی لە مافەکانی خۆیان، بۆ بەرگری لە شوناسی خۆیان لە مەیداندان. بۆ جارێکی دیکەش بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی کوردستان و بە دیاریکراوی حیزبی دێموکرات، ئەوەیان سەلماندەوە کە ئەم جۆرە زەبرانە لەگەڵ هەموو بە ژانبوونەکەیان، ئەوان لە سەر خەباتی دژی ئەو ڕێژیمە شێلگیرتر دەکەن.

### ناسینی زیاتری دڕندەیی ڕێژیم

هەرچی ئەم ڕێژیمە پتر لە داهاتوو و مانەوەی خۆی نیگەران بێ، دڕندەیی پتر بەرامبەر هێزە بەرهەڵستکارەکانی دەنوێنێ. کوردستان بە پێشینەی ٤٠ ساڵ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو ڕێژیمە، بە بوونی هێزی سیاسیی چالاکی خاوەن ڕابردوو و خاوەن پێگەی جەماوەری، بە بوونی ئامادەیی خەڵک بۆ پشتیوانی لە هێزە سیاسییەکان، هەمیشە جێگەی نیگەرانیی کۆماری ئیسلامی و بەردەوام ئامانجی بەرنامە و پیلانەکانی هێز و دەزگا تیرۆریستی و سەرکوتکەرەکانیەتی. بۆ زەبر وەشاندنیش،

ڕێـژیم ئامـادەیە هەمـوو جـۆرە سنوورێک ببەزێنـێ و تەنـانەت کـاریگەرترین چەکەکـانی و پڕمەترسیترین هێـرش و پیلانـی تیرۆریسـتی لە دەرەوەی سـنوورەکان، بەکـار بێنـێ. ئەوەش کە هێزێکـی سیاسـیی کـورد بـڕوای بە شـێواز و چارەسـەری ئاشـتیخوازانەی پرسی کـورد لە ئێـران هەبـێ بەڵام لە سـەر پرسـی نەتەوەکەی شێلگیر و شوێندانەر بـێ، لە ڕوانـگەی ئەو ڕێژیمە پتر مەترسییە و زیاتر دەیکا بە ئامانجی هێرش و پیلان.

## بەرجەستە بوونەوەی پێویستیی تەبایی و یەکگرتوویی

دڕندەیی نواندنی ڕێـژیم بە هـۆی تـاوانی ١٧ی خەرمانـان لە دژی حیزبـی دیموکراتی کوردسـتان، پەیامێک بـوو بـۆ سـەرجەم هێـزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات: دوور نییە ئەم جـۆرە هێـرش و تـاوانە لە داهاتووشـدا دووپـات ببـنەوە. ڕووبەڕوو بـوونەوە لەگەڵ هێـرش و پیلانـی گەورەی لەم چەشـنە و ناکامەکانیشـی، لە ئەگەری بەردەوامیـی نـاکۆکی و پەرتەوازەیـی ڕێکخـراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، زۆر دژوارتر دەبێ. ئەم پەیامە لە لایەک، هەر وەهـا پەیامێک کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، بە مانگرتنی یەکگرتووانەی خۆیـان لە ڕۆژی ٢١ی خەرمانانـدا بۆ حیزبە سیاسییەکانیان نـارد، سـەرنجی ڕێژەیەکـی زیـاتر لە ڕێبەران، تێکۆشەران و ئەندامانی حیزبەکانیان بۆ لای پێویستیی تەبایی و یەکگرتـوویی نێـوان ئەو هێزانە ڕاکێشـاوە. ئەمە داوایەکی ڕاشکاوانەیە کە بەرەوڕووی ئەو حیزب و ڕێکخراوانە کراوەتەوە و خۆ لێبواردنیشی وەک پێشوو، هـاسان نییە.

## ئەزموونە نەرێنییەکان:

### نەبوونی هەوڵی پلانمەند و جیددی بۆ بە نێودەوڵەتیکردنی کەیسی تاوانەکانی ڕێژیم

لە یەک ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو کات زیاتر کەوتبووە ژێر گوشاری دەرەکی و، تەنانەت سوپـای پاسداران کە گەورەترین ڕۆڵی هەبووە لە تـاوانەکـانی ئەو ڕێـژیمە دژی خەڵکی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، لە لایەن ئەمریکـاوە بە تیرۆریسـت ناسرا. بەو زەمینە لەبـارەشەوە، سەرەڕای گەورەیی کارەساتی ١٧ی خەرمانان و وێـڕای ئەو هەمـووە تـاوانـانەش کە ئەم ڕێژیمە پێشـتر بەرامبەر خەڵکی کوردسـتان ئەنجـامی داون، بە داخەوە هەوڵێکـی جیـددی، بەیەکەوە و پلانمەنـد لە لایەن حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵات بۆ بردنی ئەم جۆرە کەیسانە بۆ نێو کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتی، بەدی نەکرا.

## درێژەی ملبەملەی ڕێکخراوەیی

ئەگەرچی شەقامی ڕۆژهەڵات و زۆرینەی خەڵکی بەشدار لە تێکۆشان و چالاکیی سیاسی (بە حیزبی و ناحیزبییەوە)

داواکاری یەکگرتوویی و هاوپەیمانیی نێوان حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانن، بەڵام هێشتا ملبەملەی ڕێکخراوەیی و زاڵبوونی بەرژەوەندیی ڕێکخراوەیی بە سەر بەرژەوەندی گشتیدا- لە ئاستی هەرە سەرووی حیزبەکاندا- ، ڕێگر بووە لە پێکهاتنی گۆڕانێکی گەورە و هومێدخوڵقێن. لەگەڵ ئەوەی بەردەوامیی هاوکاریی نێوان چوار حیزبی ڕۆژهەڵاتی لە چوارچێوەی "ناوەندی هاوکاری"دا، شتێکی ئەرێنییە، بەڵام ئەم هاوکارییەش هێشتا لە سنوورێکی بەرتەسکدایە و ئاستێکی بەرزی نەبڕیوە.

## مانەوەی هاوکاریی پێشمەرگانە و ئەمنیەتیی نێوان ڕێکخراوە سیاسییەکان لە ئاستێکی نزمدا

سەرەڕای بەرجەستەبوونەوەی مەترسییەکان و هەڕەشەکانی ناوەندە سوپایی و ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کە لە هەرێمی کوردستان جێگیرن، هاوکاری لە بوارەکانی چالاکیی پێشمەرگانە، ئاڵوگۆڕی زانیاری و هاوکاریی ئەمنیەتی بۆ بەرپەرچدانەوەی هەرەشە و پیلانەکانی ڕێژیم، نەچووە ئاستێکی بەرزتر لە هی پێشوو.

## دەرئەنجام:

تاوانەکانی ١٧ی خەرمانان، ئەگەر ئاماژەیەکی بەهێز بوون بۆ سووربوونی کۆماری ئیسلامی لە سەر وەشاندنی زەبری لە جاران قورستر لە ڕێکخراوە سیاسییەکان، مانگرتنی ٢١ی خەرمانان و بەردەوامیی ڕەهەندە جیاوازەکانی خەبات لە نێو ڕۆژهەڵات و دەرەوەی سنوورەکانیش پەیامێکی ڕاشکاو بوون بۆ سەلماندنی پێوەندیی بەهێزی نێوان خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی خۆیان لە لایەک و، بەچۆکدانەهاتن و شێلگیری لە خەبات بەرامبەر ئەو ڕێژیمە. بەڵام ئەو بەردەوامبوونە بە تایبەتی لە قۆناغێکدا کە کۆماری ئیسلامی پێویستی بە نواندنی دڕندەیی زیاترە، جگە لە ئیرادەی خەباتگێڕانە، شتێکی گرنگی دیکەشی پێویستە: یەکگرتن، هاوکاری و هاوپەیمانیی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لەگەڵ یەکتر و، خەبات و تێکۆشانی پێکەوە و پشتبەستوو بە یەکتر لە هەموو ئاست و بوارەکاندا. ئەمە گرنگترین وانەی خەرمانانی کەوتن و هەستانەوەیە، ئەگەر ئەو حیزب و ڕێکخراوانە بە باشی لێی تێگەیشتبن!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ چی کۆماری ئیسلامی حیزبی دیموکراتی دایە بەر پەلاماری مووشەکی؟

دەمەوێ بچمە سەر ئەو هۆکارانە کە بوونە هۆی ئەوە کۆماری ئیسلامی پەنای بۆ ئەو کردەوە وەحشیانەیە برد. ئێوەش دەزانن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە تایبەتی ئێستا لە نێوخۆی دا لە گەڵ قەیراناویترین دۆخی خۆی بەرەوڕووە. یانی لە مێژووی کۆماری ئیسلامی دا هیچ کات بە قەت ئێستا ئەوەندە لە نێوخۆ لە گەڵ قەیرانی جۆراوجۆر و لە دەرەوەش لە گەڵ گوشاری نێودەوڵەتیدا، بەرەوڕوو نەبووە. ئەمە وای کردوە ئێعترازاتێکی بەرین کە ئێمە لە یەکساڵی ڕابردوودا دیومانە لە لایەن خەڵک لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێرانەوە بەرەوڕووی ئەو ڕێژیمە بۆتەوە. بەڵام ئەو ڕێژیمە بێجگە لە سەرکوت نەک وڵامێکی بۆیان نەبووە، نەک هەر نەیتوانیوە کێشەکان چارەسەر بکات، دوای ئەوەی ئەمریکا لە بەرجام چووە دەر و ئەو گوشارانەی سەرلەنوێ لە سەر ئێران زیندوو کردنەوە، ئەوەندەی دیکەش کەوتووەتە تەنگانە و ئەوەندەی دیکەش کەوتووەتە ژێر فشاری دەرەکی و لە ژوورەوەش کێشەکانی هەر ڕوو لە زیادبوونن.

ڕێژیمی ئێران بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ لای دەرەوەی سنوورەکانی و، بۆ ئەوەش لە ژوورەوە بە ڕاحەتی بتوانێ سەرکوت بکا، لە دەرەوەی سنوورەکانی دەیهەوێ مانۆڕ بدا. لە لایەک بۆ ئەوەی بە خەڵک بڵێ کە ئێمە لە ژێر هەڕەشەی دەرەکی داین و پێویستە دان بە خۆتاندا بگرن و هیچتان نەوێ، لە لایەکی دیکە بۆ چاوترساندنی خەڵک و چاوترساندنی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن، دەیهەوێ لە دەرەوەی سنوورەکانی بە دڕندانەترین شێوە توند و تیژی بنوێنێ. لەو لاشەوە کە بە بۆنەی دەخالەتی لە وڵاتانی ناوچە دا کەوتووەتە ژێر گوشار، دیسان بڵێ ئەمن هەم و عەرزی ئەندام دەکەم و ئەوەتا لەو ناوچەیەدا قودرەتنەمایی دەکەم.

ئەمانە لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە بزووتنەوەی کوردستان لە تەواویەتی خۆیدا و حیزبی دیموکراتی کوردستان بە تایبەتی، لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە، مەترسیەکن بۆ حاکمیەتی ئەو ڕێژیمە. چونکە دەزانێ ئەم بزووتنەوەیە و ئەم حیزبە ئەوەندە ڕیشەدارن، ئەوەندە خاوەن پوتانسیەلن، ئەوەندە خاوەن پشتیوانن کە لە هەر لاوازبوونێکی دەوڵەتی مەرکەزیدا، بە ئاسانی دەتوانن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ڕێک خەن و کۆتایی بە تەمەنی ئەو ڕێژیمە بێنن. شۆخی نیە ئێمە دەبینین لە ماوەیەکی کەمدا دوو پیلانی گەورە لە دژی حیزبی دیموکرات بەڕێوە چوون. دوو ساڵ لەمەوبەر شاهیدی تەقینەوەیەکی تێرۆریستی بووین لە دژی حیزبی دیموکرات کە کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی لێ ئەستاندین. ئەویش وەک ئەم هێرشەی ئەمجارە هەدەفێکی کۆمەڵکوژانەی هەبوو، وێڕای زەبروەشاندن لە حیزبی دیموکرات دەیەویست هەر چی زیاتر

تێکۆشەران لە ئێمە بستێنێ و شەهیدیان بکا. هەمووی ئەوانە بوون بە هۆی ئەوە کە کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی سنوورەکان بکەوێتە سەرکوتکردن و دڕندەیی نیشاندان و بۆ یەکەم جار لە دژی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە دەرەوەی سنوورەکان مووشەکی دوورهاوێژ بە کار بێنێ، بە مووشەک زەبریان لێ بوەشێنێ. لە لایەکی دیکەوە هەر لەو ڕۆژە دا کۆمەڵێک لە بەندییە سیاسییەکانی کورد لە زیندانەکانی ئەو ڕێژیمە دا ئێعدام بکا و گیانیان لێ بستێنێ.

ئەو دڕندەییە کە هاوکات نیشانی دا، بۆ ئەوە بوو بە تەواوی خەڵکی کوردستان مەرعووب بکا، بەڵام ئیستا کە حەوتوویەک بە سەر ئەم کارەساتەدا ڕابردووە، ئێمە دیتمان هێزە سیاسییەکان و گەلی کورد بە جۆرێکی دیکە بەرەوڕووی ئەو تاوانە دڕندانەیەی کۆماری ئیسلامی بوونەوە. لە جیاتی ئەوەی چاوترسێن بن ، لە جیاتی ئەوەی سەریان بەرنەوە نێو قاپێلکی خۆیان و بێدەنگ بن، جارێکی دیکە ڕوویان کردەوە خەڵکی کوردستان کە ڕووگەی ئەسلیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دیکەن و هەر وەک لە یەکەم بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا هاتبوو، خەڵکی کوردستان دەبوایە وڵامێکی شیاو بەو تاوانانەی ١٧ی خەرمانان بداتەوە. دواتریش کە بە خۆشییەوە ئەو هاودەنگییە لە نێو هێزە سیاسییەکان دا دروست بوو، ئێوە دەبینن کە لە بەیاننامەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانیشدا داوا لە خەڵکی کوردستان دەکرێ کە بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی نەتوانێ چی دیکە درێژە بە کوشتنی بەندییە سیاسییەکان بدا، نەتوانێ گیانی تیکۆشەرانی گەلی کورد بەو شێوەیە دڕندانەیە بستێنێ ، پێویستە وڵامێکی ددانشکێنی بدرێتەوە. ئەو مانگرتنە گشتیە کە ڕۆژی ٢١ی خەرمانان بەڕێوە چوو، ئەو وڵامە ددانشکێنە بوو کە خەڵکی کوردستان دایەوە. بۆیە خەڵکی ئێمە لە باتی چاوترسێن ببن، ئەوەی ئەرکیان بوو ئەنجامیان دا. دەبوو نیشانی بدەن کە حیزبی دیموکرات و تیکۆشەرانی گەلی کورد، ئەوانەی لە زیندان وەکوو بەندیی سیاسیی ئیعدام دەکرێن، ئەوانەی لە دەرەوەی سنوورەکان تێرۆر دەکرێن و بە مووشەک و بە بۆمب گیانیان لێ دەستێندرێ، ڕۆڵەی ئەوانن و ئەو خەڵکە پشتیان تێ ناکا. دەبوو بە کۆماری ئیسلامی بسەلمێنن کە ئەم ڕێژیمە پێگەی نیە لە نێو خەڵکی کوردستان دا.

(*) بەشێک لە قسەکانم لە ڕێوڕەسمی شەهیدانی قەلای دیموکرات و تیرۆری میکۆنووس(خەرمانانی ساڵی رابردوو، کۆڵن - ئەڵمان)

سەرچاوە: فیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

## خوێندنەوەیەک بۆ هۆگریی خەڵکی رۆژهەڵات بە "پێشمەرگە" و "ئاڵای کوردستان"

لە ماوەی دوو حەوتووی رابردوودا شار و گوندەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان مەیدان و شایەدی چالاکیی بەرینی هۆگران و ئەویندارانی "پێشمەرگە" و "ئاڵای کوردستان" بوون.

ئەمساڵ بە شێوەیەکی بەربڵاوتر لە ساڵانی رابردوو، دڵسۆزان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، تێکۆشەرانی گۆڕەپانی خەباتی نهێنی، لە دوو حەوتوو پێشترەوە، بە پێشوازی ٢٦ی سەرماوەز، رۆژی ئاڵا و رۆژی پێشمەرگەی کوردستانەوە چوون. ئەم پێشوازییە زیاتر لە شێوەی نووسینی دروشمگەلی تایبەت بەم بۆنانە و بڵاوکردنەوەی تراکتەکانی پێوەندیدار بە رۆژی ئاڵا و رۆژی پێشمەرگە و هەڵکردن و هەڵاوەسینی ئاڵای کوردستان لە شوێنە بەرچاوەکان، خۆی دەرخست. سەرنجراکێش ئەوە بوو کە هەر چوار پارێزگەی رۆژهەڵاتی کوردستان، پارێزگاکانی: ورمێ، سنە، کرماشان و ئیلام، مەیدانی بەڕێوەچوونی ئەم جۆرە چالاکی‌یانە بوون.

یادکردنەوە و بەرزراگرتنی بیرەوەریی لە دایکبوونی ئاڵای کوردستان و هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەویش لە ئاستی سەرانسەری و بە بەشداریی رێژەیەکی زۆر لە دڵسۆزان و هۆگرانی هێزی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان، لە چەند بارەوە جێگای سەرنج و هەر لەوکاتەدا مایەی شادی و شانازییە. ئاماژەیەکی کورت بە هێندێک لەو رەهەندانە دەکەین:

### نێوەرۆکی خەباتکارانە و خەباتخوازانەی چالاکی‌یەکان:

بەشداریی بوێرانە و بەربڵاوی لاوەکان لەم جۆرە حەرەکەتانەدا، بوونی وزە و پوتانسیەلێکی گەورە بۆ تێکۆشان و خەبات دژی دیکتاتۆری و بندەستی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، دەسەلمێنێ. سەرەڕای لە ژێر چاوەدێریدابوونی زۆربەی ئەو شوێنانەی کە لەم جۆرە بۆنانەدا دەبنە مەیدانی چالاکیی هۆگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا، سوپای پاسداران، ئیدارەی ئیتلاعات، بەسیج و بەگشتی بەکرێگیراوەکانیان لە سەروبەندی بۆنە حیزبی و نەتەوەییەکاندا دەکەونە حالەتی ئامادەباش، تێکۆشەرانی گۆڕەپانی خەباتی نهێنی، لە زەبروزەنگ ناپرینگێنەوە و تەلیسمی ترس و سەرکوت دەشکێنن. دیارە بەشێک لە بەشدارانی ئەم جۆرە چالاکیانە ئەندام و لایەنگری حیزبی دێموکراتی کوردستانن و بە رێنوێنی و هاندانی تەشکیلات و راگەیاندنی حیزبەکەیان، ئەم جۆرە چالاکیانە دەکەن. بەڵام بە دڵنیاییەوە بەشێکی بەرچاو لەو

لاوانەی بەشداری ئەم جۆرە چالاکیانە دەبن، تەنیا کوردایەتی و هەستی نەتەوەیی و پێوەندییەکی مەعنەوی بە حیزبی دێموکرات و هێما شۆڕشگێڕی و نەتەوەییەکان دەیانبەستێتەوە، ئەگینا لەگەڵ حیزب و تەشکیلاتە نهێنییەکەی پێوەندییەکی ڕێکخراویان نیە. بەو حاڵەش چونکە حیزبی دێموکرات و پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان، لە لای ئەوان خۆشەویستن، هەروەها بەو هۆیەوە کە تێکۆشان و چالاکی بە دژی ڕێژیمی دیکتاتۆر و دژەکوردی کۆمای ئیسلامی و دەزگا سەرکوتکەرەکانی بە جۆرێک لە خەبات و بەربەرەکانیی شۆڕشگێڕانە دەزانن، خۆویستانە تێکەڵ بەم جۆرە چالاکیانە دەبن.

## بە ڕەوا زانینی بەرگریی چەکدارانە بەرامبەر دوژمنان و ڕێز لێگرتنی:

ڕێزگرتن لە وشە و ناوی پێشمەرگە و بەرز ڕاگرتنی یادی بەرگری و فیداکارییەکانی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزە پەلاماردەر و سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمە دژبەکوردەکان، لەو بڕوایەوە سەرچاوە دەگرێ کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی زەوتکەرانی مافە نەتەوەییەکانمان و سنووردانان بۆ هێرش و دەستدرێژی و تاوانەکانیان، بەرگریی ڕەوا و وەدەست هاتن بە چەکیش پێویستە. گەلی کورد کە چاوی تەماعی نەبڕیوەتە خاکی هیچ نەتەوەیەکی دیکە و هەموو جارێش بە ڕێگای هێمنانە و ئاشتیخوازانە، داخوازەکانی خۆی بەرەوڕووی ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکان لە ئێران و عێراق و تورکیە و سوریە کردووەتەوە، هەر کات لە جیاتی ڕێزگرتن لە داواکانی هێرشی کراوەتە سەر، بە چەکیش بەرگریی لە مان و خاک و شوناسی خۆی کردوە. ڕێزگرتنی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ٢٦ی سەرماوەز، وەک ڕۆژی پێشمەرگە، ڕێزگرتنە لە دەیان ساڵ حەماسەخوڵقێنیی ڕۆڵەکانیان، ڕێز گرتنە لە چەند هەزار پێشمەرگەی شەهید کە لە سەنگەری ڕاوەستان بەرامبەر هێرشی کوردکوژاندا، گیانیان بەخشیوە. ڕێزگرتنە لەو تێکۆشەرانەی هەروا لە مەیداندا ماونەتەوە و ئاڵای تێکۆشانیان شەکاوە ڕاگرتوە. گومانی تێدا نیە کە ئەم ڕێزگرتن و خۆشەویستیە، هێزی پێشمەرگە و ڕۆڵە چەکدارەکانی کورد کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش کە بەرگری لە نەتەوەکەیان و خاکی نیشتمانەکەیان دەکەن، دەگرێتەوە.

## هێماکانی شوناسی نەتەوەیی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر جێی خۆیان دەکەنەوە:

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ لە دایکبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستاندا، بوو بە خاوەنی کۆمەڵێک سامان و دەسکەوتی نەتەوەیی. جگە لە داهاتنی وشە و ناوی "پێشمەرگە" و پێکهاتنی هێزی پێشمەرگە لەو سەردەمدا، "ئاڵای کوردستان"یش بۆ یەکەم جار هەر لەو سەردەمدا دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخسا نوێ ببێتەوە و بە ڕەسمی هەڵ بکرێ. دیارە سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب"یش هەر یادگاری کۆماری کوردستانە و بۆمان ماوەتەوە.

ساڵانێکی زۆر هێز و لایەنە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە حیزبی دێموکراتیشەوە، بۆ نەڕەنجانی "خاتری

موبارەک:ی لایەنە ئێرانییە شۆڤێنییەکان و لە ترسی تاوانبارکران بە جیاییخوازی، لە باسی کۆماری کوردستان و رابردووی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستان، گرینگییەکی ئەوتۆیان بە ئاڵای کوردستان نەدەدا، یا وەک شتێکی مێژوویی و پەیوەست بە رابردوو، باسیان دەکرد. دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان بوو بە خاوەن پارلمان و حکوومەت و، هەڵکردن و بە کارهێنانی "ئاڵای کوردستان" لە پارلمانی کورستان رەسمیەتی پێ درا، کولتووری بە کارهێنانی ئاڵا وەک هێمایەکی نەتەوەیی، سنوورە دەسکردەکانی بڕی و لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، پێشوازی لەو ئالایە کرا. دیارە لە نێوان ئاڵای کۆماری کوردستان و ئاڵای پەسندکراوی پارلمانی کوردستان، هێندێک جیاوازی هەن. بەڵام خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان و زۆر لە دانیشتوانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، وەک هێمایەکی گشتی بۆ هەموو نەتەوەی کورد نەک ئاڵای بەشێکی کوردستان، رێزی لێ دەگرن.

لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش، کەسانی خاوەن هەست و شوعووری نەتەوەیی بە هۆی ئەم ئاڵایەوە، بوونی کورد وەک نەتەوەیەک و کوردستان وەک نیشتمانی ئەو نەتەوەیە، دەردەبڕن. ئەم دیاردەیە لە رۆژهەڵاتی کوردستان رووی لە زیادبوون دایە و لە بۆنە نەتەوەییەکان و نەورۆز و تەنانەت جێژن و خۆشیی بنەماڵەییدا، تا دێ زیاتر خۆی دەردەخا. بایەخدان بە هێما نەتەوەییەکان وەک رێگایەک بۆ بەرگری لە شوناسی نەتەوەیی و شانازی پێوەکردنیان، بەڵگەیە بۆ گەشە کردنی بیری نەتەوەیی و وشیاریی سیاسی کە بە دڵنیاییەوە لە سەر دەوڵەمەندیی خەباتی نەتەوەیی لەم بەشەی کوردستان هەم لە رووی نێوەرۆک و هەم لە رووی شێوازەکانی تێکۆشان بۆ مافی نەتەوەیی، کاریگەریی قووڵی دەبێ.

## دوێنێ و ئەمڕۆی خەباتی خەڵکی کوردستان، پێکەوە بەستراون:

بە پێچەوانەی ئەو هەوڵانەی بە مەبەستی دابڕینی ئەمڕۆی کوردی رۆژهەڵات لە رابردووە سیاسی و نەتەوەییەکەی دەدرێن، بزووتنەوەی سیاسی و حەقخوازانە لە رۆژهەڵاتی کوردستان نایهەوێ و ناتوانێ پشت لە رابردووی خۆی بکا. ئەگەر پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان وەک سەرەتایەک بۆ بە کردەیی کردنی خەونەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی لەم بەشەی کوردستان قبووڵ بکەین، ئەوەی دوای ٧٠ ساڵ لە تویی تێکۆشانی جۆراوجۆری خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی رووناکبیران، لاوان و چالاکانی بوارە جیاجیاکاندا دەیبینین، بەردەوامییە لەسەر ویست و ئامانجەکانی پێشوو. رزگاربوون لە ژێردەستی و هەلاواردن و بێمافی، پێکهێنانی کیانی کوردیی خاوەن ئاڵا و سوپای میللی و سروودی نەتەوەیی تایبەت بە خۆی، گەیشتن بە دەسەلاتێکی کوردیی خاوەن نێوەرۆکێکی ئینسانی و دێموکراتیک، هەتا ئێستاش لە دیارترین ویست و ئاواتەکانی توێژی سیاسی و چالاکی رۆژهەڵاتن. ئەوە کە زەبروزەنگ و سانسۆڕ و سزا و سەرکوتی درندانەی کۆماری ئیسلامی، دەیهەوێ بە هەر نرخێک بووە ئەم دەنگانە نەبیسترێن و ئەم خەونانە نەبیندرێن، هیچ لە راستیی مەسەلەکە ناگۆڕێ.

بەشی چوارەم

بەم پێیە سەرەڕای سەرکوت و بەربەستی جۆراوجۆر لەسەر ڕێی خەبات و بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بیری نەتەوەیی و شوناسخوازی، وشیاریی سیاسی و ئامادەیی خەبات و تێکۆشان بۆ ئاوات و ئامانجی ڕزگاریخوازانە لە گەشانەوە و بەرەوپێشچوون دایە. ئەم ڕاستییە هەر لەو کاتەدا کە مایەی دڵگەرمی و شانازییە، ئەرکیش دەخاتە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکە بۆ ئەوەی لە خوێندنەوە و لێکدانەوەی خۆیاندا و بەرنامەدانانیان بۆ تێکۆشانی سیاسی و مەیدانیدا حیسێبی تایبەتی بۆ بکەن.

لە ژمارە ٦٩٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی دێسەمبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## پێشمەرگە، ئەو چەمکەی پێویستە سەرلەنوێ پێناسە بکرێتەوە!

چەمکەکانی نێو ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕانە و خەباتگێڕانەی نەتەوەکەشمان وەک زۆر چەمکی سیاسی و کۆمەلایەتی، بە تێپەڕینی زەمان و ڕووداني گۆڕانی جۆراوجۆر، ئالوگۆڕیان بە سەر دا دێت. بە تێپەڕینی زەمان، بیرکردنەوە و ڕوانینی مرۆڤەکان لە بواری جۆراوجۆر دا دەگۆڕێ. هەر بۆیە پێویستە زۆر چەمک، لە گەڵ گۆڕانی سەردەمەکان و نوێبوونەوەی بیرکردنەوەکان، سەرلەنوێ پێناسە بکرێنەوە. "پێشمەرگە"، یەک لەو چەمکانەیە.

بۆ ماوەی زیاتر لە نیو سەدە، پێشمەرگە، ناوێک بوو بۆ ئەو مرۆڤە خەباتکارە چەک لە شانانەی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان دا، شەڕکەری شۆڕش بوون. دیارە ئەو پێناسە فرەوانتریش ببۆوە و بە شێوەیەکی گشتی هەر کەس لە نێو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان دا، چەکی پێ بوایە، با کارەکەشی شەڕکردن و چوون بۆ بەرەکانی شەڕ نەبایە، مادام بە شێوەیەکی تەواو وەخت لە خزمەتی دابینکردن و ڕاپەراندنی پێویستییەکان و کاروبارەکانی خەباتێکی چەکدارانە و بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێرانە دا بوایە، وەک پێشمەرگە ناوی دەبرا. بەم جۆرە، پێشمەرگە، واتایەکی تایبەتی و واتایەکی گشتیی هەبوو. بەلام ئەو واتا گشتییە هەرگیز ئەوەندە فرەوان نەبۆوە کە ئەو کەسانە بگرێتەوە کە چەکیان پێ نییە و لەدەرەوەی حیزب و ڕێکخراوەکانی بەشداری بزووتنەوە، بۆ ئازادی و مافەکانی نەتەوەکەیان و خەڵکی کوردستان، بە شیوەی دڵخوازی خۆیان خەبات دەکەن و ژیان و گیانی خۆیان لەم پیوەندییە دا دەخەنە مەترسییەوە. تەنیا جاروبار و بە تەعاروف، ڕێبەران و ڕاگەیەنەکانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی بزووتنەوەی کوردستان، هێندێ کەسیان لە دەرەوەی ئەو پیناسانەی سەرەوە، وەک پێشمەرگە ناو دەبرد.بەلام کاتی ئەوە هاتوە بۆ پێناسەیەکی بەرینتر لە پێناسەی تەشکیلاتی و ڕێکخراوەیی و وەزیفی بۆ پێشمەرگە، بگەڕێین. پێناسەیەک کە لە گەڵ یەکەم واتا و واتای یەکەمینی پێشمەرگە بێتەوە. وەک دەزانین پێشمەرگە بە واتای مرۆڤی خۆبەختکەرە، بە تایبەتی خۆبەختکردنێک کە لە ڕیگای گەل و نەتەوە و نیشتمان بێت. ئەگەر ئەم واتایەمان قبووڵ بێت، ئەو کات بە لامانەوە گرنگ نابێ کە مرۆڤە خۆبەختکەرەکە لە چیا دەژی  یا لە نێو شار؟ قەڵەمی پێیە یا چەک؟ تێکۆشەری سەر بە حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی نیشتمانپەروەرە، یا چالاکێکی مەدەنیی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ و پاریزەری ژینگە؟ کەسێک کە سەبارەت بە داواکردنی ماف و ئازادییەکانی هاونیشتمانانی بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە، لە ولاتەکەی خۆی ڕاونراوە یا کەوتۆتە بەندیخانە، چ جیاوازییەکی هەیە لە گەڵ کەسێک کە سەبارەت بە هاوکاری لە گەڵ ئەم یا ئەو حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی خەباتکار، تووشی بەندیخانە و دەربەدەری بووە؟ ئەگەر پێوەرەکانی خۆبەختکردن،

بەشی چوارەم

مایەدانانی ئاگایانە لە ماڵ و ژیان و گیان لە پێناوی خەلک ونیشتمان و بەرژەوەندی گشتی دا بێ، ئایا جۆری ئەو ئامرازانەی خەباتیان پی دەکەین، ئەو شێوە خەباتانەی بە کاریان دێنین، جۆگرافیایەک کە دەیکەین بە شوێنی تێکۆشانمان، جیاوازی و جۆراوجۆریی ئەو بوارانەی دڵسۆزیی خۆمان بۆ نەتەوەکەمان و نیشتمانەکەمانی تێدا دەسەلمێنین،چ شتێک لە ئەسلی مەسەلەکە دەگۆڕن؟ یا یەکمان لە نێو زەبر و زەنگی دەسەڵاتی دوژمنی بە خاک و زمان و کولتوور و مێژوومان، خەریکی پاراستنی ئەم توخمانەی پێناسەی نەتەوەییمان بێت، یەکێکیش لە چیا و بن بەردان بەرەنگاری هێرشی سوپایی داگیرکەران بۆ سەر نیشتمانەکەمان بێتەوە و ئەویتر لە کۆڕ و کۆمەڵ و ناوەندە دیپلۆماسی و مرۆڤدۆستەکانی جیهان، هاواری زۆرلێکراویی نەتەوەکەمان بەرز بکاتەوە. کەسانێکیش بە نیازی ولامدانەوە بە پێویستییەکانی داهاتوو و شارەزایی بەدەستهێنان بۆ دانانی بناغەکانی کوردستانی رزگاربووی سبەینێ، فێری زانست و خۆپێگەیاندن بن. ئایا لەم ڕوانینەوە، هەموویان شیاو و موستەحەقی ناوی خۆشەویست و پڕشانازیی پێشمەرگە نین؟

لە ژمارە ٦٢٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٣

## ڕادیۆی دەنگی کوردستان نرکەی شۆڕشێک، ئاوێنەی مێژوویەک

**٢٧ی جۆزەردانی ئەمساڵ، ڕادیۆی دەنگی کوردستان، پێ دەنێتە چلەمین ساڵی دامەزران و تێکۆشانی خۆی.**

### هەلومەرجی لەدایکبوونی رادیۆی دەنگی کوردستان:

"ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران" لە هەلومەرجێک دا لە دایک بوو کە حیزبی دیموکرات و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە سۆنگەی پێداگرییان لە سەر مافە نەتەوەییەکانی خۆیان، شەڕێکی هەمە لایەنە و نابەرامبەریان لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بە سەردا سەپابوو. هاوکات لە گەڵ لەشکرکێشی و هەڵکوتانە سەر کوردستانی ئازاد و خەڵکە مافخوازەکەی، ڕێژیمی تازە لە تاران پێتەختی وڵات و بەشەکانی دیکەی ئێرانیش بەرە بەرە قۆڵی لە پێشێلکردن ولە نێوبردنی دەسکەوتەکانی دیکەی راپەڕینی ١٣٥٧ی خەڵک هەڵماڵیبوو. خومەینی، فتوای شکاندنی قەڵەمەکان و هێرش بۆ سەر ڕۆژنامە سەربەخۆ و ئازادەکانی دەرکردبوو. لایەنگرە دەمارگرژەکانی خۆی بۆ شێواندن و پەلاماربردن بۆ سەر متینگ و کۆڕ و کۆبوونەوەی ڕێکخراوە سیاسییەکان، هان دەدا. نێوەندە زانکۆییەکان کە ببوونە شوێنی چالاکیی ڕێکخراوە سیاسییەکان و خوێندکارانی وڵات لەواندا دژی زاڵبوونەوەی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی، دەنگیان بەرز دەکردەوە، کەوتبوونە بەر ڕقی خومەینی و، دەسەلاتدارانی تازە خەریک بوون پیلانی داخستنی زانکۆکان وەک یەکێک لە ئاڵقەکانی شۆڕشە بە ناو فەرهەنگییەکەیان ئامادە دەکرد.

مەجلیسی دامەزرێنەران و یەکەم دەورەی مەجلیسی شووڕای میللی بە دوای ڕووخانی ڕیژیمی شایەتی دا، بێ ئەوەی ڕێگەی بەشداری بە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵکی کوردستان بدرێ، پێک هاتبوون و ئەوەی ڕێژیمی تازە مەبەستی بوو، نەک ئەوەی ویست و ئارەزووی خەڵک بوو، بە ناوی یاساوە، پەسندیان دەکرد. بەم جۆرە لە لایەکەوە شەڕێکی هەمە لایەنە بە سەر خەڵکی کوردستان دا سەپابوو، لە لایەکی دیکەشەوە، ڕێگاکانی گەیشتنی هەواڵ و راپۆرتی تاوانەکانی ڕێژیم لە کوردستان و هاواری زۆرلێکراویی ئەو خەڵکەیان بە بەشەکانی دیکەی ئێران بەستبوو.

ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئاگاداری لە گرنگیی ڕۆڵی ڕاگەیاندن و بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو بێدەنگییەی ڕێژیمی تازە، بەرامبەر خەڵکی مافخواز و شەڕ بەسەرداسەپاوی کوردستان پێکی هێنابوو، بیری لە وەڕێخستنی رادیۆ

کردەوە. بە تایبەتی کە دەنگی ڕادیۆ هەم لە ڕۆژنامە خێراتر دەگەیەشتە دەستی خەڵک و بەربەستی کەمتری لەبەر دەم بوو،هەم ژمارەی بەردەنگەکانی لە خوێنەرانی ڕۆژنامە یەکجار زیاتر بوون. بەم جۆرە لە ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٥٩ (١٧ی ژوئەنی ١٩٨٠ )، ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران بە پەیامی ڕێبەری شەهید د. قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات، بە ڕەسمی بڵاو کردنەوەی بەرنامەکانی خۆی دەست پێ کرد. ئەم ڕادیۆیە لەو کاتەوە هەتا ئێستا لە تیکۆشان و بڵاوکردنەوەی بەرنامە دا بەردەوام بووە و، بووە بە خاوەنی مێژوویەکی پڕشنگداری جیانەکراوە لە مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە و خەباتی ڕزگاریخوازانەی حیزبی دیموکرات و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە بیرەوەریی دەستپێکردنی چلەمین ساڵی تیکۆشانی ئەم رادیۆیە دا، لە سەر دوو ڕەهەندی تێکۆشانی هەڵوێستەیەک دەکەین:

## ڕەهەندی یەکەم:

## ڕۆڵی شوێندانەرانەی دەنگی کوردستانی ئێران لە ڕووی میدیایی، سیاسی و نەتەوەییەوە:

دەنگی کوردستانی ئێران لە لایەک بەوهۆیەوە کە دەنگی خەباتی ڕەوا و پڕ لە قارەمانەتی و قوربانیدانی حیزبی دیموکرات بوو، لە لایەکی دیکە لە نەبوونی راگەیەنێکی ئەوتۆ کە هەواڵ و ڕووداوەکانی کوردستان بە خەڵک بگەیەنێ، بە زوویی لە نیو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا جێی خۆی کردەوە. سەرەڕای "متواضعانه"بوونی ئیمکاناتی فەننی و یەک لەوان خودی دەزگا (فرستنده)ی ڕادیۆیی، لە گەڵ ئەوەش دا لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە، بە چڕی و لە ناوچەی جۆراوجۆر پارازێتی دەخرایە سەر، بەڵام بە زوویی ڕێگای خۆی بۆ نیو سەدان هەزار ماڵ - ئەگەر نەڵێین بە میلیۆن - خەڵک کردەوە و گوێگرتن لە بەرنامەکانی، بوو بە بەشێک لە بەرنامەی ڕۆژانەی خەڵک. هەواڵ و ڕاپۆرتی هێرش و تاوانی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕیژیم و، بەرەنگاربوونەوەی هیزی پێشمەرگە لە گەڵیان، ڕەفتاری کاربەدەستان و ئۆرگانە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ خەڵک لە شار و گوندەکان، بەشێکی هەمیشەیی بوون لە نێوەرۆکی بەرنامەی ڕۆژانەی ئەو ڕادیۆیە. ئەوەش کە بەرنامەکانی ڕادیۆ بە زمانی فارسی و بۆ ماوەیەک بە زمانی ئازەرییش بڵاو دەبوونەوە، ژمارەی بەردەنگی ئەو ڕادیۆیە و پانتایی کاریگەرییە میدیایی و سیاسییەکەی زیاتر کردبوو.

شیکردنەوەی سیاسیی ئاڵوگۆڕەکانی ئێران و پرس و بابەتەکانی پێوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دووهەم ئەرکی ڕۆژانەی ڕادیۆی دەنگی کوردستان بوو. ئەم جۆرە باس و لێکدانەوانەش بە زۆری، کەسانێک دەیاننووسی کە لە ڕێبەران و سیما سیاسییەکانی حیزبی دیموکرات بوون. یەک لەو کەسایەتیانە ڕێبەری شەهید د.سادق شەرەفکەندی بوو کە توانایەکی زۆری لە شیکردنەوە و باسکردنی مەسەلە گرنگەکان بە زمانێکی سادە، هەر وەها لە دۆزینەوەی سووژە و بابەتی شیاوی

شیکردنەوە و ڕوونکردنەوە بۆ کۆمەلانی خەڵک دا هەبوو. ڕاستیەکەی ئەوەیە نەک هەر جەماوەری بەرینی گوێگری رادیۆ، ئەندامان، پێشمەرگەکان و کادرەکان و تەنانەت بەرپرسانی حیزبییش، لە ڕێگای لێکدانەوە و وتارە سیاسییەکانی ئەم رادیۆیە، لە رووی سیاسییەوە، ڕێنوێنی دەکران و پەروەردە دەبوون.

کاریگەریی بەرنامەکانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان، لە ڕووی نەتەوەیی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە، لە کاریگەرییە خەبەری و سیاسییەکەی کەمتر نەبوون. بایەخدانی ئەم رادیۆیە بە مێژووی نەتەوەی کورد و بۆنە نەتەوەییەکان، دڵسۆزی و هەستیاربوونەکەی لە ئاست زمانی کوردی و هاندانی خەڵک بۆ بەرگری لە زمان و شوناسی خۆیان، گرنگیدانی بە ئەدەبیات و گۆرانی و مۆسیقای کوردی، لە تەنیشت ئەمانەش لەقاودان و دژایەتی کردنی چەوساندنەوە و نەریت و ڕێوشوێنی دواکەوتوانە و درێوی نێو کۆمەڵ بە تایبەت لە دژی ژنان، لە سەر هەستبوونی لە ئاست پەروەردەی منداڵ و لاوان و ئاوڕدانەوە لە پێویستییەکانیان، هەر وەها بە شێوەی جۆراوجۆر وەستان لە سەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان و ورياکردنەوەی چین و توێژ و بەشە جیاوازەکانی خەڵکی کوردستان لە ئاکامەکانی ناکۆکی و دووبەرەکیی خێڵەکی و ناوچەگەرییانە، یا لە سەر ئەساسی ئایین و زاراوە و هەر جیاوازییەکی تر، جێیەکی دیاریان لە نێو ئامانج وئەرکەکانی ئەم ڕادیۆیە دا هەبووە. دەتوانین بڵێین هەتا ئەو کاتەی تەلەڤیزیۆن نەهاتبووە نێو ڕیزی ڕاگەیەنەکانی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کورد، دەنگی کوردستانی ئێران، پشکێکی حاشالێنەکراوی هەم لە بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی ئەدەبیاتی بەرگری دا هەبوو، هەم لە هاندانی تەبایی نەتەوەیی و یەکگرتوویی لە نێو ڕیزەکانی خەڵک دا.

## ڕەهەندی دووهەم:

## دەنگی کوردستان وەک ئاوێنەی مێژوویەکی پڕشنگدار

ئەگەر حیزبی دیموکرات وخەڵکی کوردستان، ئەم قۆناخەی ئێستا تێپەڕێنن و، نەتەوەکەمان لەو بەشەی نیشتمانەکەی خاوەنی ماف و بڕیاری دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بێ، حەق وایە لە یەکەم هەنگاوەکانیان دا، مووزەخانەیەکی تایبەت بۆ ئەرشیفی ڕادیۆی دەنگی کوردستان بکەنەوە. لە ماوی ٤٠ ساڵ تێکۆشان و بەردەوامیی ئەو رادیۆیە دا، دیارترین و کاریگەرترین ڕێبەران و تیکۆشەرانی حیزبی دیموکرات و خەڵکی کوردستان، بە نووسین، بە پەیام و لێدوانی تایبەت یا وتوویژ، لە ڕێگای ئەم رادیۆیەوە قسەیان لە گەڵ خەڵکی کوردستان کردوە.ئەرشیڤی بوولتەنی خەبەریی ڕۆژانەی ئەم ڕادیۆیە و وتار و لێکدانەوە سیاسییەکانی، پانۆرامای مێژوویەکی بە خوێن نووسراون کە شایەدی بۆ خۆڕاگریی جێی شانازیی بزووتنەوەیەکی هەراو بەرامبەر ڕێژیمێکی دڕندە و خوێنڕێژ دەدەن. دەنگی دەیان و سەدان تێکۆشەر و قارەمانی نەتەوەکەمان، دەستنووسی دەیان و سەدان سیمای سیاسی و ڕووناکبیر، لە ئەرشیڤی ئەم رادیۆیە دا هەن. لەوانەیە یادگار

و شوێنەواری هێندێک لەوان لە هیچ کوێی دیکە دەست نەکەوێ. ژیاننامەی سەدان فەرماندەری نیزامی و کادری سیاسی و هەزاران لاوی پێشمەرگە، ئەرشیڤی ئەم رادیۆیەیان دەوڵەمەند کردوە. زۆر لە گوێگرانی ئەم رادیۆیە شێعر و پەخشان و بیرەوەری و پرسیار و پێشنیار و جوانترین هەستەکانی خۆیان بە دەسخەتی خۆیان بۆ ئەم رادیۆیە ناردوە. ئەو ساتانەی جێگای تایبەتیان لە مێژووی حیزبی دیموکرات و نەتەوەی کورددا هەیە، لای ئەم رادیۆیە، شەقڵ و یادگاری تایبەت بە خۆیان جێ هێشتوە. تەنیا بە چاوخشاندنێک بە سەر لیستی دوور و درێژی ناوی ئەو کەسانەی وەک بەرپرس، بەڕێوەبەر، نووسەر، وەرگێڕ، بێژەر، ئەندازیار و کادری فەنی لەم رادیۆیەدا خزمەتیان کردوە، بەسە بۆ ئەوەی تێبگەین کە رادیۆی دەنگی کوردستان کۆکەرەوە و مەکۆی چ هێزێکی گەورە و بە توانای ئینسانی بووە و، چ ڕۆڵێکی دیار و بە نرخی لە تێکۆشانی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە تایبەتی لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ ی هەتاویی دا هەبووە.

لە دەسپێکی ٤٠ ساڵەی دامەزران و بەردەوامیی ڕادیۆی دەنگی کوردستاندا، بە ڕێزەوە یادی زەحمەت و ماندووبوونی بەشدارانی نێو ئەو کاروانەی تێکۆشان لە هەموو ئاستێک دا دەکەینەوە. ئەوانەی شەهید بوون، یا بە مەرگی ئاسایی بە جێیان هێشتووین، سڵاو بۆ گیانی پاک و یادی نەمریان دەنێرین. بۆ خودی رادیۆکەش بەردەوامی و بووژانەوە و، ڕۆڵێکی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ و لە داهاتوودا، کاریگەرتر بە ئاوات دەخوازین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٧ی جوونی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## ڕادیۆی دەنگی کوردستان وەک ئاوێنەی مێژوویەکی پڕشنگدار

ئەگەر حیزبی دیموکرات و خەڵکی کوردستان، ئەم قۆناخەی ئێستا تێپەڕێنن و، نەتەوەکەمان لەو بەشەی نیشتمانەکەی خاوەنی ماف و بڕیاری دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بێ، حەق وایە لە یەکەم هەنگاوەکانیاندا، مووزەخانەیەکی تایبەت بۆ ئەرشیفی ڕادیۆی دەنگی کوردستان بکەنەوە. لە ماوی ٤٢ ساڵ تێکۆشان و بەردەوامیی ئەو ڕادیۆیە دا، دیارترین و کاریگەرترین ڕێبەران و تیکۆشەرانی حیزبی دیموکرات و خەڵکی کوردستان، بە نووسین، بە پەیام و لێدوانی تایبەت یا وتووێژ، لە ڕێگای ئەم رادیۆیەوە قسەیان لە گەڵ خەڵکی کوردستان کردوە. ئەرشیڤی بووڵتەنی خەبەریی ڕۆژانەی ئەم ڕادیۆیە و وتار و لێکدانەوە سیاسییەکانی، پانۆرامای مێژوویەکی بە خوێن نووسراون کە شایەدی بۆ خۆڕاگریی جێی شانازیی بزووتنەوەیەکی هەراو بەرامبەر ڕێژیمێکی دڕندە و خوێنڕێژ دەدەن. دەنگی دەیان و سەدان تێکۆشەر و قارەمانی نەتەوەکەمان، دەستنووسی دەیان و سەدان سیمای سیاسی و ڕووناکبیر، لە ئەرشیڤی ئەم رادیۆیە دا هەن. لەوانەیە یادگار و شوێنەواری هێندێک لەوان لە هیچ کوێی دیکە دەست نەکەوێ. ژیاننامەی سەدان فەرماندەری نیزامی و کادری سیاسی و هەزاران لاوی پێشمەرگە، ئەرشیڤی ئەم رادیۆیەیان دەوڵەمەند کردوە. زۆر لە گوێگرانی ئەم رادیۆیە شێعر و پەخشان و بیرەوەری و پرسیار و پێشنیار و جوانترین هەستەکانی خۆیان بە دەسخەتی خۆیان بۆ ئەم رادیۆیە ناردوە. ئەو ساتانەی جێگای تایبەتیان لە مێژووی حیزبی دیموکرات و نەتەوەی کورددا هەیە، لای ئەم رادیۆیە، شەقڵ و یادگاری تایبەت بە خۆیان جێ هێشتوە. تەنیا چاوخشاندنێک بە سەر لیستی دوور و درێژی ناوی ئەو کەسانەی وەک بەرپرس، بەڕێوەبەر، نووسەر، وەرگێڕ، بێژەر، ئەندازیار و کادری فەننی لەم رادیۆیەدا خزمەتیان کردوە، بەسە بۆ ئەوەی تێبگەین کە ڕادیۆی دەنگی کوردستان کۆکەرەوە و مەکۆی چ هێزێکی گەورە و بە توانای ئینسانی بووە و، چ ڕۆڵێکی دیار و بە نرخی لە تێکۆشانی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە تایبەتی لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ ی هەتاویی دا هەبووە.

لە ٤٢ ساڵەی دامەزران و بەردەوامیی ڕادیۆی دەنگی کوردستاندا، پیرۆزبایی ئەم یادە لە هەموو هۆگران، دلسۆزان و پشتیوانانی سەردەمە جۆراوجۆرەکانی ئەم رادیۆیە دەکەین. بە ڕێزەوە یادی زەحمەت و ماندووبوونی بەشدارانی نێو ئەو کاروانەی تێکۆشان لە هەموو ئاستێک دا دەکەینەوە. ئەوانەی شەهید بوون، یا بە مەرگی ئاسایی بە جێیان هێشتووین، سڵاو بۆ گیانی پاک و یادی نەمریان دەنێرین. بۆ خودی رادیۆکەش بەردەوامی و بووژانەوە و، ڕۆڵێکی کاریگەرتر لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ بۆ داهاتووی بە ئاوات دەخوازین.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٧ی جوونی ٢٠٢٢

## ڕازیبوون بەم دۆخەی ئیستا و هەوڵدان بۆ بە ئەبەدی کردنی!!"

### (لە ڕێڕەوی پێویستیی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان و گەڕاندنەوەی شکۆ بۆ دیموکرات)

١١ی ڕەشەمەی ١٣٩٧، لە چل ساڵەی متینگی ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دیموکراتدا، وتارێکم لە ژێر ناوی" حیزبی دیموکرات لە سەر دووڕێیانی لە دەستدان و بەدەستهێنانەوەی مەزنایەتی دا" نووسی . وەک بەشداری و پشتیوانییەک لە هاندانی پڕۆسەی یەکگرتنەوە، چەند کۆپلەیەکی ئەم وتارە لێرەدا دەخەمەوە بەر سەرنجتان.

دەقی تەواوی ئەم وتارەم لە گەڵ زنجیرە باسێکی دیکە، سەرەتای بەهاری ١٣٧٨(٢٠١٩) لە چوارچێوەی نامیلکەی "دووانە تەبا و ناتەباکانی مێژووی حیزبی دیموکرات"دا چاپ و بڵاو کردوەتەوە. ئەم باسانە تێڕامان وخوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە و جاری وایە پێداگرانە بۆ هێندێک چەمک و پرس و پرەنسیپی جێکەوتووی نێو حیزبی دیموکراتین. لینکی نامیلکەکە لە درێژەی ئەم وتارەدا هەیە.

### ئەمەش هەڵبژاردەیەک لە وتاری ئاماژە پێکراو:

"...ئەگەر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە تەواوەتی خۆی دا، بە زۆر هۆ و لە هەموان گرنگتر نابەرامبەر بوونی هێز و توانای ڕاوەستان بەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، تووشی کزی و پاشەکشە بۆ ئەو دیوی سنوورەکان بوو، هێزە سیاسییەکان و حیزبی دیموکرات کە لێرەدا مەبەستی ئەم وتارەیە، بە هۆی ناکۆکی و کێشە و ململانێی نیوخۆییش ئەوەندەی دیکە، کز و لاواز بوون و ساڵانێکە کاریگەرییان لە سەر ڕووداوەکان گەیشتووەتە لانیکەمی خۆیان. دیارە حیزبی دیموکرات، شانبەشانی درێژەکێشانی کێشە و ململانێیە نێوخۆییەکان، خەبات دژی کۆماری ئیسلامی و تێکۆشان بۆ ئامانجەکانی خۆی درێژە داوە. ئەو کاتانەش کە حیزبەکە، تووشی لێکدابران بووە، هەر کام لە لایەنە لێک جیابۆوەکانی، هەم بە جیا لە خەبات و قوربانیدان بەردەوام بوون، هەم خاوەنداره‌تیان لە شانازییەکان و مێژووی پڕ لەقوربانیدانی حیزبی دیموکرات کردوە. بەڵام ئەم ڕاستیانە نەبوون بە هۆی ئەوە جێگە و ڕۆڵی حیزبی دیموکرات لەبزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد و لە پانتایی سیاسیی کوردستان و ئێراندا، پتر دانەکشێ و دانەبەزێ.

١٣ ساڵ بەسەر دوا لێکدابرانی نێو حیزبی دیموکڕات دا تێپەڕیوە. هەم ئاڵوگۆرە سیاسییە چاوەڕوانکراوەکان لە ئاستی

ئێراندا، هەم ئەزموونی١٣ساڵ بە جیا تیکۆشانی دوو لای دیموکرات، مایەی ئەوەیان تێدایە خۆمان بەرەورووی کۆمەڵێک پرسیاری جیددی بکەینەوە و لە پێناوی داهاتوودا، چاوێک بە رابردوو و ئێستای خۆمان دا بخشێنینیەوە و ئەنجامێکی باشیان بە قازانجی حیزبی دیموکرات و خەڵکی کوردستان لێ وەدەست بێنین.

دەکرێ لە دەلاقەی ئەو پرسیارە سەرەکییەوە پرسیارەکانی دیکەش ڕیز بکەین: حیزبی دیموکرات چۆن دەتوانێ هەم ئەو رابردووەی خۆی بەرباد نەدا و هەم داهاتووی شایانی ئەو ڕابردووە پڕ کاریگەری و پڕ قوربانیدانەی هەبێ؟ ئایا هیچ کام لە دوو حیزبی دیموکراتی ئێستا، دەتوانن بە تەنیا مەزنایەتیی ڕابردوو بۆ خۆیان بگێڕنەوە و ببنەوە بەو حیزبە دیموکراتەی ڕۆڵی یەکەم لە ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بگرێتە ئەستۆ؟ هیچ کامیان ئامادەن دەست لەو مێژووە و شانازییەکانی و ئامانجە مێژووییەکانی حیزبی دیموکرات هەڵ بگرن و مەیدانەکە بۆ بەرامبەرەکەیان چۆل بکەن و بۆ خۆیان بە شوناس و پێناسە و بەرنامەیەکی تەواو جیاوازەوە خۆ ڕێک بخەنەوە؟ ئەگەر لایەنێکیان ئەمەی کرد، ئەوی دیکە دەتوانێ بە تەنیا ببێتەوە بەو حیزبی دیموکراتەی خەڵکی کوردستان بە ئاواتی دەخوازێ؟ ئایا سەرئەنجامی لێک دوور کەوتنەوەی ڕۆژبە ڕۆژ زیاتر و، خۆبواردن لە یەکگرتنەوە و هەوڵنەدان بۆ دیتنەوەی بناغەیەکی باشتری پێکەوەبوون، شتێکی دیکەی جگە لە فەوتاندنی ڕابردوو و دۆراندنی داهاتوو، لێ دەکەوێتەوە؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە ڕوونن.

لە ١٣ساڵ تێکۆشانی بە جیادا، سەلماندمان کە هیچ کامان نەک هەر ناتوانین بە تەنیا جێگای حیزبی دیموکراتە یەکگرتووەکە بگرینەوە، تەنانەت ناشتوانین ئەو "مدینە فاضلە"یەش دروست بکەین کە پێمان وابوو بەرامبەرەکەمان ناهێڵی لە حیزبێکی یەکگرتوو دا دروستی بکەین. ئەگەرخاڵێکی پۆزەتیڤ لەو بە جیا کارکردنەدا هەبووبێ، ڕزگاربوونی کاتیی تاکەکانی هەر لایەک لە دەمبەدمە و گرژی و تێکهەڵپێچانی لایەنی بەرامبەر - کە لە حیزبی پێش لەتبوون دا گەیشتبووە چڵە پۆپە - ، هەر وەها هەوڵدان بۆ پێکهێنانی لانیکەمی گۆڕان لە حیزبەکەی خۆمان دا بە مەبەستی وەپێشکەوتنەوەی ڕەقیبەکەمان لە ڕاکێشانی لایەنگران و خەڵک دابووە. بۆیەش دەڵێم "ڕزگار بوونی کاتیی تاکەکان"، و "پێکهێنانی لانیکەمی گۆڕان"، چونکە هەر کام لەو دوو لایەنە، بەو هۆیەوە کە نەمانتوانیوە مالاوایی لە کولتوور و میتۆدەکانی پێشووی حیزبایەتی و بەڕێوەبەریتی و خەباتی نێوخۆیی بکەین، سەرلەنوێ ناچار بە بەرهەمهێنانەوەی کێشە و گرفتەکانی ڕابردووی خۆمان بووینەوە (ئەم باسە شیکردنەوەی زیاتر دەخوازێ کە لێرە دا لێی دەگەڕێم).

لە بەرامبەر ئەو دوو خاڵە پۆزەتیڤەدا، نەبوونی حیزبی دیموکراتێکی یەکگرتوو و لە ململانێ دابوونی دوو لای دیموکرات، کاریگەریی گەورەی هەبووە لە سەر پێک نەهاتنی هاوپەیمانی و هاوخەباتی لە نێوان هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات. هەروەها غەیبەت و دیارنەبوونی حیزبی دیموکراتێکی یەکگرتوو و کارا بووە بە هۆی ئەوە زۆر فورسەت کە لە نێوخۆی

ڕۆژهەڵات و ناوچە و دنیا لەو ماوەیە دا هاتوونە پێش و دەکرا بە قازانجی پرسی کورد لە ئێران بقۆزرێنەوە، کەمترین سوودیان لێ وەربگیرێ. لە هەمووی ئەمانەش خراپتر راهاتنی ڕێژەیەکی زۆر لە ڕێبەری و کادرەکان و ئەندامانی هەر دوو لای دیموکراتە بەم دۆخەی ئێستا و هەوڵدانیانە بۆ بە ئەبەدی کردنی، بێ ئەوەی نیگەرانی لە دەستدانی هاوکاتی رابردوو و داهاتوو لە درێژەی ئەم وەزعەدا بن.

## چار چیە؟

راستە کە زۆر لە تێکۆشەرانی هەر دوو لا، لە حیزبی بە جیا دا، ئاسوودەتر و بێ کێشە ترن و پتر خۆیان دەبیننەوە و مەیدانیان هەیە. ئەوەش راستە کە هێندێک سیما و دەم وچاو لە حیزبی بە جیا دا باشتردەتوانن مەیداناداری بکەن و حیزبەکەیان، بەو جۆرەی حەزیان لێیە، بەڕێوە بەرن. گومان لەوەش دانیە کە هەر یەکگرتنەوەیەکی ڕەمەکی وبە دوور لە خۆنەقدکردنەوە و بێ ڕەخنەگرتن و مالاوایی لە دەستەبەندی و ناوچەگەرێتی و، بە بێ گۆڕینی میتۆد و شێوازەکانی حیزبایەتی و بەڕێوەبەرێتی و پێکەوە بوون، ئاکامێکی سەرکەوتووی نابێ. بەڵام لەمەش دا هیچ گومانێک نیە کە هەڵپەساردن و لە بیرخۆبردنەوەی یەکگرتنەوە و بەم وەزعەی ئێستاوە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ئاڵوگۆڕە گەورەکانی داهاتوو، حیزبی دیموکڕات بە هەر دوو بەشە لێکدابڕاوەکەیەوە، لە لێواری بەفیڕۆدانی رابردوو هەتا هەڵدێری دۆراندنی داهاتوو دەبا.

لە نێو هەر دوولای دیموکرات و لە نێو ئەو کەسانەش دا کە بە هۆی ئەم لێکدابڕانە بە شێوەی تەشکیلاتی لەو دوو دیموکراتە دوور کەوتوونەوە، کەسانێکی زۆر هەن کە دەتوانن هێزی گوشار بن. هاندەر بن بۆ ئەوەی هەموانمان لە هەموو ئاستێک دا، بە چاوی ڕەخنەگرتن و دەرسوەرگرتن لە ململانێ و ناکۆکییەکانی رابردوو، بە دەنگ ئەو پێویستییەوە بچین. پێویستە ئەو ڕاشکاوییەمان هەبێ کە بڵێین داهاتووی مێژوویەک و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات لە مانەوە و نەمانەوەی ئەم یا ئەو لە پۆست یا پۆستەکانی یەکەمی حیزبێک گرنگترە. بە دڵنیایەوە ئەگەر بە قووڵی تێبگەین کە بەردەوامیی ئەو لێکدابڕانە، دەتوانێ حیزبی دیموکرات لە تەواوەتیی خۆی دا بەرەو هەڵدێر بەرێ، دەتوانین بەرامبەر یەکتر نەرمی بنوێنین و گرێ کوێرەکان بکەینەوە.

با ئیرادە بکەین، لەم دۆخەی ئێستا بیدەنگ نەبین و توانای خۆمان وەگەڕ بخەین بۆ ئەوەی تەرح و پلان و پێشنیاری وا بخەینە ڕوو کە ئاکامەکەی حیزبێکی یەکگرتووی وەها بێ کە هەموو تێکۆشەران و هۆگرانی دیموکرات لە خۆی دا جێ بکاتەوە. با ئەو دیموکراتە پێک بێنینەوە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوەڕوانیەتی."

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٦ی مای ٢٠٢٠

# شەهیدانی راپەڕینی ٤٧ - ٤٦ هەروا ڕێنیشاندەرمانن

## ١٢ی بانەمەڕ ڕۆژی شەهیدبوونی دیارترین سیمای جووڵانەوەی چەکدارانەی ٤٧ - ٤٦ی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سمایل شەریفزادەیە.

ئەگەرچی، بۆ یاد کردنەوەی جووڵانەوەی چەکدارانەی ٤٧ - ٤٦ی، ڕۆژ و مانگێکی دیاریکراومان نییە، بەڵام ڕۆژی شەهیدبوونی سەرکردەی جوانەمەرگ سمایل شەریفزادە، دەتوانێ بۆنەیەکی گونجاو بێ بۆ یادکردنەوەی سەرجەم شەهیدەکانی ئەم راپەڕینە و خودی راپەڕینەکە. چونکە سمایل شەریفزادە جگەلەوەی یەک لە دیارترین ڕوومای ئەو جووڵانەوەیە بوو، دەتوانین بڵێین لەباری فیکری و سیاسییشەوە شوێندانەرترین ڕێبەرانی راپەڕینەکە بوو.

سمایل شەریفزادە، خوێندکاری زانکۆ بوو و لە نێو خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێران دا، توانیبووی گەرای کاری سیاسی و تێکۆشانی حیزبی و چالاکیی خوێندکاری لە راستای خەباتی نەتەوەیی دا، بڵاو بکاتەوە. راستە ئەویش وەک زۆربەی رووناکبیرانی سەردەمی خۆی، هەڵگری بیر و باوەڕی چەپ بوو. بەڵام لەو چەپانە بوو کە بیر و باوەڕی چەپیانەی خۆی لە خزمەت خەباتی نەتەوەیی و رزگاریی نەتەوەکەی لە بندەستی دا، پەروەردە کردبوو. کاتێکیش ساواک شوێنی هەڵگرت و ئیمکانی مانەوە لە نێوخۆی ئێرانی بۆ نەمایەوە، هاتە ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دیوی گەرمێن. بە هۆی توانای فکری و سیاسی و خاوەن هەڵوێست بوون و سەلماندنی ڕۆڵی سەرکردانەی خۆی لە مەیدانی کردەوەدا، بە زوویی جێگای خۆی لە نێو تێکۆشەرانی ئەوکاتی حیزبەکەی دا کردەوە. هەر بۆیە کاتێک تێکۆشەرانی حیزب، مانەوەیان لە کوردستانی گەرمێن لەگەڵ گرفت بەرەوڕوو بوو و بە ناچار سەرەڕای نالەباربوونی هەلومەرجەکە بۆ تێکۆشان لە نێوخۆی وڵات، گەڕانەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شەریفزادە ڕۆڵی سەرەکیی لەم حەرەکەتە دا کەوتە ئەستۆ.

ئەوان بە نیازی وەڕێخستنی راپەڕینی چەکدارانە دژی ڕێژیمی شایەتی نەبوون و دەیانەویست لە نێو خەڵک و نیشتمانی خۆیان دا، بمێننەوە و کاری سیاسی و حیزبی بکەن. بەڵام دیار بوو هەڵسووڕانی دەیان کادر و پێشمەرگە لە بەشێک لە «ئەمنترین دوورگەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا» (بە تەعبیری ئەوکاتی شای ئێران)، بەبێ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ لەشکرکێشیی ڕێژیمی پەهلەوی، مومکین نییە. هەر بۆیە راپەڕینێکی چەکدارانەیان تووشبوو و بە گیانی خۆیان هەزینەی ئەم راپەڕینەیان بژارد. لە ماوەی ١٨ مانگ درێژەکێشانی ئەو راپەڕینەدا، چەندین کەس لە بە نرخترین تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات شەهید بوون بەڵام بەو زەبرانەی لەو ماوە کورتەدا لە ئەرتەشی ڕێژیمی شایەتییان وەشاند و لەمەش

بەشی چوارەم

زیاتر بە بەخشینی گیانی خۆیان، ناوی حیزبەکەیان و پێویستیی خەبات دژی بندەستیی نەتەوەییان لە فکر و حافیزەی خەڵکەکەیان دا چەسپاند. ئەم ڕاپەڕینە ١٨ مانگەیە و ناو و یادی شەهیدەکانی، بوو بە سەرمایە و پشتیوانەیەکی مەعنەویی جێی شانازی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە پاش شانازییەکانی وەک دامەزراندنی کۆماری کوردستان و خەباتی چەندین ساڵەی تێکۆشەرانی لە قۆناغی جۆراوجۆردا، لە کاتی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی شایەتی دا، حیزبی دێموکراتی کرد بە حیزبی یەکەمی کوردستان.

لە ٤٥ ساڵەی دەستپێکردنی جووڵانەوەی ٤٧ - ٤٦ و لە بیرەوەریی شەهیدبوونی سەرکردەی لاو سمایل شەریفزادە دا، بەڕێزەوە یادی ئەم جووڵانەوەیە و شەهیدە بە نرخەکانی دەکەینەوە. جێی خۆشحاڵییە کە خوێندکارانی ئەمڕۆی کوردستان، ئەم ڕووناکبیرە شۆڕشگێڕەی هەر دوو سەنگەری زانکۆو شاخیان کردوە بە ئولگووی خۆیان و لە چالاکی و تێکۆشانی خۆیان لە زانکۆکانی کوردستان و ئێران دا، ئیلهامی لێ وەرگرن. هەروا کە مایەی شانازییە موعینییەکان، مەلا ئاوارە، مەلا ڕەحیم وێردی، زەنگەنە، مینەشەم، ساڵە لاجانی و .. سەرجەم تێکۆشەرە شەهیدەکانی ئەم ڕاپەڕینە لە بیر و ئەندیشەی درێژەدەرانی ڕێگەکەیان دا زیندوون و وانەی کۆڵنەدان لە بەرامبەر ستەم و بندەستی و گیان بەخشین لە ڕێگای ئازادی و نیشتمانیان دا فێر دەکەن.

لە ژمارە ٥٨٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

ڕێکەوتی: ٢١ی مەی ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

## ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

### لە باسە گرنگەکانی پلینۆمی دوازدەیەم (١)

کوردستان، بە هەموو بەشەکانییەوە، حیزبێکی سیاسیی بە تەمەنتر لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی تێدا نیە. ئەم حیزبە لە ٢٥ی گەلاوێژی داهاتوودا، ٧٠ ساڵ تەمەن تەواو دەکاو پێ دەنێتە حەفتاویەکەمین ساڵی تێکۆشانی خۆی.

٧٠ ساڵ تێکۆشانو خەباتو بەردەوامی لە سەر رێگاو ئامانجێکی رزگاریخوازانەی نەتەوەییو پێشکەوتووانە، بە تایبەتی کە ئەو تێکۆشانو بەردەوامییەی لە ئاکامی فیداکاریی رۆڵەکانیو پشتیوانیی بێپسانەوەی خەلکەکەیدا مسۆگەر بووبێ، جێگای شانازییە. حیزبی دیموکراتی کوردستان، حەقی خۆیەتی ئەگەر سەبارەت بە هەبوونی درێژترین مێژوو لە بزووتنەوەی نەتەوەییو شۆڕشگێڕانەی کورددا شانازی بە خۆی بکا. بەڵام زۆر باشتر دەبێ کە ئەو حیزبە لە رۆیشتن بەرەو ئەو بۆنەیەو لە حەفتایەمین ساڵی تێکۆشانیدا، هەر تەنیا لاپەڕە پڕشنگدارەکانو خاڵە بەهێزەکانی مێژووی خۆی نەبینێ. جێی خۆیەتی لە گەڵ ئاوڕدانەوە لە هەموو هەورازو شانازییەکان، نشێوەکانو لاوازییەکانی میژووی خۆشی ببینێ.

٧٠ساڵەی مێژووی حیزب، پێویستە هاندەری رێبەران، بەڕێوەبەران، تێکۆشەرانو هۆگرانی ئەو حیزبە بێ کە بە شوێن وڵامی کۆمەڵێک پرسیاری جیددیو گرنگیشدا بگەڕێن. وەک نموونە لە خۆیان بپرسن کە چۆنە دوای حەفتا ساڵ خەباتی ئەم حیزبەو گۆڕانی دوو رێژیمی سیاسیی لە زۆر بارەوە جیاوازلە ئێران، هێشتا ئالوگۆڕێکی ئەوتۆ لە ڕوانینی دەسەڵات لە ئێران بەرامبەر کورددا نەهاتوەتە ئاراوەو هێشتا کورد لەم وڵاتە بە لانیکەمی مافەکانیشی نەگەیشتوە؟ ئەو مافانەی ئەم حیزبە بۆ نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان داوایان دەکا، قورسو نەگونجاون یا عەیب لە جۆری خەباتو تێکۆشان بۆ ئەم داوایانە دایە؟ پرسیارێکی دیکە ئەوەیە لە بەشی هەرەزۆری مێژووی ئەم حیزبەدا، رێبەرییەکەیو بەشە ئاشکراو هەرە کاریگەرەکەی، لە دوورەوڵاتیداو، زۆربەی هەرە زۆری حیزبەکە کە ئەندامانی ئەو حیزبەنو خودی حیزبەکەش لە نیو ئیرانو لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بە شێوەی نهێنی خەباتیان کردوە. هەر چی ئەم دۆخە درێژتر بۆتەوە، کاریگەریی حیزب لە سەر کۆمەڵگە کەمترو، کێشەی نیوخۆیی حیزبو کۆسپەکانی سەرڕێی تێکۆشانی زیاتر بوون. ئەم وەزعە هەتا کەی درێژەی دەبێ؟و چۆن دەکرێ گۆڕانی بە سەر دابێ؟ پرسیارێکی دیکەش پیویستە لەم پرسیارانە زیاد بکەین: مێژووی ئەم حەفتا ساڵە، ئەگەر لە لایەکەوە، مێژووی خەباتو بەربەرەکانیی باشترین رۆڵەکانی نەتەوەیەک لە گەڵ داگیرکەرانی نیشتمانەکەیانو پێشێلکەرانی سەرەتاییترین مافە نەتەوەییو ئینسانییەکانیانە، لە لایەکی دیکەوە ئەو مێژووە، پڕیەتی لە

ململانێی نێوخۆیی، وێکهەڵنەکردنو لێکدابڕانو لەمەیدانوەدەرنانوهەڵوەراندنی سیماو وزەو تواناکانی بە دەستی یەکتر. هەر لە درێژەی ئەم پرسیارەدا، پرسیاری بۆ زۆر کەس لەمانە گرنگتر ئەوەیە ئەو حیزبەی بە هیممەتی یەکگرتنخوازەکانی، توانی لە پەنجاساڵەی مێژووەکەیدا، یەکگرتوویی خۆی بە دەست بێنێتەوەو بە هەر حیکمەتێکو زەحمەتێک بوو بۆ ماوەی ١٠ساڵ ئەم یەکگرتووییەی خۆی پاراست، لە بەرەبەری ٦٠ ساڵەی تەمەنیدا، چارەنووسی خۆی دایەوە دەستی نەیارانی یەکگرتوویی‌و جارێکی دیکە گەرای لێکترازانێکی دیکەی تێدا دانرایەوەو سەرئەنجام بۆ جارێکی دیکە تووشی لەتبوونو دابڕان بۆوە. ئێستا کە حەفتایەمین ساڵی تەمەنی خۆی تێپەڕ دەکا، ئایا دیموکراتەکان لە تەواوییەتی خۆیاندا، لە ئاستی گەورەیی‌و قەبارەی مێژووەکەی خۆیاندا دەبنو،بەم زووانە لە توانایاندا هەیە ئارەزووی خەڵکی کوردستان کە یەکگرتووبوونەوەی حیزبی دیموکراتە، وەدی بینن؟

داهاتووی حیزبی دیموکراتو هەڵچنینی داهاتوویەکی نوێی سیاسی بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە گرەوی بە خۆداهاتنەوەو خۆڕێکخستنەوەی هەڵگرانو میراتگرانی ئەو مێژووە دوورو درێژە دایە، لە گرەوی دۆزینەوەی وەڵامێکی گونجاو بۆ ئەم پرسیارانە دایە.

٧٠ساڵ مێژووی حیزب،٧٠ ساڵ خەباتو خۆبەختکردنی ڕێبەران، کادرەکان، پێشمەرگەکانو ئەندامانی ئەو حیزبە، ٧٠ ساڵ کاری سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی‌و ٧٠ ساڵ تێکۆشان لە شار و شاخ، لە نێو بەندیخانەو لە دووره وڵاتی، لە سەنگەری پێشمەرگایەتی‌و لە کۆڕو ناوەندی دیپلۆماسی، حیزبی دیموکراتی بە شار بە شارو ناوچە بە ناوچەو گوند بە گوندی ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە گرێ داوە. ئەوە دەبێتە ٧ دەیە کە حیزبی دیموکرات بە یەکەم خاوەنو بە سەرەکیترین هەڵگری پرسی ڕەوای نەتەوەی کورد لە ئێران دەناسرێ. ئەم مێژوویە،خۆشەویستییەکی بێوێنەی بۆ حیزبی دیموکرات لە نێو نەتەوەکەی‌و ئیعتیبارێکی تایبەتی بۆ ئەو حیزبە لە دەرەوەی نەتەوەکەی پێک هێناوە. ئەوانەو ئەو هێزەی بە کردەوەو بە شێوەی «بالقوە» لە گەڵ حیزبی دیموکرات دان، سەرمایەیەکی گەورەن بۆ سیاسەتکردن لە کوردستانو ئێرانو ناوچەو جیهاندا، بەو مەرجەی دیموکراتەکان، حیزبێکی یەکگرتوو سەرلەنوێ‌و بە دابینکردنی زەرفییەتی پێکەوە بوونو عەقڵیەتی وێکهەڵکردنو ئەزموون وەرگرتن لە خەسارو هەڵەکانی ڕابردوو بنیات بنێنەوە. بەو مەرجەی هێز و تواناکانی خۆیان لە جیاتی بە هەدەردان لە کێشە و ناکۆکیی نیوخۆییدا، بۆ وڵامدانەوە بەو کێشەو پرسیارو چاوەڕوانیانەوە تەرخان بکەن کە لە دەرەوەی حیزبو لە نیو کۆمەڵگاو لە لایەن سەردەمەوە، بەرەوڕوویان دەکرێتەوە.

١٠ ساڵ لەمەوبەر کاتێک بەرەو ٦٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکرات دەچووین، بە ئاگاداری لەو نیازو هەوڵانەی لە ڕەوتی کۆنگرەی سێزدەو بە دوای ئەو کۆنگرەیەدا، بۆ لەباربردنی یەکرێزی‌و یەکگرتوویی حیزب هەستم پێدەکردنو دەمدیتنو خەفەتم پێوە دەخواردن، هەر ئەم قسانەی ئێستام بە دەربڕینێک کە لە کەشوهەوای ئەو کاتدا دەگونجا، کردبوو. ئێستا

هەر ئەو قسانەی ئەو کات دووپات دەکەمەوە، بەو هیوایەی، ئەوانەی ئەو کات سەرمەست لە سەرکەوتن بە سەرهاورێیانی خۆیاندا، گوێی بیستنی ئەم قسانەیان نەبوو، ئێستاو بە دوای دیتنی ئاسەواری زیانباری ئەم جۆرە «سەرکەوتن»و غەڕەبوونە، کەمێک وەخۆ هاتبنەوەو بە دوورلە دەمارگرژیو کورتبینییەکانی ئەو کات، گوێ بۆ ئەم پەیامە هەڵ بخەنەوە:

«حیزبی دیموکرات لە هەلومەرجێکدا بەرەو دەیەیەکی نوێ لە تێکۆشان هەنگاو دەنێ کە ڕووداو و گۆڕانەکان لە ئاستی نێونەتەوەییو ناوچەدا، بە قازانجی بەرەوپێشچوونی خەباتی ئازادیخوازانەو بزووتنەوەکانی داواکاری دیموکراسیو فیدرالیزمو مافی مرۆڤ دەچنە پێش.

ڕێژیمی ئێرانیش لە ڕیزی پێشەوەی ئەو ڕێژیمانە دایە کە لە نیوخ و دەرەوە فشارێکی زۆری بۆ پێکهێنانی گۆڕان لە سەرە.حیزبی دیموکرات بەو رابردووە پڕشانازییەوە کە هەیەتی، بە خۆشەویستیو نفووزی بێوێنەی لە نیو خەڵکی کوردستان دا، بە ئەزموونی دەوڵەمەندو سامانیکی مەعنەویی گەورە کە کۆی کردوەتەوە، بە هەڵگرتنی دروشمی گونجاو بۆ ئەم سەردەمە، بێگومان دەتوانێ لە سەرەتای دەیەی حەوتەمی تەمەنی خۆیدا، رۆڵێکی گەورەی لە ژیانی سیاسیی گەلەکەیو ولاتەکەیدا هەبێ. ئەمەش بەر لە هەموو شتێک بە پاراستنی دەسکەوتەکانی ڕابردوویو یەک لەوان پاراستنی یەکیەتیی ڕیزەکانیو دڵگەرمکردنی سەرجەم تێکۆشەرانی خۆی بە داهاتووی ئەو حیزبە دێتە دی.

حیزبی دیموکرات لە برگەو قۆناغەکانی دیکەی تەمەنو ژیانی خۆیدا نیشانی داوە کە لەو ئاستە لە بەرپرسایەتیو پیگەیشتوویی سیاسی دایە کە وەدیهێنەری چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستان بێ. لە دەروازەی ٦٠ ساڵەی دامەزرانیشی دا دەتوانێ سەلماندنەوەی ئەم ڕاستییە بکا بە جێژنانەیەک بۆ کۆمەلانی میلیۆنیی خەلکی کوردستان کە دڵیان لە گەڵ تێکۆشەرانی دیموکرات دا لێ دەدا.»

ڕۆژنامەی «کوردستان»، ژمارە٤١٥، ٣١ی جۆزەردانی١٣٨٤،وتاری"بەرەو ٦٠ ساڵەی دامەزرانی حیزب"

لە ژمارە ٦٥٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی ئاگۆستی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## حدک، زیندووکەرەوەی نەریتێکی شۆڕشگێڕانە

ئەم هەواڵانەی ئەم ڕۆژانە و لەو مانگانەی دوایی دا بڵاو بوونەوە وەبیرهێنەرەوەی نەریتێکی شۆڕشگێڕانەی دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ی هەتاوین.

شەوی٣٠ لە سەر ٣١ی خەرمانان(٢١ لە سەر ٢٢ی سێپتامبر)، لە ناوچەیەکی هەڵکەوتوو لە نێوان شارەکانی نەغەدە، مەهاباد و پیرانشار، پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، چوونە نێو ئاوایی گەرگوولی خواریّ و لە بڵیندگۆی مزگەوتی ئاوایی قسەیان بۆ ئەو خەڵکە کرد کە بەو پەڕی خۆشییەوە باوەشیان بۆ کردبوونەوە.

چەند شەو پێشتر و ڕاست لە ٢٣ ساڵەی شەهیدبوونی د.سادق شەڕەفکەندی و هاوڕێیانی دا، دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە نفووزیان کردە نێوشاری شنۆ و لە گەڕەکەکانی سەیدابات و تاچیناویّ، چاویان بە خەڵک کەوت و قسەیان بۆ کردن. لە تاچیناویّ لە ڕێگای بڵیندگۆی مزگەوتی ئاوایی بۆ ماوەی نیو کاتژمێر سروودی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەیان بە دەنگی خەڵکی تاچیناویّ و گەرەکەکانی دیکەی شار و گوندەکانی ناوچە گەیاند. جگە لە سەدان کەس لە خەڵکی ئەو گەڕەکانە کە بۆ شادبوون بە دیتنی پێشمەرگەکان لە ماڵەکانیان هاتبوونە دەر ولە ئامێزیان دەگرتن، سەدان ماشێن و ماتۆڕسکلیت بە چراخانی و بووقلێدان و خۆشی نواندنی سەرنشینانیان، هاتنی پێشمەرگەکان بۆ نێو شاری خۆیان کردبووە جێژن.

هەر لەم مانگە دا، ئەم جۆرە دیمەنانە لە قووڵایی چەندین ناوچەی جیاجیای دیکەش دووپات بوونەوە. لە ناوچەی گەورکایەتیی مەهاباد، پاش تێپەڕینی نزیکەی ١٥ ساڵ، خەڵکەکە بۆ یەکەم جار پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتیان لە دەستەی گەورە دا دەدیت.

لە ناوچەی ڕەبەت، لە مەلبەندی قارەمانەتییەکانی فەرماندەی ڕەچەشکێن هەمزە سارتکەیی، هەر لەم مانگە دا پێشمەرگەکانی حیزب لە کاتێک دا لە نیو ئاوایی سیسێر بوون و بەرپرسانیان لە مزگەوتی ئاوایی لە گەڵ پیاوان و لاوانی گوند خەریکی قسەکردن و گۆڕینەوەی بیروڕا بوون، کەوتنە بەر پەلاماری جاش و پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامی. پێشمەرگەکان گورج لێیان وەدەست هاتن و وەها ڕاویان نان کە هەتا نێو شاری رەبەت خۆیان نەگرتەوە. جارێکی دیکە

بەشی چوارەم

حوزووری پێشمەرگە ترس و دڵەخورپەی خستەوە نێو هەناوی بەکرێگیراوانی سوپای پاسداران و ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی.

ناوچەی سەردەشت کە ساڵانی ڕابردووش خانەخوێی یەک بە دوای یەکی دەستەکانی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە،

ئەمساڵیش پێی پێشمەرگەکانی لێ نەبڕا. دەستەکانی پێشمەرگە وێرای سەردانی چەندین گوند کە هێندێکیان لە پەنا شاری سەردەشت بوون، لە دێیەکانی باغی، قەڵەڕەشێ، بناوێ، زووران،... و... قسەیان بۆ دانیشتوان کرد و لە بارەی هەڵوێست و سیاسەتەکانی ئەم حیزبە قسەیان بۆ کردن. هەر لەم ناوچەیەش بوو کە ساڵێ رابردوو پێشمەرگەکانی دیموکرات، کەمینێکی جاش و پاسدارەکانیان لە سەر ڕێی خۆیان تێک شکاند ودەستێکی باشیشیان لێ وەشاند.

ئەم ساڵ هەڵسووڕان و حوزووری پێشمەرگە پەلی بۆ ناوچەکانی دیکەش هاویشت. لە ناوچەی بانە پاش ساڵانێکی زۆر خەڵکی پێشمەرگە پەروەر و پێشمەرگەپارێز، بە دیداری ڕۆڵەکانی خۆیان شاد بوونەوە. دەسپێکی ئەم حوزوورە، نفووزی تیمێک لە تێکۆشەرانی دیموکرات بۆ نێو شاری بانە و ئامادەبوونی سەمبولیک و واتاداریان لە سەر گڵکۆی کۆمەڵێک لە شەهیدان و کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکانی شارلە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا بوو.

حوزووری دووبارەی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نێو خەڵک و لە قووڵایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، ئەمساڵ هەم لە ڕووی پانتایی و ڕووبەری ناوچەکانی شوێنی هەڵسووڕان، هەم لە ڕووی زۆریی تیم و دەستەکانی پێشمەرگە، لە ساڵانی پێشوو بەرچاوتر بوو. ئەم ئامادەیی و حوزوورە، درێژەی حوزووری ساڵانی ڕابردووە. درێژەی ئەو هەڵسووران و چالاکیانەی پێشمەرگەکانی دیموکراتە کە لە دوای کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبەوە دەستی پێکردوە و لەو کاتەوە هەتا ئێستا ژمارەیەک ناوچەی وەک هەورامان ، کامیاران ، مەریوان و سەقزلە پاریزگەی سنە و زۆر ناوچەی کوردستان لە نێو پارێزگەی ورمێی گرتوەتەوە. زیندووکردنەوەی ئەم نەریتە شۆڕشگێڕانەیە لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستان، قوربانیی بە نرخی لەم حیزبە ویستوە. شەهیدان شێخ غەریب حەسەنی، هەمزە سارتکەیی، قادر نەزمی، قادر قادری، بێهرووز ڕەزانەژاد، محەممەد نەدیمی وهەژار قاسمی، کە خوێنیان خاکی ڕۆژهەڵاتی ڕەنگاند و نەمامی هیوای لە دڵی خەڵکی کوردستان دا ڕواند، بە نرخ و تێچووی تەخت کردنی ئەم ڕێگایە دەژمێردرێن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەم ساڵ ناوچە سنوورییەکانیشی لە بیر نەکرد و هەوڵی دا هێزی پێشمەرگەی خۆی

بەشی چوارەم

بگەڕێنێتەوە چیاکانی سەر سنووری باشوور و ڕۆژهەڵات. پەیامی جێگیرکردنەوەی هێزی پێشمەرگە لە چیاکان و تێکۆشانی دەستەکانی هیزی پێشمەرگە لە قووڵایی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، ڕوونە. حیزبی دیموکراتی کوردستان، نزیک بوون لە خاکی نیشتمانەکەی و بوونی تێکۆشەرانی لە سەر خاکی ڕۆژهەڵات و لە نیو خەڵکی خۆیان، نەک هەر بە مافی خۆی، بەڵکوو بە ئەرکی خۆی دەزانێ و لەداهاتووش دا لە سەری بەردەوام دەبێ.

زینــدوو کــردنەوەی ئەم نەریــتە شۆڕشــگێڕانەیە، دوای شــەهیدەکان، قەرزداری ئەو تێکۆشــەرانەیە کە لەم حەرەکەت و چالاکیانەی پێشمەرگە لە نێو قووڵایی ڕۆژهەڵات دا بەشدار بوون. هەر وەها قەرزداری هاوکاری و پشتیوانیی"پارێزەری ڕۆژهەلاتی کوردستان"ە، ئەوکەسانەی کە بە کردەوە پێشمەرگەکانی نێوخۆن. با خۆشەویستیی خەڵکەکەشمان بۆ پێشمەرگە و پێشوازی و باوەشی گەرمیان بۆ ڕۆڵەکانیان لە بیر نەکەین کە بە دڵنیایەوە هاندەری حیزبی دیموکرات و هێزی پێشمەرگەی دیموکراتە لە بەردەوامبوون لە زیندوو ڕاگرتنەوەی نەریتی دەستەملانێ بوونی خەڵک و پێشمەرگە دا.

لە ژمارە ٦٦٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی سێپتامبری ٢٠١٥

## ٧٥ ساڵەی حیزبی دێموکرات و چەند پرسێک

### هۆی درێژە کێشانی خەباتی حیزبی دێموکرات

حیزبی دێموکراتی کوردستان، ٧٥ ساڵە ئاڵاهەڵگری خەبات بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەی کورد لە نێو وڵاتی ئێرانە و بۆ دابینکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەبات دەکا. مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەیەک ئەویش نەتەوەیەکی چەندین میلیۆنی کە خۆی و نیشتمانەکەی بە سەر چەند وڵاتدا دابەش کراون، مافێکی ڕەوا و ئامانجێکی دروست و پیرۆزە. ئەم مافەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ نەتەوەکەی داوای دەکا و ئەم ئامانجەی خەباتی بۆ دەکا، لە گەڵ پەسندکراوە جیهانییەکان نەک هەر هیچ دژایەتییەکیان نییە، بەڵکوو بە مافێکی بێ ئەملاوئەولای هەر نەتەوەیەک، دادەنرێن. نە شتێکی نارەوایان تێدایە و نە زێدەڕۆیی. کە وایە ئەوە دروست یا نادروستبوونی ئامانجی خەباتەکە نییە کە بووە بە هۆی درێژبوونەوەی خەبات، بەڵکوو ئەوە زاڵبوونی دیکتاتۆری و حکوومەتی سەرکوتکەر و دڕندە لە ئێران لە لایەک و لە لایەکی دیکە هەلومەرجی دژواری خەباتی ئەم حیزبە و نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە وای کردوە ئەم خەباتە لە ماوەیەکی کورتدا نەگاتە ئاکام و هەر وا درێژەی هەبێ.

ئەگەر سەرنج بدەینە خەباتی نەتەوە و چین و توێژەکانی دیکەی خەڵکی ئێران کە تەنانەت ئامانجی بچووکتریشیان لە ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەبووە، دەبینین ئەوانیش زۆریان خایاندوە و کەمتر بە ئاکام گەیشتوون.

گرنگترینی ئەو هۆیانەی وایان کردوە حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرەڕای درێژبوونەوەی خەباتەکەی بۆ ماوەی ٧٥ ساڵ،

هەر وا درێژە بە ڕێگاکەی بدا، ئەمانەن:

**یەکەم**، پەیبردن بە بێبەشیی نەتەوەی کورد لە سەرەتاییترین مافەکانی و، دڵنیابوون لەو ڕاستییە کە ئەم نەتەوەیەش وەک نەتەوەکانی دیکە شایانی ئەوەیە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەبێ.

**دووهەم**، پابەندبوون بە ریسالەت و ئەرکێکی مێژوویی کە ئەم حیزبە هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە کەوتووەتە سەرشانی

کە ئەویش بریتتە لە ڕزگار کردنی نەتەوەکەی کورد لەم بەشەی نیشتمانەکەی لە بندەستی و بێبەشی.

**سێهەم**: وەفاداری بەو قوربانییە زۆرەی کە نەسلەکانی پێشوومان لەم حیزبەدا و، هەروەها خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی خەباتی ئەم حیزبە و لە پێناوی ئامانجەکانی ئەم حیزبەدا، پێشکەشیان کردوە. دەست هەڵگرتن لە خەبات و بەردەوامنەبووبی ئەم حیزبە لە سەر ڕێگاکەی خۆی، بێ ئەوەی ئامانجەکانی هاتبێتە دی، یانی بە فیڕۆدانی ئەو قوربانی و تێچووە زۆرەی حیزبی دێموکرات و گەلی کورد داویانە.

**چوارەم**: درێژەی ژێردەستی و بێمافیی نەتەوەی کورد لە لایەن ڕێژیمەکانی ئێران لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان لە ئامانجەکان و سیاسەتەکانی ئەم حیزبە و خەباتەکەی، وایان کردوە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر ڕێگاکەی خۆی بەردەوام بێ و هەمیشە زەمینەیەکی لە بار بۆ بەردەوامبوون لە سەر ڕێگاکەی خۆی، بەدی بکا.

## حیزبی دێموکرات، هێزی پێشمەرگە و بەرگریی چەکدارانە

بەرگری چەکدارانە لە خەڵکی کوردستان و هەبوونی هێزی پێشمەرگە بۆ پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی خەباتی ئەو خەڵکە، لە مێژووی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا جێگایەکی دیار و شایانی هەڵوێستە لەسەر کردنی هەیە. دەکرێ خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی پێشمەرگەکانی حیزب لە سێ قۆناغی جیاواز (کۆماری کوردستان، بەرگریی چەکدارانە لە بەرامبەر هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و پێشمەرگە لە سەردەمی ئێستا)دا بەمجۆرە باس بکەین:

بەرگریی چەکدارانە لە گەلی کورد لە بەرامبەر هێرشی دوژمنانی ئەو گەلە و پاراستنی دەسکەوتەکانی خەباتی خەڵکی کوردستان، یەک لەو خاڵە هاوبەشانەیە کە پێشمەرگە لە هەر کام لەو قۆناغانەدا، هەڵگریان بووە. خاڵێکی هاوبەشی دیکەی پێشمەرگە لە هەمووی ئەو قۆناغانەدا، ئەوە بووە کە هەر تەنیا هێزێکی چەکدار نەبووە بەڵکوو مرۆڤێکی بە بیروباوەڕ بووە کە نەک بۆ پلە و پایە و سامان، بەڵکوو بۆ بردنە پێشی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی، تێکۆشاوە. هەر وەها پێشمەرگە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی بووە کە وایان کردوە لە نێو نەتەوەکەی دا ڕێز و خۆشەویستییەکی تایبەتی هەبێ. قبووڵی ماندوویی بێسنوور، لە خۆبردوویی و خەڵکدۆستی و فیداکاری و ڕێزدانان بۆ خەڵک و بوونی ڕەوشتی بەرز و هەڵسوکەوتی جوان لەو تایبەتمەندییانەن کە پێشمەرگەی هەموو قۆناغ و سەردەمەکانی پێ دەناسرێتەوە.
بەڵام ئەگەر بمانەوێ باس لە خاڵە جیاوازەکان بکەین، پێویستە بەر لە هەر خاڵێک ئاماژە بە کاریگەریی قۆناغ و سەردەمەکان لەسەر هێزی پێشمەرگە لە ڕووی پێکهاتە، لە ڕووی بیرکردنەوە و ڕوانین، لە ڕووی ئامادەیی بۆ بەشداری لە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا بکەین. بۆ وێنە هێزی پێشمەرگە لە سەردەمی کۆماردا، هیزێکی تەواو پیاوانە بووە و ژنانی

پێشمەرگە لەو ڕۆژگارەدا نابینین. پێکهاتەی هێزی پێشمەرگە بە زۆریی خەڵکی لادێ بوون و کەمتر وەک تاک بەڵکوو زیاتر وەک بەشێک لە عەشیرەتێک و لەژێر ئەمری سەرۆک عەشیرەت و ئاغای گوندەکەی خۆیاندا، بوون بە پێشمەرگە. ژمارەیەکی زۆر کەمیان خوێندەوار بوون و خوێندەوارییەکەشیان لە ئاستێکی نزمدا بووە، بەڵام پێشمەرگەی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، تێکەڵاوێک بووە لە خەڵکی لادێ و شار. ژنان بەرە بەرە دێنە نێو ڕیزی پێشمەرگە. ئاستی خوێندەواری و ژمارەی خوێندەوار لە نێو هێزی پێشمەرگەدا، ئاڵوگۆڕی بەرچاوی تێدا پێک دێ. مەیدانی تێکۆشانی پێشمەرگەش زۆر بەربڵاو دەبێ و لە سەرووترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا خوارووترین ناوچەکان، واتە هەر چوار پارێزگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە. جۆری کەرەستە و چەکیش کە لەو سەردەمەدا پێشمەرگە شەڕی پێ دەکا، زۆر جیاوازە لە چەک و کەرەستەی سەردەمی کۆماری کوردستان.

جیاوازییەکی دیکە کە لە نێوان نەسلی ئەمڕۆی پێشمەرگە و نەسلەکانی پێشوودا هەیە، ئەوەیە کە نەسلی دەیەی ٦٠ و ٧٠ی هەتاوی لە نەسلەکانی ئێستا، پشوودرێژتر و خۆڕاگرتر بوون، لەگەڵ ئەوەی پتر لە نەسلەکانی ئێستا لە شەڕ و تێکهەڵچووندا بوون، پتر لەگەڵ مەترسی بەرەوڕوو بوون و هەلومەرجی پێشمەرگایەتییەکان سەختتر بوو، بەڵام زۆر بە زەحمەت دەستیان لە پێشمەرگایەتی هەڵ دەگرت و پتر لە سەنگەر و لە ڕیزی پێشمەرگەدا دەمانەوە.

## حیزبی دێموکراتی کوردستان حیزبێکی شۆڕشگێڕ یا ڕیفۆرمخواز؟

حیزبی دێموکرات مێژوویەکی لیوڕێژ لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی هەیە. بەڵام بە سەرنجدان بە هەلومەرجی سەردەمی ئێستا و جۆری تێکۆشانی حیزب لە ئێستادا زۆر جار ئەو پرسیارە بەرەوڕووی حیزب دەبێتەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆی بە حیزبێکی شۆڕشگێڕ دەزانێ یا حیزبێکی ڕیفۆرمخواز؟

**لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەبێ بگوترێ:** حیزبی دێموکراتی کوردستان هەم خاوەنی ئامانجی شۆڕشگێڕانەیە، هەم لە زۆربەی قۆناغ و سەردەمەکانی تەمەنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆیدا، شێوە و شێوازی شۆڕشگێڕانەی بۆ خەبات و تێکۆشان گرتووەتە بەر. ئەو ئامانجانەی ئەم حیزبە خەباتی بۆ کردوون، زۆر لەوە گەورەتر بوون کە لە چوارچێوەی دوو ڕێژیمی شایەتی و کۆماری ئیسلامیدا ئیمکانی وەدیهاتنیان هەبێ. هەر کاتێکیش ئەو ئامانجانە وەدی بێن، گۆڕانی بنەڕەتی لە ژیانی سیاسیی خەڵکی کوردستاندا پێک دێنن. هەر بۆیە دەتوانین بە ئامانجی شۆڕشگێڕانەیان ناو بەرین. شێوازەکانی خەباتی ئەم حیزبەش، شۆڕشگێڕانە بوون. ڕاوەستان بە دژی سیاسەتەکانی دوو ڕێژیمی شایەتی و کۆماری ئیسلامی و هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمە ناوەندییەکان و بە چەک و خەباتی چەکداری، بەرەنگاربوونەوەی هێرش و پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەکانی ئێران، بە شێوازی شۆڕشگێڕانە دێنە ئەژمار کە دیارە هەڵبژاردنی ئەم جۆر و شێوازانەی

بەرەنگاری و خەبات، بە سەر ئەم حیزبەدا داسەپاون، ئەگینا هەر کات مەجالی سوود وەرگرتن لە شێوازەکانی هێمنانە بووبێ، ئەم حیزبە پێشوازیی لێ کردوە. بەڵام شۆڕشگێڕبوونی حیزبی دێموکرات هیچ کات نەبووە بە هۆی دژایەتیی ئەم حیزبە لەگەڵ پەنابردنی خەڵک بۆ ختنە ڕووی داخوازیی ڕیفۆرمخوازانە و سوود وەرگرتن لە شیوازی هێمنانەی خەبات و تێکۆشان. هەر حەرەکەتێک و بزووتنەوەیەکی ڕیفۆرمخوازانە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەری هەڵ دابێ، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە جیاتی ڕەتکردنەوە و دژایەتیکردنی، هەوڵی داوە هەم ڕەخنەی لێ بگرێ هەم خەڵک بۆ بەشداری تێداکردن و بەرەوپێشبردن و ڕادیکاڵتر کردنی، هان بدا.

## پێکەوە بەرەوپێشبردنی دوو سیاسەتی کوردستانیبوون و ئێرانیبوون

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە کۆنەوە، دوو سیاسەتی شانبەشانی یەک بردووەتە پێش و هەوڵی داوە بە ڕادەی پێویست گرنگی بە هەر دوویان بدا و یەکیان بۆ ئەوی دیکە وەلا نەنێ. لە لایەکەوە خۆی وەک حیزبێکی کوردستانی و، خەباتی نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی وەک بەشێک لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بۆ ڕزگاری لە بندەستی پێناسە کردوە. هەر بۆیەش هیچ کات لە سیاسەتی پشتیوانی لە خەباتی نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکە و پێوەندیی دۆستانە لە گەڵ هێزە سیاسییەکانیان غافڵ نەبووە. لە لایەکی دیکەوە، چونکە ڕووی داخوازەکانی ئەم حیزبە و خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران بووە و دروشمی ستراتیژیکی ئەم حیزبە پێوەندیی بە وڵاتی ئێرانەوە هەبووە، تێ کۆشاوە لەگەڵ هێزە ئازادیخوازەکانی ئێران و لەگەڵ بزووتنەوە سەرانسەرییەکانی ئەو وڵاتە، پێوەندیی دۆستانەی هەبێ و لەگەڵ گەلانی ئێران لە خەبات بە دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆییدا، هاوخەبات بێ.

## ڕوانینی حیزب بۆ بوونی پەیڕەوانی ئایین و ئایینزای جیاواز لەکوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە، حیزبی هەموو نەتەوەی کورد بووە. ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە لە هەر چین و توێژێک یا لە هەر ئایین و ئایینزایەک بووبن، بە هەر دیالێکت و زاراوەیەک قسەیان کردبێ، بەو مەرجەی ئامادە بووبن لە ڕیزەکانی ئەم حیزبەدا بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەیان لە بندەستی و بێمافی خەبات بکەن، حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە خۆشحاڵییەوە باوەشی بۆ کردوونەوە. لە ڕاستیدا هەموو ئایین و ئایینزاکان، لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە ڕێزیان لێ نراوە و، بێڕێزی بە هەر کامیان، لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پێشی پێ گیراوە. پەیڕەوانی ئایینێک یا ئایینزایەک، لە وانیتر هەڵناوێردراون، یەکیان لەوانی دیکە پتر بایەخی پێ نەدراوە، یا پەیڕەوی کردن لە ئایینێک و بە پێچەوانەیشەوە نەبوونی باوەڕی ئایینی، نەبووە بە هۆی بەدەستهێنانی ئیمتیاز.

بە کورتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەو بڕوایەدایە کە جیاوازیی بیروباوەڕی ئایینی، یا جۆراوجۆریی دیالێکت، ڕاستییەک و تایبەتمەندییەکی کۆمەڵگەی کوردە و دەبێ ڕێگە نەدرێ هیچ پێکهاتەیەک لە هەوڵی سڕینەوەی ئەوانی دیکە دابێ. هەمووانیش دەبێ بە جیاوازییەکانیانەوە لە سەر ئامانج و داخوازە نەتەوەیی و گشتییەکان، یەکگرتووو و هاوخەبات بن.

## ئەرکی حیزب و ئەرکی خەڵک لە ڕەوتی خەباتدا

ئەرکی حیزبێکی سیاسیی پێشڕەو، ڕێبەری کردنی خەباتی خەڵک لە ڕووی سیاسی و، ڕێکخستنی خەبات و تێکۆشانی ئەوان تا گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەو خەڵکەیە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەوەی لە مێژووی خۆیدا لەگەڵ کەموکوڕی و لاوازیی جۆراوجۆر و ڕەخنەی جیددی بەرەوڕوو بووە، بەڵام لە جێبەجێکردنی ئەرکی خۆی کەمتەر خەم نەبووە. خوێندنەوە و لێکدانەوەی واقیعبینانەی داوای خەڵکی کوردستان و فۆرمۆڵەکردنی ئەو داوایانە لە بەرنامەکەی خۆیدا، گرتنەبەری سیاسەت و هەڵوێستی دروست لە قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکان، درێغ نەکردن لە قوربانیدان و شێلگیربوون لە سەر خەبات و تێکۆشان بۆ ماوەی ٧٥ ساڵ، کاری سیاسی بە ئاراستەی پێکهێنانی یەکگرتوویی و کۆدەنگی لە نێو کۆمەڵگەی کوردستان بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندی، وەدەستهێنانی متمانە و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان ئەو ڕۆڵ و ئەرکەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان جێبەجێی کردوە.

دیارە ڕۆل و ئەرکێکیش کە دەکەوێتە سەر خەڵک، هەوڵدان و تێکۆشانە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە کە ئەم حیزبە و ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستان لە ڕیزەکانی ئەو حیزبەدا، ٧٥ ساڵە خەباتی بۆ دەکەن. ئەرکی خەڵک قۆستنەوەی ئەو هەل و دەرفەتانەیە کە بۆ خستنەڕووی داخوازەکانی خۆیان بۆیان دێتە پێش. نابێ پێیانوابێ خەباتکردن تەنیا ئەرکی حیزبی دێموکرات و ئەندامەکانیەتی و ئەوانیش دەبێ لە دوورەوە بینەر و تەماشاچیی ڕووداوەکان بن، بە پێچەوانەوە دەبێ ئەوان بۆ خۆیان چەقی خەبات و بەرخۆدان بن. هاوکات پێویستە پشتیوان و چاوەدێریی خەبات و سیاسەتەکانی ئەم حیزبە بن کە بە نوێنەر و ڕێبەری داواکانی خۆیانی دەزانن. بە هەموو تواناوە و لە هەموو ڕوویەکەوە پشتیوانی لە سیاسەتەکانی بکەن، هاوکاری تێکۆشەرانی بن، کاتێکیش پێویست بوو پێشنیاری پێ بکەن، ڕەخنەی لێ بگرن و وای لێ بکەن حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو ئامرازە کاریگەرە بێ کە دەتوانێ خەباتی ئەوان لە پێناوی دیموکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووس بە ئاکامی دڵخواز بگەیەنێ.

## حیزبی دێموکرات، حیزبێک هی ڕابردوو، حیزبێک بۆ داهاتوو

سوارچاک و دیارترین ئەکتەری مێژووی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە یەک سەدەی ڕابردوودا، حیزبی دێموکراتی

بەشی چوارەم

کوردستان بووە. لە دامەزرانی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" کە ئەم حیزبە درێژەی هەمان ڕێچکەیە، نزیک بە ٨٠ ساڵە حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆ ماوەی ٤ دەیە تاقە هێزی مەیدانەکە و دواتریش هێزی سەرەکیی گۆڕەپانی خەبات بۆ مافەکانی نەتەوەی کورد لە ئێراندا بووە. کۆماری کوردستان کە بە گرنگترین و گەورەترین ڕووداوی سیاسیی کورد لەم بەشەی کوردستان و تەنانەت لە ئاستی هەموو کوردستان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا دادەنرێ، مێژوو بە ناوی ئەم حیزبەوە تۆماری کردوە. ٤٠ حیزبی دێموکرات پشکی شێری لەو ٤٠ ساڵ خۆڕاگری و خەبات و بەربەرەکانیی خوێناوی لە کوردستان بەرامبەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەیە. ئەم حیزبە زۆرترین کاریگەرییشی هەبووە لەسەر گەشە کردنی ناسیونالیزمی کورد لە ئێران و شۆڕبوونەوەی خەبات و باوەڕی نەتەوەیی بۆ جوگرافیایەکی هەرچی بەرینتر و بۆ نێو چین و توێژی جیاواز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. جگە لەمەش ناسرانی پرسی کوردی ڕۆژهەڵات بە کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتی، قەرزداری تێکۆشانی دیپلۆماسیی حیزبی دێموکرات بەتایبەتی ڕێبەری شەهیدی ئەو حیزبە، دوکتور قاسملوویە. بەڵام حیزبی دێموکرات، حیزبێک نییە تایبەت بە ڕابردوو، حیزبێکە بۆ داهاتووش. خاوەنی داهاتووشە. چونکە پرسێک و ئامانجێک کە خەباتی بۆ دەکا، هەروا پرس و ئامانجی نەتەوەی کورد لە ئێرانە. ئەم حیزبە بۆ دوای چارەسەری پرسی نەتەوەییش بەرنامەی هەیە. وێرای ئەمانە، مێژوویەکی پڕ لە خەبات و قوربانیدان، ڕێبەرانێکی شەهید کە کۆمەڵگە وەک ڕەمز و هێمای خەبات و پرسی ڕەوای خۆی وەری گرتوون، چەند هەزار شەهیدی سەنگەر و بەرەجۆراوجۆرەکانی خەبات، ئیعتیبارێکی نەتەوەیی، ناوچەیی و جیهانی کە ئەم حیزبە بە دەستی هێناوە، سەرمایەکانی حیزبی دێموکرات بۆ مانەوە و بەردەوامی و گەشە لە داهاتوو دان. دیارە بەو مەرجەی ئەم حیزبە یەکیەتیی خۆی وەدەست بێنێتەوە، لاوازییەکانی ڕابردووی خۆی چارەسەر بکا و خۆی بۆ خەبات لە قۆناغ و سەردەمێکی نوێدا لە هەموو بارێکەوە ئامادە بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## چێژی زمان لە نووسین و وەرگێڕانی عەبدوڵلا حەسەنزادە دا

**ئاماژە: ڕۆژی ٤ی ژانویەی ئەم ساڵ بەڕێوەبەرایەتیی کتێبخانە گشتییەکانی کۆیە، کۆڕێکی ڕیزلێنانی بۆ کەسایەتیی سیاسی ونووسەر و وەرگێڕی بە ناوبانگی کورد عەبدوڵلا حەسەنزادە، پێک هێنا کە تێیدا کۆمەڵێک و تار و بابەت پێشکەش کران. ئەم بابەتەی لێرە دا دەخرێتە بەر چاوتان، لەم کۆڕە دا لە لایەن نووسەرەکەیەوە پێشکەش کرا.**

### لاپەڕەی ئەدەب و هونەری "کوردستان"

باسەکەم بە دەسخۆشی و پیرۆزانین بۆ بەڕێوەبەرایەتیی کتێبخانە گشتییەکانی کۆیە دەست پێ دەکەم کە ئەم ئێوارە کۆڕە ڕازاوەیان بۆ ڕێزگرتن لە حەسەنزادەی نووسەر و وەرگێڕ، ڕێک خستوە. هیوام سەرکەوتنی ئەم کۆڕەو ئاواتم بەردەوامیو تەمەندرێژیی مامۆستا حەسەنزادەیە.

مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە کەسایەتییەکی فرە ڕەهەندە. لێرەدا لایەنی کۆمەڵایەتی، سیاسیو خەباتگێڕانەی ئەو کەسایەتییە مەبەست نیە و، قەرار وایە لەم کۆڕەدا بپرژێینە سەر ڕەهەندی ئەدەبی و زمانیی کارو تێکۆشانو بەرهەمەکانی حەسەنزادە. بەڵام هەر ئەو کارەش بۆ خۆی ئەوەندە هاسان نیە. چونکە مامۆستا حەسەنزادە هەم نووسەرە، هەم وەرگێڕو، هەر لەو کاتەش دا، لە پێوەندی لە گەڵ خزمەتی زمانی کوردیدا، خاوەن شەقڵو خودان بەرهەمەو، جێگاو شوێنی تایبەت بە خۆی هەیە. باس لە هەمووی ئەوانە لە تویی وتارێکی چەند دەقیقەیی دا، مومکین نیە. هەر بۆیە من هەوڵم داوە تەنیا لە سەر لایەنی زمانیی نووسینو وەرگێڕانەکانی مامۆستا حەسەنزادە چڕ ببمەوە.

### قەڵەمێک لە نێوان نووسینو وەرگێڕاندا

مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە لە مەیدانی ڕۆشنبیری دا پتر وەک وەرگێڕ ناسراوە تا نووسەر. بەڵام بەو ناسیاویو زانیارییەی من لە ژیانو تێکۆشانی ئەو هەمە، حەسەن زادە نووسینی لە وەرگێڕان زیاترە. ژمارەو بارستایی ئەو بابەتو لاپەڕانەی حەسەنزادە نووسیونی، زۆر لەوانە زیاترن کە ئەو وەری گێڕاون. ئەگەر وایە هۆی چییە کە ئەو عەبدوڵلا حەسەنزادە پتر وەک وەرگێڕ ناوی دەرکردوە؟

نووسینەکانی مامۆستا بە زۆری ناوەرۆکی سیاسییان هەبووەو ملکی حیزبێکی سیاسی بوون. بۆ پەنجا ساڵ دەچێ حەسەنزادە یەک لە بەشدارانو بەرهەمهێنەرانی ئەدەبیاتی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەو نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لە پانتایی ئەو ئەدەبیاتیە دا، حەسەنزادە هەر قەڵەمێکی ئاسایی نەبووە، بەڵکوو بەشدارو بەرهەمهێنەرێکی هەرە دیارو خاوەنی زۆرترین کاریگەری بووە. فۆڕمی نووسینە سیاسییەکانی حەسەنزادە، بە زۆری وتارو بەیاننامەی سیاسی بوونو زۆربەی هەرە زۆریشیان، بێ ئەوەی ناوو ئیمزای حەسەنزادەیان لە سەر بێ، بڵاو بوونەوە.

تەنانەت ئەو کاتەش کە لە ڕۆژنامەو ڕاگەیەنەکانی حیزبدا، نووسەران بۆیان هەبوو ناوی خۆیان لە سەر بابەتەکانیان بنووسن، مامۆستا حەسەنزادە هەر حەزی نەکردوە نووسینەکانی بە ناوو ئیمزاوە بڵاو ببنەوە. نهێنیی تا ڕادەیەک شاراوە مانەوەی نووسەربوونی مامۆستا، لەم ڕاستییە دایە.

بەڵام وەرگێڕدراوەکانی مامۆستا بەم هۆیەوە کە ناوی وەرگێڕیان بەسەرەوە بووە و، لە لایەکی دیکەشەوە بە دەلیلی سەرکەوتوویی‌و پێشوازیی کەم وێنەی خوێنەران لەوان، ناوی "عەبدوڵڵا حەسەنزادە"یان لای خوێنەران کردوە بە ناوێکی زۆر ناسراوو فرە خۆشەویست. لێرە دا دەمەوێ قامک لە سەر ڕاستییەک دابنێم. نووسینی مامۆستا، لە گەڵ ئەوەی زۆرتر سیاسی بوونو هەر وەها سەرەڕای ئەوەی ناوی نووسەریان بە سەرەوە نەبووە، خوێنەرو بەردەنگ، لێیان نەپرینگاوەنەتەوەو هەر کە دەستیان کردوە بە خوێندنەوەیان ، بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن دێڕبە دێڕ پتر حەزیان چووەتە سەرو هەتا کۆتایی لە گەڵیان ڕۆیشتوون. خاڵی هاوبەشو هەرە گرینگی نووسینو وەرگێڕانی حەسەنزادە، کە دەتوانین بە سێحر و ئەفسوونی ئەو قەڵەمەی ناوبەرین، زمانەکەیەتی کە خوێنەرو بەردەنگ دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆی.

### تایبەتمەندییە زمانییەکانی نووسینو وەرگێڕانی حەسەنزادە:

#### – بە کوردی بیر کردنەوە، بە کوردی داڕشتنەوە:

حەسەنزادە، ئەو کاتەی دەنووسێ، هەوڵ دەدا بە کوردی بیر بکاتەوە. بابەتی نووسینەکەی هەر چییەک بێ:- سیاسی، کۆمەڵایەتی یا ڕۆشنبیری، دەربڕینێکی ئەدەبیو عاتیفیی پێویست بێ، بێ یا وشکو عەقڵیو ئیستیدلالی- تەعبیرو دەربڕینێکی کوردیی بۆ دەدۆزێتەوە. زۆر لەو نووسەرانەی سەرچاوەی خوێندنەوە یا زمانی خوێندنیان زمانێکی غەیری زمانی خۆیان بووە، بە زەحمەت خۆیان لە پەتای بیرکردنەوەو دەربڕینی مەبەست بەو زمانە، بۆ ڕزگار دەکرێ.

نووسەر لە وەرگێڕ دەست ئاوەڵاترە. چونکە نووسەر بۆی هەیە ئەو مەبەستەی دەینووسێ ئەگەر بەم فۆرمە بۆی نەهات بە

فۆرمێکی دیکە بینووسێ، یا ئەگەر هەر نەیتوانی مەبەستێکی دیاریکراو بگەیەنێ، وازی لێ بێنێو لە نووسینەکەی دەری باوێ. بەڵام وەرگێڕ ئەم مافەی نییە. وەرگێڕ دەبێ هەم سەبک یا شێوازی نووسەر لە وەرگێڕانەکەی دا ڕەچاو بکا، هەم بە ئەمانەتەوە واتاو پەیامی دەقەکەی بگەیەنێ. وەرگێڕی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە سەرەڕای پابەندی بەم دوو بەربەستە، دەقەکە وا وەربگێڕێت کە خوێنەر هەست بکا ئەم دەقە بەو زمانە نووسراوە. حەسەنزادە نەک هەر لە نووسیندا بەڵکوو لە وەرگێڕانیشدا، هەوڵ دەدا هەویری واتاو پەیامو دەقیک کە کاری لە سەر دەکا، بە ئاوی کوردی بگرێتەوەو نانێکی لێ دروست بکا کە چێژو بۆنو بەرامەی کوردیی هەبێ.

لێرەدا، دەبێ ئاماژە بەوەش بکەم کە مامۆستا هەر لە ڕووی واتاییەوە هەوڵ نادا نووسینو وەرگێڕانەکانی، دەربڕینێکی کوردانەیان هەبێ، بەڵکوو لە ڕووی ڕستەسازیو ڕەچاوکردنی سروشتی ڕستە لە زمانی کوردیشدا، سەرکەوتوویە. لە گەڵ ئەوەی مامۆستا هەر دوو زمانی عەرەبی و کوردی بە باشی دەزانێو پێی خوێندوونەوەو لێی وەرگێڕاون، هەر وەها سەرەڕای وێکچوونێکی زۆر لە نێوان سروشتی پێکهاتەی ڕستە لە دوو زمانی کوردیو فارسی، لە کاتی نووسین و وەرگێڕاندا، هەوڵ دەدا لە ژێر کاریگەریی سێنتاکسی ئەو زمانانە دوور کەوێتەوەو لە ڕیزکردنی کەرەستەکاندا، بینای ڕستەی کوردی بپارێزێ.

### – دەستپڕۆیشتوویی‌و زاڵبوون بە سەر وشەی کوردی دا:

ئەوەندەی من بزانم مامۆستا حەسەنزادە ئەگەرچی ئاشنایەتی لە گەڵ هێندێک لە دیالێکتە سەرەکییەکانی دیکەی زمانی کوردییش هەیەو، کەم یا زۆر لێیان تێ دەگا، بەڵام دەکرێ بڵێین تەنیا لە یەکێک لە دیالێکتەکانی زمانەکەی تەواو شارەزایە. دیالێکتێک کە هێندێک بە کورمانجیی نێوەڕاستو هێندێکیش بە سۆرانیی ناو دەبەن. بەڵام ئەو شارەزاییەی مامۆستا هەر تەنیا لە لەهجەی ناوچەی لەدایکبوونی خۆی یا کوردیی موکوریانی دا نیە، بەڵکوو بن لەهجەکانی دیکەی ئەو دیالێکتەش دەناسێ و شارەزای زۆرێک لە وشە و ئیدیۆمەکانیانە. لە نووسین و وەرگێڕانیش دا، هەر کات بۆ وشە دادەمێنێ، هەتا لە بن لەهجەکانی ئەم دیالێکتە یا دیالێکتەکانی دیکە وشە شک ببا، پەنا بۆ وشە لە زمانی بێگانە نابا. کوردیزانینیەکەی مامۆستا هەر ئەوە نییە کە لە گەنجینەی زمانەکەیدا، زۆر وشەی کوردیی هەیە، بەڵکوو چۆنیەتیی بەکارهێنانی وشەکانو ئیدیۆمەکانیش دەزانێ.

### بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە، دوو ئاماژە بە پێویست دەزانم:

١- کاتێک مامۆستا هەژار بەرگی یەکەمی فەرهەنگی "هەنبانەبۆرینە"ی بڵاو کردەوە، لە نامەیەکی دۆستانە دا، داوای لە مامۆستا حەسەنزادە کرد بەو سەرنجە وردو کوردیزانانەی خۆی هەم بە بەرگی یەکەمی هەنبانە بۆرینە دا بچێتەوە، هەم

بەرگی دووهەمیش ئەگەر بڵاو بۆوە، نەبوێرێو سەرنجو تێبینییەکانی خۆی بۆ بنووسێ. دیار بوو بە داخەوە مردن مەودای نەدا ماموستا هەژار سەرنجو تیبینییەکانی حەسەنزادە لە چاپی دووهەمی هەنبانە بۆرینە دا بگونجێنێ. دواتر مامۆستا حەسەنزادە کۆی ئەم وشانەی لە فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە دا نەهاتبوون، یا هەر یەکێک لە ماناکانیان هاتبوو، یا بە هەڵە مانا کرابوونەوە، لە توێی کتێبێکدا لە ژێر ناوی "گوڵچنینەوە لە خەرمانی هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار"دا بڵاو کردەوە کە ئەگەر چی بۆ خۆی وەک فەرهەنگۆکێک ناوی بردوە، بەڵام چی وای لە فەرهەنگێک کەمتر نەبوو.

٢- جاروبار دەبیستمو دەخوێنمەوە کە سەرکەوتوویی زمانی نووسینو وەرگێڕانی حەسەنزادە دەگەڕێتەوە سەر ئەو بوارو مەجالانەی ئەو، کاری نووسین و وەرگێڕانیان تیدا دەکا. ئەو بوارانەش بە زۆری بواری سیاسیو بواری ئەدەبین کە زمانی کوردی لە مێژ ساڵە خۆی تێدا تاقی کردوونەوە! هەر لە جێدا، حەسەنزادە هەر لەم دوو بوارەدا قەڵەمی تاو نەداوەو پەڕیوەتەوە هێندێک بواری دیکەش. یەکێک لە کۆنترینو ناسراوترینی وەرگێڕانەکانی مامۆستا حەسەنزادە کتێبی "کوردستانوکورد"ە کە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیەو هەر تەنیا سیاسییش نیە، بەڵکوو ئابووریو جۆگرافیاو مێژووشی گرتووەتە خۆ. من نازانم لە باشووری کوردستان، کوردینووسەکان، کاتی خۆی تا چەند کەوتنە ژێر کاریگەریی زمانیی ئەم وەرگێڕانە، بەڵام لە رۆژهەڵاتی کوردستان، نەوەی نوێی کوردینووسەکان بە چەمکو زاراوەکانی بەکارهێنراو لەو وەرگێڕانە دا، دەستیان بۆ نووسین وەرگێران لە بوارەکانی ئابووریو جۆگرافیاو مێژوودا برد. بێجگە لەمە، حەسەنزادە کتێبی وەک "دان چەرموو"ی کردوە بە کوردی کە وێنا کردنی ڕەفتاری گیاندارانو خوێندنەوەی دەروونناسانەی هەڵسوکەوتی گیانلەبەران، سەرلەبەری ئەو ڕۆمانە شیرینەی داگرتوە. بە خوێندنەوەی کوردیی ئەم ڕۆمانە، تێدەگەی کە وەرگێر، دەرەقەتی وەرگێڕان لەبوارەکانی دیکەش دێت. جگە لەمە، مامۆستا لە بواری حوقووقی، کۆمەڵایەتیو چەند بواری دیکەش دا، نووسین وەرگێڕانی هەیەو زۆربەشمان، قسەیەکمان لە سەرپاراویو ڕەوانیی زمانەکەیان نییە.

ئێستا وای دادەنێین حەسەنزادە بە لای نووسین وەرگێڕانی هێندێک بوارو بابەتدا کە قەوەی پێیان نەشکاوە یا پسپۆریی تێیاندا نیە یا لە گەڵ زەوقی ئەو ناگونجێن، نەچووە . ئەمە نەک هەر بە عەیب دانانرێ بەڵکوو یەکێک لە تایبەتمەندییە باشەکانی مامۆستا حەسەنزادەو هەر نووسەر و وەرگێرێکی بە دەرووەست و خاوەن ڕەوشتە، دیارە مەبەستم رەوشتی تایبەت بەم پێشەیەیە.

## ڕازاندنەوەی زمانی نووسینو وەگێڕان بە زەوقو سەلیقەی ئەدەبی:

بە زەحمەت دەتوانین بڵێین حەسەنزادە، زیاتر کەسێکی سیاسییە یا مرۆڤێکی ئەدیب. زۆرکەس خۆزگەیان خواستوە کە

مامۆستا حەسەنزادە ئەوەندە خۆی بۆ سیاسەت تەرخان نەکردباو، تەنیا بە کاری نووسینو وەرگێڕانو ئەدەبیاتەوە خەریک ببا. من لەوانەم کە خۆزگە دەخوازم هەموو سیاسییەکان بە تایبەتی سەرکردەکانو کەسایەتییە شوێندانەرەکانی مەیدانی سیاسەت بە قەرا حەسەنزادە ئەدیبو ئەدەبدۆست بنو هیندی ئەو لە ئەدەبیات بزانن بۆ ئەوەی نووسینو ئەدەبیاتی سیاسیی خۆیانو حیزبەکانیان، ئەوەندە ڕەزاگران نەبێ. ئەدیببوونی حەسەنزادە نەک هەر زیانی بە نووسینو وەرگێڕانی ئەو نەگەیاندوە، بەڵکوو بەرهەمەکانی ئەویان جوانتر کردوە.

هەستو زەوقی ئەدەبیو سەلیقەی جوانیناسانە بە جۆرێک فریای ئەو قەڵەمە کەوتوون کە توانیویەتی بەرگێکی ڕازاوە بکاتە بەر سیاسیترین بەیاننامەکانو هەڵوێستەکان، بێ ئەوەی پەیامی دەقەکە ببێتە قوربانیی لایەنی ئەدەبیی دەربڕینەکە. توانای ئەدەبیی بە کارهاتووی نێو نووسینی سیاسیی حەسەنزادە، ڕێخۆشکەر بووە بۆ پێکهێنانی بەستێنێکی ڕەوانی لە بەردەنگدا بۆ هەرچی باشتر وەرگرتنی پەیامە سیاسیەکەی. بەیاننامەکانی حیزبی دیموکرات بە بۆنەی شەهیدبوونی ڕێبەرانی ئەو حیزبەو هێندێک کارەساتی دیکە، کە بە قەڵەمی حەسەنزادە بوون، هەر وەها ئەو وتارانەی حەسەنزادە لە ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردنی د.عەبدولرەحمان قاسملووو د.سادق شەرەفکەندیدا پێشکەشی کردوون، شایەدی بۆ ئەم قسەیەم دەدەن.

ئەم توانا ئەدەبییە، لە کاری وەرگێڕانیشدا خزمەتی زۆری بە زمانی مامۆستا حەسەنزادە کردوە. یارمەتیدەری وەرگێڕ بووە زووتر شێوازی نووسەر بدۆزێتەوەو لە هەمان سەبک یا شێوازدا بیکاتەوە کوردی. بە جوانی لە زەرافەتی "صنایع ادبی"و تەکنیکە زمانییەکانی نێو دەق تێ بگا. هاندەری بوون بۆ ئەوەی داهێنەرانەو بە بڕوابەخۆبوونەوە نەک لاساییکەرەوانە، کایە ئەدەبییەکانی نووسەر بگوازێتەوە بۆ نێو وەرگێڕانەکەی خۆی. ڕۆمانی چەند بەرگیی "حەمەدۆک" کە کەسانی زۆر شارەزا لە وەرگێڕان، پێیان وایە کوردیی ئەم ڕۆمانە وەپێش دەقەکە بە زمانە ئەسڵییەکەی خۆی کەوتووەتەوە، نموونەیەکی زۆرباشە بۆ سەلماندنی جوانیو سەرکەوتوویی دەقێکی وەرگێڕدراو لە سۆنگەی بەهاناوە هاتنی توانای ئەدەبیی وەرگێڕ لە کاری وەرگێڕاندا.

### کۆمەڵێک وردە تایبەتمەندیی دیکە:

**بۆ ئەوەی بابەتەکەم لەمە زیاتر درێژ نەبێتەوە، چەند تایبەتمەندییەکی دیکەی زمانی نووسینو وەرگێڕانی عەبدوڵلا حەسەنزادە بە کورتیو بە سەریەکەوە باس دەکەم.**

- مامۆستا هەوڵ دەدا هەتا ئەو جێگایەی دەگونجێ ڕستەکانی کورت بن. ئەگەر ناچاریش بوو ڕستەکانی درێژکاتەوە،

تێدەکۆشی ڕایەڵی واتایی لێک بەستنی کەرتەکانی ڕستە ئاڵۆز نەبێ‌و خوێنەر ڕایەڵەکەی لە دەست دەرنەچێ.

- حەسەنزادە، لە گەڵ ڕەوانی‌و ساددەیی دەربڕین دایە. وەبیرم نایە ڕستەیەک یا دەقێکی نووسراو یا وەرگێڕدراوی حەسەنزادەم دیتبێ‌و خوێندبێتەوە کە لێی تێ نەگەیشتبم‌و نەزانم دەڵێ چی.

- پابەندی بە ڕێنووسی دروست‌و سەختگیری لە درووستنووسینی زمانی کوردیدا، نووسین‌و وەرگێڕانی ئەویان کردوە بە مەرجەع بۆ کەسانێک دەیانەوێ کوردی بە ڕێنووسێکی دروست بنووسن. دیارە بە داخەوە هێندێک جار ناوەندو دامەزراوەکانی بڵاوکردنەوە، ڕێنووسە سەقەت‌و پڕ لە هەڵەکەی خۆیان بە سەر وەرگێڕانی ئەویش دا دەسەپێنن!

مامۆستا لە گەڵ جێگیرکردن‌و بە فەرمی ناسینی زمانی یەکگرتوو دایە. ئەمەش وای کردوە نەک هەر لە نووسین‌و وەرگێران دا، بەڵکوو لە لێدوان‌و چاوپێکەوتن‌و بەشداری لە کۆڕو کۆبوونەوەی پێوەندیدار بە زمانی کوردی، بەرپرسانەو بە دووربینییەوە هەنگاو بنێ‌و بە دوور لە دەمارگرژی‌و بێ سڵەمینەوە لەوانەی وەک ئەو بیر ناکەنەوە، هەوڵی جێگیرکردنی زمانی یەکگرتووی کوردی بدا.

چێژی زمان لە نووسین وەرگێڕانی مامۆستا حەسەنزادەدا، باسی لەمە بە پێزتر هەڵ دەگرێ. تواناو دەرفەتی من هەر ئەوەندەی بڕ کرد. هیوادارم ئەگەر نەشمتوانیبێ حەقی خۆی بدەمێ، لانیکەم شتێکی کەمم لێ باس کردبێ.

بە قەولی مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی:

"آب دریا را اگر نتوان کشید هم به قدر تشنگی باید چشید"

واتە ئەگەر هەموو ئاوی دەریاشمان بۆ ڕانەگوێزرێ، خۆ دەتوانین بەشی تینوێتی شکاندن لێی بخۆینەوە.

جارێکی دیکە بۆ مامۆستا حەسەنزادە سڵامەتی‌و تەمەندرێژی‌و بەردەوامبوونی لە سەر دەوڵەمەندکردنی خەرمانی خزمەتەکانی بە زمانی کوردی، بە ئاوات دەخوازم.

سپاس بۆ ئێوەش کە گوێتان لێ ڕاگرتم.

تێبینی: ئەم بابەتە لە لاپەڕەی ئەدەب و هونەری ژمارە ٦٧٢ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاوبۆتەوە

بەرواری بڵاو کردنەوە ٢٤ - ١ - ٢٠١٦

## پێشەکی بۆ وتووێژەکانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە

**ڕەحمان نەقشی، بێکارو بێخەم دانەنیشتووەو بە دیارییەکەوە کە ئامادەکردنی نامیلکەیەکی پڕاوپڕ بابەتی پێوەنیداربەو بۆنانەیە، بوونی پڕ بەرەکەتی خۆی دەسەلمێنێتەوە...**

سێ ساڵ لەمەوبەر پێشەکییەکم بۆ بەرهەمێکی نوێی کاک ڕەحمان نەقشی نووسی. پێشەکییەکەم لە جیاتی باس لە ناوەرۆکی تازەترین نامیلکە یا کتێبە ئەنترنێتییەکانی (کە پێکهاتبوو لە وتووێژەکانی مامۆستا حەسەنزادە)، بۆ ڕێزگرتن لە زەحمەتەکانی خۆی تەرخان کرد. کاتێک کە بۆ خۆی ئەم کتێبە ئەنترنێتییەی لە ماڵپەڕەکان بڵاو کردەوە، حەزم کرد منیش پێشەکییەکەی خۆم کە پێوەندیی بەوەوە بوو، لە فەیسبووکی خۆم بڵاو بکەمەوە. بۆ وێنەیەکی کاک رەحمان سەردانی فەیسبووکەکەیم کرد تا لە گەڵ بابەتەکەی خۆم پێکەوە بڵاویان بکەمەوە. سەرنج ڕاکێش ئەوەیە ئەم کاک ڕەحمانە کە هەموو کات و توانای خۆی بۆ کۆکردنەوە و بە نامیلکەکردنی نووسین و چالاکیی جۆراوجۆری کەسایەتییەکان و لایەنەکانی نێو بزووتنەوەی کوردستان تەرخان کردوە و دیوارەکەشی پڕ کردوە لە وێنەی سەر بەرگی ئەو دەیان کتێب و نامیلکەیە، تەنانەت وێنەیەکی خۆی، نادۆزییەوە. ئەمەش یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو مرۆڤە خۆبەخشە دەگەیەنێ کە بە راستی لە پێناوی گشت دا، وازی لە خۆی هێناوە و تەنانەت زوڵم لە خۆی دەکا. هەر بۆیە حەق وایە مەمانان، ئەومان لە بیر بێت و بەم هەمووە خۆبەخشی و فیداکارییەی بزانین و ڕێزی لێ بگرین. ئەمە ئەو پێشەکییەیە کە کاتی خۆی بۆ ڕێزگرتن لە شەونخوونییەکانی ئەو مرۆڤە خۆبەخشە نووسیومە. ئەگەر چی زەحمەت و دڵسۆزییەکانی ئەو، لەمە زیاتر هەڵ دەگرن:

"بۆ ١٠ ساڵ دەچێ کاک ڕەحمان نەقشی لەڕێگای بەرهەمی زەحمەتەکانیەوە دەناسم. دیارە پێشتریش دووراودوور ناویم بیستبوو بەڵام بە ڕادەی ئەم ١٠ ساڵەی دوایی، ئاشنای زەحمەتو ماندووبوونی خۆبەخشانەی ئەم مرۆڤە دڵسۆزە نەبووم. من لەم پێشەکییەدا، ناچمە سەر هەوڵو تێکۆشانی بەحەوسەلەو پشوودرێژانەی لە بوارەکانی دیکەی خزمەت بە حیزبی دیموکراتو بزووتنەوەی نەتەوەییو ئازادیخوازنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. تەنیا باسی لایەنێک یا یەکێک لە بوارەکانی خزمەتەکانی دەکەم... ئەویش خۆتەرخانکردنی بۆ کۆکردنەوەو بە ئارشیوکردنی بابەتو راپۆرتی پێوەندیدار بە حیزبی دیموکراتو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

کاک ڕەحمان چەندین ساڵە بوڵتەنێکی مانگانەی ڕێکوپێک لە چالاکیو تێکۆشانی جۆراوجۆری دامەزراوەو ئۆرگانەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانو بەرپرسانی ئەم حیزبە ئامادە دەکاو دەیخاتە بەر سەرنجی ماڵپەڕەکانو هۆگران. دەتوانم بڵێم ساڵانێکی زۆرە گۆڤارێکی ئەنترنێتی لە ژێر ناوی"یەکبوون" ئامادە دەکا کە هەر ژمارەیەکی بە کۆمەڵێک وتارو بابەتی

هەمەڕەنگ ڕازاوەتەوە. لە زۆربەی بۆنەکاندا، بۆ وێنە: ٢ی ڕێبەندان، ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، ٢٦ی سەرماوەز(ڕۆژی ئاڵاو ڕۆژی پێشمەرگە)،٢١ی فێوریە(ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک)، ٨ی مارس(ڕۆژی جیهانیی ژنان)، ٢٥ی گەلاوێژ(ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان)، ٢٢ی پووشپەڕو ٢٦ی خەرمانان(یادی تیرۆرکرانی د.قاسملووو د.شەرەفکەندیو هاوڕێیانیان)و هتد، کاک ڕەحمان بێکارو بێخەم دانەنیشتووەو بە دیارییەکەوە کە ئامادەکردنی نامیلکەیەکی پڕاوپڕ بابەتی پێوەندیداربەو بۆنانەیە، بوونی پڕ بەرەکەتی خۆی دەسەلمێنێتەوە. لە کاتی شەهیدبوون و کۆچی دوایی تێکۆشەرێکی دیموکرات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان، هەمیسان ڕەحمان نەقشی، بێ ئەوەی کەس ڕایسپاردبێ، لە کەمین دابووە تا چی بابەتی باشی پێوەندیدار بەو ڕووداوەو کەسایەتییە هەیە کۆیان کاتەوەو لە توێی نامیلکەیەکی ئەنترنێتی دا، بیانخاتە بەرچاوی تینووان و تامەزرۆیانی ئەم بابەتانە.

بۆ ئەوەی لە ڕەنجی فەرهادیی کارەکانی کاک ڕەحمان باشتر تێ بگەین هەر بۆ نموونە لە سەر یەکێک لە کارەکانی "کۆمەڵێک هەڤپەیڤین" کە زیاتر لە حەفتا وتووێژی بەڕێز عەبدوڵلا حەسەنزادەی گرتووەتە خۆ، هەڵوێستەیەک دەکەین. ڕواڵەتی مەسەلەکە ئەوەیە، کاک ڕەحمان تەنیا وتووێژەکانی کۆ کردوونەوەو کردوونی بەو نامیلکەیە. واتە لێکۆڵینەوەی نەکردوە، کاری نووسین و وەرگێڕان و پەراوێز بۆ نووسین و هتدیشی نەکردوە. بەڵام بۆ ئەوەی بایەخی ئەم کارەی بزانین هەر ئەوەندە بەسە سەرنج بدەینە دوو خاڵ. یەکەم ئەوە کە دەبێ ناوبراو چەند سەد سەعات یا چەندین شەوو ڕۆژ لە کاتی خۆی بۆ دۆزینەوەی ئەم هەڤپەیڤینانە و کۆکردنەوە و پاراستن و ئامادەکارییەکانی دیکەیان تەرخان کردبێ؟ ئەمە یانی ئەو پەڕی مایەدانان لە کاتی خۆی. دووهەم خاڵ ئەوەیە کە بەم ئەرک وەخۆگرتنەی چ خزمەتێکی گەورەی بەو کەسانە کردوە کە بە دوای ئەم وتووێژانە دا دەگەڕێن. بۆ خۆم زۆر جار کە بۆ وتار یا کتێب یا وتووێژی کەسایەتییەک داماوم تا لە نووسینێکم دا سوودی لێ وەربگرم، جاری وابووە بە سەعات لەم ماڵپەڕ وئەو پەیج و... دا بەدوای دا خولاومەتەوە. زۆر جاریش بە ئاکامی دڵخواز نەگەیشتووم. جا بزانە کەسێک کە تامەزرۆی بیروبۆچوونەکانی مامۆستا حەسەنزادەیە، یا بۆ کارێکی توێژینەوەیی پێوستی بەوە هەیە بگەڕێتەوە سەر یەک یا چەند لە وتووێژەکانی ئەو کەسایەتییە، بە هۆی ئەم نامیلکەیەوەو وەدەستهێنانی هاوکاتی دەیان هەڤپەیڤینی بەڕێز حەسەنزادە، کاری چەند هاسان بووەتەوە؟!

لە مێژ ساڵە کاک ڕەحمان نەقشیم بە بۆنەی هەموو ئەو زەحمەتو ماندووبوونە خۆبەخشانەی لە بواری کۆکردنەوە، پۆلێن کردن، بە نامیلکە کردن و بەئارشیوکردنی بابەتەکانی پێوەندیدار بە حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەیانکێشێ، بە "سەربازی ون" ناوبردوە. ئەو سەربازە ونە، شایانی دەستخۆشی و ڕێزلێگرتنە. هەر ئەمڕۆ لە نێو ئیمەیلەکانم دا ڕیسێڕچێکم کرد بۆ ئەو ئیمەیل و نامیلکانەی کاک ڕەحمان لە ماوی ١٠ ساڵی ڕابردوو دا ئامادەی



سەرچاوە
Serchawe

**کردوون و بۆی ناردووم. تەماشام کرد زیاتر لە ٣٥٠ ئیمەیلم لە کاک ڕەحمانەوە بۆ هاتوون کە هەر نەبێ ٣٠٠ یان هەڵگری نامیلکەی ئامادەکراوی ئەو برا زەحمەتکێشە حەق نادیارەم بوون. دەی چۆن خۆم بە قەرزداری نەزانم و مەمنوونی نەبم و دەستی ماندووی نەکوشم؟! "**

**ئیستا کە کاک ڕەحمان نەخشی، جارێک لە جاران، ئاوڕی لە خۆی داوەتەوە و دەیهەوێ بیروڕای کەسایەتییەکان لە سەر کار و مشوورخواردنەکانی خۆی لە پیوەندی لە گەڵ کۆکردنەوە و بە ئارشیڤ کردنی نووسین و لێدوانەکانیاندا بزانێ، دووبارە ماندوونەبوونی لێ دەکەم، دەسخۆش و پیرۆزبایی پێ دەڵێم. هیوام ئەوەیە خەمی نان و ژیان لێ بگەڕێن کاک ڕەحمان بەو جۆرەی خۆی ئارەزوو دەکاو بە خەیاڵێکی ئاسوودەترەوە لە سەر خزمەتەکانی بە تێکۆشەران و چالاکانی مەیدانی سیاسەت و ڕۆشنبیری بەردەوام بێ.**

**فێبریۆێری ٢٠٢٤**

---

## پێشەکی بۆ نامیلکەی

## قاسملوو ئەستێرەیەکی پڕشنگدار و بێ ئاوا بوون

**ئەگەر بمهەوێ لە ڕستەیەکدا کاک رەحمان نەقشی پێناسە بکەم، دەڵێم "ئەو پیاوەی زۆربەی تێکۆشەرانی دەست بە قەڵەمی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێی قەرزدارین!"،**

ئەگەر بمهەوێ لە ڕستەیەکدا کاک رەحمان نەقشی پێناسە بکەم، دەڵێم "ئەو پیاوەی زۆربەی تێکۆشەرانی دەست بە قەڵەمی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێی قەرزدارین!"، بەڵگەشم بۆ ئەم جۆرە پێناسەکردنی ئەوەیە ناوبراو بێ ئەوەی داوامان لیکردبێ، بێ ئەوەی خێرێکمان بە خۆی گەیاندبێ، هەروەها بێ ئەوەی حیزبێک، ڕێکخراوێک، دامەزراوەیەک، ئەرکێکی لەم پێوەندییەدا پێسپاردبێ و لە بەرامبەر ئەم زەحمەت و ماندووبوونانەیدا کەمترین پاداشی پێبدات، کردوویە بە ئەرکی سەرشانی خۆی کە نووسین، لێدوان و هەڤپەیڤینی سیاسییەکان، یان نووسەران و چالاکانی دیاری نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لای خۆی ئەرشیڤ بکات، ناو بە ناو نامیلکەیەکیان لێ ئامادە بکا و بیانخاتە بەردەستی خوێنەران. هەر بۆ خۆم هێندێک جار نەمزانیوە نووسین یان بابەتێکی پێشووی خۆم لە کوێ و چۆن بدۆزمەوە، بە ناچار پەنام بۆ کاک ڕەحمان بردووە و داوای ئەو نووسینەی خۆم لێکردووە؛ لەگەڵ ئەوەی وا هەبووە ئەم نووسینەم زیاتر لە ١٠ ساڵ بەسەر بڵاوبوونەوەیدا تێپەڕیوە، بەزوویی بۆی دۆزیومەوە و فایلەکەی بۆ ناردووم. هێدنێک کەسی دیکەش دەناسم کە بۆ دیتنەوەی نووسینێکی خۆیان هەمان ڕێگایان گرتووەتەبەر.

ئەوا ئەمساڵیش بە نزیکبوونەوە لە یادی ٣٥ ساڵەی تێرۆری ڕێبەری لێهاتوو، د.قاسملوو، جارێکی دیکە، کاک ڕەحمان نەقشی، قەرزداری خۆی کردوومەتەوە و کۆمەڵێک لە نووسین و بابەتەکانی ئەم ساڵانەی دوایی منی لە تویێ نامیلکەیەکدا بۆ بڵاوکردنەوە ئامادە کردووە. خۆزگەم دەخواست من و هەموو ئەوانەی شایەدی ماندووبوون و دڵسۆزییەکانی کاک ڕەحمان لە ئاست ئەرشیڤکردن و بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی خۆمانین، بمانتوانیبا لانی کەم گۆشەیەک لەو خزمەتانەی قەرەبوو بکەینەوە. ئەم هەمووە کات و وزەیەی ئەم برا بەڕێزەمان لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردوودا بە شێوەی خۆبەخشانە بۆ کۆکردنەوە و ئەرشیڤکردن و سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەی بەرهەمی سیاسینووسەکانی ڕۆژهەڵات لە میدیای ئەلێکترۆنیدا تەرخانی کردووە، یەک سەرچاوەی هەیە، ئەویش هەستکردن بە بەرپرسایەتی لە ئاست خەباتی ئازادیخوازیی نەتەوەکەی و ڕێزدانانی بۆ کاری سیاسی و فکریی ڕێبەران و تێکۆشەرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی



سەرچاوە
Serchawe

کوردستانە. کاک ڕەحمان نەقشی ڕێز و خۆشەویستییەکی تایبەتی بۆ د.قاسملوو وەک شوێندانەرترین و دیارترین سەرکردە و کەسایەتیی نێو ئەو بزووتنەوەیە هەیە، بۆیە لە ماوەی ٢٠ - ٣٠ ساڵی ڕابردوودا، جگە لەو نامیلکانەی لە وتار و نووسینی جۆراوجۆرهەر ساڵەی بۆ یادی دکتۆر قاسملوو ئامادەی کردوون، کتێبێکی پڕ نێوەرۆک و دەوڵەمەندی پێکهاتوو لە نووسین و بابەتی نووسەران و سیما دیارەکانی بواری سیاسی و ڕۆشنبیری لە کوردستان لە ژێرناوی "قاسملوو لە ئاوێنەی بیرو بۆچوونی دا" لە دوو بەرگدا چاپ کرد، لەم ڕێگایەشدا سەرەڕای ماندووبوونە فکری و جەستەییەکانی، بە گیرفانی بەتاڵەوە تووشی خەرج و تێچوویەکی باشیش بوو.

بە بۆنەی ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم نامیلکەیەی لەبەردەستتانە، لە قووڵایی دڵمەوە دەستخۆش و ماندوونەبوونی بە کاک ڕەحمان نەقشی دەڵێم. سلامەتی، تەمەندرێژی و لەگەڵ ئەمانەشدا هەلومەرجێکی باشتر بۆ ژیان و تێکۆشانی بۆ دەخوازم بۆ ئەوەی بە خەیاڵێکی ئاسوودەتر، درێژە بەم خزمەتە خۆبەخشانەیەی بدا.

١٣ی جوولای ٢٠٢٤

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**جۆزەردانی ٣٧٢٦ی کوردی = مای ٢٠٢٦ی زایینی**

---





# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ قادر وریا بۆ نووسینی و ئامادەکردنی هەموو بابەتەکان**

**و کارو چالاکییەکانتان، دەستخۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

